فوئاد زەکەریا

# مرۆڤ و شارستانیەت

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
بەهادین جەلال مستەفا

فوئاد زەکەریا

# مرۆڤ و شارستانیەت

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
بەهادین جەلال مستەفا

٢٠٢٠

ناوی کتێب: **مرۆڤ و شارستانیەت**
نووسەر: **فوئاد زەکەریا**
وەرگێڕ: **بەهادین جەلال مستەفا**
پیتچنین و هەڵەگر: **وەرگێڕ**
بەرگ و دیزاین: **شاخەوان جەعفەر**
نۆرەی چاپ: **یەکەم**
تیراژ: **٥٠٠ دانە**
چاپخانە:

لە بەڕێوبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٧١٢)
ی ساڵی ٢٠٢٠ی دراوەتێ.

# پێرست


پێشەکی ........................................ ٧

**بەشی یەکەم: سروشتی شارستانیەت** ١١

واتای شارستانیەت ........................................ ١٢

خەسڵەتەکانی شارستانیەت ........................................ ٢٨

ڕێڕەوی شارستانیەت ........................................ ٤٠

**بەشی دووەم: بنەما مێژووییەکانی شارستانیەتی نوێی پیشەسازیی** ٦٣

پێشەکییەکانی سەردەمی نوێی پیشەسازی ........................................ ٦٥

سەردەمی پێشکەوتووی پیشەسازی ........................................ ٨٠

سەردەمی دواکەوتووی پیشەسازی ........................................ ٩٤

**بەشی سێیەم: کێشەکانی مرۆڤ لە شارستانیەتی پیشەسازیدا** ١٠٩

کێشەی ئازادی و ڕێکخستن ........................................ ١١٢

تاک و کۆمەڵگا ........................................ ١٢٨

کێشەی ماتریالی و ڕوحی ........................................ ١٤٤

کۆتایی ........................................ ١٥٤

ژێدەر ........................................ ١٥٧

# پێشەکی

لێکۆڵینەوە لە شارستانیەت زۆر ناوازە و لە هەمان کاتیشدا زۆر ئەستەمە: ناوازە چونکە وێنای مێژووە بە شێوەیەکی زیندوو و گشتگیر، هەوڵدەدات ڕابردوو بە تەواوی و بەپێی توانا زیندووبکاتەوە، ڕاستە لەوەتەی کە هەندێ توێژەر نووسینەوەی مێژووی مرۆڤایەتییان لە ئەستۆ گرتووە، زۆر لە نهێنیی توێژینەوەی مێژوویی ڕوون بۆتەوە، ئەو وێنەیەی کە کتێبە مێژووییەکان پێشکەشمانی دەکەن زۆر لە لێکدانەوەو تێگەیشتنی ئێمە نزیکە، چونکە مرۆڤ لەو وێنەیەدا بە تەواوی دەردەکەوێت، ئێمە لە خەیاڵماندا بەو شێوەیە وێنای دەکەین کە ئەو مرۆڤە هەیانە: دەستڕەنگین، جووتیار، شاعیر، نووسەر، هونەرمەند، خاوەن بیروباوەڕ، سیاسەتوان، حوکمڕان.

ئەم تێڕوانینە تەواوە خۆی لە خۆیدا وای کردووە کە توێژینەوە لە شارستانیەت زۆر سەخت بێت، جا بۆ ئەوەی توێژەر لەم بوارەدا بگاتە گەلاڵەکردنی ئەوەی کە حوکمێکی گشتی بدات بەسەر شارستانیەتی کۆمەڵگا، پێویستە هەموو ڕواڵەتەکانی ئەم شارستانیەتیەی لا کۆببێتەوە، هەر لە زانست و ئەدەب و هونەرو سیاسەت و ئایین، واتا توێژینەوەکەی تا ڕادەیەکی زۆر فرە لایەن و ڕەهەند بێت، خەریکە ئەستەم بێت ئەو هەموو توێژینەوانە کۆبکرێنەوەو بە هۆیانەوە حوکمێکی گشتگیر بدەین بەسەر دۆخی شارستانیەتی هەر کۆمەڵگایەك، مەگەر دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر لە بواری فیکریدا، لە هەمان کاتیشدا لە بواری دەستکەوتنی زانیاریدا.

لێرەدا پێویستە بگوترێت کە پەیوەندی زۆر پتەوە لەنێوان توێژینەوە لە شارستانیەت و بیرکردنەوەی فەلسەفییانە، بۆیە دەبێت ئەرکی تیۆر ئەوە بێت کە هەموو ئەو توخمە جیاوازانە لەگەڵ یەکدیدا بگونجێنێت کە لای توێژەری شارستانیەت کۆدەبنەوە، هەروەها پێویستە کاتێ دوا حوکمی گشتیی دەردەکات سوود لە بیرکردنەوەی فەلسەفییەکەی خۆی وەربگرێت، مادامەکێ بە تەنیا پشت بە توێژینەوە تێروتەسەلەکەی و وردبینیی

لـە حوکمدانـدا دەبەسـتێت بـێ ئـەوەی هیـچ ناوەرۆکێـك بخاتـەڕوو، بۆیـە ئـەو پشتبەسـتنە بـە بیرکردنـەوەی فەلسـەفی، حـەزو ئـارەزووی کارکـردن زیاتـر بـە توێـژەر دەبەخشـێت و هانـی دەدات کـە بەگوڕتـر ڕۆبچێتـە نێـو ئـەم ئەرکـە.

ئێمـە جەخـت لـەوە ناکەینـەوە کـە لـەم کتێبـەدا توێژینەوەیەکـی گشـتگیر دەربـارەی شارسـتانیەت پێشـکەش دەکەیـن، چونکـە هەمـوو زانیارییەکانـی ئادەمیـزاد و سـەرجەم بەرهەمەکانـی بـە واتایەکـی دیاریکـراو دەچنـە خانـەی شارسـتانیەتەوە، تەنانـەت ئامانجـی ئـەم کتێبـە زۆر بەکورتـی چارەسـەرکردنی ئـەم بابەتەیـە: لـە بەشـی یەکەمـدا هەوڵـی تیۆرێـك پێشـکەش دەکات بـە پێناسـەکردنی شارسـتانیەت و دیاریکردنـی بوارەکانـی، دواتـر هەنـدێ پەرەسـەندنی مێژوویـی دەخاتـەڕوو کـە لـە شارسـتانیەتی سـەردەم هاتوونەتـە ئـاراوە، دواجاریـش هەنـدێ لـەو کێشـانە چارەسـەردەکات کـە ئـەم پەرەسـەندنانە وروژاندوویانـە.

لێـرەدا کاتێـك باسـی پەرەسـەندنەکانی مێـژوو و هەنـدێ لـە کێشـەکان دەکەیـن بـە کورتـی مەبەسـتمان باسـکردنی سـەردەمی نوێـی مێـژووی شارسـتانییەتە، چونکـە ئەمـە بـۆ ئێمـە گرنگـەو مایـەی وروژاندنـە، مادامەکیـش ئەرکـی ئێمـە ئەوەیـە کـە ئـەم شـتە هەڵبژێریـن، هەروەهـا لەبـەر ئـەوەی پێـمان وایـە کـە گرنگتریـن ئـەو شـتانەی شارسـتانیەتی نـوێ جیادەکاتـەوەو لێـی دەدوێـن و ڕەگەزەکانـی هەمـوو شارسـتانیەتییەکانی دیکـەی کەوتوونەتـە ژێـر کاریگەریـی ئـەم شارسـتانیەتییە، کـە ئەویـش بریتییـە لـەو پێشـکەوتنە زۆرەی پیشەسـازی، هـاوکات توانـای داهێنانـی ئامێـرو خسـتنە خزمەتـی مرۆڤـەوە، بۆیـە ئێمـە تـەوەری توێژینـەوە مێژووییەکەمـان بـەو پەرەسـەندنە دانـاوە کـە بریتییـە لـە شـێوازی چۆنێتیـی قۆسـتنەوەی هێزەکانـی سروشـت لەلایـەن مرۆڤـەوە، هەروەهـا کاریگەریـی بەسـەر ژیانیـەوەو ئـەو کێشـە زانسـتی و پراکتیکیانـەی کـە لـەو پەرەسـەندنە هاتوونەتـە ئـاراوە.

دەگوترێـت کـە کێشـەکانی ئامێـرو پیشەسـازی کاریگەریـی گەورەیـان نەبـوو تەنیـا لـە ڕۆژئـاوا نەبێـت، ئێمـەی خەڵکـی ڕۆژهەڵاتیـش تـا ئێسـتا لـەو کاریگەرییـە دووریـن، بـەڵام

پێویستە بزانین کە پێشکەوتنمان بەم ئاراستە سەرکەوتووە بە دڵنیاییەوە هەڵبەت بەم بوارەمان دەگەیەنێت، بە کردەوەش ئێمە دەستمان کردووە بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشانەی لەو کۆمەڵگایەدا دەورووژێنرێن کە پشت بە پیشەسازی دەبەستن، ئامێریش تێیدا گەورەترین ڕۆڵ لە بەرهەمهێناندا دەبینێت، بۆیە چاکتر وایە پێش ئەوەی بچینە نێو ئەم پێشکەوتنەی کە لە ئاییندەدا دێتە دی، پێویستە سوود لە ئەزموونی ئەوانی دیکە وەربگرین لەم بوارەدا، هەروەها بە هەڵەکانیان ئاشنا بین، تاکو خۆمانی لێ بە دووربگرین، بۆیە ئەوەندە بەسە بۆ ئێمە کە لە دیراسەکردنی شارستانیەتی ئامێر بگەینە ئاستی تێگەیشتنی بنەماکانی سەرهەڵدانی کێشەکان کە کاریگەرییان بۆ سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، ئامانجیش لەوەدا دووبارەنەکردنەوەی ئەو هەڵانەیە کە کەسانی دیکە تێی کەوتوون لە کاتێکدا بەرەو گەشەسەندنێکی سەرتاسەریی کۆمەڵایەتی هەنگاودەنێین.

**فوئاد زەکەریا**

**ئەپریلی ١٩٥٧ ز**

# بەشی یەکەم

## سروشتی شارستانیەت

# واتای شارستانیەت

وشـەی شارسـتانیەت Culture کـە ئەمـڕۆ بـەکاری دەهێنیـن بـۆ سـەردەمێکی تـا ڕادەیـەك نزیـك دەگەڕێتـەوە، ڕاسـتە زمانـی عەرەبـی و زمانەکانـی دیکـەی ئەوروپایـی ئـەم زاراوەیـان لـە سـەردەمێکی زۆر دوورتـر پێناسـە کـردووە، بـەڵام ئـەم زاراوەیـە واتایەکـی دیاریکـراوی وەرنەگرتـووە، تەنیـا دوای ئـەوەی توێژینەوەیەکـی تایبـەت بـە نـاوی (مێـژووی شارسـتانیەت) سـەری هەڵـدا، ئەمـەش بـووە هـۆی دوورخسـتنەوەی زۆر لـە واتاکانـی دیکـەی بـە تایبەتیـش لـە زمانانـی ئەوروپـا، وەك واتـای ڕۆشـنبیرکردن، و چانـدن و پـەروەردەی رووەکـی.. تـاد.

بـا ئێمـە لـەوەوە دەسـت پـێ بکەیـن کـە ئـەو واتایـە لابەریـن کـە بەکارهێنانـی زۆر بـاوە، ئـەو واتایـە بەڵگـەی ئەوەیـە کـە شارسـتانیەت سـیفەتێکە تایبەتـە بـە توێژێکـی دیاریکـراوی مـرۆڤ نـەك هەمـوو مرۆڤایەتـی. خاکـی ئێمـە - هـەروەك خاوەنـی ئـەو واتایـە دەڵێـن-گەلانـی (شارسـتان)و (نـا شارسـتان)ی لـێ نیشـتەجێن، کـە بـە دڕندەخـوازی یـان بەربـەری ناونـراون، بـەڵام بـە هـەر حـاڵ هەنـدێ گـەل هـەن بێـژەی شارسـتانیەتیان بەسـەردا جـێ بـە جـێ ناکرێـت.

ئـم واتایـە- هـەروەك گوتمـان – پێویسـتە هـەر لـە سـەرەتاوە بەلاوەمـان بنایـە، هەمـوو گەلێـك لەسـەر ئـەم زەوییـە پشـکێکی لـە شارسـتانیەت هەیـە، مەبەسـتم ئەوەیـە کـە هەمـوو گەلێـك قەدەرێکـی دیاریکـراوی لـە خۆڕێکخسـتنی ژیـان هەیـە، هەروەهـا لـە تێگەیشـتنی بـۆ ژیـان بـە شـێوەیەك کـە ئاسـتی ئـەم تێگەیشـتنەی لـە ئـاژەڵان جیادەکاتـەوە، بـە ڕاسـتی گـەلان جیـاوازن لـە پشـکی شارسـتانییەتیدا، مەبەسـت ئەوەیـە تـا چەنـد توانیویانـە زانسـت و شـارەزایی بەدەسـت بێنـن و چـۆن سـوودیان لـە سروشـت وەرگرتـووە بـۆ خزمەتکردنـی ڕۆڵەکانیـان، بـەڵام ئـەو گەلانـە هەموویـان خـاوەن شارسـتانییەتن، کـەم یـان زۆر پشـکی خۆیـان هەیـە، بۆیـە هەنـدێ هەلومەرجـی دیاریکـراو- کۆمەڵایەتـی یـان ماتریالـی و سروشـتی- وایـان کـردووە کـە لێکـدی دابڕێـن، دواجـار سـوود لـە شـارەزایی یەکـدی وەرنەگـرن، بۆیـە هەموویـان قایـل بـوون بـەو شـارەزاییە سـنووردارەی هەیانـە.

کەواتـە شارسـتانیەت بـە گشـتی سـیفەتێکی مرۆڤـە، هـەر ئـەوە کـە کۆمەڵـگای مـرۆڤ لـە کۆمەڵـگای ئـاژەڵ جـودا دەکاتـەوە، جـا ئەگـەر وەك سـیفەتێکی ژیـان بـۆ هەنـدێ جـۆری ئـاژەڵ سـەیربکرێت، ئـەوا ناتوانیـن کـە وەك هەنـدێ نووسـەر دەڵێـن کـە شارسـتانییەت واتـای زۆر فراوانـتری هەیـە، ئـەوان دەڵێـن دەتوانیـن رەفتـاری هەنـدێ جـۆرە گرووپـی ئـاژەڵان ناوبنێیـن شارسـتانییەت.

ڕاسـتتر ئەوەیـە کـە بگوترێـت دیـاردەی شارسـتانییەت تەنیـا مـرۆڤ دەگرێتـەوە، لـەم بـوارەدا دیاردەیەکـی گشـتییە، واتـا دیاردەکـە هیـچ کۆمەڵگایەکـی مرۆڤایەتـی لێـی بـەدەر نییـە.

بۆیـە دوای دوورخسـتنەوەو لادانـی ئـەم واتایانـەی کـە بـۆ زاراوەی شارسـتانییەت ورد نیـن ، پێویسـتە هـەوڵ بدەیـن واتایەکـی ئەرێنـی بـۆ دابڕێژیـن، ئەمـەش تەنیـا بـە ڕێگـەی بەراوردکاریـی نێـوان واتـاکان و نێـوان ئـەو زاراوانـە دێتـەدی کـە واتایـان لێـی نزیکـە وەك: کۆمەڵـگا و ژیـار.

**(١) شارستانیەت و کۆمەڵگا**

کۆمەڵـگا دژە ڕاسـتییەك یـان جیـاوازی لـە شارسـتانیەت نییـە، بەڵکـو شارسـتانیەت یەکێکـە لـە ڕوو و سـیفەتەکانی کۆمەڵـگا، جـا ئەگـەر هەنـدێ بیرمەنـدی وەك ئەلفرێـد وێبـەر Alfred Weber، کۆمەڵـگا لـە یەکـدی جـودا دەکەنـەوە، لـە ڕووی کۆمەڵێـك ڕواڵەتـی ئابـووری و سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و، لەنێـوان شارسـتانیەت لـە رووی ئـەوەی کـە هونـەرو ئاییـن و فەلسـەفەیە، بۆیـە پێویسـتە بـاس لـەم جیاوازییـە بکەیـن بـەوەی کـە ئەمـە ئاماژەیـە بـۆ واتـا کۆنەکـەی شارسـتانیەت کـە زۆر کۆنـە، کـە تەنیـا بـە واتـای ڕواڵەتـە کلتوورییەکانـە، کۆمەڵـگا دەکاتـە کۆمەڵەیـەك لـەو ڕواڵەتـە دیاریکراوانـە، لەگـەڵ ئـەوەی کـە کۆمەڵـگا هەڵگـری هەمـوو رواڵـەت و سـیفاتێکە، بـەڵام خـۆی نـە دیاردەیـەو نـە سیفەتیشـە.

تاکـە پەیوەنـدی کـە دەکرێـت بیرمـان بـۆی بچێـت لەنێـوان کۆمەڵـگاو شارسـتانیەت، بریتییـە لـە پەیوەندیـی تیکهەڵکێـش کردنـی ئـەو دوو بـوارە، بۆیـە لێـرەوە دەتوانیـن هـۆکاری ئـەوە روون بکەینـەوە کـە ئـەوەی کرۆبـەرKroeber تێبینـی کـردووە ئەوەیـە

کــە زۆر لــە بیرمەندانــی کۆمەڵایەتــی هــەردوو بواریــان تێکــەڵ بــە یەکــدی کــردووە، هەروەهــا دابەشکردنی(ئۆجســت کۆنــت)ی تایبــەت بــە پەرەســەندنی کۆمەڵــگاکان، بریتییــە لــەو دابەشــکردنەی کــە بــە ســێ یاســای قۆناغــەکان نــاسراوە : ئەفســانەیی، میتافیزیکــی، ڕەوشــخوازی، لــە راســتیدا ئــەو دابەشــکردنە دابەشــکردنێکی شارســتانییە، مەبەســتیش لەمــەدا گوزارشــتکردنە لــە شــێوازێکی بیرکردنــەوە و تێڕوانیــن بــۆ ژیانــی گشــتی لــەو قۆناغــە جیاوازانــەی کــە کۆمەڵــگای مرۆڤایەتــی پێیانــدا تێپەڕیــون، زیاتــر لــەوەی کــە گوزارشــتە لــەو پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییانــەی لــەم قۆناغانــەدا باوبــوون، کەواتــە ئەگــەری تێکەڵکــردن زۆرە لەنێــوان ئــەو دوو بــوارە کــە دەگەنــە ئــەو بــڕە تێکچڕژانــە.

**(٢) شارستانیەت و ژیار**

لــە ڕاســتیدا زۆر ئەســتەم و زەحمەتــە کــە پەیوەندیــی نێــوان شارســتانیەت Culture و ژیــار Civilization بزانیــن، ڕاوبۆچوونــی بیرمەنــدان لــەم بابەتــەدا زۆر جیــاواز بــووە، هەندێکیــان پێیــان وایــە کــە شارســتانیەت بــەوە لــە ژیــار جودادەکرێتــەوە واتــا جیاکردنــەوەی ئاســان لــە ئاڵــۆز، ئــەم ڕایــە ســەر بــە ڕێبــازی زانایانی(ئەنسرۆپۆلۆجیا)یــە، ئەوانــەی بــە تایبەتــی گرنگییــان بــە دیراســەکردنی شارســتانییەتی کۆمەڵــگا ســادەکان داوە، هەندێکــی دیکــەش لایــان وایــە کــە ژیــار ســادەترە، چونکــە ژیــار پەیوەســتە بــە ڕواڵەتــە ماتریالییەکانــی ژیانــی کۆمەڵــگا، بــەڵام شارســتانیەت بریتییــە لــە ڕواڵەتــە کلتــووری و مەعنەوییــەکان لــەم ژیانــەدا، لــەم توێژینەوەمانــدا نموونــەی زۆرمــان لەبــەر دەســتدایە، بۆیــە پێویســت نــاکات ســنوورێکی دیاریکــراو لەنێــوان ئــەو دوو بــوارەدا دابنێیــن، هــەر ئــەم ڕایەشــە کــە لــە کۆتاییــدا پەســندی دەکەیــن.

زۆربــەی ئــەو جیاوازییــە باوانــەی لەنێــوان شارســتانیەت و ژیــاردا هــەن، ئەوانــەن کــە ژیــار بــە لایەنەکانــی پراکتیکــی و ماتریالیــی ژیانــی کۆمەڵــگا دەبەســتێتەوە، لــە کاتێکــدا ژیــار لــە دیــدی ئــەو جیاوازییانــە بریتییــە لــەو بەهایانــەی لەنــاو کۆمەڵــگادا بــاون، ئەوانــەی ســەرجەم تاکەکانــی کۆمەڵــگا لــە یەکەیەکــی مەعنەویــدا کۆدەکاتــەوە، هــەر یــەك لــەو تاکانــە هەســت بــەوە دەکات کــە بەشــدارە لەگــەڵ ئەوانــی دیکــەدا لــە ڕووی بیــرو

هەستدا، هەروەها هەست دەکات کە تاکە ڕەوتێك ژیانیان بەیەکەوە گرێ دەدات، بۆیە دەڵێین ئەو جیاوازییانە زۆر باوو بەربڵاون، چونکە ئێمە ئەمڕۆ زۆر بەکاریان دەهێنین، کاتێك بۆ نموونە دەڵێین: گەلانی ئەوروپا شارستانییەتێکی دێرینیان هەیە، بەڵام گەلانی ئەمریکا خاوەن ژیارێکی بەرزن، کەچی شارستانییەتێکی دێرینیان نییە، مەبەستمان لەوەدا قووڵیی ڕەگوڕیشەی کلتووری و مەعنەویی ئەوانەی یەکەم و کەموکوڕیی سەردەمی ئەوانی دووەمە لە ڕووی کلتووری قووڵی ڕوحییەوە، لە کاتێکدا لە بواری پێشکەوتنی ماتریالی و ئامێرەوە زۆر پێشکەوتوون.

بۆیە ئەو جیاوازییە شتێکی زۆر تازە نییە، فەیلەسووفی ئەڵمانی (کانت) تا ڕادەیەکی زۆر لەوەوە نزیك دەبێتەوە، ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕەوشتخوازی بۆ شارستانیەت زۆر پێویستە، مەبەستی ئەوەیە کە ئەمە هەناوە خەسڵەتە، کە مۆرکی هەناویی دەخاتە پاڵ شارستانیەت، لە بەرامبەر ژیاردا کە زیاتر خۆی بە ڕواڵەتە دەرەکییەکانی ڕەفتارەوە بەستۆتەوە.

زۆر کەس هەمان ئەو جیاوازییەی بە شێوازگەلێکی جۆراجۆر دەربڕیوە، بەڵام هەموویان هەر بۆ بیرۆکەیەکی ناوەندی دەگەڕێنەوە: بە ڕای ماکیڤەر Mac Iver ژیار پەیوەستە بە ئامرازەکان و شارستانییەتیش بە مەبەستەکان، ژیار هەموو ڕواڵەتەکانی پێشکەوتنی پیشەسازی و ئابووری دەگرێتەوە، مادامەکێ ئەو جۆرە پێشکەوتنە تەنیا مەبەستی وەدیهێنانی خۆشگوزەرانیی مرۆڤە، واتا هۆکارێکە مەبەستی تەنیا خۆی نییە، بەڵکو لەپێناو مەرامێکی دیکەی ناکۆك دەکرێتە ئامانج، هەرچی شارستانیەتە بەندە بە بەها حەشاردراوەکانی مرۆڤایەتی، کە بریتییە لە مەبەستەکانی خۆی، بۆ نموونە هونەر ڕواڵەتێکە لە ڕواڵەتەکانی شارستانیەت، بۆیە دەبینین کە هونەرمەندێك گوزەرانی ژیانی خۆی بە بەرهەمە هونەرییەکەی پەیدا دەکات، بەڵام ئەو بەرهەمە لەنێو زەینی خۆیدا تەنیا نابێتە بیرۆکەیەکی پارەپەیداکردن، ئەگەر نا ئەو بەرهەمەی دەبێتە کاڵایەك و مەبەستیش تەنیا ڕەواجکردنیەتی، دواجاریش دەبێتە شتێکی لاوەکی بێ گیان، هەر بەم شێوەیەشە لە ڕواڵەتە ئاینییەکان لای ماکیڤەر، بۆیە ئەنجامدانی

بەجێهێنانــی سرووتــە ئاینییــەکان خــۆی لــە خۆیــدا مەبەســتە، هــەر یەکێکیــش مەبەســتی لــەو سرووتانــە ســوودی راســتەوخۆ بێــت، بــە واتــای ئــەوەی بــە گیانــی ســوودی بازرگانــی لــە ئاییــن بڕوانێــت، ئــەو کەســە لــەو ئامانجــە لای داوە کــە بانگــەوازی ئایینــی بــەدی دێنێــت.

بــەڵام ئەگــەر ماکیڤــەر ســەرکەوتبێت لــە جیاکردنــەوەی نێــوان ئامــرازو مەبەســت لــە چەنــد بوارێکــی دیاریکــراودا، ئــەوا بــێ گومــان تــا ڕادەیەکــی زۆر زەحمەتــە لــە هەنــدێ بــواری دیکــەدا لێکیــان جــودا بکەینــەوە، دواجــار ئەســتەمە کــە ئــەم لێــك جوداکردنەوەیــە بکەینــە بنەمایــەك بــۆ جیاوازیــی نێــوان شارســتانیەت و ژیــار، بــۆ نموونــە دیــاردەی زانســت، ئایــا تــۆ ئەمــە بــە مەبەســت یــان بــە ئامــراز دادەنێیــت؟ ئێمــە زۆرجــار کــە زانســت بەدەســت دێنیــن، مەبەســتمان ئەوەیــە تەنیــا چێــژ لــە زانیــاری وەربگریــن و پێــی ئاشــنا بیــن، واتــا ئێمــە توێژینــەوەی زانســتی بــە خــودی مەبەســت دادەنێیــن.

بــەڵام زانســت وەك ئامرازیــش بــۆ وەدیهێنانــی مەبەســت بەکاردێــت کــە لــە ڕاســتیدا بەهادارتریــن مەبەســتە، واتــا بــەو مەبەســتە مــرۆڤ دەتوانێــت هەمــوو لەمپــەرو تەگەرەکانــی ژیانــی خــۆی بــەلاوە بنێــت، هــاوکات سروشــت بــۆ خۆشــی و بەرژەوەندیــی تایبەتیــی خــۆی بقۆزێتــەوە، بۆیــە نکوڵــی لــەوە ناکرێــت کــە بەکارهێنانــی زانســت وەك ئامرازێــك بــۆ وەدیهێنانــی ئــەم مەبەســتە پیــرۆزە هەرگیــز لــە تواناکــەی کــەم ناکاتــەوە، بەڵکــو پێویســتە زانســت لــە کۆتاییــدا هــەر بــۆ ئــەو مرۆڤــە بگەڕێتــەوە کــە خــۆی بەرهەمــی هێنــاوە، کەواتــە ڕەنگــە ببێتــە مەبەســت، هەروەهــا بشــبێتە ئامــراز، هەردووکیــان پاســاوگەلی خۆیــان هەیــە، بۆیــە ئەســتەمە کــە بەپێــی ئــەم جیاکردنەوەیــە بڕیاربدەیــن کــە زانســت ســەر بــە بــواری شارســتانییەتە یــان ژیــار.

ئەمــە بــۆ ئابووریــش ڕاســتە: ئــەوەی بــاوە کــە دەگوترێــت ئابــووری ئامرازێکــە بــۆ مەبەســتێکی دیاریکــراو، ئەویــش دابینکردنــی ژیانــە بــۆ مــرۆڤ. بــەڵام لــە ڕاســتیدا ئابــووری مەبەســتێکی لەمــە گرنگــترو بەرزتــری هەیــە، ئەوەیــە کــە تێــرا ماتریــاڵ بــۆ مــرۆڤ فەراهــەم دەکات، ئەمــەش وا دەکات کــە مــرۆڤ ئــەو توانــاو وزەیــەی هەیەتــی بــە شــێوەیەکی ئەرێنــی

پیـادەی بـکات، واتـا بـە تـەواوی گوزارشـت لـە خـۆی دەکات، تەنانـەت ئـەو ئەرکـەی کـە لـە پیشـەکەیدا جێبەجێـی دەکات لـە هەمـوو حاڵەتێکـدا ئامـراز نییـە بـۆ مەبەسـتێکی دیکـە، هـەروەك دەگوترێـت کارکـردن مـرۆڤ دروسـت دەکات هـەروەك چـۆن مـرۆڤ کار دەخوڵقێنێـت. کەواتـە کارکـردن توخمێکـی بنەڕەتییـە لـە پێکهاتـەی کەسـایەتیی مـرۆڤ و خەسـڵەتەکانی بـە شـێوەیەکی تایبـەت، هەروەهـا ئـەو کەسـەی کـە لـە خۆشـگوزەرانیدا دەژێێـت بـێ ئـەوەی کاربـکات، ئـەو کەسـە بـێ گومـان ئەگـەر هـەر بـەم شـێوەیەو بـێ کار مایـەوە، ئـەوا کەسـایەتییەکەی دادەڕمێـت، بۆیـە ئەگـەر لـەو گۆشـەنیگایەوە بڕوانینـە ئـەو بابەتـە، دەتوانیـن بڵێیـن کـە کارکـردن خـۆی لـە خۆیـدا مەبەسـتە هـەروەك چـۆن ئامـرازە.

بـەم شـێوەیە جیاکردنـەوەی نێـوان شارسـتانیەت و ژیـار لەسـەر بنەمـای مەبەسـتەکان و ئامـرازەکان شکسـت دێنێـت، لانـی کـەم لـەم دوو بـوارەدا: بـواری زانسـت و بـواری چالاکیـی ئابـووری.

(ئالفـەرد ڤێبـەر) بنەمایەکـی دیکـە بـۆ جیاکردنـەوەی ژیـار لـە شارسـتانیەت دادەنێـت، ژیـار قبـوڵ دەکات کـە لـە نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیەکـی دیکـە بگوازرێتـەوە، هـەر نەوەیەکیـش لـەو خاڵـەی ژیارەکەیـەوە دەسـت پـێ دەکات کـە نەوەکـەی پێشـتری لـێ ڕاوەسـتابوو، کەواتـە ئەمـە accumulative کەڵەکەخوازییـە، بـۆ نموونـە بنەچەکانـی پیشەسـازیی زانسـتی کـە بـەردەوام لـە هەڵکشـان و پێشـکەوتندایە، هـەر نەوەیەکیـش لـە ڕووی شـارەزاییەوە لـە نەوەکـەی پێـش خـۆی کەمـتر نییـە، هەنـدێ جاریـش وا مەزەنـدە دەکرێـت کـە لـەو پێشـکەوتووترە، دواتـر ئەگـەر کۆمەڵگایـەك بگاتـە پێشـکەوتنێکی نـوێ لـە زانسـتدا، ئـەوا سـەرجەم کۆمەڵگاکانـی دیکـە دەتوانـن لێـی وەربگـرن، هیـچ شـتێکیش لەبەردەمیانـدا ڕێگـر نییـە، کەواتـە ژیـار بـەردەوام بـە چەنـد هێڵێکـی ڕاسـت و درێـژو پانـدا تەشـەنە دەکات، بـەڵام شارسـتانیەت بەرهەمێکـی سـەربەخۆیەو زەحمەتـە لـە کۆمەڵگایەکـەوە بـۆ یەکێکـی دیکـە بڵاوببێتـەوە، ناشـتوانین بڵێیـن کـە نەوەکانـی داهاتـوو بۆیـان هەیـە لـە نەوەکانـی پێشـوویان وەربگـرن، یـان لـەوان سـەرکەوتووتر دەبـن، جـا بـۆ نموونـە ئەگـەر بەدواداچـوون

بکەیـت بـۆ پەرەسـەندنی ڕێبازەکانـی فەلسـەفە ناتوانیـت بڵێیـت کـە هـەر ڕێبازێکـی نـوێ سـوودی لـە ڕێبـازە کۆنەکـە وەرگرتـووە یـان زیاتـری کـردووە یاخـود تەواوکەریەتـی، بەڵکـو ئـەو ڕێبازانـە لەنـاکاو سـەرهەڵدەدەن، ڕەنگـە کۆنترینیـان ڕاسـتتر یـان قووڵـتر بێـت، بۆیـە کاتێـك پەرەسـەندنی فەلسـەفە دەخوێنینـەوە ناتوانیـن ڕێچکـەی تاکـە هێڵێـك بگرینەبـەر، بەڵکـو ناچارەبیـن هـەر ڕێبازێـك بـە جـودا بخوێنینـەوە، بـەو پێیـەی کـە یەکەیەکـی سـەربەخۆیە، بـۆ نموونـە ئاییـن و هونـەر چـۆن پەرەدەسـەنن و بڵاودەبنـەوە.

بـەڵام ئایـا ڕاسـتە جیاوازیـی یەکلاکـەرەوەی نێـوان شارسـتانیەت و ژیـار تەنیـا پەیدابوونـی سیفەتی توانـای بڵاوبوونـەوە و وەرگرتنـە لـە یەکـەم و نەبوونییەتـی لـە دووەمیـان؟ ئێمـە دان بـەوەدا دەنێیـن کـە ڕواڵەتەکانـی ژیـار بڵاوبوونـەوە لەنێـو کۆمەڵـگاکان و سـەردەمەکانیش قبـوڵ دەکات، بـەڵام ئایـا ڕاسـتە هـەر دۆزینەوەیەکـی نـوێ لـە بـواری شارسـتانیەتدا نابێتـە تەواوکـەری ئـەوەی کـە پێشـتر دەسـتی کەوتـووە لـەم بـوارەدا؟ لـە ڕاسـتیدا ئێمـە ئەگـەر بـە جـودا لـە هەمـوو کارێکـی هونـەری وردبینـەوە، ئـەوا بـە کردەنـی قووڵایـی ناخـی هونەرمەندمـان بـۆ دەردەکەوێـت، بـەڵام تێڕوانینـی سەرتاسـەریی مێژوویـی- کـە پێویسـتە توێـژەری شارسـتانیەت توانـای بەسـەر لێوردبوونـەوە هەبێـت- چەندیـن ڕەوتـی گشـتیمان لـە هونـەردا بـۆ دەردەخـات، کـە دەکرێـت بگەینـە ئـەو ڕاسـتییەی کـە تـا چ ئاسـتێك کەوتوونەتـە ژێـر کاریگەریـی هەلومەرجـی جیاجیـای کۆمەڵایەتـی، تـا چ ئاسـتێك مەزهـەب و کەسـایەتییە هونەرییـەکان کاریگەرییـان لەسـەر یەکـدی هەیـە، بۆیـە ئەمـە بـۆ ئاییـن و فەلسـەفەش هـەر بـەم شـێوەیە، هەروەهـا بـۆ هـەر شـتێك کـە سـەر بـە بـواری شارسـتانیەت بێـت بـە شـێوەیەکی گشـتی، چونکـە هونەرمەنـد یـان فەیلەسـوف یـان چاکخـوازی ئایینـی لـە هیچـەوە دەسـت پـێ نـاکات، بەڵکـو هەڵبـەت دەکەوێتـە ژێـر کاریگەریـی پێـش خـۆی، هەرچەنـدە ئاشـکراکردنی ئـەو کاریگەرییـە لـەم بوارانـەدا زەحمەتـترە لـەوەی کـە لـە ژیـاردا بـەدی دەکرێـن، هـەر ئـەم زەحمەتییـەش بـوو کـە بـە هەڵەیـدا بردیـن بـەوەی کـە پێشـکەوتنی شارسـتانیەت لـە ڕێـگای سـەرهەڵدانی لەنـاکاو و کتوپـڕدا دێتـەدی، نـەك لـە ڕێگـەی پەیوەندیـی دواتـر.

سەرەڕای ئەو جیاوازییە لە هەردوو ڕاوبۆچوونی پێشتر دەردەکەوت سەبارەت بە جوداکردنەوەی شارستانیەت لە ژیار، بەڵام شرۆڤەکردنی ورد بنەمای هاوبەشی هەردووکیان ڕوون دەکاتەوە، هەر ئەو بنەمایەیە کە لای زۆر لە بیرمەندانی جگە لە ماکیڤەر و ئەلفرێد ڤایبەر جێگیر بووە، چونکە کە دەگوترێت ڕواڵەتەکانی ژیار ئامرازن و زیاتر لە ڕواڵەتدا خۆ دەنوێنن و پەیوەستن بە چالاکیی دیارو دەرەکیی مرۆڤەوە، بەو واتایەی کە لە لایەنی ماتریالییەوە نزیکن، هەروەها کاتێ دەڵێین ڕواڵەتەکانی شارستانیەت مەبەستن، کەواتە لە ناخی مرۆڤەو هەڵقوڵاون و پەیوەستن بە خودی مرۆڤەوە، بە واتای ئەوەی لە لایەنی ڕۆحییەوە نزیکن، ئا لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە ئەو جیاکارییە بەندە بە دووانەی باوی نێوان جەستەو ڕۆح یان ماتریال و ڕۆح. هەروەها ئەو جیاکارییەی کە ڤایبەر دایناوە جێگیر نابێت لەنێوان ئەوەی کە بە کەڵەکەبوون بڵاودەبێتەوە و لەنێوان ئەوەی کە لەخۆڕا سەرهەڵدەدات، چونکە ئەو ڕواڵەتانەی پەیوەستن بە چالاکیی ماتریالیی مرۆڤەوە دەستاودەست دەکەن، چونکە بابەتی دەرەکین، لە کاتێکدا چالاکیی ڕۆحی لەبەر ئەوەی تایبەتە بە ناخی مرۆڤەوە ئەم دەستاودەست کردنە قبوڵ ناکات، بەڵکو لە ناخی هەموو ڕۆحێکەوە سەرهەڵدەدات بێ ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەریی هیچ پەیوەندی یان گواستنەوەیەك.

ئا بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو بیرۆکەیەی لە پشت ئەو جیاکارییەی نێوان شارستانیەت و ژیاردایە لە ڕاستیدا بیرۆکەیەکی دووانەیە لە نێوان دوو ڕووی چالاکی مرۆڤ: ڕووی پاکی ڕۆح و ڕوویەکیش بەندە بە ماتریالەوە، دواتریش دەبینین کە پشت بەستن بەو دووانە لە ڕوونکردنەوەی واتای شارستانیەت چۆن پێچەوانەی مەبەست دەردەخات.

با دواجار ئەو بۆچوونە تاقی بکەینەوە کە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبووە لەو توێژینەوانەی لە سەدەی بیستەمدا دەربارەی شارستانیەت ئامادەکراون، ئەویش ڕاوبۆچوونی ئۆزڤاڵد سبنگلەر Oswald Spengler-ە، کە بۆ هەر شارستانییەتێك ژیارێك دەست نیشان دەکات، دووپاتیشی دەکاتەوە کە ئەو دوو زاراوەیە گوزارشت لە دوو

قۆناغـی بـەدوای یەکـدا هاتـوو دەکـەن لەنێـو هـەر خولێکـی شارسـتانییەتدا، دواتـر بـە تێروتەسـەلی لـە بیرۆکـەی خولـی شارسـتانیەت دەدوێیـن کـە شـبلنگەر دایهێنـاوە، جێگـەی خۆیەتـی ئەوەتـان بیـر بخەینـەوە کـە مێـژووی مرۆڤایەتـی بـە ڕای شـبلنگەر بـە چەنـد خولێکـی داخـراودا گـوزەر دەکات و هـەر خولێکیـان بـە تـەواوی لەگـەڵ ئـەوەی دیکـە جیـاوازە، هـەر خولێکیـش لـەو خولانـە بـە قۆناغـی شارسـتانیەت دەسـت پـێ دەکات کـە بریتییـە لـە: (سـەردەمی بنیاتنانـی هونـەری و فیکـری، کـە زۆر چـالاك و زینـدووەو هەمیشـە لـە هەوڵـی دۆزینـەوەو نوێبوونـەوەی بەردەوامدایـە، ئەویـش قۆناغـی منداڵـی و گەنجێتییـە پەیوەسـت بـە ژیانـی کۆمەڵـگا، بـەڵام ژیـار قۆناغـی دواتـرە کاتـێ شارسـتانییەت دەگاتـە قۆناغـی پێگەیانـدن، ئـەو کاتـە بـوار بـۆ نوێبوونـەوەو یـان دۆزینـەوە نامێنێـت، بەڵکـو هەمـوو ئـەو توانایانـە دەقۆزێتـەوە کـە پێشـتر شارسـتانیەت بـۆی دەسـتەبەرکردبوو، کاتێکیـش فیکـرو هونـەر لـە شارسـتانییەتدا ڕوو لـە خۆشـگوزەرانی دەکـەن، دەبینیـن کـە لـە سـەردەمی ژیـاردا ئاراسـتەی گرنگـی و بایەخدانـی زۆر ڕووی لـە کرانـەوەو کاروبـاری ئابوورییـە.

بـا جـارێ سـەرنج لـەوە بدەیـن کـە ئـەو ڕایـەی شـبلنگەر دەکرێـت بـە ڕایەکـی دیکـە وەڵام بدرێتـەوە کـە پێشـتر باسـمان کـردووە، ئەلفرێـد ڤایبـەر دەڵێـت کـە ژیـار کەڵەکەبوونـە، واتـا هـەر کۆمەڵگایـەك سـوود لـە کۆمەڵگاکانـی پێـش خـۆی دەبینێـت، بـەو ئاراسـتەیەی کـە پێشـکەوتن بـە هێڵێکـی ڕاسـتدا گـوزەر دەکات، دیـارە ئەمـە ڕای درووسـتە، چونکـە ناچێتـە عەقڵـەوە کـە پێـمان وابێـت کۆمەڵـگاکان کاتـێ بـەدوای یەکـدا هاتـوون بـەو شـێوەیە داخراوبـن کاریگەریـی ئەوانـی پێـش خۆیـان لەسـەر نەبووبێـت، چونکـە لـە چەندیـن بـواردا ئـەو کۆمەڵگایانـە پەیوەندییـان پێکـەوە هەیـە، لانـی کـەم لـە بـواری تەکنەلۆجیـادا.

سـەرباری ئەمـەش ڕواڵەتەکانـی شارسـتانیەت و ژیـار بـەو واتایـەی کـە شـبلنگەر باسـیان دەکات لەنێـو هەمـوو کۆمەڵگایەکـدا ئاوێتـەی یەکدیـن، جـا ئەگـەر شارسـتانیەت بریتـی بێـت لـە پێشـکەوتنی فیکـری و هونـەری، مانـای وا نییـە ئـەم پێشـکەوتنە گرنگیـی بـە گەشـەی ئابووریـی کۆمەڵـگا نـەدات، هەروەهـا ئـەو ماوەیـەی کـە تێیـدا گرنکـی بـە ئابـووری

دەدرێـت ماوەیـەك بێـت کـە فیکـرو هونـەر پشـتگوێ بخرێـن و دوابکـەون. بەهێزتریـن بەڵگـەش بـۆ ئەمـە سـەردەمی ڕێنیسانسـە لـە ئەوروپـا ، کاتـێ ئابووریـی بازرگانـی بـە شـێوەیەکی بەرچـاو گەشـەی سـەندبوو، لـە هەمـان کاتیشـدا زانسـت و هونـەر هەنـگاوی بەرچاویـان هەڵێنابـوو، بـەو ئاراسـتەیەی کـە گەلانـی ئەوروپـا بێنـە ڕیـزی یەکەمـی گەلانـی دنیـا لـە پێشـکەوتن و گەشەسـەندندا.

لــە ڕاســتیدا خــودی ئــەو ڕایــەی شــبلنگەر دەکەوێتــە ژێــر کاریگەریــی شــێوازی بیرکردنەوەیـەك کـە داخوازییەکانـی ڕۆح و جەسـتە بـە یـەك بنەمـا دەخاتـە بەرامبـەر یەکـدی، بۆیـە دەبینیـن کـە بایەخـدان بـە یەکێکیـان وامـان لـێ دەکات پشـت لەوەکـەی دیکـە بکەیـن، ئـەو جیاکارییـە دیسـان دەمانگەڕێنێتـەوە بـۆ دووانـەی ڕۆح و ماتریـال.

بـەم شـێوەیە بـە ڕوونـی دەردەکەوێـت کـە تاکـە بناغـەی پشـت پـێ بەسـتنی دیارتریـن جیـاکاری لەنێـوان شارسـتانیەت و ژیـاردا، چ بـە هەسـت بێـت یـان بـە نەسـت، بریتییـە لـە دووانـەی ڕۆح و ماتریـال، لـە ڕاسـتیدا ئـەم دووانـە نـاسراوە، کـە بـووە هـۆی نانـەوەی چەندیـن کێشـە بەگشـتی لـە بـواری توێژینەوەکانـی فەلسـەفەدا، جارێکـی دیکـە دێتـەوە گـۆڕێ و کێشـەی تـازەی لـێ دەکەوێتـەوە، بـەڵام هەڵوێسـتی دروسـت ئەوەیـە کـە هـەر لـە سـەرەتاوە پەلـە بکەیـن و دژی هـەر جیاکارییـەك بوەسـتینەوە کـە لەسـەر ئـەم بنەمایـە دەخرێتـەڕوو.

بۆیـە پێوسـتە هیـچ ڕاوبۆچوونێـك قبـوڵ نەکەیـن کـە چالاکیـی مـرۆڤ بـە دوو ڕوو پیشـان دەدات، کـە هـەر یەکەیـان لـەوی دیکـە جیادەبێتـەوە، چونکـە ئـەوەی پێـی دەگوترێـت ڕووی ڕۆحــی و ڕووی ماتریــال تــا ڕادەیەکــی زۆر تێکــەڵ بــە یەکــدی دەبــن، سیســتەمە ماتریالییـەکان لـە ژیانـی هـەر کۆمەڵگایەکـدا - لـە ئابـووری و پیشـەیەکی زانسـتی- بـە تونـدی کاریگەرییـان دەبێـت بۆسـەر لایەنـە رۆشـنبیری و فیکرییـەکان، کاریگەریـی ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا سەردەکێشـێت بۆسـەر سیسـتەمە ماتریالییـەکان، چونکـە ئـەو تێکەڵییـەی نێـوان هـەردوو ڕوو دەبێتـە ڕێگـر لەبەردەمـمان کـە بیـر لـە دۆزینـەوەی هیـچ جیاکارییەکـی دیکـە نەکەینـەوە.

سـەرەنجامی پێویسـت لێـرەدا کـە دەبێتـە دوا قسـەمان لـەم بارەیـەوە، ئەوەیـە کـە هـەردوو زاراوەی شارسـتانیەت و ژیـار بـە دوو واتـای نزیـك لـە یەکـدی بەکاربهێنیـن، هـاوکات جەخـت لـەوە بکەینـەوە کـە پەیوەندیـی ڕاسـتەوخۆ هەیـە لـە نێـوان ڕووە زانسـتییەکانی چالاکیـی مـرۆڤ و ڕووە ڕۆشـنبیری و ڕۆحییەکانـی خـودی ئـەو مرۆڤـە، هـاوکات پێویسـتە لـەو جیاکارییـەدا هەنـدێ بیرمەنـدی کۆمەڵایەتـی وەلاوەبنێیـن، کـە جیـاوازی دەکـەن لەنێـوان هـەردوو زاراوەی : شارسـتانییەتی ماتریالـی لـەو ڕووەوە کـە بـە واتـای ئامێـرو ئامـرازە هونەرییەکانـەو خەڵـك تێیانـدا هاوبەشـن و، لەنێـوان زاراوەی شارسـتانیەت، بـێ ئـەوەی سـیفەتێکی جیـاوازی بخەنـە پـاڵ (کـە ئاماژەیـە بـۆ سیسـتەم و یاسـا بـاوەکان لـە کۆمەڵـگادا) بۆیـە دەڵێیـن ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا جیاکارییـە و دەبـێ نەمێنێـت، چونکـە ئـەو ئامێـرو ئامرازانـەی کۆمەڵـگا بەکاریـان دەهێنێـت وەك پێویسـت کاردەکەنـە سـەر ئـەو سیسـتەم و یاسـایانە.

ئـەو شـتەی کـە پێویسـتە ئاگامـان لێـی بێـت بریتییـە لـەوەی کـە چالاکیـی مـرۆڤ بـە دوو ئاراسـتەی جـودادا نـەڕوات، چونکـە ئێمـە مادامەکـێ بـاس لـە بـواری شارسـتانیەت دەکەیـن، بۆیـە پێویسـتە بـەو چـاوە سـەیری چالاکیـی مـرۆڤ بکەیـن کـە بریتییـە لـە یەکەیەکـی دانەبـڕاو کـە ئامانـج و کارلێکـی هاوبەشـی هەیـە.

**(٣) لێکۆڵینەوە لە شارستانیەت**

شارسـتانیەت بـەو واتایـەی کـە باسـمان کـرد بوارێکـی زۆر فراوانـی هەیـە، هەمـوو کایـە سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و هونـەری و زانسـتی و ئەدەبـی و ئایینـی و چالاکییـە جۆراوجۆرەکانـی مـرۆڤ دەگرێتـەوە، بـەو پێیـە لـە ناخـەوە واتـای گشـتگیری هەیـەو چەندیـن جـۆری کلتـوورو توێژینـەوە لەخـۆ دەگرێـت کـە مێشـك و هـزری مـرۆڤ پـەی پـێ دەبـات. ئـەو واتـا گشـتگیرە ئەسـتەم بـوو لـە سـایەی تێگەیشـتنە کۆنەکـەی مێـژوو دەربکەوێـت، چونکـە بـەو شـێوەیە لێکدەدرایـەوە کـە تەنیـا بریتییـە لـە مێـژووی سیاسـی، مێـژووی سیاسـیش بـە واتـا تەسـکەکەی تەنیـا یـەك کایـەی شارسـتانیەت دەگرێتـەوە کـە لـە چەندیـن کایـەی جیاجیـا پێکدێـت، ئـا بـەم شـێوەیە مێژوونووسـان ماوەیەکـی زۆر

نەیاندەتوانــی لــە شارســتانییەتی کۆمەڵگاکانــی مرۆڤایەتــی بکۆڵنــەوە، تەنیــا توانــای ئەوەیــان هەبــوو لــە ڕووی توێژینــەوەی سیاســی مێــژووەوە باســەکانیان بخەنــەڕوو.

یەکێــك لــە بیرمەنــدەکان دەپرســێت: مێــژوو چییــە ؟ بریتییــە لــە لێکۆڵینەوەیــەك بــۆ زیندووکردنــەوەی ڕابــردوو، چونکــە لــە ڕێگــەی ئــەو دیکۆمێنــت و شــوێنەوارو پاشــماوانەی بۆمــان بەجێــماون، هــەوڵ دەدەیــن بــە پێــی توانــا لــە مێــژوودا وێنەیەکــی زینــدوو بــۆ ســەردەمی ڕابــردوو بژیێنینــەوە، چەنــد ســەردەمانێك لێمانــەوە دووربێــت، ئەوەنــدە پرۆســەی زیندووکردنــەوە بۆمــان زەحمــەت و ئاڵــۆز دەبێــت، بــە هــۆی نەبوونــی بەڵگــەی بەردەســت، جــا ئەگــەر ئەمــە ئامانجــی مێــژوو بووبێــت بۆچــی تەنیــا لایەنــی سیاســی دەگرێتــەوە؟ ئایــا ئێمــە ئەگــەر تەنیــا بــاس لــە کارو چالاکییەکانــی فەرمانــڕەواو هەواڵەکانــی هەنــدێ لــە شــەڕگەو وردەکاریــی سیاســی بکەیــن، کەواتــە توانیومانــە ڕابــردوو بەشــێوەیەکی ورد زینــدوو بکەینــەوە؟ بــێ گومــان وێناکردنــی وردی ڕابــردوو پێویســتە هەمــوو ڕواڵەتەکانــی ژیــان بگرێتــەوە لــە ئــەدەب و فیکــرو هونــەرو زانســت، بۆیــە ئەگــەر لــەم ڕووەوە زانیاریــی تەواومــان لــە هەمــوو ئــەو کایانــەدا هەبێــت، لــە کۆتاییــدا توانیومانــە لێکیــان بدەینــەوەو هەموویــان لــە یەکەیەکــدا کۆبکەینــەوە، بەمــەش تێڕوانینێکــی گشــتیمان لا دروســت دەبێــت تایبــەت بــە سروشــتی ژیــان لــەو ســەردەمەدا، بــێ گومــان پوختەتریــن و وردتریــن تێڕوانیــن ئەوەیــە کــە مێژوونووســی سیاســی دروســتی دەکات.

ئەمــە خاڵــی ســەرەتا بــوو کــە توێژەرانــی هــان دا زیاتــر بپەرژێنــە ســەر لێکدانــەوەو بەدواداچوونــی ئــەو شــێوە توێژینەوەیــە کــە بــە مێــژووی شارســتانیەت نــاسراوە، لــە ڕاســتیدا مێــژووی شارســتانیەت تەنیــا توێژینەوەیــەك نییــە وەك توێژینەوەکانــی دیکــە، بەڵکــو تێکەڵەیەکــی ســەرجەم ئــەو توێژینەوانەیــە، ئــەم توێژینەوەیــە تەنیــا لەلایەنــی ڕواڵــەت ناکۆڵێتــەوە، بەڵکــو شــۆڕدەبێتەوەو یەکەیەکــی نــوێ پێــك دەهێنێــت، بۆیــە ئەرکێکــی قــورس دەکەوێتــە ســەر شــانی توێــژەری مێــژووی شارســتانیەت، کــە دەبــێ ئــەو توانایــەی هەبێــت ســەرجەم ڕەگەزەکانــی شارســتانیەت لــەم ئەرکەیــدا بەرجەســتە بــکات، کــە بــە هیــچ شــێوەیەك لــە زانســتەکانی دیکــەدا نەبێــت، لــە مێــژووی شارســتانییەتدا تایبەتمەنــدی

و گشــتگیری تێکــەڵ بــە یەکــدی دەبــن، تایبەتمەنــدی توێــژەر ناچــاردەکات بەپێــی توانــا هەمــوو بوارێــك هــەر یەکەیــان بــە جیــا کۆبکاتــەوە، بــەڵام گشــتگیری بــە ئاراســتەیەکی دیکــەدا گــوزەر دەکات ئەویــش گــەڕان و خۆماندووکردنــە بــەدوای ئاشــکراکردن و خســتنە ڕووی پەیوەندیــی ئاڵوگۆڕکــراوی ئــەم بابەتــە، ئەمــەش گرنگــە کــە بریتییــە لــە شارســتانیەت.

بــەم شــێوەیە لێکۆڵینــەوە لــە مێــژووی شارســتانیەت بەرەبــەرە شــوێنی خــۆی گــرت و بیرمەنــدان و مێژوونووســانیش ئــەو پــەڕی گرنگییــان پــێ دا، بۆیــە ئەگــەر هەنــدێ توێــژەری ئەڵمانــی وەکــو یاگــوب بــورکارت لــەم بــوارەدا پێشــکەوتنی بەرچاویــان تۆمارکردبێــت، بــەڵام دەبینیــن کــە ڤۆلتێــر بــە زیاتــر لــە ســەدەیەك پێــش ئــەوان کەوتۆتــەوە، ئەویــش بــە توێژنەوەکــەی (ســەردەمی لویســی چواردەیــەم) و کتێبــە بەناوبانگەکــەی بەنــاوی (توێژینــەوە لــە داب و نەریــت -Siècle Louis XIV)، لەگــەڵ ئەوەشــدا نابــێ پێشــبینی ئــەوە بکەیــن کــە ڕێککەوتنێکــی گشــتی هەبێــت لەســەر بابەتێکــی زانســتیی گرنگــی لــەم شــێوەیە کــە بەرنامــەو پرۆگرامێکــی فرەئاراســتەی هەیــە، ئــەم زانســتە زۆر لــق و پۆپــی لــێ دەبێتــەوە، بــەڵام نوێخوازیــی ســەردەم ڕۆڵــی گــەورەی هەبــووە لــە جیاوازیــی نێــوان ئــەو هەمــوو ڕاوبۆچوونانــە، چونکــە توێژینــەوە لــە مێــژووی شارســتانیەت بابەتێکــی کۆنــی زانســتیی جێگیــرە بــە هەمــوو بەرنامــەو بۆچوونەکانــەوە، بــەڵام ئەمــە ئــەوە دەگەیەنێــت کــە تــا ئێســتا لــە نەشــونماکردن بەردەوامــەو زۆر لــە پســپۆران دان بــەم ڕاســتییەدا دەنێــن، بەهــەر حــاڵ جیاوازیــی بیروبۆچــوون شــتێکی نامــۆ نییــە، گرنــگ ســەرکەوتنی هەوڵەکانــە بــەم ئاراســتەیە. بۆیــە ئەگــەر پێگــەی توێژینــەوە لــە شارســتانیەتدا لەنێــو ســەرجەم زانســتەکاندا دەســت نیشــان بکەیــن دەگەینــە ئــەو ڕاســتییەی کــە پێشــەنگی زۆربــەی ئــەو توێژینەوانەیــە کــە لــە هەنــدێ بــواری دیکــەی چالاکیــی مرۆڤایەتیــدا ئەنجــام دەدرێــن.

زۆرهەڵــەن ئەوانــەی وا تــێ دەگــەن کــە توێژینــەوە لــە شارســتانیەت بەرزتریــن و پوختەتریــن و تەنانــەت ئاڵۆزتریــن جــۆری توێژینەوەیــە، ئــەم جــۆرە تێگەیشــتنە ناکۆکــی دەخاتــە نێــوان لقەکانــی زانســت کــە هیــچ ســوودێکی لــێ ناکەوێتــەوە، خــودی زانســتیش

ڕەتی دەکاتەوە، هەروەها زۆر هەڵەیە کە ئەم جۆرە ناکۆکییانە لەنێوان لقە جیاجیاکانی زانست بورووژێنرێت، چونکە هەموو شێوازەکانی زانست پێویستن و هەمووشیان نرخ و بەهای خۆیان هەیە، ناکرێ یەکێکیان لەوی دیکە بە چاکتر دابنرێت.

مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە ئەو دیاردەیەی کە لە توێژینەوەی زانستی دیراسە دەکرێت زۆر ئاڵۆزترە لە توێژینەوەی کیمیایی، یەکەمیان هەموو زانست و هونەرو فەلسەفەو بیروباوەڕو ژینگەو سروشتی تێدا جێ دەبێتەوە، دووەمیان ماتریالییە یان سادەیە یان ئاوێتەیە، بەڵام سروشتێکی دیاریکراوی هەیە، دیسانەوە مەبەست لەم تێبینییە ئەوە نییە کە بابەتێکی زانستیی سروشتی وەك کیمیا بەراوردبکرێت لەگەڵ توێژینەوەی شارستانیەت، بە هیچ شێوەیەك بەو واتایە نییە کە خودی زانستەکە ئاسانە، بۆیە لێرەدا ڕوونکردنەوەکە بەو ئاراستەیەیە کە هەموو توێژینەوەیەك ماندووبوونی گەرەکە و ئەنجامەکانیشی گرنگ و بەهادارن .

(کرۆبەر) تێبینی ئەوە دەکات کە شارستانیەت تاکڕەوە لە پەیوەندییەکی تایبەت لەگەڵ سەرجەم زانستەکانی دیکەدا، بۆیە ئەگەر پێمان وا بێت کە کۆی زانستەکان پلەبەندییەك لە ڕووی ئاڵۆزیی بابەتەکانیان دێننە ئاراوە، واتا لە بواری ئۆرگانی و نائۆرگانیدا و دواتریش بواری دەروونی و کۆمەڵایەتی و دواجاریش بواری شارستانیەت، دەبینین کە تێگەیشتن لە هەر یەك لەم بوارانە بە پێوانەی جیاوازیی پلەبەندییەکە دادەنرێت، بۆ نموونە جەستەی ئۆرگانیك دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کارلێکە کیمیاوییەکان، هەروەها دۆخی دەروونیش بە کاریگەریی پێکهاتەی جەستەیی، بەڵام لە شارستانیەتدا شتەکە جیاوازە، چونکە شارستانیەت بریتی نییە لە ئاڵۆزترین ڕواڵەت یان لە ڕێی ئەو بوارانەی ئاماژەمان پێ کردن مرۆڤ تێی بگات، بەڵکو پەیوەندییەکە پێچەوانەیە، کە زۆر گرنگە، مەبەست لەم پەیوەندییە پێچەوانەیە ئەوەیە کە شارستانیەت کاریگەریی زۆری هەیە بۆ سەر ڕەفتاری تاك و گرووپ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە، وەك چۆن خودی شارستانیەت دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەم ڕەفتارە.

لێرەدا دەمانەوێت تاکە سیفەتی شارستانیەت بە نموونە بهێنینەوە: شارستانیەت کار دەکاتە سەر خودی جیهانی سروشت ، چونکە مرۆڤ بەردەوام لە شێوەی سروشت لە گۆڕاندایە، ئەویش بە پێی ئەو چالاکییانەی لە بواری هەڵکەندنی نۆکەندو دارستان و دروستکردنی بەنداوو کۆگاکانی ئاو.. تاد، ئەنجامی دەدات.

هەروەها شارستانیەت بە ڕوونی کاردەکاتە سەر بواری دەروونی، لەو ڕاستییانەی کە نکوڵیان لێ ناکرێت ئەوەیە کە زۆر لە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دەمار و دەروونی کە لەم سەردەمەی ئێستادا تووشی مرۆڤ دەبن بۆ ئەو گرژییە دەگەڕێنەوە، کە بەهۆی ئەو گۆڕانکاری و ئاڵۆزییەی شارستانیەت لە قۆناغەکانی ژیاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، لێرەدا دەتوانین بە شێوەیەکی دیکە ڕوونی بکەینەوە: دیارە هەموومان تێبینی ئەو کەسە دەکەین کە بۆ یەکەم جار لە گوندەوە ڕوو لە شار دەکات، ئەو کەسە سەرەتا ناتوانێت ئاگاداری هەموو شتێکی دەوروبەری بێت، ڕەنگە لە هەندێ شوێندا ڕووبەڕووی مەترسی ببێتەوە، دەبینێت بە بەرچاوی خۆی ئۆتۆمبیلێکی زۆر ڕیزیان بەستووەو هەندێکیان زۆر بە خێرایی بە شەقامەکاندا تێدەپەڕن، لەوانەی بۆ ئەو مەترسی بن کاتێ بیەوێت لە شەقامی قەرەباڵغ بپەڕێتەوە، ئەم جۆرە ڕەفتارە لە ئەنجامی کەموکوڕیی ئەو کەسە نییە، بەڵکو سەرچاوەکەی گۆڕینی ستایلی ژیانی شارە بە بەراورد بە گوند، بەڵام دواجار لێ ڕادێت و لای ئەو ئاسایی دەبێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا گوزارشت لە دۆخێك دەکات کە ژیانی شار دروستی کردووە، بەڵام بەپێچەوانەوە ژیان لە گوند زۆر ئاسایی و سادەو ساکارە، پێویستی بە ئاگایی و سەرنجدان نییە، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە شارستان سەرمەشقی هەموو زانستەکانە و کاریگەریی ئاڵوگۆڕی هەیە و تەنیا ناکەوێتە ژێر باری کاریگەریی لە ژێرەو بۆ سەرەوە .

کاتێك ئێمە لای (کرۆپەر) دەگرین سەبارەت بەو تێبینییە، کەواتە پێمان وایە کە سیفەتی هەموو بوارەکانی تێدا دەبینین، بۆ نموونە بواری جەستە کە کار لە بواری دەروونی دەکات و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین نیشانەی نەخۆشی، وەکو:

هەوکردنـی گـەدە، واتـا لێـرەدا پەیوەندییـە دوولایەنەکـە دەردەکەوێـت لەنێـوان جەسـتەو دەروونـدا، ئـەم کاریگەرییـە دوولایەنـەش ڕێژەییـە، جـا ئەگـەر زانسـت هەمیشـە کار لەسـەر لێکدانـەوەی ئاوێتـە بـکات لـە ڕێـی سـادەوە، کەواتـە پێویسـتە دان بـەوەدا بنێیـن کـە هەمـوو لێکدانەوەیـەك سـەرەتا لـە سـادەوە دەسـت پـێ دەکات و دواتـر بـەرەو ئاوێتـە شـۆڕدەبێتەوەو حاڵەتـی میکانیکـی جـێ دەهێڵێـت و لێکدانـەوەو شرۆڤـەی زیاتـری بـەدوادا دێـت.

# خەسڵەتەکانی شارستانیەت

کاتێــك بــاس لــە خەســڵەتەکانی شارســتانیەت دەکەیــن چەندیــن پرســیاری جیــاواز بەرۆکـمان دەگـرن و ناچـار دەبیـن وەڵام بدەینـەوە، ڕاسـتە زەحمەتـە هەمـوو ئـەو پرسـیارو بابەتانـە قبـوڵ بکەیـن، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا پێویسـتە بـە دوای سـێ مەسـەلەدا بچیـن و لێیــان بکۆڵینــەوە، ئەوانیــش: شارســتانیەت چــۆن دروســت دەبێــت؟ ڕۆڵــی تــاك لــە دروسـتبوون و دامەزراندنیـدا چییـە؟ شارسـتانیەت چـۆن دەگوازرێتـەوە؟ دواجاریـش چـۆن شارســتانیەت هەڵدەســەنگێندرێت؟

**١- چۆن شارستانیەت دروست دەبێت: ڕۆڵی تاك**

بـێ گومـان یەکـەم شـت کـە بـە بیـری مرۆڤـدا دێـت ئەوەیـە چـۆن لـە خەسـڵەتەکانی شارســتانیەت دەگات، دەپرسـێت بــە چ ڕێگایــەك دروســتبوو، ئایــا ئەمــە بەهێــزو توانــای مرۆڤــە یــان لەســەرەوەی توانایەتــی؟ یــان دروســتبوونی شارســتانیەت بــۆ ئاڵوگــۆڕی کاریگەریــی نێــوان تــاك و ســەرەوەی خــۆی دەگەڕێتــەوە، کــە کــۆی هێــزی کۆمەڵگایــە؟

هەموومــان پێشــتر مێژوومــان خوێندۆتــەوەو بــێ گومــان زانیومانــە کــە تــاك ڕۆڵــی بەرچـاوی لـەم مێـژووەدا هەیـە، بگـرە هـەر لـە قارەمانـان تـا دەگاتـە ئەوانـەی بلیمەتـن و ناویـان دیـارە، ئـەو تاکانـە بەهـرەو کارامەیـی و لێهاتوویـی بەرچاویـان لـە تۆمارکردنـی ئـەم مێـژووەدا هەبـووە، بـۆ نموونـە کەسـایەتیی ناپلیـۆن کـە ئاراسـتە و ڕێـڕەوی مێـژووی فەرەنسـاو ئەوروپـای گـۆڕی، بگـرە مێـژووی جیهانیـش، دیـارە چەندیـن ڕووداوی تاکەکەسـی کاریگەریــی زۆری هەبــووە لەســەر ئاراســتەکردنی مێــژوو، ئایــا باســکال نەیگوتبــوو ئەگــەر لووتــی کیلۆپاتــرا نەختێــك گەورەتــر بوایــە ئــەوا ڕووی مێــژوو دەگــۆڕدرا؟ ئایــا کتێبەکانــی مێــژووی نــوێ جەختــی لــەوە نەکردۆتــەوە کــە جەنگــی یەکەمــی جیهــان – ئــەو ڕووداوە گرنـگ و مەزنـە کـە کاریگەریـی زۆری لـە هەمـوو شـوێنێکی ئـەم دنیایـە هەبـوو- بـە هـۆی کوشــتنی شــازادە سراجیســۆ هەڵگیرســا؟

زۆرن ئەوانــەی مێــژووی سیاســەت و شارســتانیەت بــە تاقــی تەنیــا لێکدەدەنــەوە، لــە

بــواری سیاســەتدا پاشــاو حوکمڕانــان هەمــوو شــتێك دەكــەن و ســەرجەم ڕووداوەكانیــش بــە حــەزو ئــارەزووی خۆیــان هەڵدەســوڕێنن، لــە بــواری شارســتانیەتدا ناوبەنــاو بلیمــەت و بەهرەمەنــد بــە ڕێكــەوت دەردەكــەون و لەســەر دەســتی ئــەوان گەورەتریــن شــۆڕش لــە بــواری فەلســەفەو زانســت و هونــەر و ئاییــن بەرپادەبێــت.

گەورەتریــن مەترســی بــۆ ئــەم لێكدانــەوە ئەرستۆكراســییە ئەوەیــە كــە لێكدانەوەیەكــی ڕەهــای زانســتی نییــە، بۆیــە ئەگــەر پشــتی پــێ ببەســتین ڕووبــەڕووی دۆخێكــی تەمومژاویــمان دەكاتــەوەو ناتوانیــن لێــی دەرچیــن، هەروەهــا بۆمــان دەردەكەوێــت كــە مێــژوو بــە ڕێكەوتێكــی هەڕەمەكــی ســەری هەڵــداوە، بۆیــە نــە قبــوڵ دەكات لــە ڕابــردوو تــێ بــگات، نــە قبوڵیــش دەكات بــە ئاییــندەدا ئاراســتە بكرێــت، بــەڵام چــۆن هەنــدێ لــە بیرمەنــدان دەكەونــە ئــەم هەڵــەوە، وەڵامەكەشــی ئەوەیــە كــە زۆر لــە تاكــەكان بــە چــاوی ســادەو ســەرپێیی دەڕواننــە دەوروبــەر، بــە شــێوەیەك نازانــن لــە پشــت ئــەو چالاكییانەیــان چ جموجــۆڵ و ڕەفتارێكــی گشــتی هەیــە، كــە زۆر لــەوە گەورەتــرن پــەی پــێ ببــەن و وابزانــن كــۆی مێــژوو و تێكــڕای شارســتانیەت كەوتۆتــە ژێــر كاریگەریــی ئەوانــەوە.

لــە بەرامبــەر تاكیشــدا كــە مێــژوو ئاراســتە دەكات، هەندێكــی دیكــە لــە توێــژەران دووپاتــی دەكەنــەوە كــە شارســتانیەت ڕەوتــی تایبەتیــی خــۆی هەیــە و بــە ڕێگایەكــی ســەربەخۆدا دەڕوات و ناكەوێتــە ژێــر كاریگەریــی تاكــەوە، بۆیــە خاوەنــی ئــەم ڕایــە تــاك دەكەنــە ئامــرازی جێبەجێــكاری هێزێــك كــە لــە ســەرووی ئەوەوەیــە و زۆر لێــی دوورە، ناشــتوانێت خــۆی لــە قــەرە بــدات ، تەنیــا ئەوەنــدە نەبێــت كــە گوزارشــتی لــێ بــكات، ئەمــەش دیســانەوە ئــەو ڕاســتییە دەســەلمێنێت كــە تاكــی بلیمــەت دەتوانێــت ڕێــڕەوی مێــژوو بگۆڕێــت.

مێژوونووســی فەرەنســایی مۆنــۆ Monod بــە جوانــی گوزارشــت لــەو ڕایــە دەكات و دەڵێــت: (مێژوونووســان ڕاهاتــوون كــە تەنیــا خــوو بدەنــە ڕواڵەتــە دیــارو چالاكییەكانــی مــرۆڤ كــە دواتــر لەبەرچــاوان نامێنــن و بزردەبــن، هەروەهــا ئــەو ڕووداوانــە زەق دەكەنــەوە كــە پەیوەســتن بــە پیاوانــی مــەزن و دیــاری نێــو كۆمەڵــگا، لەجیاتــی ئــەوەی بــاس لــەو گۆڕانكارییانــە بكــەن كــە پەیتــا پەیتــا لــە ڕەوشــی ئابــووری و سیســتەمەكانی كۆمەڵایەتــی

ڕوودەدەن، ئـەو گۆڕانکارییانـەی دواییـش هەمیشـە دەمێننـەوەو لـە پەرەسـەندندان و تـا مـرۆڤ پێـش بکەوێـت زیاتـر گەشـەدەکەن، کـە دەتوانرێـت بـە یاسـا ڕێکبخرێـن و شرۆڤـەو لێکدانـەوەی زیاتـر هەڵدەگـرن، لـە ڕاسـتیدا ئـەو کـەس و ڕووداوانـەی کـە زۆر بـە گرنـگ بـاس دەکرێـن خۆیـان هێـماو نیشـانەی ئـەو سـەردەمانەن کـە پەیوەسـتن بـە پەرەسـەندنی ڕێـڕەوی مێـژووەوە، بـەڵام زۆربـەی ئـەو ڕووداوانـە کـە بـە ڕووداوی مێژوویـی دەناسرێـن، پەیوەندییـان بـەو مێـژووەوە هەیـە کـە بـە درێژایـی کات و سـەردەم دەگەشـێتەوەو دواجـار لـە نـاکاودا دەپووکێتـەوەو ڕەنگـە هـەر شوێنەواریشـی نەمێنێـت.

جیاوازیـی ئـەم ڕایـە لەگـەڵ ڕای یەکـەم ئەوەیـە کـە هەوڵـدەدات مۆرکێکـی زانسـتی بەخـۆوە بگرێـت، هـاوکات بـە دوای ڕەوتێکـی سـووکی ئابـووری و کۆمەڵایەتیـدا دەگەڕێـت و سـەرقاڵی دۆزینـەوەی لێکدانەوەیەکـی تـەواوی پەرەسـەندنی مرۆڤـە، بـە تەواویـش ڕەتـی دەکاتـەوە کـە تاکەکانـی کۆمەڵـگا هیـچ ڕۆڵێکیـان هەبێـت، چونکـە ئەگـەر بڵێیـن تاکـەکان لـە مێـژوودا ڕۆڵیـان هەیـە، واتـا شـانازیی بـە چالاکییەکانـی خۆیانـەوە دەکـەن و دەیانەوێـت هەوڵەکانـی دیکـە وەلاوە بنێـن.

ئـەم ڕایـە لـە نکوڵیکردنـی ڕۆڵـی تـاك زۆر زێدەڕۆیـی دەکات، تـا ئـەو ئاسـتەی مۆرکـی زانسـتی لـێ دەکاتـەوە و دەیەوێـت بـەوە ڕازیـمان بـکات کـە مێـژوو بـە ڕێـگای خۆیـدا گـوزەر نـاکات، بـەڵام هـەر چۆنێـك بێـت دواجـار تاکەکانـی کۆمەڵـگا ڕۆڵـی بەرچاویـان دەبێـت لـە دروسـتکردنی مێـژوودا، لـە ڕاسـتیدا مـرۆڤ پێـی وایـە کـە مێـژوو بریتییـە لـە قەوارەیەکـی خەیاڵـی و یاسـایەکی تایبـەت بەڕێـوەی دەبـات، هەروەهـا ناکەوێتـە ژێـر بـاری ویسـتی تاکـەکان و هیـچ بەهایەکـی بـۆ دانانێـت، ئەنجامـی پێویسـتیش لەمـەدا بـەو شـێوەیەیە کـە تاکـەکان هەسـت بکـەن دەستەوەسـتانن بەرامبـەر بەرگرتـن لـەم ڕێـڕەوەی کـە مێـژوو پێیـدا گـوزەر دەکات، تەنانـەت هەڵوێسـتێکی نەرێنـی بڕەخسـێنن، تەنیـا ڕۆڵـی تەماشـاکەری بـێ لایـەن ببینـن. بۆیـە کاتێـك ئـەو بـوارە دێتـە پێشـەوە و لێکدانـەوەی جیاجیـا دێنـە ئاراوە، دەبینیـن کـە توانـای تـاك ئـەو پەیامـە ناگەیەنێـت و نازانێـت مەبەسـت لەمـەدا چۆنـە، پێـی وایـە کـە مێـژوو ڕاسـتییەکە لەسـەرووی مرۆڤەوەیـە، مرۆڤیـش بریتییـە

لــە ئامرازگەلێــك كــە هێــزی شــاردراوە دەیجووڵێنێــت و بــەرەو چارەنووســێكی نادیــاری دەبــات كــە بــە هیــچ شــێوەیەك دەســەڵاتی خــۆی تێــدا نییــە.

بــەم شــێوەیە ئــەم ڕایــە بــۆ ســۆفیزمی ناعەقڵانــی دەگەڕێتــەوە كــە ڕای یەكــەم پەســند دەكات، دیــارە بــۆ ئێمــە شــتێكی نامۆیــە كــە ئــەو دوو ڕایــە لــە یەكــدی نزیــك بكەینــەوە، كــە یەكێكیــان هــەر بــڕوای بــە تاكــەكان نییــە، ئــەوی دیكەشــیان بــە تــەواوی ڕەتــی دەكاتــەوە، دیســان یەكەمیــان دەڵێــت تــەواو بــە ڕێكەوتــە، دوومیــان دەڵێــت بــە حەتمییەتێكــی تونــدە، بــەڵام لــە واقیعــدا ئەوەیــە كــە بڵێیــن بــە ڕێكەوتــە ڕەنگــە لــە كۆتاییــدا لەگــەڵ هاودژەكــەی یەكبگرنــەوە، بۆیــە ئەگــەر بــە یەكجــاری ڕۆڵــی تــاك لەمــەدا پشــتگوێ بخرێــت و بگوترێــت كــە مێــژوو بــە ڕێگــەی تایبەتیــی خۆیــدا دەڕوات و تەنیــا دەكەوێتــە ژێــر كۆنتڕۆڵــی یاســایی خۆیــەوە كــە نەتوانیــن كاری تــێ بكەیــن، مانــای وایــە ئێمــە دەستەوەســتانین لەبــەردەم ئــەو هێــزەی مێــژوو ئاراســتە دەكات.

بــا چــاوەڕێ بیــن بزانیــن ڕووداوەكان بــە چ ئاراســتەیەكدا دەچــن، چونكــە هەڵوێســتی ئێمــە لــە هەڵوێســتی یەكەمــمان جیاوازتــر نییــە، كاتــێ لــە چاوەڕێــی ئــەوەدا بوویــن كــە قــەدەر تاكێكــی كارا بهێنێــت و تەنیــا بــە ڕێكــەوت پەیــدا ببێــت، ئەوەنــدەش بەســە كــە جڵــەوی مێــژوو لــە هــەردوو حاڵەتــدا لــە دەرەوەی دەســتی مــرۆڤ بێــت، كەواتــە لــە حاڵەتــی یەكەمــدا قــەدەر دەیگرێــت و لــە حاڵەتــی دووەمیــش هێزێكــی گــەورەی بــەدەر لــە توانــای مــرۆڤ، بەمــەش هەردووكیــان لــە یەكــدی نزیــك دەبنــەوە.

ڕاســترین ڕاو بۆچوونیــش ئەوەیــە كــە پەیوەندییەكــی دوولایەنــە هەیــە لــە نێــوان تاكــی كۆمەڵــگا لــە دروســتكردنی مێــژوو و لەنێــوان ئاراســتەكردنی شارســتانیەتدا. ئــەو ڕایــەش بــەو واتایەیــە كــە خــۆی لــە توانــای خــودی تاكــدا دەبینێتــەوە، یــان ئــەو توانایــەی لەنێــو كۆمەڵــگادا بەدەســت دێنێــت و دەری دەخــات، بــۆ نموونــە لــە بــواری هونەریــدا، دیــارە كــە هونەرمەنــد خــۆی تاكــە داهێنــەرە، بەرهەمــی هونەریــش لــە نــاكاوداو بــێ پێشــەكی ســەرهەڵدەدات، بــەڵام بلیمەتــی و چالاكیــی هونەرمەنــد ڕۆڵــی كارا دەبینێــت لــە زەقكردنــەوەو زیاتــر پیشــاندانی ئــەو بەرهەمــە هونەرییــە، بۆیــە دەبینیــن پێشــبڕكییەكی بــێ وێنــە هەیــە كاتــێ

هونەرمەندێـك بەرهەمێـك پێشـكەش دەكات، توانـای داهێنـان و بەهـرەی ئـەو هونەرمەنـدە دەبێتــە جێــی ســەرنج و تێڕوانینــی هــەم هونەرمەندانــی هاوپیشــەی خــۆی، هەمیــش ڕەخنەگـرو ئەوانـەی گرنگـی بـەم بـوارە دەدەن، بۆیـە ئەگـەر ئەمـە ڕوونـەدات بـێ گومـان نــە هونەرمەندەكــەو نــە بەرهەمەكەشــی بــە شــێوەیەك دەردەكــەون كــە خەڵكەكــە بــە جیاوازیــی چیــن و توێژەكانــەوە بایەخــی پــێ بــدەن. نموونەیەكــی دیكــە، كاتــێ دەنگێكــی خــۆش لەنێــو وڵاتــی ئێمــەدا لــە بواری(ئۆپێــرا) دەردەكەوێــت، دەبینیــن لای زۆر كــەس نابێتــە جێــی بایــەخ، چونكــە ئــەو خەڵكــە چێــژ لــەم جــۆرە ســتایل و شــێوازە هونەرییــە نابینێــت، بــەڵام ئەگــەر لــە وڵاتێكــی دیكــە بوایــە ڕەنگــە بــە شــانازییەوە دەیانقۆســتەوەو دەنگدانەوەیەكــی بەرچــاوی دەبــوو.

ئەگــەر ئــەم بابەتــە پەیوەندیــی بــە بلیمەتیــی تاكەكەســییەوە هەبێــت كــە لــە نــاكاودا پەیدادەبێـت بـێ پێشـەكی، ئـەدی چـۆن ئـەو دیاردەیـە لێكدەدەینـەوە كـە لـە سـەردەمانێكی جیــاوازدا ئــەو بلیمەتییانــە كەڵەكەدەبــن كــە ناتوانیــن بــە هیــچ شــێوەیەك نكوڵــی لــێ بكەیــن كــە مەبەســتمان هاتنەئــارای هەنــدێ فاكتــەری نارێكەوتــە، بــۆ نموونــە كەســایەتیی وەك راڤاییــل و مایــكل ئینگلــۆ و لیۆنــاردۆ دافنشــی و زۆری دیكــە كــە ئەوانــە بلیمــەت بــوون لــە نیگاركێشــی و پەیكەرتاشــی بــە تەواویــش لــە ســەردەمانێكی نزیــك بــە یــەك، واتــا ڕاســتەوخۆ دوای ســاڵی ١٥٠٠، دوای ســەدەیەكیش ئــەو هەمــوو كەســایەتییە مەزنــەی قوتابخانـەی هۆڵەنـدی لـە نیگاركێشـی و لـە سـەردەمانێكی نزیـك بـە یـەك پەیدابـوون، ئایـا ئەمـە بـە ڕێكـەوت بـوو كـە ئـەو هەمـوو بلیمەتانـە هـەر لـەو سـەردەمەدا دەربكـەون؟ ئایـا ئەمــە ئامــاژە نییــە بــۆ ئــەوەی كــە چەندیــن فاكتــەر لــە ژیانــی خــودی ئــەو كۆمەڵگایــەدا هــەن، كــە بوونەتــە هــۆی پەیدابوونــی ئــەو بلیمەتانــە، یــان بــە واتایەكــی ڕوونــتر، ئــەو فاكتەرانــە دەرفەتــی هاتنــە گۆڕەپانیــان ڕەخســاندووە؟

نموونەیەكــی دیكــە كــە بریتییــە لــە داهێنــان كــە بەڵگەیەكــی دیــارە لەســەر ئــەوەی كــە توێژێــك هــەن كــە  خــاوەن بەهــرەی دەگمەنــی تاكەكەســیین و كاریگەریــان بۆســەر هەلومەرجــی ژیانــی كۆمەڵــگا هەیــە، ئەمــە لــە خــۆڕا دەردەكەوێــت بــێ ئــەوەی هیــچ

یاسـایەك چاودێریـی بـکات، بـەڵام ئەگـەر بـە وردی لـە دیـاردەی دۆزینـەوەو داهێنـان بکۆڵینـەوە، ئـەو کاتـە بۆمـان دەردەکەوێـت کـە ئـەم دیاردەیـە زیاتـر بـە کاریگەریـی دەسـتەجەمعیی کۆمەڵگایـە نـەك بـە تەنیـا چەنـد تاکێکـی سـەربەخۆ، دیـارە پێویسـتیی کۆمەڵگـە هانـی داهێنـەر دەدات کـە داهێنـان لـە بوارێکـی دیاریکـراودا بـکات، ئـەم ئەرکـەش واتـا داهێنانەکـە لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو ڕێچکانـەدا دێتـە دی کـە لـە زانسـت و ژیانـی ڕۆژانـەدا بـاون و پێشـتریش لـە هەلومەرجێکـدا هاتوونەتـە دی، بـەڵام ئـەو هەمـوو فاکتەرانـە کاتێـك بـە یەکـەوە کۆدەبنـەوەو داهێنانەکـە دەکەنـە ئەمـری واقیـع، هەرچـی تاکیشـە کاتێـك داهێنانەکـە دەخاتـەڕوو لەلایـەن سـەرتاپای کۆمەڵـگاوە دەبێتـە مایـەی گرنگـی پـێ دان و هەڵسـەنگاندن، بـەڵام لـە دیـدی شارسـتانییەتەوە دەبێتـە ڕواڵەتێـك لـە ڕواڵەتەکانـی ئاراسـتەی گشـتی کـە ئەویـش بەشـێکە لـەو ئاراسـتەیە، لـە ڕاسـتیدا کاتـێ داهێنەرێـك دەیەوێـت بەرهەمێـك یـان داهێنانێـك پێشـکەش بـە کۆمەڵگاکـەی بـکات، هەڵبەتـە لـە داهێنەرانـی دیکـەی دەشـارێتەوە تاکـو پێـش ئـەو نەکـەون، جـاری وایـە ڕووی داوە کـە داهێنەرێـك شـتێکی کـردووە، ئەوانـی دیکـەش لـە هەمـان کاتـدا هـەر ئـەو شـتەیان کـردووە، هـەر چەنـدە ئاگایـان لـە یەکـدی نەبـووە، بـەڵام دەرکەوتنـی داهێنانەکـە بـە نـاوی یەکێکیـان، بـە تایبەتیـش ئەگـەر ئـەو نـاوە کەسـایەتییەکی نـاسراو بـوو، ئـەوا لای ئێمـە بـەو شـێوەیە لێکدەدرێتـەوە، کـە ئەگـەر ئـەو داهێنـەرە لەدایـك نەبووبایـە ئـەوا ئێمـەش بـەو داهێنانـە شـاد نەدەبوویـن، کەواتـە پێـمان وایـە کەسـی دیکـە نەیدەتوانـی ئـەم بەرهەمەمـان پێشـکەش بـکات، مەگـەر خـودی ئـەو کەسـە نەبێـت، ئـەو کاتـە مرۆڤایەتـی و کۆمەڵـگاش لـەم داهێنانـە بـێ بـەش دەبـوو، بـەڵام لـە بـواری سیاسـەتدا، وەك لای حوکمڕانـان دیـارە کـە کاریگـەری بۆسـەر ڕێـڕەوی مێـژووی نەتـەوەکان هەیـە، لـە ڕاسـتیدا لەبـەر ئـەوە نییـە کـە ئـەوان حوکمڕانـن، چونکـە ئەگـەر لـە هۆکارەکـەی بپرسـین دەگەینـە ئـەو وەڵامـەی کـە خـودی سیسـتەمە کۆمەڵایەتییـەکان ئـەو کاریگەرییـەی هێناوەتـە ئـاراوە، واتـا کاریگەریـی تاکـەکان لـەو حاڵەتـەدا بـۆ خـودی کۆمەڵـگا دەگەڕێتـەوە. بـەڵام نابێـت بـەم بۆچوونـە ڕۆڵـی تاکـەکان پشـتگوێ بخرێـت و وا بزانیـن ئـەوان بەشـداری لـە بنیادنانـی

شارســتانیەتدا ناکــەن و تەنیــا کۆمەڵــگا بــە گشــتی ئــەو ڕۆڵــەی هەیــە، لــە هەمــان کاتــدا ئەمــە ناکۆکــە لەگــەڵ ئــەو ڕایــەی کــە نکوڵــی لــە ڕۆڵــی تاکــەکان دەکات، جــا لەگــەڵ ڕێزمــان بــۆ ڕۆڵــی گرووپــەکان لــە بنیادنانــی شارســتانیەت، پێویســتە ئــەوە بڵێیــن کــە ئەوانــە بریتیــن لــە گرووپگەلــی مــرۆڤ نــەك قــەوارەی حوکمــڕان کــە مــرۆڤ پەراوێزبخــات، بۆیــە جارێکــی دیکــە دووپاتــی دەکەینــەوە کــە ئەگــەر تاکــەکان نەبــن ئــەو داهێنــان و بنیاتنانــەی شارســتانیەتە مەحاڵــە بێتــەدی.

مەرجــی ســەرەکیی کاریگەریــی تــاك لــە کۆمەڵــگادا ئەوەیــە کــە ئاراســتەی ڕەفتــارو چالاکیــی ئــەو تاکــە بەدیهێنــەری پێداویســتییەکانی کۆمەڵــگا بێــت، چونکــە بلیمەتیــی تــاك چەنــد بــە ئاراســتەی پێچەوانــەی پێویســتییەکانی کۆمەڵــگاش بێــت ناتوانێــت هیــچ کاریگەرییەکــی بۆســەر کۆمەڵــگا هەبێــت، تەنانــەت ئــەو بلیمەتییــەی بــەو شــێوەیە دەرناکەوێــت، چونکــە تــاك دەتوانێــت کاربکاتــە ســەر مێــژوو، بــە مەرجێــك ڕەفتارەکــەی فاکتەرێــك بێــت لــە فاکتەرەکانــی پەرەســەندنی ئــەو مێــژووە بــەو ئاراســتەیەی کــە لەگــەڵ هەلومەرجــدا بگونجێــت، لــەو کاتــەدا تــاك شــان بەشــانی کۆمەڵگاکــەی ڕێ دەکات، دیــارە ئەوانــەی ئێمــە بــە بلیمــەت ناویــان دەبەیــن، ئاســتیان لــە خەڵکــی ئاســایی بەرزتــرە، بــەڵام زۆر جــار هەبــووە ئاستیشــیان لــەوان کەمــتر نەبــووە، بــەڵام ناویــان بــە بلیمــەت دەرنەکــردووە، لەبــەر ئــەوەی کۆمەڵگاکانیــان ڕێگایــان پــێ نــەداون، یــان نەیانتوانیــوە بــە تــەواوی گوزارشــت لــە توانــاو داهێنانــی خۆیــان بکــەن. کەواتــە تاکــەکان کاریگەرییــان لــە گرووپەکانــدا دەبێــت، ئــەوان تەنیــا ئامــراز نیــن ویســتی ســەرەوەی خۆیــان جێبەجــێ بکــەن بــێ ئــەوەی خۆیــان ویســتی داهێنەرانەیــان نەبێــت، بــەڵام چــۆن ئــەو تاکانــە کاریگەرییــان دەبێــت، ئەوەیــان پەیوەســتە بــە شــێوازی ڕێکخســتنی کۆمەڵایەتــی و ئــەو پەیوەندییانــەی لەنێــوان خۆیــان و دەوروبەریــان هەیــە، کەسایەتیی تــاك نابێتــە فاکتەرێکــی پەرەســەندنی کۆمەڵایەتــی مەگــەر پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییــەکان ڕێگەبــدەن.

بۆیــە ئەگــەر بتوانیــن وەڵامێکــی دروســت دەربــارەی پەیوەندیــی تــاك لەگــەڵ شارســتانییەت و ڕۆڵــی ئــەو تاکــە لــە دروسـتکردنیدا بەدەسـت بهێنیــن، ئــەوا دەبێــت

بڵێیــن کــە کاریگەریــی دوولایەنــە لەنێــوان شارســتانیەت و تاکــدا هەیــە، ڕاســتە هەنــدێ تــاك کاریگەریــی گەورەیــان لــە ڕێــڕەوەی شارســتانییەتدا هەبــووە، بــەڵام ئەوانــە لــە لای خۆیانــەوە کەوتوونەتــە ژێــر کاریگەریــی شارســتانییەتەوە، چونکــە ئەگــەر شارســتانیەت ئــەو هەلومەرجــەی بــۆ نەڕەخســاندنایە ئــەوان نەیاندەتوانــی ئــەو هەمــوو کارو داهێنانــە بکــەن، بۆیــە ئەگــەر لــە یــەك لاوە ســەیری ئــەم بابەتــە بکەیــن، دەڵێیــن : وا دیــارە شارســتانیەت بــە ڕێچکــەی تایبەتیــی خۆیــدا گــوزەردەکات، هەروەهــا هەڵوێســت و ئاکارەکانــی شارســتانیەت لــە خۆیانــەوە پەرەدەســەنن، واتــا فاکتــەری تــاك تەنیــا ئامرازێکــە بــۆ گوزارشــتکردن لــەو هەڵوێســتانە و دەبێتــە ڕێخۆشــکەر بــۆ گواســتنەوە بــە درێژایــی ڕۆژگار، بــەڵام ئەگــەر لــە لایەکــەی دیکــەوە لێــی بڕوانیــن ئــەوا دەڵێیــن کــە خــودی ئــەم هەڵوێستانەی شارســتانیەت لــە لایــەن هێزێکــەوە بــە زۆری زۆردارەکــی بەســەر تاکەکاندانــە ســەپێنراون، بۆیــە لــە ئەنجامــدا پێویســتە بزانیــن کــە شارســتانیەت بــە هاوکاریــی گرووپێــك تــاك بــەرەو پێــش دەچێــت، کــە دەتوانێــت کاریگەریــی بەرچــاوی لەمــەدا هەبێــت، بــەڵام بــە مەرجێــك بزانێــت چــۆن ئــەم هاوکارییــە نابێتــە تەگــەرەو لەمپــەر لەبــەردەم پێشــکەوتنی کۆمەڵــگا، نابــێ ئەوەشــمان لەبیربچێــت کــە ڕەوتــی شارســتانیەت بەهێــزەو دەتوانێــت تاکــەکان ڕابماڵێــت.

بۆیــە ئــەم هاوکێشــەیە لــە کۆتاییــدا لەگــەڵ ئــەو ڕۆڵــە یــەك دەگرێتــەوە کــە مێــژوو هەیەتــی لــە ڕووی بەرەوپێشــبردنی شارســتانیەت بەپێــی ویســت و هۆشــیاریی یەکــە یەکــە تاکەکانــی کۆمەڵــگا.

**٢- چۆن شارستانیەت دەگوازرێتەوە**

لــە کۆتایــی قســەکەماندا تایبــەت بــە ڕۆڵــی تــاك لــە شارســتانیەتدا، ئــەو بابەتەمــان ورووژانــد کــە چــۆن ویســت و هۆشــیاریی تــاك کاریگەریــی لــە گواســتنەوەی شارســتانیەتدا هەیــە، لــە ڕاســتیدا ئــەم بابەتــە ســیفەتێك لــە ســیفەتەکانی شارســتانیەت ڕوون دەکاتــەوە، هەروەهــا ئــەو ڕێگایەمــان پیشــان دەدات کــە لــە نەوەیەکــەوە بــۆ نەوەیــەك دەمێنێتــەوە. بــەڵام ئــەو بۆماوەییــە جیــاوازە لــەو بۆماوەییــەی لــە زینــدەوەردا هەیــە ، ئــەم جیاوازییــەش چەندیــن ڕووی هەیــە:

أ- یاسـاکانی بۆماوەیـی زینـدوو نەگـۆڕن، ڕەنگـە هەنـدێ لـەو یاسـایانە هێشـتا نەدۆزرابنـەوە، بـەڵام بەپێـی سیسـتەمێکی وردی پێویسـت پەیڕەودەکرێـن، ئەگـەر هەمـوو ئـەو فاکتـەرە بۆماوەییانەمـان زانـی و لـە هەمـوو شـتێکمان سـەبارەت بـە نەوەکانـی پێشـووی بوونـەوەری زینـدوو کۆڵییـەوە، ئـەو کاتـە دەتوانرێـت توخمەکانـی بۆماوەیـی ئـەو بوونـەوەرە بـە تـەواوی دەسـت نیشـان بکرێـت، بـەڵام گواسـتنەوەی شارسـتانیەت تەنیـا بـەم میکانیزمـە پێویسـتە ئەنجـام دەدرێـت. تەنانـەت بـە هـۆش و تێگەیشـتنەوە و زۆرجـار ناتوانیـن ڕێـگای گواسـتنەوە لـە تـەواوی دیاربکەیـن ، چونکـە چەندیـن مـەرج و فاکتـەری جیاجیـا دەسـتیان لـەم گواسـتنەوەدا هەیـە.

ب- ڕەگەزەکانـی بۆماوەیـی لـە دۆخـی بۆماوەیـی سـیفەتە زیندووەکانـدا دەگوازرێنـەوە بـێ ئـەوەی هیـچ گۆڕانـکاری یـان هەموارکردنەوەیـەك ڕووبـدات، بەڵکـو بـێ ئـەوەی هەستیشـیان پـێ بکرێـت، بـەڵام گواسـتنەوەی ڕەگەزەکانـی شارسـتانیەت دەکـرێ ئارەزوومەندانـە بێـت، بـەو واتایـەی ئـەو نەوەیـەی کـە ڕەگەزەکانـی شارسـتانیەت وەردەگـرن، هەندێکیـان هەڵدەبژێـرن و هەندێکـی دیکـەش پەراوێـز دەخـەن بەپێـی هەلومـەرج و پێداویسـتی، نموونەیەکـی دیارمـان لایـە تایبـەت بـەو دیاردەیـە لـە حاڵەتـی گواسـتنەوەی داب و نەریتـی کـۆن بـۆ نـەوەی نـوێ، نـەوەی ئێسـتا هەمـوو داب و نەریتـە کۆنەکانـی نـەوەی پێـش خـۆی بـە دڵ نییـە، بەڵکـو دەزانێـت کـە زۆر لـەو داب و نەریتانـە بـۆ بیروبـاوەڕی ئەفسـانەیی دەگەڕێتـەوە وەك بڕوابـوون بـە پیاوچـاکان ، یـان دەربڕینـی حـەز بـۆ شـانازی بـە خۆکـردن و خۆپیشـاندان وەك زێدەڕۆییـەك لـە ئاهەنگێـڕان بـە خۆشـی یـان پرسـەی مـردووان، بۆیـە نـەوەی ئێسـتا ڕەخنـە لەوانـە دەگرێـت، ئەمـەش بـەو واتایـە نییـە کـە دەتوانیـن بـە ئـارەزووی خۆمـان ئـەوەی دەمانەوێـت لـە ڕەگەزەکانـی شارسـتانیەت قبـوڵ بکەیـن یـان ڕەتـی بکەینـەوە، بـێ گومـان ئـەو ڕەگەزانـە تـا ڕادەیـەك لـە دەرەوەی ویسـت و حـەزی ئێمـەن، ئـەوەش بـە ئاشـکرا دیـارە لـە هەسـت پێکردنـی زۆر لەوانـەی ژینگـەی شارسـتانییەتیان گۆڕیـوە، وەك ئەوانـەی لـە گوندەکانـەوە ڕوویـان لـە شـارە گـەورەکان کـردووە، کـە ناتوانـن دەسـتبەرداری داب و نەریتـی کۆنیـان بـبن، بۆیـە

لەنێـو ئـەو ژینگـە نوێیـەدا بـە شـێوەیەکی نامـۆ ڕەفتاردەکـەن، بـەڵام ئـەوەی دەمانـەوێ بیڵێیـن ئەوەیـە کـە ئەگـەر هۆشـیارانە ڕەگەزەکانـی شارسـتانیەت قبـوڵ بکەیـن، ئـەو کاتـە بەپێـی هەلومـەرج دەتوانیـن خۆمـان لەگەڵیانـدا بگونجێنیـن، هەروەهـا بـە حـەزو ویسـتی خۆمـان هەڵیانبژێریـن، نـەك بـە شـێوەیەکی نەرێنـی. لەبـەر ئـەوە دەکرێـت سروشـتی گواسـتنەوەی شارسـتانیەت بـەوە پێناسـەبکرێت کـە بۆماوەییەکـی ئاڵوگـۆڕی نێـوان هـەر دوو لایـە، بـە شـێوەیەك کـە ئەرکـی لایەنەکـەی دیکـە تەنیـا ئـەوە نییـە کـە ڕەگـەزە بۆماوەییـەکان قبـوڵ بـکات، بەڵکـو گواسـتنەوەیەکە کـە تازەکـە کاریگەریـی بۆسـەر کۆنەکـە دەبێـت و بـە پێچەوانەوەیـش.

دیـارە هـەر نەوەیـەك چەنـد شـتێك بـۆ ئـەو کەلەپـوورەی شارسـتانیەت زیـاد دەکات کـە وەری دەگرێـت و بەمـەش بەشـداریی لـە پێشـکەوتنی شارسـتانیەتدا دەکات، ڕاسـتە ڕۆژگارێـك مرۆڤایەتـی بـە چەندیـن قۆناغـی چەقبەسـتندا تێپەڕیـوەو هیـچ هەنگاوێکـی بـۆ پێشخسـتنی شارسـتانیەت هەڵنەهێنـاوە، تەنانـەت زۆرجـار ڕوویـداوە ئـەو نەوەیـە نـەك هـەر بەشـداری نەکـردووە لـە بنیادنانـی شارسـتانیەت، بەڵکـو کەلەپـووری شارسـتانیەتی پێـش خـۆی لەناوبـردووە. بـۆ نموونـە ئـەوەی لـە چاخەکانـی ناوەڕاسـت ڕوویـداوە لـە چەقبەسـتن و دواکەوتـن لـە هەمـوو ئـاکارو سـیماکانی ژیـان، تەنانـەت دەرکـەوت کـە ئـەو هـەوڵ و تەقەللایـەی یۆنانییـەکان لـە شارسـتانیەتی کۆنیـان داویانـە بـە هـەدەر چـووە، لـە ڕاسـتیدا سـەردەمەکانی چەقبەسـتن بـۆ تێڕوانیـن و هەڵسـەنگاندنی سەرتاسـەریی شارسـتانیەت نابێتـە پێـوەری کۆتایـی بـۆ ئـەم مەبەسـتە، بەڵکـو ماوەیەکـە تێدەپەڕێـت و بـەرەو ڕینیسانسـێکی نـوێ هەنگاودەنێـت، نموونەشـمان بـۆ ئـەوە ڕێنیسانسـی ئەوروپـا و دواتـر سـەردەمی نوێیـە، چونکـە ڕەگـەزە کۆنـەکان لـە سـەردەمەکانی چەقبەسـتن بـە تـەواوی بزربـوون، دەتوانیـن بڵێیـن کـە خۆیـان ئامادەدەکـەن بـۆ گەڕێکـی دیکـەی بەهێزتـر لـەوەی پێشـتر. لێـرەدا ئامـاژە بـەوە دەکەیـن کـە پرۆسـەی گواسـتنەوەی شارسـتانیەت بەردەوامـە، هـەر دواکەوتنێکـی کاتیـش بەڵگـەی ئـەوە نییـە کـە ڕەوڕەوەی ئـەو گواسـتنەوەیە وەسـتاوە، چونکـە دەبێـت بـەو شـێوەیە لێـی بڕوانیـن کـە ئەمـە کەڵەکەبـووی سـەردەمانێکی زۆرەو هـەر بـەو چـاوەش سـەیردەکرێت.

**٣- پێوانەکردنی شارستانیەت**

زانستە سروشتییەکان دەکەونە ژێر باری چەند یاسایەکەوە کە گوزارشت لە پەیوەندیی نێوان ڕەنگدانەوەکانیان دەکەن، لەگەڵ شێوازەی گەشەکردنی ئەو رەنگدانەوەیەی بەدوای خۆیدا دەیهێنێت، بەڵام ڕێنوینیکردنی یاسا نەگۆڕەکان لە بواری شارستانیەتدا کارێکە تا ڕادەیەکی زۆر زەحمەتە بێتەدی، چونکە ڕواڵەتەکانی شارستانیەت هەموویان یەکگرو هاوشێوە نین، بەڵکو زۆر جیاوازن لە بوارەکانی زانست و هونەر و سیاسەت و ئابووری و ئەدەب و ئایین، بێ گومان ئاڵۆزیی ڕواڵەتەکانی شارستانیەت و جیاوازیی بوارەکانی، دەبێتە هۆی ئەوەی بە زەحمەت بیرۆکەی یاسا جێبەجێ بکرێت بە گەشەسەندنی جێگیرو ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەو ڕواڵەتانەی هەستیان پێ دەکرێت. ئێمە چاو لەوانە ناکەین کە پێیان وایە جەخت دەکەنەوەو لەسەر ئەوەی کە یاسای زانستی بەهیچ شێوەیەك بوارنادات لە کاتی لێکۆڵینەوەی شارستانیەت، ئەم حوکمدانە دەبێتە هۆی ڕووخاندنی ورەو نانەوەی نائومێدی، چونکە ڕەوا نییە بە هیچ شێوەیەك زانست ئەوەندە دەستەوەستان بێت لەبەردەم پلەبەندیی لەو بوارانەی پێشتر بە گرنگیان دادەنا، دیارە بواری شارستانیەتیش لەم ڕێسایە بەدەر نییە، بەڵام ئەوەی دەمانەوێت ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە قۆناغی ئێستای لێکۆڵینەوە لە شارستانیەت ڕێگەنادات بە گوێی ئەو یاسایانە بکەین کە هەمان گرنگی و لێکدانەوەیان هەیە بۆ زانستە سروشتییەکان.

کەواتە جێگرەوەی بیرۆکەی یاسا چییە بۆ لێکۆڵینەوە لە شارستانیەت؟ بۆیە لەجیاتی ئەوەی شارستانیەت بخەینە ژێر ڕەحمەتی یاسایەکی گشتییەوە، باشتر وایە هەڵیسەنگێنین و بەهاکەی دەست نیشان بکەین، بەم شێوەیە بیرۆکەی بەهاو گرنگی لە لێکۆڵینەوەی شارستانیەت – بە لایەنی کەم- لەم قۆناغەدا شوێنی خۆی دەکاتەوە. بەڵام هەڵسەنگاندنی شارستانیەت شتێکی زەحمەتە، ئەم زەحمەتییەش لە دوو شتدایە: یەکەمیان ئەوەیە کە ئێمە کاتێ شارستانیەت پێوانە دەکەین دەبێت زانیاری و شارەزایی تەواومان هەبێت لەسەر ئەو ڕواڵەتانەی لە بوارە جیاجیاکاندا هەن، هەروەها دەبێ کاربکەین بۆ ڕاگرتنی بالانس لەنێوان خودی ئەو ڕواڵەتانە، لە ڕاستیدا بەدیهێنانی

ئـەم باڵانسـەش شـتێکی تـا ڕادەیـەك ئەسـتەمە، گریـمان بـاس لـە دوو قۆناغـی شارسـتانیەت دەکەیـن، یەکێکیـان پێشـەنگە لـە بـواری فیکـرو زانسـتی تیـۆری، بـەڵام دواکەوتـووە لـە بـواری پراکتیزەکردنـی زانسـتییانەی ئـەو زانیارییـە تیۆریانـە، ئـەوی دوومیـان بـە پێچەوانەیـە، واتـا لـە کایەکانـی زانسـتیدا بەسـەر تیـۆردا لەپێشـترە، کەواتـە چـۆن حوکـم بەسـەر ئـەو دوو قۆناغـەدا دەدەیـن ؟ چـۆن جیاوازیـی نێوانیـان پیشـان دەدەیـن؟ بـێ گومـان پێویسـتە لـەو حاڵەتـەدا لـە هەمـوو ڕواڵەتـە شارسـتانییەکان بـە کـۆی پێکهاتەکانیانـەوە وردبینـەوە، بـەڵام ئـەو کاتـە ناچاریـش دەبیـن لایەنێـك بەسـەر لایەنێکـی دیکـەدا سـەربخەین، لێـرەدا توێـژەران لەگـەڵ یەکدیـدا زۆر ناکۆکـن، هەندێکیـان بـۆ نموونـە دووپاتـی دەکەنـەوە کـە سـەرکەوتنی یۆنـان لـە بـواری تیۆریـدا وای کـرووە قۆناغـی شارسـتانیەتیان لـە قۆناغـی کۆنـی میـسر باڵاتربێـت، کەچـی هەندێکـی دیکـە پێیـان وایـە ئاسـتی هونەریـی زانسـتی کـە شارسـتانیەتی میسرییـە دێرینـەکان پێـی گەیشـتوون، بـە تایبەتیـش ئەگـەر لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە پێشـکەوتنی ڕۆژگار بـە بـەراورد لەگـەڵ یۆنانییـەکان دەرکـی پـێ بکەیـن، دەمانگەیەنێتـە ئـەو ڕاسـتییەی کـە پشـتگیریی ئـەوان بکەیـن.

هـــەر ئەمـــەش دەمانخاتـــە بـــەردەم ئەرکێکـــی قورســـترەوە، ئێمـــە بـــەردەوام - کاتـــێ حوکمـــی ڕۆژگارو کات بەســـەر قۆناغەکانـــی شارســـتانیەتدا دەدەیـــن- ڕووبـــەڕووی هەنـــدێ شـت دەبینـەوە کـە خۆمـان بڕوامـان پێیانـە. بـۆ نموونـە ئەگـەر لـە سـەردەمێکدا بیـن کـە زانسـت تێیـدا گەشـەی کـردووە، هەمـوو شارسـتانیەتەکانی دیکـە بـە پێوانـەی پێشـکەوتنی زانسـتی دەپێویـن، ئەگـەر لـە ژینگەیەکـدا بوویـن کـە زۆر بایـەخ بـە بیروبـاوەڕی ئاییـن دەدات، ئەوکاتـە ئەزموونەکانـی ئایینـی و ڕۆحـی بـە دیـدی ئێمـە پێوانەیـە بـۆ پێشـکەوتنی شارسـتانیەت.

بـــەم شـــێوەیە دەبینیـــن - لەمیانـــی دەرکردنـــی حوکمـــی هەڵســـەنگاندن و کاتخـــوازی بەســـەر شارســـتانیەتدا- ڕووبـــەڕووی ئـــەوە دەبینـــەوە کـــە قۆناغەکانـــی ئـــەو شارســـتانییەتە بـە پێوانەیەکـی ڕەهـا بپێویـن، کەواتـە ئاسـان نییـە کـە تەنیـا لـە دیـدی خۆمانـەوەو بـێ هیـچ مەرجێکـی زانسـتی حوکـم لەسـەر شارسـتانیەت بدەیـن و پێوانەکـەی لێـك بدەینـەوە.

# ڕێڕەوی شارستانیەت

ئەگـــەر بمانەوێـــت بەپێـــی ڕۆژگار بەدواداچـــوون بـــۆ شارســـتانیەت بکەیـــن، دەبینیـــن چەندیـــن تیـــۆر هـــەن کـــە ڕێڕەوەکـــەی دەســـت نیشـــان دەکـــەن، جارێکیـــان بـــەوەی کـــە پێشـــکەوتووە، جارێکـــی دیکـــە کـــە داتەپیـــوە، ئـــەم جارەشـــیان بـــەوەی کـــە دووبارەیـــە، بۆیـــە ناتوانیـــن ئـــەم بەشـــە بـــە (پێشـــکەوتنی شارســـتانیەت) ناوبنێیـــن، چونکـــە وشـــەی پێشـــکەوتن واتـــا بـــە ئاراســـتەی هەڵکشـــانی ڕێڕەوەکـــەی، هەروەهـــا وشـــەی (پەرەســـەندن) کـــە ئەویـــش جـــۆرە پێشـــکەوتنێکە، کـــە لـــە ڕاوبۆچوونـــی تیۆرێکـــی زانســـتی ســـەرچاوە دەگرێـــت. بۆیـــە ناچاربوویـــن بـــە ناوونیشـــانێکی بـــێ لایـــەن چارەســـەری بکەیـــن واتـــا بە(ڕێـــڕەوی شارســـتانیەت).

ئـــەم بابەتـــە ســـێ ڕا هەڵدەگرێـــت: ڕایـــەك پێـــی وایـــە شارســـتانیەت بـــەرەو داتەپینێکـــی پـــێ بـــە پـــێ هەنگاودەنێـــت، ئـــەوەی دیکـــە لـــەو باوەڕەدایـــە کـــە لـــە بازنـــەی داخـــراودا دەخولێتـــەوە و بـــەردەوام خـــۆی دووبـــارە دەکاتـــەوە، سێیەمیشـــیان ئامـــاژە بـــۆ ئـــەوە دەکات کـــە شارســـتانیەت بـــەرەو پێـــش هەنگاودەنێـــت و ڕووەو ســـەرەوە هەڵدەکشـــێت، بۆیـــە بـــا یەکـــە یەکـــە لـــەم ڕایانـــە وردبینـــەوە:

**(١) بیرۆکەی داتەپینی شارستانیەت**

ڕای یەکـەم پێـی وایـە کـە شارسـتانیەت ڕووەو داتەپینـی پـێ بـە پێیـە، بۆیـە بـە گوێـرەی ئـەم ڕایـە بێـت ڕابـردوو- بـە دانـاو قارەمانانیشـەوە- هەمـوو ئـاکارە باشـەکان لـە خـۆ دەگرێـت، بـەڵام ئـەم سـەردەمەی ئێسـتا سـەردەمی داتەپیـن و هەڵوەشـانەوەیە ، کەچـی لـە ڕابـردوودا مرۆڤایەتـی گەیشـتۆتە شـالووتکەی پێشـکەوتن و سـەردەمی زێڕیـن، بـەڵام ئەمـە بـەو واتایـە نییـە کـە هـەر لـەو ئاسـتەدا بمێنێـت، بەڵکـو هیـچ هیوایـەك بـۆ بـەردەوام بـوون لـەو دۆخـە نامێنێتـەوە. ئـەم ڕایـە سـەرەتا لـە زۆر بیروبـاوەڕە ئایینیەکانـدا دەردەکەوێـت، ئـەو سـەردەمەی ڕابـردوو بەتایبەتیـش سـەروەختی پەیدابـوون و هاتنـی پێغەمبـەران کـە کاریگەریـی بەهێزیـان لەنێـو کۆمەڵگاکانـدا هەبـووە.

دەتوانیـــن بڵێیـــن کـــە پرســـی ئاییـــن لـــە زۆربـــەی کۆمەڵـــگا مۆدێرنەکانـــدا پەیوەندیـــی

ڕاستەوخۆیان بە پێشکەوتن یان دواکەوتنی مرۆڤەوە هەبووەو هەیە، چونکە مرۆڤ لە ژیانی ئێستایدا حەزناکات بە کەموکوڕ و کەمتەرخەم تۆمەتباربکرێت، لە هەمان کاتیشدا ناتوانێت کە دەستبەرداری ڕێکخستنی ستایلی ژیان بێت، ئەگەر تێیدا ئاسوودە بێت، بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ سیستەمی دیکەی ژیان، بەڵام لێرەدا مرۆڤ ڕووبەڕووی هەندێ ئاستەنگ و ئاریشە دەبێتەوە کە هەوڵدەدات خۆیان لێ لابدات، بەڵام خودی ئەو ئایینزایانە نکوڵی لەم ڕاستییە دەکەن، تەنانەت دان بەو پەرەسەندن و پێشکەوتنەش دانانێن. ئەوانە سوورن لەسەر ئەوەی کە مرۆڤی ئەم سەردەمە بەردەوام هەڵەدەکات، چونکە بیر لە ڕابردوو ناکاتەوەو پەندی لێ وەرناگرێت، هاوکات پابەندنابێت بە ڕەوشت و هەڵسوکەوتەکانی کەسانی پێشوو، بۆیە ئەمە دەبێتە هۆکارێك بۆ سەرهەڵدانی قەیرانێکی زۆر، بێ گومان ئەم فاکتەرە سەردەکێشێت بۆ زیاتر دوورکەوتنەوەی پیاوانی ئایینی لە مرۆڤی ئاسایی ئەم سەردەمە، دیارە هۆکاری ئەمەش لەوەدایە کە مرۆڤی سەردەم وای بۆ دەچێت کە بارگرانییەکی زۆری دەخرێتە سەر شان بەوەی دەستبەرداری هەموو خواستەکانی بێت کە بوونەتە بەشێك لە ژیانی ئاسایی خۆی، هەر ئەمەش بوو وای لە مرۆڤی ئەم سەردەمە کرد وا بیربکاتەوە کە ئەو بیروباوەڕە ئایینیانە، لەباتی ئەوەی کێشەو قەیرانەکان چارەسەربکەن، ڕێچکەی ژیان تێکدەدەن و ڕێگە نادەن خودی مرۆڤ بەردەمی خۆی ببینێت و بیر لە هەڵبژاردنی ڕێچکەی ژیانی ئاسایی بکاتەوە.

هەر ئەم ڕایە جارێکی دیکە لای هەندێ لە خاوەن ڕەفتارە ڕۆمانسییەکانی وەك بیرمەندو ئەدیبان دەردەکەوێت، ئەوانەی زیاتر سەرسامن بە قۆناغەکانی ڕابردووی شارستانیەت، ئەوانە پێیان وایە کە لەو قۆناغانەدا مرۆڤ گەیشتۆتە ئەوپەڕی داهێنان و پێشکەوتن، نموونەی ئەمانەش زۆرن لەوانە: بایرۆن شاعیری ئینگلیزو هلدرن شاعیری ئەڵمانی و بیرمەندو فەیلەسوفی ئەڵمانی نیچە، ئەو ڕۆشنبیرانە بە شێوەیەك سەرسام و پابەندی سەردەمی کۆن بوون کە زۆر پەرۆشی قۆناغی کۆنی گریك بوون لە شارستانییەتدا، لەو باوەڕەدا بوون کە لە سەردەمی کۆنی گریکدا

مرۆڤایەتــی گەیشــتۆتە لووتکــە، بــەڵام تــا ئێســتا- بــە بۆچوونــی ئــەوان – لەناونەچــووەو کۆتایــی نەهاتــووە.

بۆیــە دەبینیــن ئــەو بیرمەنــدەی ســەر بــەو ڕێچکــەو ســتایلەیە خەریکــە گشــت بــەدکاری و نەرێنییەکانــی ئــەو ســەردەمە لەبیــردەکات، لــە بیــری چــووە کــە هەمــوو تیــۆرو داهێنانەکانــی گریــگ نەدەهاتنــەدی ئەگــەر خــودی کۆمەڵگاکــە لــە بنەڕەتــدا تێگەیشــتوو و داهێنــەر نەبووایــە، هــەر ئەوەشــە هانــی دەدات کــە بــەو شــێوەیە ســوور بێــت لەســەر ئــەوەی کــە جیاوازییەکــی زۆر هەیــە لەنێــوان کۆمەڵــگا کۆنــەکان و کۆمەڵگاکانــی ئــەم ســەردەمە، لای ئــەو شارســتانیەت لــە کۆنــدا پێشــکەوتووترو داهێنەرتــر بــووە.

هەنــدێ جــار ئــەم بانگــەوازە مۆرکــی ناسیۆنالیســتێکی تونــدڕۆی پێــوە دەلکێــت، بۆیــە بیرمەنــد یــان هونەرمەنــد ئومێــد بــە ســەردەمێکی گەشــاوە دەخوازێــت کــە پێشــتر نیشــتمانەکەی پێیــدا تێپەڕیــوە، لەبــەر ئــەوە جەخــت لــەوە دەکاتــەوە کــە زیندووکردنــەوەی ڕاســتەقینە بریتییــە لــە پاپەندبــوون و پێداگــری لەســەر ئــەم ڕابــردووە، بــۆ نموونە(فاگنــەر) ی هونەرمەنــد لــە هەوڵــی زیندووکردنەوەی(ئەفســانە باوەکانــی ئەڵــمان لــە ســەردەمەکانی کــۆن و ناوەڕاســتدا)بووە، هەروەهــا بانگەشــەکردن بــۆ هێنانەئــارای ڕێنیسانســێکی سەرتاســەریی نەتــەوەی ئەڵــمان کــە گیانــی ئەفســانە دێرینەکانــی تێــدا بەرجەســتە بێــت، ئــەم تیمــە لــە میــسر لایەنگــری نــاسراوی هەیــە، کــە بریتیــن لــە فیرعەونخــوازان، ئەوانــەی پێداگــرن لەســەر شــێوازی فیرعەونــی لــە ڕووی چارەســەرکردنی کێشــە هەنووکەییــەکان.

بــێ گومــان ئــەو هەمــوو هەوڵانــە زۆر بــە هەنــد هەڵناگیرێــن، چونکــە لــە بنەڕەتــدا هەوڵگەلــی هونــەری یــان ئەدەبــی یــان ئەفســانەیین، بــەڵام پێــم وا نییــە کــە بیرمەندێــك بــە حوکــم و بەهــای عەقــڵ دان بــەوەدا بنێــت و مەبەســتی ئــەوە بێــت کــە مرۆڤایەتــی لــە ســەردەمی ڕابــردووی دووردا گەیشــتبێتە بەرزتریــن قۆنــاغ، هەروەهــا ئەوانــەی دوای ئــەو قۆناغــە هاتــن هەموویــان داتەپیــن و هەڵوەشــانەوە، دیــارە هــۆکارو پاســاوی ئەمــەش لــەو بیروبۆچوونانەدایــە کــە هەندێــك لەوانــەی میزاجــی تایبەتییــان هەیــە لــەو بــاوەڕەدان کــە ســەردەمی ڕابــردوو لای ئــەوان باڵاتریــن ڕۆژگار بــووە، هــەر ئەمــەش وای لــێ کــردوون

نەتوانن پەنا بۆ هیچ بەرن و دەرەقەتی ئەوە نەیەن کە چارەسەری هیچ کێشەیەکی دەوروبەریان بکەن، ئەو بیروبۆچوونە خەیاڵییانە ڕێگەیان لێ دەگرن کە تەنیا بیر لەوە بکەنەوە کە هەموو شتێك بە خەیاڵ و ڕووداوەکانی ڕابردوو بێنە بەر چاو.

دواجار ئەم ڕاوبۆچوونە لای توێژی سێیەم دەری دەخات کە لایەنگرانی تا ئەم چرکە ساتەش لێکدانەوەی خراپ و نادروستییان بۆ ڕێڕەوی مێژوو هەیە، لەوانەش جان جاك ڕۆسۆ کە دژی شارستانیەتی هاوچەرخە، ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە مرۆڤی ناشارستان خاوەنی هەموو داهێنان و بەرهەمێك بووە، ژیانی کۆمەڵایەتیش بناغەی هەموو داتەپینێکە.

لەگەڵ ئەمەشدا پاساو بۆ بۆچوونەکەی ڕۆسۆ هەیە، کە ئەو پێی وایە ڕەنگە دۆخێکی ناشارستانیی ئادەمیزاد هەبووبێت و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بناغەی هەموو بەدکارییەکە، ڕۆسۆ ئەم بۆچوونە دەخاتەڕوو، چونکە لە سەردەمێکدا ژیاوە کە سەردەمی درێژکراوەی دەرەبەگ و ستەمکاری بووە لە فەرەنسا، ئەو سەردەمە بووە کە شۆڕشی فەرەنسا بەرپابوو لەپێناو ئەوەی کۆتایی پێ بهێنێت، لێرەدا ڕۆسۆ ناچار بووە هەڵمەتێك دژی ژیانی مەدەنییەت ڕابگەیەنێت، ئامانجی ئەو لەمەشدا کۆتایی هێنان بووە بە هەموو دیاردەو شوێنەوارێکی بەدکاریی سەردەمی خۆی، بۆیە ئەگەر بۆچوون و تێگەیشتنی ڕۆسۆ لەم ڕووەوە بخرێتە ڕوو، ئەوا ڕووبەڕووی هەڵەی زۆری زانستی بۆتەوە.

بەڵام چی بەو کەسانە بڵێین، کە تا ئەمڕۆ لە هەوڵی ئەوەدان ئەو سەردەمەی ئێستا تێیدا دەژین لەکەداربکەن و بە بیرو بۆچوونەکانیان بە لاڕێدامان ببەن، ئەوان جەخت لەوە دەکەنەوە کە مرۆڤایەتی لە ژیان و سەردەمی نوێدا بەهای نەماوەو بە تەواوی تێکچووە، داوادەکەن بگەڕێینەوە سەردەمە کۆنەکان کە لە ڕووی زانستییەوە ئەستەمە، دوای ئەو هەموو پێشکەوتن و پەرەسەندنەی لە مێژوودا هاتوونەتە ئاراوە، ئەو بیرمەندانەی وەك ئەلبێرت شفیتزەر Albert Schweitzer وکارل یاسپێرز- Karl Jaspers دژی سەردەمی ئێستا دەوەستنەوە- سەردەمی پیشەسازی

و ئامێــر- داوای گەڕانــەوە دەکــەن بــۆ ڕۆژگارو ســەردەمی کــۆن، ئــەو کاتــەی مــرۆڤ - بــە مەزەنــدەی ئــەوان – ئازادتــر بــووەو هەســتی بــە بەهێزتریــن کەســایەتی کــردووە، ڕەنگــە ئــەو ڕاوبۆچوونــە پاســاو بێــت بــۆ ســەرەتای ئــەم ســەردەمە کــە بــە ســەردەمی شۆڕشــی پیشەســازی نــاسراوە، کاتێــك بــەدکاری و دەرهاویشــتە نەرێنییەکانــی ئــەم شۆڕشــەو زیانەکانــی بــە ڕوون و ئاشــکرا دەرکەوتــوون، بــەڵام تــا ئێســتا کــەس ســەری لــەوە دەرناچێــت ئایــا هــۆکاری ڕاســتەقینەی ئــەم زیــان و ئەنجامــە نەرێنییانــە چیــن، ئاســایی بــوو ئەوکاتــە زۆر لەوانــە بــە تــەواوی متمانەیــان بــە ســەردەم نەمێنێــت، تەنانــەت ئــاوات بــەوە بخــوازن بگەڕێنــەوە ســەردەمی جــاران، بــەڵام ئێســتا ڕوون بۆتــەوە کــە شــەڕو کارەســات بــۆ ســەردەمی پیشەســازی یــان ســەردەمی ئامێــر ناگەڕێتــەوە، بەڵکــو بــۆ ئــەوە دەگەڕێتــەوە کــە توێژێکــی کــەم لــەو کۆمەڵگایــە پێــش لــە توێژێکــی زۆر دەگرنــەوە، بــە واتایەکــی دیکــە بــۆ تێکچوونــی سیســتەمی پەیوەندییــەکان دەگەڕێتــەوە کــە ســەردەمی پیشەســازی بەرهەمــی هێنــاوە، نــەك بــۆ پیشەســازی یــان خــودی ئامێرەکــە، چونکــە پێشــکەوتنی پیشەســازی یــان ئامێــر ئەگــەر ســەیر بکرێــن ئــەوا دەبینیــن کــە بریتیــن لــە ئامرازێــك بــۆ ئــەوەی ئادەمیــزاد کۆنترۆڵــی سروشــت بــکات، دواجــار تاکــو ئازادیــی زیاتــری پــێ بدرێــت، ئەگــەر توانــی ئــەو ئامێــرە یــان ئــەو پیشەســازییە بــە دروســتی بەکاربهێنێــت و پەیوەندییــەکان پەیڕەوبــکات، بۆیــە هیــچ پاســاوێك نییــە تــا بیرمەندانــی ئــەو ســەدەمە ئــەو هەڵمەتــە بکەنــە ســەر شارســتانیەتی ئێســتای پیشەســازی، ئەوانــە پێویســتە تۆزێــك بیــر لــە سروشــتی کێشــەکانی دەوروبەرمــان بکەنــەوە. بۆیــە مــرۆڤ هەنــدێ جــار وای بــۆ دەچێــت ئامانجــی ئــەم هەڵمەتەیــان ئەوەیــە کــە بریتییــە لــە پشــتگوێ خســتنی هــۆکارە ڕاســتەقینەکانی کۆیلایەتیــی مــرۆڤ لــە ســەردەمی پیشەســازیدا، یــان بــۆ پەردەپۆشــکردنی شــەڕو بــەڵاو مەینەتییەکانــی ڕاســتەقینەی ســەردەمی ئامێــر، ئەویــش بــەو هەڵمەتــەی دەیکەنــە ســەر شارســتانییەتی مۆدێرنــی پیشەســازی بــە شــێوەیەکی گشــتی، بــە هــەر حــاڵ ئــەم بابەتــە ئەوەنــدە گرنگــە کــە ناچارمــان دەکات، هــەر بەوەنــدە وازنەهێنیــن، بەڵکــو دواتــر بــە تێروتەســەلی بــاس دەکەینــەوە.

**٢- بیرۆکەی خولەکانی شارستانیەت**

ڕاوبۆچوونـی دووەم پێـی وایـە کـە ڕێـڕەوی شارسـتانیەت بەنێـو خـول و بازنـەی سـەربەخۆو داخـراودا ڕێ دەکات، خاوەنـی ئـەو ڕاوبۆچوونـە تەنیـا دان بـە یـەك شارسـتانیەتدا نانێـن، بەڵکـو بـە چەندیـن شارسـتانیەتی جیـاواز، مەبەستیشـیان لـە شارسـتانیەتەکان تەنیـا قۆناغـە جیـاوازەکان نییـە بەپێـی کات و شـوێن، بەڵکـو جەخـت لـەوە دەکەنـەوە کـە هـەر شارسـتانیەتێك قەوارەیەکـی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، سـەربەخۆیە و لەگـەڵ ئەوانـی دیکـە جودایـە، دیارتریـن نوێنـەری ئـەو ڕاوبۆچوونەش(شـبنجلەر)ە.

خاڵـی سـەرەتای شـبنجلەر وەك ڕەخنەیەکـی جیهانـی دەردەکەوێـت بەرامبـەر ئـەو بەرنامەیـەی لـە نووسـینەوەی مێـژوو پەیڕەوکـراوە، مێژوونووسـان ڕاهاتـوون کـە مێـژوو بەسـەر کـۆن و ناوەنـد و تـازەدا دابـەش بکـەن، ئـەو ڕەخنـە لـەو دابەشـکردنە دەگرێـت و دەڵێـت: (ڕاسـترین ناولێنانـی ئـەم دابەشـکردنەی ئەوروپـای ڕۆژئـاوا بـۆ مێـژوو، بریتییـە لـەو دابەشـکردنەی کـە ئێمـە پێـمان وایـە شارسـتانیەتە گـەورەکان بەنێـو خولگەکانـی دەوروپشـتماندا دەسـووڕێنەوە، چونکـە ئێمـە ئـەو ناوەندەیـن کـە لـە هەمبـەر ڕووداوەکانـی جیهـان ڕاسـتگۆیە، بۆیـە دەڵێیـن کـە ڕاسـترین ئـەو دابەشـکردنە : ڕێبـازی بەتلیموسـییە لـە مێـژوودا، بۆیـە ئـەو ڕێبـازەی لـەم کتێبـەدا نـاوی دێنـم لەجیاتـی ڕێبازەکـەی پێشـوو، بـە ڕای مـن دان بـە ناوەندێکـی دیـارو بەرچـاوی شارسـتانیەتی کلاسـیکی یـان ڕۆژئاواییـدا نانێـت، لـە بەرامبـەر شارسـتانییەتەکانی هیندسـتان و بابـل و چیـن و میـسری کـۆن و عـەرەب و مەکسـیك، ئەوانـە هەموویـان کۆمەڵـگای لێـك جیـاوازن، هیـچ پێگەیـەك لـە دیمەنـی گشـتیی مێـژوو ناگرێتـە خـۆ کـە کەمـتر بێـت لـە پێگـەی شارسـتانیەتی کلاسـیکی، چونکـە ئەگـەر لـەم چوارچێوەیـە وردبینـەوە، دەبینیـن کـە زۆرجـار لـە ڕووی مەزنیـی ڕوحـی و هێـزی زێـدە زۆر لەسـەرووی ئـەو شارسـتانیەتەیە.

نووسـینەوەی مێـژوو بـە ڕێـگای ئاسـایی، هەروەهـا ڕێگـەی دابەشـکردن بـۆ کـۆن و ناوەڕاسـت و نـوێ، وەك ئـەوە وایـە کـە مـرۆڤ لـە سیسـتەمی ئەستێرەناسـیی بەتلیمۆسـەوە بڕوانێتـە گـەردون، چونکـە مرۆڤـی نـوێ لەنـاو ئـەو بەرنامـە مێژووییـە ناوەنـدی مێـژووە،

بۆیـە هەمـوو سـەردەمەکان بەپێـی پێگـەی خۆیـان پێوانـە دەکات، دوور بـە نزیـك دادەنێـت و نزیکیـش بـە نـوێ، کـێ دەزانێـت دوای هـەزار سـاڵ چـی ڕوودەدات؟ ئەگـەر مێـژوو هـەر بـەم شـێوەیە بنووسـێت، ئاخـۆ ئـەو سـەردەمە نوێیەمـان چ ناوێکـی لـێ دەنرێـت؟

بۆیـە پێویسـتە تێگەیشـتنمان بـۆ هـەر سـەردەمێك بەپێـی بنەمـا تایبەتییەکانـی بێـت، نـەك بەپێـی دووری و نزیکـی لـە ئێمـە، ئەوکاتـە بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە کـە مێـژووی مرۆڤایەتـی بەسـەر چەندیـن شارسـتانیەتدا دابـەش دەبێـت، هـەر یەکێکیـان ژیانـی تایبەتیـی تاکـەکان لەخۆدەگرێـت، واتـا بەنـاو بازنـەی داخـراودا دەسـووڕێتەوە، هـەر یـەك لـەو شارسـتانیەتانە تایبەتمەندیـی خۆیـان هەیـەو ناکەونـە ژێـر کاریگەریـی یەکدییـەوە.

ئێسـتا بـا تۆزێـك لـەوە وردبینـەوە کـە چـی لەنێـو یـەك خولـی شارسـتانیەتدا دەگوزەرێـت و دواتـر ڕوودەدات، شارسـتانیەت لـە بوونەوەرێکـی ئۆرگانـی دەچێـت، وەك چـۆن مـرۆڤ خولـی ژیانـی بەسـەردەبات، کـە لـە منداڵییـەوە دەسـت پـێ دەکات دواتـر سـەردەمی گەنجێتـی، ئینجـا کەوتنـە نێـو تەمەنـەوەو بـەرەو پیـری، دواجـار مـردن. بـەم شـێوەیەش شارسـتانیەت سـەردەمی گەنجێتیـی هەیـەو لـە کۆتاییـدا لەناودەچێـت. هـەر یـەك لـەو قۆناغانـەش پێویسـتەو ماوەیەکـی دیاریکـراوی هەیـە، ئـەو هەنـدێ جـار دەسـتبەرداری ئـەوە دەبێـت کـە شارسـتانیەت بـە بوونـەوەری زینـدوو بچوێنێـت، بۆیـە پەنـا دەباتـە بـەر لێچوواندنێکـی دیکـە واتـا چـوار وەرزەکـەی سـاڵ، هـەر شارسـتانییەتێك بەهارێکـی هەیـە، کـە قۆناغـی دەرەبەگایەتییـەو دەسـەڵاتی ئەفسـانەیی و ئایینـی هەیـە، سیسـتەمی ئاییـن کۆنترۆڵـی ژیـان دەکات، هونـەری سـەرەتایی و خۆڕسـکی سـەرهەڵدەدات، دواتـر هاویـن دێـت، کـە سـەردەمی کلتورێکـی بـەرزەو ئەرستۆکراسـی خانـەدان چاودێریـی دەکات، لـەو سـەردەمەدا گـەورە مامۆسـتای هونـەر و شـارەزا هەڵدەکـەون و شـاکاری بـەرز بەرهـەم دەهێنـن، دوای هاوینیـش پاییـز دێـت، ئـەو ماوەیـە بـواری عەقـڵ بـاڵ دەکێشـێت بەسـەر شرۆڤەکردنـی هێمنانـەی کایـەکان، هەروەهـا بەرهەمـە فەلسـەفی و ماتماتیکییـەکان زۆر هەڵدەکشـێن، دواتـر وردەوردە کێرڤـی هێـزو توانایـان دادەبەزێـت، لێـرەدا کۆمەڵگـە ڕۆڵ دەبینێـت و دیموکراسـی سـەرهەڵدەدات و جەماوەریـش ڕۆڵ دەبینێـت کـە موڵـك و سـامان

کۆنترۆڵـی دەکات، هـاوکات هێزەکانـی ئابـووری خۆیـان دەخزێننـە نێـو هەمـوو دیاردەکانـی حوکـم و دەسـەڵاتەکان، دواجـار زسـتان دێـت، کـە مـاوەی ژیارییـە، واتـا هەمـوو توانـا باڵاکان بـەرەو نەمـان دەچـن، تەنیـا تواناکانـی فراوانـکاری و پەرەسـەندن دەمێننـەوە کـە خۆیـان لـە شـەڕو کوشـتاردا دەبیننـەوە، بۆیـە ئـەو ماوەیـە مۆرکـی دیکتاتـۆری هەیـە، کـە بـە قەیسـەریزم Caesarism ناودەبرێـت، بـەو واتایـەی هێـز بەسـەر سـاماندا زاڵـە، هەروەهـا چەنـد ئیمپراتۆرییەتێکـی زەبـەلاح بڵاودەبنـەوە کـە حوکمڕانیـی ڕەهایـان پێـوە دیـارە، بـە هـەر حـاڵ لەنێـو گەلانـی ژێردەسـتەدا کاردانـەوەی دژ بـەو حوکمڕانییـە ڕەهایـە سـەرهەڵدەدات، کـە هەوڵـدەدات لـە چنـگ ئـەو ئیمپراتۆرییەتانـە رزگاربێـت، ئەمـەش پـێ بـە پـێ بـۆی دێتـەدی، بۆیـە دەبینیـن کـە ئیمپراتۆرییەتـەکان هـەرەس دەهێنـن و گەلانـی شۆڕشـگێڕیش پەرەدەسـەنن، بەمـەش سـووڕێك لـە سـووڕەکانی شارسـتانیەت کۆتایـی دێـت، شارسـتانییەتێکی نـوێ لەسـەر دەسـتی ئـەو گەلـە تـازە پێگەیشـتووانە دەسـت پـێ دەکات.

شـبلنجەر نموونـەی زۆر دەهێنێتـەوە، ئـەو قۆناغانـە ڕوون دەکاتـەوە کـە پێویسـتن و دەبێـت هەمـوو شارسـتانییەتێك پێیانـدا تێپەڕێـت، بـۆ نموونـە شارسـتانیەتی ڕۆژئـاوا لـە دەرەبەگایەتیـی ئایینـی دەسـتی پـێ کـرد، دواتـر گەیشـتە قۆناغـی گەنجێتـی لـە سـەردەمی ڕێنیسانسـدا، کاتێـك هونـەر گەشـانەوەی بـەرزی بەخۆیـەوە دی بـە چاودێریـی شـازادەکانی ئەرسـتۆکرات. دواتـر پاییـزی شارسـتانیەت لـە سـەرەتای سـەردەمی نوێـدا دەسـت پـێ دەکات کـە تێیـدا قوتابخانـە فەلسـەفییەکان بووژانـەوەو داهێنانەکانـی ماتماتیـك و سروشـت سـەریان هەڵـدا، هەروەهـا ژیانـی ئابـووری پێگەیەکـی زۆر گرنگـی هەبـووە لـەو هاوکێشـەیەدا، دواجـار زسـتانی ئـەو شارسـتانییەتە دادێـت، لەوەتـەی سـەدەی نۆزدەیەمـەوە، ئـەم شارسـتانییەتە دەسـتی پـێ کـردووە تـا لـە کۆتاییـدا بـە یەکجـاری هـەرەس دەهێنێـت، دوای ئـەوەی گەیشـتە ئاسـتێکی زۆری فراوانـکاری، بـەڵام هەمـوو تواناکانـی کۆتایـی هاتـن، ئـەو ماوەیـەی مێـژووی ڕۆژئـاوا لـە شـێوەی مـاوەی گواسـتنەوەیە لـە سـەردەمی گریکـەوە بـۆ سـەردەمی ڕۆمانـی، ئـەو گواسـتنەوەیەش ئاماژەیـە بـۆ لەناوچوونـی شارسـتانییەتی جیهانـی کـۆن.

شارسـتانیەتی ئێسـتای ڕۆژئـاوا - هـەروەك شـبلنجەر دووپاتـی دەكاتـەوە- لـە سـەردەمی داتەپیـن و هەڵوەشـانەوەدایە، ئەمـەش قـەدەرەو كـەس ناتوانێـت هیچـی لـێ بگۆڕێـت، چونكـە چارەنووسـێكی حەتمییـە، تەنانـەت نابێـت كـەس خەمیشـی بـۆ بخـوات، چونكـە داتەپیـن و هەڵوەشـانەوە، بمانەوێـت یـان نـا، هـەر ڕوودەدەن، مـرۆڤ ئـازاد نییـە لـە گۆڕینـی چارەنووسـدا، بەڵكـو هەمـوو ئازادییەكـەی بریتییـە لـەوەی كـە چ پێویسـتە بیـكات یـان نـا، چونكـە پێویسـتیی مێـژوو كاری خـۆی هـەر دەكات و هیـچ بەربەسـتێك ڕێگـەی پـێ ناگرێـت، ئـەوەی لـەو سـەردەمەی شارسـتانییەتەكەدا دەژی دەبێـت پێگـەی خـۆی چـاك بزانێـت، هەروەهـا بزانێـت كـە هەڵبژاردنـی ئـەو سـەردەمە لـە دەسـەڵاتی ئـەودا نییـە، بۆیـە پێویسـتە لـە سـنووری دەسـەڵاتی خۆیـدا مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو سـەردەمەدا بـكات، بـەڵام مافیشـی نییـە كـە ئـەو سـنوورە ببەزێنێـت، هـەر هەوڵێكیـش بـەو ئاراسـتەیەدا هیـچ سـوودێكی لـێ ناكەوێتـەوە.

لێـرەدا مـرۆڤ مافـی خۆیەتـی بپرسـێت: لەسـەر چ بنەمایـەك شـبلنجەر ڕاوبۆچوونـی یەقینـی خـۆی دووپـات دەكاتـەوە لـە تێكچوونـی شارسـتانیەتی ئێسـتای ڕۆژئـاوا؟ شـبلنجەر وەڵامـی ئەمـە دەداتـەوە و دەڵێـت: ئـەو ماوەیـەی ئێسـتا لـە مێـژوودا تاكـە مـاوە نییـە، بەڵكـو قۆناغێكـە وەك قۆناغەكانـی شـێوەی هەمـوو شارسـتانییەتەكان كـە تـا دوا ئاسـت گەشـاونەتەوەو دواجـار هەمـوو تواناكانیـان لـە دەسـت داوە، ئـەو پاسـاو بـۆ ئـەوە دەهێنێتـەوە كـە جـۆرە هاوتەریبییـەك هەیـە لەنێـوان پێكهاتـەی نـاوەوەی سـەرجەم شارسـتانییەتەكان، واتـا هەمـوو شارسـتانییەتەكان بـەو قۆناغانـەدا تێپەڕیـون، بـێ ئـەوەی هیـچ گۆڕانكارییـەك لـە ڕێـڕەوی هیـچ كامێكیـان بێتـە ئـاراوە.

لـە ڕاسـتیدا وردەكاریـی ڕووداوەكانـی نـاوەوەو جـۆرو ئاسـتی سـەرجەم شارسـتانییەتەكان لـە یەكێكـەوە بـۆ ئـەوی دی جودایـە، بـەڵام ڕێـڕەوی گشـتییان یەكـە، قۆناغەكانیشـیان زۆر هاوتەریـبن، تاكـە ڕێـگاش بـۆ سـەلماندنی ئـەم ڕاسـتییە ئەوەیـە كـە بەراوردێـك لەنێوانیانـدا بكرێـت، شـبنجلەر بـۆ سـەلماندنی هاوتەریبیـی پێكهاتـەی نـاوەوەی شارسـتانییەتەكان نموونـە دێنێتـەوە: شارسـتانیەتی كۆنـی گریـك بـە قۆناغـی ئایینـی و ئەفسـانەیی دەسـتی

پـێ کـردووە، بەڵگـەش ئـەو هۆنـراوە دانسـقەو بەرزانەیـە کـە بۆمـان بـە جـێ مـاون. دواتـر قۆناغـی هاوینـە لـە ڕێبـازە فەلسـەفییەکان دێـت کـە لای ئەفلاتـون گەیشـتە لووتکـە، لەوەتـەی سـەردەمی ئەرسـتۆوە قۆناغـی شـیکاری تیۆریـی عەقڵـی و فراوانکاریـی ئابـووری دەسـت پـێ دەکات، دواجـار ئـەم شارسـتانییەتە دەگوازرێتـەوە بـۆ سـەردەمی ڕۆمانـی، لـەوێ فراوانـکاری پەرەدەسـەنێت ئیمپراتۆریـەت پێکدێـت، لـە هەمـان کاتیشـدا ڕەگەزەکانـی داتەپیـن بـەدوای یەکـدا دێـن، تـا لـە کۆتاییـدا شارسـتانییەتی بتپەرسـتی لـە بەیـن دەبرێـت و مەسـیحییەت لـە ڕۆژئـاوا سـەردەکەوێت..تاد. چارەنووسـی کۆتایـی هـەر شارسـتانییەتێکیش لەگـەڵ ئـەوی دیکـەدا شـێوەی یەکدییـە هەموویـان هـەر دەبـێ ببینـن.

بیرۆکـەی سـووڕی شارسـتانییەتەکان و داننـان بـە سـەربەخۆیی تـەواوی هەموویـان لەنێـوان خۆیانـدا، پشـتیوانیی تـەواوی بەدەسـت نەهێنـا، بەڵکـو زۆربەیـان ڕووبـەڕووی ڕەخنـەو پەڵـپ بوونـەوە، چونکـە لـە ڕووی ناکۆکیـی نێوانیـان و نزیکبوونەوەیـان لـە لاسایی کردنـەوەی کوێرانـە، متمانـەی توێژەرانـی بـە ڕاسـتیی مێژوویـی و زانسـتی لاوازکـرد.

١- کەواتـە بـا ڕەخنەکەمـان دەسـت پـێ بکەیـن ئەویـش بـە باسـکردنی زیانەکانـی واقیعیـی ئـەو تیـۆرەی شـبنجلەر، ئێمـە گومانمـان نییـە لـەوەی کـە ڕاوبۆچوونەکـەی ئـەو لـە ڕێـڕەوی شارسـتانییەت لادەدات، بەڵکـو ئـەوە گرنگـە کـە شارسـتانیەتی ڕۆژئـاوا ڕوو لـە داتەپیـن و هـەرەس دەکات لـەو سـەردەمەی ئێسـتاماندا، سـەرەتا ئـەم بۆچوونـە لای هەندێـك پەسـند بـوو، بـە تایبەتـی دوای ئـەو پەرەسـەندنانەی دوای پێشـبینییەکانی شـبنجلەر ڕۆژئاوایـان گرتـەوە، کـە دواجـار فاشـیزم لـە ئیتاڵیـا سـەری هەڵـدا، دوای ئەویـش نازیـزم لـە ئەڵمانیـا، لـە ئیسـپانیاش تێکەڵەیەکـی فاشـیزم و نازیـزم.

زۆر کـەس پێـی وایـە کـە ئەمـە سـەردەمی قەیسـەری دیکتاتـۆرە کـە شـبنجلەر پێشـبینی کردبـوو، هەروەهـا لـە سـەردەمی یـەك نـەوەدا دوو شـەڕ ڕوویانـدا، ڕکابەریـی سـەر دەسـەڵات و پێکهێنانـی ئیمپراتۆریـەت گەیشـتە بەکارهێنانـی ئـەو پـەڕی هێـزو توانـا، بۆیـە ئەوانـەی لـەو بـاوەڕەدان کـە شارسـتانیەت لـە هەمـوو سـەردەمێکدا پـەرەی سـەندووە، لایەنگرانـی بیروبۆچوونەکـەی شـینجلەرن کـە پێشـبینی زۆر ڕووداوی لـەم جـۆرەی کـردووە.

هەروەهـا ئێسـتا هەندێـك كـەس پێـی وایـە كـە سـەرەتاكانی دەركەوتنـی شارسـتانییەتێكی نـوێ لەسـەر داروپـەردووی شارسـتانییەتەكەی ڕۆژئـاوا لـە ئاسـۆدا دەركەوتـووە، ئایـا ململانـێ و ناكۆكیـی ناوخـۆ هەڕەشـەی لـە قـەوارەی ڕۆژئـاوا نەكـردووە؟ ئایـا لـە جیهانـی ڕۆژهـەڵات و دەوڵەتانـی ئاسـیاو ئەفریقیـا كـە xۆژئـاواو دەوڵەتانـی بەهێـزی سـەربەخۆ بـۆ ماوەیەكـی درێـژ دەیچەوسـاندنەوە جڵـەوی كۆنترۆڵـی سیاسـەتی جیهانیـی پەیتـا پەیتـا بـۆ نەگوازرایـەوە؟ یـان هەمـوو بەڵگـەكان ئامـاژەن بـۆ ئـەوەی كـە ئایینـدەی ئـەو هێـزە هەڵكەوتووانـە دێنـە پێـش و هێـزە كۆنـە داهێـزراوەكان كۆتاییـان دێـت؟

بـەم شـێوەیە هەمـوو ئامـاژەكان پێشـبینییەكانی شـبنجلەر دووپـات دەكەنـەوە كـە لـە جێـی خۆیانـدان، هەروەهـا ئەمـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی كـە گەلانـی ژێردەسـتەو لاواز ئومێدێكیـان لا دروسـت بێـت كـە ڕۆژێـك دێـت ئـازاد دەبـن، بـەڵام ئـەم بۆچوونـە لـە هەمـان كاتـدا زیانـی هاوبەشـی بـۆ ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاواش دەبێـت.

سـەبارەت بـە ڕۆژئـاوا ڕاو بۆچوونـی شـبنجلەر بـۆ پشـتیوانیكردن لـە هەژموونـی سـەردەمەكانی ستەمكاری قۆسـترایەوە، بـە تایبەتـی سـەردەمی نازیـزم، چونكـە ئـەم ڕایانـە هانـدەر بـوون بـۆ ئـەوەی نازیـزم ببێتـە پێویسـتییەك و دەسـتبەرداری نەبـن، بۆیـە ئەوانـەی خوازیـاری سیسـتەمە نوێیەكـە بـوون، ئەمەیـان بـە كارێكـی دروسـت دادەنـا، بۆیـە لـە سـۆنگەی ئـەوەی كـە مـرۆڤ ناتوانێـت بەرامبـەر پەرەسـەندنی ژیـان بوەسـتێتەوە، پێویسـتە هەمـوو پێشـهاتێك پەسـندبكات و هـەوڵ بـدات خـۆی لەگەڵیـدا بگونجێنێـت.

كۆمەڵـگای ڕۆژئـاوا ڕووبـەڕووی سـتەمێكی زۆر بۆتـەوە لەسەردەسـتی نازیـزم و فاشـیزم، بۆیـە دەكرێـت لێـرەدا ئامـاژە بـەوە بكەیـن كـە ڕاكانـی شـبنجلەر لـە بەرژەوەندیـی چینـی سـتەمكاردا بوونـە بـەو پێیـەی كـە زوو پەسـندیان كـردووە، چونكـە دژی بەرژەوەندییەكانـی چینـی چەوسـاوە بـوون كـە لـە كۆششـی بەردەوامـدا بـوون بـۆ ڕزگاربـوون لـە سـتەمەكانی حوكمـڕان. بـەڵام سـەبارەت بـە ڕۆژهـەڵات، هیـچ جـۆرە شارسـتانییەتێك لـە ئـارادا نەبـووە تاكـو ڕوونـی بكەینـەوە، كـەس نەیگوتـووە ڕێنیسانسـی ڕۆژهـەڵات لەسـەر داروپـەردووی ڕۆژئـاوا دادەمەزرێـت، یـان دوای ڕووخانـی ئـەو شارسـتانییەتە ئەویـش دەسـت پـێ دەكات،

بەڵکـو ڕۆژهــەڵات هەوڵــدەدات ڕۆژئــاوا ناچاربــکات دان بــە قــەوارەو ســەربەخۆییەکەیدا بنێــت، وای لــێ بــکات لەگەڵیــدا هــەڵ بــکات و بژییــت، هیچیــان دژی ئــەوەی دیکەیــان نەبێــت، بۆیــە هەمــوو ڕووناکبیــران لــە ڕێنیســانخوازانی ئاســیاو ئەفریقیــا لــەو بــاوەڕەدا نیــن حەزبکــەن ڕۆژئــاوا لــە بەیــن بــەرن، چونکــە بەرژەوەندییــان لــەوەدا نییــە، بەڵکــو دووپاتــی دەکەنــەوە کــە وڵاتەکانیــان لــە ڕیــز دەوڵەتانــی جیهانــدا پێگــەی خۆیــان دەبێــت بــێ ئــەوەی ململانــێ لەگــەڵ هیــچ دەوڵەتێکــی دیکــەدا بکــەن.

کەواتــە بۆچــی پێشــبینییەکەی شــبنجلەر بەڵگــەی گومانــە بــۆ ڕووخانــی ڕۆژئــاوا؟ ئەمــە گیانــی فراوانخوازیــی کۆڵۆنیالــە، کــە بــە ئاشــکرا ئەمــە ڕادەگەیەنێــت و دان بــەوەدا دەنێــت کــە کۆتاییەکــەی نزیــك بۆتــەوە، بۆیــە ئــەوەی هــەرەس دێنێــت و لەناودەچێــت، ڕۆژئــاوا نییــە، بەڵکــو ئــەو سیاســەتە تایبەتییەیــە کــە بــەردەوام ڕۆژئــاوا پیــادەی دەکات، لەبــەر ئــەوە کاتــی هاتــووە هــەرەس بهێنێــت، ئــەم شارســتانییەتەی ڕۆژئــاوا هەمــووی لەنــاو ناچێــت، بــەڵام تەماعکاریــی دەستڕۆیشــتووان لــە ڕۆژئــاوا، کــە زیاتــر مەبەســت کۆڵۆنیالــە و بۆتــە مۆتەکــە بەســەر گەلانــی ســڤیلدا، ســنوورێکی بــۆ دادەنرێــت، بــەم شــێوەیە هەمــووان( ڕۆژهــەڵات و ڕۆژئــاوا) بــە یەکــەوە لــە ئاشــتیدا دەژیــن، بــێ ئــەوەی دژایەتیــی یەکــدی بکــەن، یــان میراتگــری ئــەوی دیکــە بێــت.

٢- تیــۆری شــبنجلەر تایبــەت بــە خوولەکانــی شارســتانییەت زۆر دوورە لــە گیانــی دروســتی زانســتییەوە، چونکــە ئــەو دەڵێــت خوولــەکان داخــراون و هــەر یەکەیــان لــە شــوێنی خۆیــان هاوتەریــب بــە ڕێــدا دەچــن، بــێ گومــان ئــەم قســەیە بــەو واتایــە دێــت کــە حەتمییەتێکــی شــاردراوە هەیــە کــە مێــژوو بەڕێوەدەبــات، بــێ ئــەوەی ســەرچاوە دروســتەکەی بزانیــن. بــێ گومــان خوێنــەری وریــای نووســینەکانی شــبنجلەر دەپرســێت: چ هێزێــك هەیــە کــە وا بــکات هــەر شارســتانییەتێك بــە ڕێگایەکــی زانــراودا ڕێ بــکات و گەشــە بــکات و پێــش بکەوێــت، دواتــر ڕوو لــە کــزی بــکات تــا دەکوژێتــەوە ؟ هەڵبــەت هێزێکــی دیاریکــراو لــە گەردوونــدا هەیــە هەمــوو شارســتانییەتەکان دەخاتــە ســەر ڕێچکەیەکــی سیســتماتیك کــە لێــی لانــەدەن، بۆیــە ئەگــەر داوامــان لــە شــبنجلەر کــرد ئــەم هێــزە دیــاری بــکات،

هیـچ وەڵامێکـی تـەواوی لا نابێـت. بیرۆکـەی ئـەم خوولانـە گوزارشـت لـەوە دەکات کـە شـبنجلەر کەوتۆتـە ژێـر کاریگەریـی فەلسـەفەی نیچـە، هەروەهـا بـە تایبەتیـش بـە بیرۆکـەی گەڕانـەوەی هەمیشـەیی، بـەڵام سـەرباری ئـەم بیرۆکەیـەش کـە واتـای بەهـادار لەخۆدەگرێـت، ئـەو هەوڵـی داوە بەڵگـەی زانسـتی بهێنێتـەوە، هەرچـی شبنجلەریشـە ئـەم بیرۆکەیـەی نیچـەی گواسـتەوە بـۆ کایـەی مێـژووی مرۆڤایەتـی، بۆیـە شارسـتانیەت بـە سـەردەمێك و کۆمەڵگایەکـی مرۆیـی دیاریکـراوەوە گـرێ درا، بـەڵام هەوڵـی نـەداوە هیـچ بنەمایەکـی زانسـتی بـۆ دابڕێژێـت کـە مایـەی پشـت پـێ ببەسـتن بێـت، تەنیـا ئـەوە نەبێـت کـە گوایـە خـۆی بڕیـاری لـێ داوە.

لـە کاتێکـدا کـە نیچـە ڕاکـەی خـۆی لـە گەڕانـەوەی هەمیشـەیی بنیادنـاوە ئەویـش بـە لێکدانـەوەی سەرتاسـەریی بیرۆکـەی بەرزێتـی، بـەڵام شـبنجلەر ئـەو بیرۆکەیـە دەگۆڕێـت بـە بیرۆکـەی چارەنـووس Destiny. چارەنـووس هێزێکـە کۆنتڕۆڵـی کۆمەڵـگاو شارسـتانیەت دەکات، بـەڵام بەرزێتیـی بیرۆکەیەکـە دەچێتـەوە سـەر زانسـتە سروشـتییەکان، بواریـش دەدات کـە پێشـبنی بکەیـن بـەوەی کـە چـی لـەم بـوارەدا ڕوودەدات، لـە کاتێکـدا لـە بـواری زانسـتە کۆمەڵایەتییەکانـدا پەیـڕەو ناکرێـت.

بـەڵام بـا بزانییـن ئـەو( چارەنووس)ـە چییـە کـە ئێمـە باسـی دەکەیـن؟ لـە ڕاسـتیدا ئـەم وشـەیە تەنیـا گوزارشـت لـە تەمومـژی و شـاردراوەیی و لێـك نەدانـەوە دەکات، کەچـی بیرۆکـەی بەرزێتـی پەیوەسـتە بـە گیانـی زانسـتیی ئاشـتییەوە، زۆر لـە بیرمەنـدان لـە هەمـان کایـەی کۆمەڵایەتیـدا توێژینەوەیـان هەیـە، بـەڵام شـبنجلەر دێـت و ئەمـە ڕەت دەکاتـەوەو بـە پاسـاوی مەیلـی ناعەقڵانـی لـە بیرکردنـەوەی خۆیـدا. لـە بـەر ئـەوە کاتـێ دەگوترێـت (چارەنـووس)ی شارسـتانییەتەکان دەبێـت لـە کۆتاییـدا هـەر هەڵوەشـێنەوە، ئەمەیـان بـە هیـچ شـێوەیەك لێکدانەوەیەکـی زانسـتی نییـە، بەڵکـو پێشـبینییەکی سـۆفیخوازانەیە و هیـچ بنەمایەکـی نییـە.

مەترسـییە گەورەکـەی ئـەم توانایـەی لـە بیرکردنەوەکـەی شـبنجلەردا زاڵـە، ڕێگـە لەبـەردەم مرۆڤایەتیـدا دادەخـات ئەگـەر حەزبـکات ئایینـدەی خـۆی بـە دەسـتی خـۆی

بنیادبنێـت، یـان بـەو ئاراسـتەیەی ببـات کـە خـۆی دەیەوێـت، بۆیـە ئـەوەی کـە دەتوانیـن بیکەیـن ئەوەیـە کـە خۆمـان چارەنووسـمان بـە تـەواوی بقۆزینـەوە، واتـا لـەو سـنووردا هەڵسـوکەوت بکەیـن کـە حەتمییەتـی شـاردراوە ڕێگەمـان پـێ دەدات لـە چوارچێـوەی شارسـتانییەتەکەماندا. ئـەو حەتمییەتـەی کۆنترۆڵـی تـەواوی ژیانـی ئێمـەی کـردووە و ناچـاری کردوویـن بـە قۆناغێکـی دیاریکـراودا بجووڵێینـەوە، کـە ناتوانیـن بیگۆڕیـن یـان سـەرپێچیی بکەیـن، بۆیـە ئـەم کۆتبەندییـەی هێـزە خولقێنەرەکانـی مـرۆڤ- بـێ گومـان – لەگـەڵ ئـەو عەقڵییەتانـەدا یـەك دەگرنـەوە کـە دژی پێشـکەوتن و پەرەسـەندنن، بـەڵام ئـەوەی بـاوەڕی بـە توانـای مـرۆڤ هەیـە ئەمـە قبـوڵ نـاکات، پێـی وایـە کـە زانسـت تاکـە بناغەیـە پشـتی پـێ دەبەسـترێت لـە بەدەسـتهێنانی سـەرکەوتن لـە ژیانـی خـۆی و سـەرتاپای کۆمەڵـگادا.

٣- ناکۆکییەکـی ڕوونـی ناوخـۆ هەیـە لـە ڕایەکانـی شـبنجلەردا، ئـەو دەسـتی کـرد بـە جەخـت کردنـەوە بـە پێویسـت بوونـی ڕێژەیـی، هەروەهـا ڕەخنەگرتـن لـە تێڕوانینێکـی یەکگرتـوو بـۆ مێـژووی مرۆڤایەتـی، لەپێنـاو ئـەم ڕێژەییـە شارسـتانییەتەکانی بـە داخـراو دەناسـاند، ئەمـەش پێـمان دەڵێـت کـە هەڵەیـن ئەگـەر بـەو شـێوەیە لـە دیـدی خۆمانـەوە حوکـم بەسـەر ئـەو شارسـتانییەتانە بدەیـن.

بـەڵام ئایـا بیرکردنـەوەی خـودی شـبنجلەر دەچێتـە ژێـر بـاری ڕێسـای ڕێژەیـی، کاتـێ تیۆرەکـەی دەخاتـە بەردەمـمان لـە خوولـە مێژووییەکانـدا؟ بـێ گومـان دەبـێ دان بـەوەدا بنێـت کـە یەکێـك دێـت بـۆی ڕوون دەکاتـەوە شارسـتانییەتەکان جیـاوازن و هـەر یەکەیـان سـەربەخۆیی تـەواوو جـودای هەیـە، هەتـا ئەگـەر لـە ئاراسـتە گشتییەکەشـدا بـە یەکـەوە بـن، ئـەوەی دەتوانێـت بـەم شـێوەیە لـە مێـژوو وردبێتـەوە، دەبێـت دووربیـن بێـت، گـوێ بـە کات و کۆتبەندیـی شـوێن نـەدات، واتـا وەك یەکـەم جـار بیرکردنەوەکـەی هـەر لای ڕێژەیـی بێـت، بـەڵام ئـەوەی ئێمـە مەبەسـتمانە ئەوەیـە کـە پێویسـتە ڕەچـاوی سروشـتی هەمـوو کۆمەڵگایـەك بکەیـن کاتـێ دەمانەوێـت بیرۆکەیـەك بسـەپێنین، هـاوکات پێویسـتە تەنیـا لـە دیـدی خۆمانـەوە لـە مێـژوو ورد نەبینـەوە، بەڵکـو گرنگـی بـە ڕێـڕەوو تایبەتمەندیـی سـەرجەم شارسـتانییەتەکان بدەیـن.

٤- دواجــار تێڕوانینــی واقیعیانــە بــۆ مێــژوو بۆمــان دووپــات دەکاتــەوە کــە ئەســتەمە بڵێیــن جیاکردنــەوەی تــەواو هەیــە لەنێــوان شارســتانییەتەکان، چونکــە واقیعــی خــودی مێــژوو دەیســەلمێنێت کــە تێکهەڵکشــانێك لەنێــوان قۆناغەکانــی شارســتانییەتدا هەیــە، هەروەهــا دووپاتــی دەکاتــەوە کــە زۆر لــە ڕواڵەتــی شارســتانییەتەکان بــێ گومــان پێشــکەوتنی زۆریــان تێــدا هاتۆتــەدی، کــە هــەر لــە دێــر زەمانــەوە تــا ئــەم ســەردەمەمان بــە ڕاســتە هێڵێکــدا دەڕۆن، لــە بەشــی داهاتــوودا بــە تێروتەســەلی بــاس لــە بابەتــی ئــەم پێشــکەوتنە دەکەیــن.

**(٣) بیرۆکەی پێشکەوتنی شارستانیەت**

ڕای ســێیەم بریتییــە لــەوەی کــە ڕێــڕەوی شارســتانیەت پەیتاپەیتــا پێــش دەکەوێــت، واتــا لەگــەڵ ڕای یەکەمــدا یــەك دەگرێتــەوە کــە پێــی وایــە شارســتانیەت بــە یــەك هێڵــدا دەڕوات، هەروەهــا شارســتانییەتەکان خولــی داخــراو نیــن کــە لــە یەکــدی جــودا ببنــەوە، بــەڵام ئــەم تاکــە هێڵــە لــە دیــدی لایەنگرانــی بیرۆکــەی پێشــکەوتن بــۆ ســەرەوە دەچێــت و لــە کۆتاییــدا بەهاکــەی دەردەکەوێــت، نــەك لــە مــاوەی ڕابــردوودا هــەروەك چــۆن لایەنگرانــی بیرۆکــەی داتەپیــن ئامــاژەی پــێ دەکــەن، دیــارە ئــەو کۆتاییــەش وەســتانی بــۆ نییــە، بەڵکــو شارســتانیەتی مرۆڤایەتــی لــە جووڵــەی بەردەوامــی ســەرەوە دایــە.

بیرۆکــەی پێشــکەوتن لــە ئەوروپــا لــە ســەدەی هەژدەیــەم ســەری هەڵــدا، لــە ســەردەمی ڕۆشــنگەری و بــاوەڕ بــە عەقــڵ، ئــەو بــاوەڕەش هەمیشــە مەیلــی گەشــبینیی بــەدوادا دێــت، خــۆی لــەوەدا دەبینێتــەوە کــە بــڕوای بــە مرۆڤــە بــەوەی بەهایەکــی بــەرزی هەیــە، بــێ ئــەوەی کــەس ڕێگــەی پێشــکەوتنی لــێ بگرێــت، بۆیــە ئــەو ڕایــەی کــە لــە بیــرو هــزری بیرمەنــدو ڕۆشــنبیراندا بــاو بــوو بــە گشــتی – ئەگــەر بیرمەندێکــی وەك ئەرســتۆی لــێ لابەیــن- بریتــی بــوو لــەوەی کــە مــرۆڤ پلــە بــە پلــە زیاتــر عاقــڵ دەبێــت و مرۆڤایەتــی لای چەکــەرە دەکات و ڕەوشــت و ڕەفتــاری بــاڵای لا دەردەکەوێــت، بۆیــە ئەگــەر دوێنــێ مرۆڤایەتــی گەشــەی کردبێــت، ئــەوا ئەمــڕۆ باڵاتــر دەبێــت، ســبەینێش دەگاتــە ئــەو پــەڕی بــەرزی.

ســەرهەڵدانی تیــۆری پەرەســەندن لــە ســەدەی نۆزدەیەمــدا کاریگەریــی بەهێــزی هەبــوو

لــە پاڵپشــتیکردنی هەڵوێســتی لایەنگرانــی بیرۆکــەی پێشــکەوتندا، ئــەم تیــۆرە نەخشــەی مێــژووی هەمــوو ژیانــی دەکێشـا کـە ئـەو ژیانـە بـەردەوام لـە هەڵکشـاندایە، لـە ئاسـان و سـادەییەوە بـۆ ئاڵۆزتـر، لـە نزمییـەوە بـۆ بـەرزی.

بـەڵام گرێدانـی بیرۆکـەی پێشـکەوتن بـە تیـۆری پەرەسـەندن زیانـی بـە خـودی بیرۆکـەی پێشـکەوتن گەیانـد، چونکـە ئـەم تیـۆرە لـە داڕشـتنە زانسـتییەکەیدا مـەرج نییـە بـەو واتایـە بێـت کـە پەرەسـەندنی ژیـان بـەردەوام پێشـکەوتن بەرهـەم دێنێـت، ڕەنگـە مـرۆڤ چاکتریـن بوونـەوەر بێـت کـە پەرەسـەندنی هێنابێتـە کایـەوە، بـە واتـای ئـەوەی کـە لەوانەیـە ئـەو بەهـا بـەرزەی نەبێـت بـە بـەراورد بـە سـەرجەم بوونـەوەرەکان، ئەمـەش زۆر لـە بیرمەنـدان جەختـی لـێ دەکەنـەوە، کـە پێیـان وایـە هـەر کاتـێ مـرۆڤ عەقڵـی پێشـکەوتبێت تەنیـا بـە زیـان بـۆی گەڕاوەتـەوە، واتـا بـەدکاری و مەیـل بـۆ کاولـکاری بـەدوادا هاتـووە، بۆیـە لێـرەوە هەندێـك کـەس گومـان دەکـەن کـە عەقـڵ بەرزتریـن بەرهەمـی سروشـت بێـت، ئێمـەش لەگـەڵ ئـەو بۆچوونـە نیـن کـە خاوەنەکانـی هەیانـە سـەبارەت بـە بەهـای عەقـڵ، بەڵکـو دەمانەوێـت ئامـاژە بـەوە بکەیـن کـە دەکرێـت لـە ڕووی لۆژیکـەوە سـەیری مـرۆڤ بکرێـت کـە بەرزتریـن قۆناغـی پەرەسـەندن و باڵاتریـن بەهـا نییـە، واتـا تیـۆری پەرەسـەندن پێویسـتە خـۆی لـە ئەنجامەکانـی هەڵسـەنگاندن جودابکاتـەوە، چونکـە ڕێـڕەوی پەرەسـەندن لــە سروشــتدا وەك پێویســتە بــەرەو پێــش دەچێــت، لــەو حاڵەتــەدا بیرۆکــەی پێشــکەوتن لــە مێــژووی مرۆڤایەتیــدا هــەرەس دێنێــت، مادامەکــێ چارەنووســی ئــەو پێشــکەوتنە بــە چارەنووســی پەرەســەندنەوە بەســترابێتەوە.

لــە لایەکــی دیکــەوە دەتوانیــن بپرســین: لەســەر چ بنەمایــەك پەرەســەندنی مێــژوو بــە پەرەســەندنی بوونــەوەرە زینــدووەکان لــە سروشــتدا دەچوێندرێــت، هەروەهــا ســەیری پرۆســەی مێــژوو بکرێــت وەك بڵێیــت تەنیــا درێژکردنــەوەی پرۆســەی سروشــتیی بایۆلۆجییــە؟ لــە ڕاســتیدا هەتــا ئەگــەر بســەلمێنرێت کــە یاســایەکی پێویســت بــۆ پێشــکەوتنی سروشــتی هەبێــت، پێویســت نــاکات ئــەم یاســایە بــۆ بــواری مێــژوو بگوازرێتــەوە، چونکــە ئــەوەی لــە سروشــتدا پیادەدەکرێــت مــەرج نییــە لــە مێــژووی هۆشــمەندی مرۆڤایەتیــدا پەیڕەوبکرێــت،

لەبـەر ئـەم هۆیانـە گومـان لـە سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەمدا هاتۆتـە ئـاراوە سـەبارەت بـە دروسـتیی باوەڕکـردن بـە پێشـکەوتن، هەروەهـا بیرۆکـەی ڕێژەیـی وردە وردە شـوێنی پەرەسـەندنخوازی گرتـەوە، بۆیـە بـاوەڕ وا بـوو کـە هـەر شارسـتانییەتێك پێویسـتە لەسـەر بنەمـا تایبەتییەکانـی پێوانـە بکرێـت، هەڵەیشـە کـە بێیـن بـەراورد لەنێـوان شارسـتانییەتەکان بکەیـن لەسـەر بنەمایەکـی ڕەهـا، چونکـە بنەمـای ڕەهـا هەمیشـە لـە تێڕوانینـی تایبەتمـان بـۆ ژیـان وەرگیـراوە، واتـا لـەو شارسـتانییەتەی کـە تێیـدا دەژیـن. بـەم شـێوەیە هـەردوو ڕا بەرامبـەر یەکـدی وەسـتانەوە و پشـتیان بـە پاسـاوگەلی بەهێـز بەسـتووە: ڕایـەك جەخـت لەسـەر پێشـکەوتنی ڕەهـا دەکاتـەوە، ڕایەکیـش بـڕوای بـە ڕێژەیـی هەیـە.

لایەنگرانی پێشکەوتن پاساوگەلێکی فرە بەهێزیان هەیە:

١- نموونـەی بەرچاویـش زۆرن بەڵگـەن بـۆ ئـەوەی کـە شارسـتانیەت یـان هەندێـك ڕواڵەتەکانـی بـە لای کـەم بـە ڕەهایـی پێـش دەکەوێـت، بـۆ نموونـە بـا لـە پەرەسـەندنی پیشەسـازیی ئامێـر لـە جیهـان وردبینـەوە، ئـەو پێشـکەوتنەی ئێسـتا نەدەهاتـە ئـاراوە، ئەگـەر دۆزینەوەکانـی هەمـوو قۆناغەکانـی پێشـووی شارسـتانیەت کۆنەکرابنـەوە و نەخرابانـە سـەر یەکـدی، هەروەهـا زۆر لـە داهێنانـە تازەکانیـش بنەچـەی کۆنیـان هەیـە، بـۆ نموونـە کاغـەز و قیبلەنومـا کـە عـەرەب پێـی ئاشـنابوونە، تەنانـەت چینییەکانیـش بـە هەمـان شـێوە ، جەبـر کـە عـەرەب و هیندییـەکان شـارەزای بوونـە. عـەرەب دەسـتی باڵایـان هەبـووە لـە توێژینـەوە لـە بابەتـی کیمیـا و ئەرکـی ئەندامانـی لـەش، بـەڵام ئەنـدازەو میکانیـك گریکـی کـۆن پێیـان ئاشـنابوونە، تەنانـەت بیرۆکـەی ئامێـری هەڵمـی بـۆ زانـا ئەسـکەندەری گـەورە دەگەڕێتـەوە کـە نـاوی هـیرۆ Hero بـوو، وەرگێڕانـی کتێبەکانـی لـە سـەدەی شـازدەیەمدا بـووە مایـەی سـەرنجی زانـاو تەکنیـککاران وەك سـەرچاوەیەکی وزە، بـە کورتـی گرنگتریـن توێژینـەوە کـە بۆتـە هـۆی ئاشـکراکردنی هۆکارەکانـی گۆڕینـی ئاراسـتەی ژیانـی مرۆڤـی نـوێ، بـۆ ڕەمەکـی شـاردراوەی دەروونـی مرۆڤـی نوێـی ڕۆژئـاوا ناگەڕێتـەوە، کـە هانـی بـدات بـەدوای توێژینـەوەو زانیاریـدا بگەڕێـت هـەروەك شـبنجلەر پـەی پـێ بـردووە، بەڵکـو هەنـدێ هـۆکاری دیکـە هـەن کـە تـۆوی ئـەو توێژینـەوەو زانیارییانەیـان لـە

شارستانییەتەکانی دیکـە بـۆ ڕۆژئـاوا گواسـتۆتەوە.

لـە بـواری پێشـکەوتنی پیشەسـازی و توانـای بەکارهێنانـی ئامێـرەکان کـە بوارێکـی فـرە گرنگـە، ئەمـە گوزارشـت لـە توانـای بەرهەمهێنـان دەکات کـە مـرۆڤ ڕادێنێـت کۆنترۆڵـی سروشـت بـکات، بـێ گومـان پێشـکەوتن هاتۆتـە ئـاراوەو هـەر قۆناغێکـی شارسـتانیەت سـوودی لـە قۆناغەکانـی پێـش خـۆی وەرگرتـووە، هەروەهـا هیـچ گۆڕانکارییەکـی کتوپـڕی لـێ ڕوونـەداوە، بەڵکـو هـەر نوێبوونەوەیـەك بـۆ بنەچەکانـی پێشـتر دەگەڕێتـەوە کـە کارئاسـانی بـۆ کـردووە، ئـەم پەرەسـەندنەش تەنیـا لـە ڕێـی تێکەڵکردنـی بیرۆکەکانەوەیـە کـە پێـش ئـەوان لـە هەمـان بـواردا بـاو بـوون.

٢- لەلایەکـی دیکـەوە دەتوانیـن بڵێیـن کـە پێشـکەوتنی مێـژوو تەنیـا ناوێکـی دیکـەی چالاکیـی مرۆییـە بەدرێژایـی ڕۆژگار، واتـا بریتییـە لـە زنجیرەیەکـی یـەك لـە دوای یـەك لـە کارو کـردەوە کـە پەیوەندییـان بەوانـەی پێـش خۆیانـەوە هەیـە، چونکـە مـرۆڤ هەمیشـە لـە کارکـردن و چالاکیـدا سـوود لـە یەکـدی وەردەگـرن، توانایـی مـرۆڤ لـە پەیوەندیکـردن لەگـەڵ بەرامبـەرو نزیکەکـەی سـیفەتێکی جیاکـەرەوەی مرۆڤـە لـە ئـاژەڵ، ئەمـەش باشـترین و دیارتریـن هێـمای پێشـکەوتنی مرۆڤایەتییـە، بۆیـە ئـەوەی مـرۆڤ لـە ئـاژەڵ جـودا دەکاتـەوە ئەوەیـە، کـە ئـاژەڵان ڕەنگـە سـەیری جووڵـەی یەکـدی بکـەن و لاسـایی بکەنـەوە، ئەمـەش وای کـردووە کـە پێشـکەوتن لـە ژیانیانـدا نەیەتـە ئـاراوە، هەرچـی مرۆڤـە سـوود لـە ئەزمـوون و توانـا و شـارەزایی یەکـدی وەردەگـرن، هـاوکات لەمـەدا سـوود لـە نەوەکانـی پێـش خـۆی وەردەگرێـت و شـتی نوێـی بـۆ زیـاد دەکات، هـەر ئەوەیشـە کـە ئومێـدی پێشـکەوتن و پەرەسـەندنی کۆمەڵـگا زیاتـر دەبووژێنێتـەوەو هـەوڵ دەدات بگاتـە لووتکـەی داهێنـان و خزمەتکردنـی مرۆڤایەتـی.

گریـمان دوو کـەس لـە دوو نـەوەی دوای یەکـدا دەژیـن، (ب و ئـا)، دیسـان گریـمان کـە پێـش ئەوانیـش نـەوەی(ج، د، هــ ) ژیـاون، بۆیـە نـەوەی (ب) شـارەزایی لـە(ج، د، هــ ) وەردەگرێـت، نـەوەی (ئـا) هەمـان شـارەزایی وەردەگرێـت، بـەڵام نەوەی(ئـا) شـارەزایی(ب) یشـی دەخاتـە سـەر، ئـا بـەم شـێوەیە پەرەسـەندنی کات- سـەبارەت بـە کردارەکانـی مـرۆڤ-

پەیوەستە بە پێشکەوتنەوە، چونکە هەر کردارێك ئەڵقەیەکە لە زنجیرەیەك ئەزموون و شارەزایی کە ڕەگی لە قووڵایی ڕۆژگاردایە، بۆیە ڕەنگە بگوترێت کە مێژووی مرۆڤایەتی بەرەو پێش دەچێت.

٣- ئەم بیرۆکەیەی پێشکەوتن پاساوێکی دیکەی هەیە، چونکە بڕوابوون بە پێشکەوتن متمانە لای مرۆڤ دروست دەکات، هەروەها بڕوابوون بەوەی کە توانای هەیە هەموو ئاستەنگ و لەمپەرێك وەلاوە بنێت، بۆیە ئەم متمانەیە بە تەنیا پاساویشە بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی پێشکەوتن بە چاوپۆشیکردن لە بنەما سەرەکییەکانی ئەم بیرۆکەیە، پێشتریش بینیمان چۆن باوەڕبوون بە سووڕەکانی شارستانیەت هەست کردن بە نائومێدی و بێ دەسەڵاتی لای مرۆڤ دروست دەکات، بە شێوەیەك لەبەردەم هێزە شاردراوەکاندا، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە لە پێشخستن یان دواخستنی شارستانیەت، بێ دەسەڵات دەربکەوێت.

لە ڕاستیدا ئەو ئەنجامانەی لە یەکێك لەو بیرۆکانە بۆ مرۆڤ دەردەکەون، پێویستە لە چوارچێوەی ئەو فاکتەرانەدا بن کە بەهاو گرنگی دەدەنە ئەم بیرۆکانە، بە مەرجێك لە واقیعدا بنەمایەکیان هەبێت، ئەگەر نا تەنیا گوزارشت لە خەیاڵ دەکەن، بۆیە ئەگەر مرۆڤایەتی باوەڕی بە پێشکەوتن هەبوو، ئەوا بەردەوام سەرکەوتن بەدەست دێنێت، چونکە ئەم بیرۆکەیە وا لە مرۆڤ دەکات کاری بەردەوام بکات، پێشوەختە تەگەرەو لەمپەر لەبەردەم خۆیدا قیت نەکاتەوە، بەڵکو هەمیشە بڕوای بەوە هەبێت کە ئەو کارەی دەیکات سوود بۆ خۆی و دەوروبەرو هاوتاکانی دەبێت.

ئەمانە پاساوی لایەنگرانی پێشکەوتنن، ئەدی ڕێژەخوازان چۆن وەڵامیان دەدەنەوە؟ ئەوان دووپاتی دەکەنەوە کە بیرۆکەی پێشکەوتن دوورە لە گیانی دروستی زانستی، چونکە باس لە باوەڕ دەکات بە هەبوونی پێوەرێکی ڕەها کە بە درێژایی مێژوو شارستانییەتی پێ پێوراوە، ئەم پێوەرەش لە ڕێگای بیرکردنەوەمان وەرگیراوە، ئێمەش بۆ ماوەو سەردەمەکانی پێشوو گشتاندنمان بۆ کردووە، چونکە ناتوانرێت حوکم

بەسەر مێژوودا بدرێت بەوەی کە پێشکەوتن بەرهەمی ئەو مێژووەیە، مەگەر بە هێڵێکی ڕاست و دروستدا بڕوات، یان ئاراستەکەی بەرەو ئەوە بێت کە مرۆڤ لەگەڵ مێژوودا تەبا بێت و ئەویش واتا مێژوو ڕەنگدانەوەی هەموو پێشکەوتنەکانی مرۆڤ بێت.

باوەڕبوون بە ڕێژەیی بنەمایەکی دروستیی زانستییە، کەس ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات کە زۆر لە حوکمە گشتییەکان کە مێژووی مرۆڤایەتیی پێکدێنن، لە ڕاستیدا حوکمگەلێکن کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو هەلومەرجانەی خۆیان دەسەپێنن، بێ گومان بابەتیبوونی تەواو لەم بوارەدا سەختە بێتە دی، چونکە ئێمە بەردەوام مەیلمان هەیە بۆ بیرکردنەوە لەو شتانەی کە خۆمان بە چاکیان دەزانین، بەڵام ڕوحی زانستیی دروست داوامان لێ دەکات کە بەپێی توانا واز لە بەرژەوەندی و بیرکردنەوەی تەسکی خۆمان بهێنین، هەروەها کاتێ حوکم دەدەین، حوکم لەسەر ماوەیەکی دیاریکراوی شارستانیەت بدەین، واتا هەلومەرجی خودی ئەو ماوەیە، لەگەڵ ڕێچکەی ناوخۆی سیستەمە تایبەتییەکانی. بەڵگەی مێژووییش پشتیوانیی لە لایەنگرانی ڕێژەیی ناکات، چونکە ئەگەر بەراوردی نێوان ڕواڵەتەکانی ژیان بکەین لە هەردوو سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەم، کاتێ پیشەسازی هەنگاوی سەرکەوتووی ناوەو ڕێڕەوی مێژووی مرۆڤایەتیی گۆڕی، هەروەها لەنێوان ڕواڵەتەکانی لە سەردەمەکانی ناوەڕاستدا، دەبینین کە فەیلەسووفەکانی پێشکەوتن جەخت لەوە دەکەنەوە کە کێرڤی مێژووی مرۆڤایەتی بەردەوام لە بەرزبوونەوەدایە، شارەکانی سەدەی سێزدەیەم زیاتر گەشاوەو پێشکەوتوو بوون، هەروەها لە شارە پیشەسازییەکانی سەدەی نۆزدەیەم ڕێکوپێکتر بوون، خانووبەرەش لە سەردەمەکانی ناوەڕاستدا پاکترو فراوانتر بوون لە خانووبەرەی کرێکاران لە سەدەی یەکەمی سەردەمی نوێی پیشەسازی، هەروەها ئاستی ژیانی کرێکاران لە زۆر لەو وڵاتانە لە سەردەمەکانی ناوەڕاست بەرزتر بوو بە بەراورد بە ماوەکانی یەکەمی سەردەمی نوێی پیشەسازی.

کەواتە لە هەمان بواردا کە لایەنگرانی پێشکەوتن بڕوایان پێی هەیە ئەوەیە کە

مرۆڤایەتــی ســەرکەوتنی بەرچــاوی بەدەســت هێنــاوە، هەروەهــا بــە ڕێگایەکــی دروســتی هــەورازو ســەختدا ڕۆیشــتووە، واتــا ئەگــەر ســەیری ئەنجامەکانــی پرۆســەی ئــەم پێشــکەوتنە بــە ڕواڵەتــە بکەیــن ، دەبینیــن کــە شــوێنەوارەکانی لەســەر ئاســتی ژیانــی خەڵکــدا درەنــگ بەدەرکەوتــوون، بۆیــە ژیانــی مرۆڤایەتــی پێــش چەنــد ســەدەیەك لــە ئاســتێکی بــەرزەوە گەیشــتۆتە نزمتریــن ئاســت.

کەواتــە ئێمــە لــە بەرانبــەر ئــەو دوو ڕایەدایــن، کــە هــەر یەکێکیــان پشــت بــە پاســاوگەلێکی بەهێــز دەبەســتێت، هەروەهــا لەگــەڵ یەکیــش دژو ناکۆکــن، بــەڵام ســەرباری ئەمــەش دەتوانیــن ڕێگایەکــی مامناوەنــد لەنێوانیانــدا دەســت نیشــان بکەیــن، بــەم ڕێگایــەش دەگەینــە وێنەیەکــی دروســت کــە ڕێــڕەوی شارســتانییەتی پێــدا تێپەڕیــوە. لایەنگرانــی ڕێژەیــی هــەر پاســاوێکیان هێنابێتــەوە بیرۆکــەی پێشــکەوتن لەبەیــن نابــات، بەڵکــو هانمــان دەدات کــە چاکــی بکەینــەوە، ئێمــە نکوڵــی لــەوە ناکەیــن کــە زۆر لــە ســەردەمە دواکەوتــووەکان کاریگەرییــان هەبــووە بۆســەر ســەردەمە پێشــکەوتووەکان، بۆیــە ژیــان لــە ســەردەمی پیشەســازیدا بەهێزتریــن بەڵگەیــە، بــەڵام لــە ڕاســتیدا ئــەم دواکەوتنــە هۆکارەکــەی شــێوازی ڕێکخســتنی پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییەکانــە. لــەو کاتــەدا هەنــدێ هێــزو هــۆکار کۆنتڕۆڵــی سروشــتیان کــردووە، دەکــرا ئەوانــە هۆکاربوونایــە بــۆ خۆشــگوزەرانیی مــرۆڤ، بــە مەرجێــك ئــەو پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییانــە بــە شــێوەیەکی دروســت ڕێکبخرانایــە، بــەڵام ئــەوەی ڕووی دا ئــەوە بــووە کــە ڕێکخســتنیان زۆر دواکــەوت، ئەنجامــی ئەمــە پێــمان دەڵێــت کــە ئاســتی مــرۆڤ بــە پێوانــەی ئاســتی پێشــوو زۆر دواکەوتــووە، بــەڵام کاتێــك دەگاتــە ئاســتێکی دروســتی ڕێکخســتن لەگــەڵ سروشــتدا یەکدەگرنــەوە، ئــەو کاتــە پێشــکەوتنی ڕاســتەقینە دەردەکەوێــت، مرۆڤایەتییــش هاوســەنگیی خــۆی بەدەســت دەهێنێتــەوە، ڕەنگــە لــە ســەردەمێکی دیاریکــراوی مێــژوودا دواکەوتبێــت، بــەڵام ڕەگەزەکانــی پێشــکەوتنی ڕاســتەقینە بــە ڕێچکەیەکــی دروســتدا لــە نێــو لاپەڕەکانــی مێــژووی مرۆڤایەتــی تۆماردەکرێــت، ڕاســتە مێــژوو پڕیەتــی لــە نســکۆو دواکەوتــن، بــەڵام ســەردەمی پێشکەوتنیشــی تێدایــە.

بــەم شــێوەیە هاوســەنگی و ســازان لەنێــوان هــەردوو بیرۆکەکــە دێتــە ئــاراوە، ئەگــەر

بیرۆکـەی ڕێژەییـمان لـە گـەردەکان پـاك کـردەوە- هـەروەك شـبنجلەر- بـڕوای پێیەتـی، ئـەوا بـە دڵنیاییـەوە دەتوانیـن جیاوازیـی تـەواو لەنێـوان شارسـتانییەتەکاندا بکەیـن، بەمـەش لـە بیرۆکـەی پێشـکەوتن نزیـك دەبینـەوە دوای ئـەوەی مۆرکـی میکانیزمـی لـێ داماڵیـن کـە پێشـکەوتن دەکاتـە پرۆسـەیەکی پێویسـت بـە سیسـتەمێکی ڕەهـا.

بۆیـە ئەگـەر هـەردوو بیرۆکـە یـەك مۆرکـی تازەیـان وەرگـرت، ئـەو کاتـە دەکرێـت بـە ڕێگایەکـی دیالیکتییانـە پێکەوەیـان بسـازێنین، هـەر شارسـتانییەتێك بەپێـی لۆژیکـی ناوخۆیـی بـەرەو پێشـەوە دەچێـت، بـێ ئـەوەی هیـچ هێزێکـی دەرەکـی دەسـتتێوەردانی تێـدا بـکات، هەنـدێ کات پێـش دەکەوێـت و جاربەجاریـش دوادەکەوێـت، وا دیـارە بـۆ دواوە دەگەڕێتـەوە، بـەڵام ئەوەنـدە نابـات هێـزو توانـای خـۆی کۆدەکاتـەوەو سـەرلەنوێ ژیـان ڕێـك دەخاتـەوە، بەمـەش جارێکـی دیکـە بـەرەو پێشـەوە هەنـگاو دەنێـت، بـەڵام بـە ئاسـتێکی بەرزتـر لـە پێشـوو، مەبەسـت لێـرەدا ئەوەیـە کـە سـووڕی ڕێژەیـی دێتـە ئـاراوە، بـەڵام داخـراوە، تەنانـەت هـەر قۆناغێـك سـوود لـە قۆناغەکـەی پێـش خـۆی دەبینێـت و زیاتـر بـۆ پێشـەوە دەچێـت، هەتـا ئەگـەر بـە هـۆی چەنـد فاکتەرێکـەوە ماوەیـەك پەکـی بکەوێـت کـە نەتوانێـت زەفەریـان پـێ ببـات، بـەڵام دیسـانەوە دەکەوێتـەوە ڕێ، ئەویـش دوای ئـەوەی هەمـوو هێـزو توانایەکـی بـۆ زاڵبـوون بەسـەر ئـەو تەگەرانـە کۆدەکاتـەوە.

لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەم تێڕوانینـە بـۆ ڕێـڕەوەی شارسـتانیەت، دەتوانیـن کێشـەی چارەنووسـی شارسـتانییەتی ڕۆژئـاوا چارەسـەربکەین، ئـەم شارسـتانییەتە بـە ڕای شـبنجلەر بـە تـەواوی داتەپیـوە، چونکـە هەوڵـی کۆنترۆڵکردنـی جیهـان و فراوانخـوازی لەسـەر حیسـابی ئەوانـی دیکـە، دەبێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی شۆڕشـی گـەلان دژی ئـەو، کـە سـەر بـە شارسـتانییەتەکانی دیکـەن، بەمـەش سـەردەمی ئـەم گەلانـە دەسـت پـێ دەکات و ئەسـتێرەی گەلانـی ڕۆژئـاوا دەکوژێتـەوە. جـا ئەگـەر ئـەو ڕایـەی پێشـوومان جێبەجـێ کـرد، ئـەوا دەتوانیـن کـە بڵێیـن شارسـتانییەتی ڕۆژئـاوا بـێ گومـان لـەم کاتـەدا زۆر دواکەوتـووە، ئەمـەش دوای ئـەوەی هەوڵـی دا وەك کۆلۆنیـال دەسـت بەسـەر هەمـوو جیهانـدا بگرێـت، بـەڵام پێویسـتە خـودی ڕۆژئـاوا بـە ڕێـگای شۆڕشـێکی ناوخـۆ بگاتـە ئامانـج، کـە تێیـدا

توێـژی ڕۆشـنبیرو بیرمەنـدان جڵـەوی بگرنـە دەسـت، لـە هەمـان کاتیشـدا لـە ڕێـگای بەرگریـی ئـەو گەلانـەی بـۆ تەماعـکاری چەوسـێندراونەتەوە، دەرك بـەوە بـكات کـە زۆر پێویسـتە دەسـتبەرداری قۆسـتنەوەی لاوازیـی ئـەو گەلانـە بێـت، تـا لەسـەر شـانی ئـەوان خـۆی پـێ بگەیەنێـت و بـە بەختـەوەری و خۆشـگوزەرانی بژیێـت.

بـەم شـێوەیە ڕۆژئـاوا دەتوانێـت شارسـتانییەتەکەی ڕزگاربـكات، چونکـە لـە کۆتاییـدا گەلەکانـی سـوودمەند دەبـن، ئەمـە وێـڕای سـوودمەندبوونی گەلانـی جیهـان، ئـەو کاتـە  شارسـتانییەتی ڕۆژئـاوا لەناوناچێـت و هـەرەس ناهێنێـت، بەڵکـو لـە هەڵەکانـی دووردەکەوێتـەوەو دەزانێـت چـۆن بـە ڕێـگای پێشـکەوتنی ڕاسـتەقینەدا بـەرەو پێشـەوە هەنـگاو بنێـت، بـەڵام چارەسـەرێکی دیکـە کـە بـە هۆیـەوە شارسـتانییەتێکی دیکـە لەسـەر پاشـماوەی شارسـتانییەتی ڕۆژئـاوا دادەمەزرێـت، تەنیـا لـە ڕێـی جەنگێکـی سەرتاسـەرییەوە دێتـە ئـاراوە، ئـەم جـۆرە جەنگـەش ڕەنگـە بـە شـێوەیەکی گشـتی، نـەك هـەر ڕۆژئـاوا بـە تەنیـا، بەڵکـو شارسـتانییەتی مرۆڤایەتـی لەناوبەرێـت.

کەواتـە پێشـکەوتنی ڕاسـتەقینە ئـەوە نییـە کـە لـە خـۆڕا دێتـە کایـەوە، یـان بـە یـەك هێڵـدا گـوزەردەکات، بەڵکـو ئـەو پێشـکەوتنەیە کـە هەمـوو ناکۆکییـەکان کۆدەکاتـەوە، ئەمـەش بـە ڕێگـەی تێکەڵبوونـی نێـوان ڕەگـەزە جیـاوازەکان تـا دەگاتـە قۆناغـی هۆگربـوون، ئـەم پێشـکەوتنە بـە هیـچ شـێوەیەك لەگـەڵ ڕێژەیـی یـان لەگـەڵ ڕوحـی دروسـتی زانسـتیدا هـاودژ نابێـت.

# بەشی دووەم

## بنەما مێژووییەکانی
## شارستانییەتی نوێی پیشەسازی

ئەمــە مێــژووی شارســتانییەتی نــوێ نییــە، ئەســتەمە هەمــوو ڕواڵەتەکانــی شارســتانیەت لــەم بــوارە تەســکەدا جــێ بکرێتــەوە، بەڵکــو ئــەم توێژینــەوە نوێیــە لەســەر بنەمــای بیرۆکەیەکــی دیاریکــراو نــووسراوە کــە ئێمــە بڕوامــان پێیەتــی، چونکــە ســیفەتی جیاکــەرەوەی شارســتانییەتی تــازە بریتییــە لــەوەی پێــش هەمــوو شــتێك شارســتانییەتێکی پیشەســازییە، ئــەم ســیفەتەش کاریگەریــی بۆســەر هەمــوو ڕواڵەتەکانــی دیکــەدا هەیــە، دیــارە ســەدەی نــوێ پێــش هەمــوو شــتێك ســەدەی ئامێــرەو مێژووەکەشــی هــەر ئــەم مێژووەیــە.

بۆیــە ئامانجــمان لــەو توێژنــەوە مێژوویــەدا ئەوەیــە کــە جەخــت بخرێتــە ســەر باســکردنی پەرەســەندنی ئامێــر لــە پیشەســازیی نوێــدا، هەروەهــا کاریگەریــی لــە ژیانــی ئابــووری و شارســتانی بــە شــێوەیەکی گشــتی.

ئەمــەش بــەو واتایــە نییــە کــە ئێمــە لایەنەکانــی دیکــەی شارســتانیەت پشــتگوێ بخەیــن، بەڵکــو بــە دیــدی ئێمــە ئــەو لایەنانــە بــە تــەواوی بنــج و بــاوان و ئامانجــی خۆیــان هەیــە، ئەمــەش ئەگــەر لــە ڕوانگــەی پەرەســەندنی پیشەســازی و تەکنیکییــەوە بیربکەینــەوە کــە کاریگەرییــان هەبــوو لــە بــواری دەســتوەردان و ســوودوەرگرتنی مــرۆڤ لــە سروشــت. بۆیــە پێویســتە بــەوە لــە ژیانــی پراکتیکــی و چالاکییەکانــی مــرۆڤ بگەیــن کــە توانیویەتــی سروشــت بــکات بــە ئامــرازو مەبەســتی خــۆی، لەمــەدا بۆمــان دەردەکەوێــت کــە زۆر گرنگــە بــە هیــچ شــێوەیەك چالاکیــی روحــی و چالاکیــی ماتریالیــی مــرۆڤ تێکــەڵ نەکەیــن، یــان یەکێکیــان لــەوی دیکــە بــە چاکــتر بزانیــن، چونکــە هــەر دووکیــان تەواوکــەری یەکدیــن.

# پێشەکییەکانی سەردەمی تازەی پیشەسازی

## سەردەمی ڕێنیسانس

پێشتر وا باو بوو کە زاراوەی سەردەمی ڕێنیسانس بە واتای سەرهەڵدانەوەی سەر لە نوێی شارستانیەت یان لە دایکبوونەوەی Re-naissance ، دوای ئەوەی کە خەریك بوو لە تاریکایی سەردەمەکانی ناوەڕاست لەبەین بچێت، بەڵام بیرمەندان ئەمڕۆ زیاتر مەیلیان لەوەیە کە سەردەمەکانی ناوەڕاست بە تەواوی سوودیان نەبووە، هەروەها ئەوەی لەو ماوەیە جیادەکرێتەوە کە بە سەردەمی ڕێنیسانس ناسراوە دەوڵەتە کە دەکەوێتە نێوان سالآنی ١٣٠٠ز – ١٦٠٠ ز، لەم ماوەیەشدا گۆڕانکاریی گرنگی شارستانیەت ڕوویان داوە، دیارە بنەمای سەرەکیی ئابووریی ئەم گۆڕانکارییانەش گەشەسەندنی شارەکانی باشووری ئەورووپا – بەتایبەتیش ئیتاڵیا- لە بازرگانیکردن لەگەڵ ڕۆژهەلآت بووە، بۆیە دەبینین کە شارەکانی ڤینیسیاو میلانۆ زۆر دەوڵەمەند بوون، هەموو هۆکارەکانی هێزیان بۆ دەستەبەرکرا بوو، کە بتوانن گۆڕانکاریی یەکلاکەرەوە لە شێوازی ژیانی ئەوروپییەکان بە گشتی بێننە ئاراوە، کەواتە خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەم شێوازە چین ؟.

أ- یەکەم: گرنگیدان بە مرۆڤ، ئەم بزووتنەوە ڕۆشنبیرییە گەورەیە بە مەیلی مرۆڤایەتی Humanism ناونراوە، پاساوی ئەم ناولێنانە چییە؟ ئەم ناوە لە وشەی humanitas- ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە بەواتای مرۆڤایەتییە، دواتر شیشرۆن وەك گوزارشتکردن لە توێژینەوەی زانستە ڕۆشنبیرییەکان بەکاری هێناوە، وەك ئەدەب و فەلسەفەو ڕەوانبێژی و مێژوو، تا ئێستاش هەندێ زمانی ئەوروپی تا ئەمڕۆ هەر ئەم ناوە بەکاردێنن، لە ئینگلیزیدا وشەی humanities بە واتای کۆمەڵێك زانستی تیۆرییە کە مەبەست لێیان ئەوەیە مرۆڤ ڕۆشنبیریی زیاتری دەست بکەوێت، بەڵام لە سەردەمەکانی ناوەڕاستدا ئەم زاراوەیە ئامانجەکەی سوودوەرگرتن بووە لە ڕێگاکانی بیرکردنەوەی گریکەکان، هەروەها ڕۆمانی کۆن، ئەم ڕێگایانە لە سەردەمەکانی ناوەڕاستدا بە تەواوی فەرامۆشکرابوون.

ئـەم زاراوەیـە ئاماژەیەکـی گرنگـی هەیـەو نابێـت پشـتگوێ بخرێـت، بـێ گومـان پەیوندەییەکـی بەهێـز هەیـە لەنێـوان ئـەم مەیلـەو نێـوان گرنگیـدان بـە مـرۆڤ، چونکـە ئـەو سـەردەمە کـە لـە گریکەکانـەوە درێژبۆتـەوە، کاریگەریـی هەبـووە بۆسـەر بیرکردنـەوەی بیرمەنـدان، ئەوانـە مەیلـی زوهدخوازییـان بـۆ دروسـت بـووە لـە سـەردەمەکانی ناوەڕاسـت. ئـەو گرنگیدانـە بـە هاوئاراسـتەی لێکۆڵینـەوە بـەردەوام بـووە کـە گریکـەکان پەیڕەویـان کـردووە چ بـە پشـتگوێ خسـتن یـان فەرامۆشـکردن بـووە بـە ئاسـتی بیرکردنـەوەو ڕەفتـاری ئایینـی، هـاوکات بەرهەڵسـتیکردنی فەلسـەفەو لاهـوت کـە لـە سـەردەمەکانی ناوەڕاسـتدا بـاو بـوون، بۆیـە ڕوحـی ڕزگاربـوون لـە چنگـی دەسـەڵاتی ئایینـی و گەڕانـەوە بـۆ کلتـوورە پاکەکانـی عەقـڵ، بوونـە هـۆی ئـەوەی کـە مەیلـی مرۆڤایەتـی ببێتـە کۆڵەگەیەکـی بەهێـز کـە ڕاپەڕینـی فیکـری و زانسـتی لـە سـەردەمی نوێـی لەسـەر بنیادبنرێـت.

ب- دووەم: گرنگیـدان بـە سروشـت، لـە سـەردەمەکانی ناوەڕاسـتدا زۆر بـەلای ئـەوەدا نەدەچـوون کـە لـە سروشـت بکۆڵنـەوە، یـان لـە یاسـاکانی بگـەن، بۆیـە بیرکردنـەوە لـە دۆزەخ و بەهەشـت و نەمـری و هـەر شـتێك پەیوەسـت بێـت بـە جیهانەکـەی دیکـەوە، ڕێگـر بـوون لەبـەردەم هـەر هەوڵێـك بـۆ پەیوەنـدی کـردن بـە سروشـت و ماتریالـەوە. مـرۆڤ ئـەو کاتـە زۆر شـتی لـە مێشـکی خۆیـدا لێکدەدایـەوە تایبـەت بـە سروشـت و دەوروبـەر، گوێـی بـەوە نـەدەدا ئـەو بیرۆکەیـە لـە دەرەوە پەسـندبکرایە یـان نـا، تەنانـەت بیـری لـەوەش نەدەکـردەوە کـە ئـەوەی ئـەو دەیزانێـت لۆژیکـە، بەڵکـو پێـی وابـوو کـە ئـەوەی ئـەو دەیڵێـت داواکارییەکانـی بـۆ بەجـێ دێنێـت، لێـرەدا ئـەوەی ئێمـە پێـی ئاشـنا بوویـن ئـەوە بـوو کـە سـەرجەم دیاردەکانـی سروشـت ڕواڵەتەکانـی سیسـتەمێکی خوداییـن، لەبـەر ئـەوە پەیوەندیـی سروشـتیان بـە دیاردەکانـەوە بـەوە لێکدەدایـەوە کـە تێڕوانیـن و دیدێکـی تـەواو تایبەتـە بـەو لایەنـەی کـە ئەمـڕۆ ئێمـە بـە (زانسـت) وەسـفی دەکەیـن.

زانایـان و هونەرمەنـدان تێڕوانینـی خۆیـان بـۆ جیهانـی هەسـتپێکراو پلـە بـە پلـە گـۆڕی، چونکـە لـە سـەدەی پازدەیەمـەوە ئاراسـتەیەك سـەری هەڵـدا ئەویـش گرنگیـدان بـوو بـە سروشـتی هەسـتپێکراو، هەروەهـا هەوڵـی دیراسـەکردنی ئـەو دیاردانـە تاکـو لـە بنـج و

باوانیــان بگــەن، هــەر بۆیــە تەنەکانــی سروشــت لەلایــەن زانایــان و هونەرمەنــدان بــووە مایــەی گرنگــی پێــدان، هــەر ئەمــەش وای کــرد ئــەو زانــاو هونەرمەندانــە زیاتــر هەوڵبــدەن و ماندووبــن بــە دوای دۆزینــەوەی نهێنییەکانــی سروشــت.

دەتوانیــن بڵێیــن کــە گرنگیــدان بــە مــرۆڤ و سروشــت لــە ســەردەمی ڕێنیسانســدا مۆرکێکــی دوو لایەنــەی هەبــوو، لەلایــەك بەرپەرچدانــەوەی گۆشــەگیری بــوو کــە لــە ســەردەمەکانی ناوەڕاســت بــاو بــوو، هەروەهــا هەوڵێکیــش بــوو بــۆ بەدەســتهێنانەوەی بەهەندهەڵگرتنــی هەســتپێکراو، دیســان بــۆ ڕێکخســتنەوەی پەیوەندییەکانــی نێــوان مــرۆڤ و جیهانــی دەوروبــەری بــە شــێوەیەکی نــوێ. بــەڵام ئــەم گرنگیدانــە بــە ئاراســتەیەکی دیکــەوە گرێــدراوە ئەویــش ســوودوەرگرتنە لــە ســامانەکانی سروشــت، بۆیــە لــەم هاوکێشــەیەدا ســامانەکانی سروشــت زیاتــر کۆنتڕۆڵــی دیــاردەی زوهدخــوازی کــرد.

شۆڕشــی فیکــری کــە لــە ســەردەمی ڕێنیسانســدا ســەری هەڵــدا دوو ئەنجامــی لێکەوتــەوە، ئەوانیــش گرنگیــدان بــە جیهانــی سروشــتی و نەهێشــتنی گۆشــەگیری و ســۆفیزم کــە لــە ســەردەمەکانی ناوەئاســتدا لــە ئارادابــوون، هەروەهــا هەوڵــدان بــۆ ســوودوەرگرتن تــا ڕادەیەکــی بەرچــاو لــەم جیهانــە سروشــتییە، ئەویــش بــە گــەڕان و دۆزینــەوەو پەلامــاردان و قۆســتنەوە، ئەنجامــی یەکــەم پەیوەســتە بــە ڕێنیسانســی زانســتی، دووەم پەیوەســتە بــە ســەرهەڵدانی چینــی بــازرگان و ســەرمایەداران. بۆیــە ئەگــەر هەنــدێ لــەو ڕواڵەتانــی شارســتانیەت لــەم ماوەیــەدا بخەینــە ڕوو کــە مۆرکێکــی دوولایەنەمــان بــۆ دەردەکەوێــت:

**١- تێڕوانینــی نوێــی ئایینــی:** لــە ئەدەبــی ســەردەمی ڕێنیســانس و هونەرەکانیــدا، مەیلــی مرۆڤایەتــی بــۆ گەشــەپێدانی تێڕوانیــن بــۆ ژیــان زۆر جیاوازتــر بــوو لــە تێڕوانیــن لــە ســەردەمەکانی ناوەڕاســت، بۆیــە دەبینیــن کــە مەیلخوازانــی مرۆڤایەتــی لــە گۆشــەگیری دووردەکەوتنــەوە، مەبەســتم ئەوەیــە کــە نکوڵییــان لــە جەســتە دەکــردو بــە جیهانەکــەی دیکــەوە پەیوەســت دەبــوون، لــە لایەکــی دیکــەوە زانایــان مەیلیــان زیاتــر بــۆ گــەڕان بــوو بــە دوای پەنهانەکانــی ئــەم جیهانەمــان، ئابووریــش زیاتــر ڕووی لــە قۆســتنەوەو ســوودوەرگرتن بــوو لــە هەمــوو داهاتێــك، بۆیــە دەبینیــن کــە پەیدابوونــی زێــڕو زیــو فاکتــەری ســەرەکی

بــوو بــۆ ئاراســتەکردنی خەڵکەکــە بــەرەو مەیلگەلێکــی واقیعیانــە و پەیوەســت بــوون بــە دنیــاو دوورنەکەوتنــەوە لــەم جیهانــەی ئەمڕۆمــان.

ماقــوڵ نەبــوو کــە ئاییــن بــەدەر بێــت لــەو ئاراســتە نوێیانــە، بەڵکــو دەبــوو بکەوێتــە ژێــر کاریگەریــی ئاراســتەکان، هەروەهــا لەگــەڵ هەلومەرجــی تــازەدا بگونجێــت کــە ڕووبــەڕووی ژیــان و مێــژووی ئەوروپییــەکان بۆتــەوە. ئێمــە نەمانگوتــووە بــە تەنیــا پێشــکەوتنی ئابــووری و ڕێنیسانســی ئەدەبــی و هونەریــی و مرۆڤایەتــی کاریگەرییــان هەبــووە لەســەر ئاراســتەکردنی ئاییــن تاکــو چەنــد ڕێبازێکــی نوێــی لــێ پەیــدا بــن، بەڵکــو پێــمان وایــە کــە کاریگەرییەکــە ئاڵوگــۆڕ بــووە، بــەو واتایــەی هەلومەرجــی تــازە کــە لــەو کاتــەدا هاتــە پێشــەوە دەبــوو تێگەیشــتنی مانــای ئاییــن لــە زەینــی خەڵکــدا بگۆڕێــت، لــە لایەکــی دیکــەوە ئــەم گۆڕانکارییــە لــە تێگەیشــتنی مانــای ئاییــن بــووە هــۆی ئــەوەی کــە بــە خێرایــی ئــەو تێڕوانینــە تازەیــە بــۆ ژیــان پەرەبســەنێت، ئەمــەش بــووە هۆکارێکــی بەهێــز لــەو هۆکارانــەی کــە هانــی جیهــان دەدات لــە مانــای سروشــت بگــەن و ســوودی لــێ وەربگــرن، هەروەهــا هانــی ئابووریناــس بــدات کــە تــا ڕادەیەکــی پێویســت گرنگــی بــە بەکارهێنانــی ســامانی ماتریالــی بــدات. کەواتــە پێویســت بــوو شــۆڕش لــە مەیدانــی ئاییــن بێتــە ئــاراوە کــە هاوتەریــب بێــت لەگــەڵ شۆڕشــی مەیدانــی ئابــووری و زانســتی و هونــەری.

سیســتەمی کــۆن کــە پێشــتر بــاو بــوو وەك بەربەســتێك بــە ڕووی پەرەســەندنی هێزگەلــی نوێــی نێــو کۆمەڵــگا دەوەســتایەوە، پیاوانــی ئایینــی دەســەڵاتی زۆریــان هەبــوو لــە چاودێریکردنــی پێداویســتییەکانی ئایینــی، هــەر ئــەوان بــوون دروشــمەکانیان دەگوتــەوەو سرووتەکانــی پەرســتنیان ڕێکدەخســت و ژیانــی خەڵکەکەیــان بەڕێوەدەبــرد، کەواتــە ئــەم ئاراســتە بــەرەو کــوێ؟ بــەرەو پاڵپشــتیکردنی دەســەڵاتی خــودی کەنیســە، پیاوانــی ئــەو کەنیســانە ســامانێکی زۆریــان کۆکردبــۆوە، دەســەڵاتێکی زۆری سیاســییان هەبــوو، زۆر جاریــش لەگــەڵ خانــەدان و دەرەبــەگان هاوپەیمانییــان دەکــردو هانیــان دەدان تاکــو لــە ســتەمەکەیان بــەردەوام بــن. بــەڵام هێــزە نوێیەکانــی کۆمەڵــگا تەنیــا هێزەکانــی دەرەبــەگ نەبــوون، بەڵکــو چینــی بازرگانــان بــوون، دواتریــش ســەرمایەداران پەیدابــوون کــە هەوڵــی فراوانخوازییــان

دەدا، لێــرەدا پێویســـت بـــوو ئـــەم هاوپەیمانییـــەی نێـــوان کەنیســـەو ئـــەو دەرەبەگـــە هەڵوەشـێتەوە، تاکـو ئاییـن بـوار بداتـە جۆرێکـی تـازەی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان. بۆیـە ئەگـەر ئەمەمـان خسـتە پـاڵ بانگـەوازە تازەکـە کـە لای خەڵـك زۆر دەنگدانـەوەی هەبـوو و ڕەخنـەی توندیـان لـە ئاراسـتەی دەرەبەگیانـەی پیاوانـی کۆنـی ئایینـی دەگـرت، بـەو پێیـەی کـە باکگراونـدی ڕۆشـنبیری و بیرکردنـەوەی ئازادانەیـان نییـە، دەتوانیـن ئـەو هـۆکارە بزانیـن کـە یارمەتیـدەری سـەرکەوتنی بەرچـاوی بانگـەوازە تازەکـە بـوو.

بۆیـە زۆر ئەسـتەم نییـە کـە مارتـن لۆسـەر M. Luther بتوانێـت ڕێگەیـەك بدۆزێتـەوە کـە ئاسـانکار بێـت بـۆ بزووتنـەوە رزگاریخوازەکـەی لـە ئاییـن، ئـەو داوای کـرد کـە بڕوابـوون بنەمـای بـاوەڕ بێـت و ڕێگایـەك بێـت بـۆ ڕزگاربـوون لەجیاتـی کاری ئاشـکرا، ئەمـەش بـەو واتایـەی کـە بـاوەڕ پەیوەسـت بـووە بـە هەسـتی ناخـەوە زیاتـر لـە کـرداری دەرەکـی، ئـەو ڕایـەش ڕەنگـە لـە گرنگیـی پیاوانـی ئایینـی کـەم بکاتـەوە، مادامەکێ ئاییـن بـووە بـە تایبەتمەندیـی هـەر تاکێـك و پێویسـتی بـە ناوبژیـوان نییـە، بـەڵام لـەوە گرنگـتر ئەوەیـە کـە هەمـوو هێزەکانـی گـەڕان کـە بـەدوای سـەرچاوەکانی سـامان لای مرۆڤـی جووڵانـدووە، چونکـە کـردارە دەرەکییەکانـی مـرۆڤ هەڵـە نیـن و لەلایـەن دەسـەڵاتی ئایینـەوە سانسـۆر ناکرێـن، بەڵکـو ئاییـن ڕێگـەی پێـداوە کـە چـۆن حەزبـکات ئـاوا ڕەفتاربـکات، تەنیـا هەسـت و باوەڕەکـەی لێپرسـینەوەی لـێ دەکات.

بۆیـە داواکـەی لۆسـەر زیاتـر گونجـاو بـووە بـۆ کۆمەڵگایـەك، کـە تێیـدا مـرۆڤ هـەوڵ بـدات بڕێکـی زۆری سـامان بەدەسـت بهێنێـت لـە ڕێـگای بەکارهێنـان و قۆسـتنەوەی سروشـت، بۆیـە جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتی روحـی لـە دەسـەڵاتی دنیایـی هێمایەکـی ئـەم ئاراسـتە تازەیەیـە، ئاراسـتەی ڕزگاربـوون لـە هەمـوو کـۆت وبەنـدەکان کـە بوونەتـە ئاسـتەنگ لەبـەردەم نەقۆسـتنەوەی سروشـت لـە لایـەن مرۆڤـەوە.

**٢- فراوانکاریی جوگرافیی ئەوروپییەکان**

زانیاریـی ئەوروپییـەکان سـەبارەت بـە جیهـان تـا سـەردەمەکانی ناوەڕاسـت لـە هەرێمێـك تێپـەڕی نەدەکـرد کـە کەوتۆتـە ڕۆژئـاوای ڕووسـیا و هەنـدێ ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت،

ئەوانـە هەنـدێ هـزری شـاردراوەیان هەبـوو لەسـەر چیـن و هیندسـتان و باکـووری ئەفریقیـا ، سـنووری جیهـان لای ئـەوان کـە زانرابـوو بریتـی بـووە لـە ئۆقیانووسـی ئەتڵەنتیـك و بیابانەکانـی ئاسـیاو ئەفریقیـا. دواتـر ئـەو سـەردەمە هـات کـە گرنگییـان بـە سروشـت دەدا، ئـەو گرنگیدانـە لـە دوو ڕواڵەتـی بنەڕەتـی پێکهاتبـوو، حەزکـردن لـە شـۆڕبوونەوەی قـووڵ بـە ناخـی سروشـتدا لـە لایـەك، هەروەهـا فراوانـکاری لـە سروشـتدا لـە لایەکـی دیکـەوە، قووڵییەکـە ئەوەیـە کـە هـۆکاری لەدایکبوونـی زانسـتە، بـەڵام فراوانـکاری یـان درێژەپێـدان هـۆکاری بەدواداچـوون و دۆزینـەوەی جوگرافییـە. گومانـی تێـدا نییـە کـە گرنگیـدان بـە قۆسـتنەوەی جیهانـی سروشـت و سـەرهەڵدانی چینـی بازرگانـی و زیادبوونـی هـەوڵ و تێکۆشـان بـۆ پـەی بـردن بـە نهێنییەکانـی ژیـان، ئەمانـە ئاسـۆگەلێکی نادیـار بـوون لـە بـەردەم جیهـان تاکـو زیاتـر بـە سـامانە شـاردراوەکان ئاشـنا بێـت.

ئەوانـەی کاری بەدواداچـوون و دۆزینـەوە دەکـەن هەوڵیانـداوە مۆرکێکـی ئاینیـی پێـوە بلکێنـن، بۆیـە دەگوترێـت هـۆکاری فراوانکاریـی ئەوروپییـەکان لـە ئەفریقیـا لەبـەر ئـارەزووی بەرپەرچدانـەوەی موسـڵمانان بـووە لـە سـنووری ئەوروپـا، کـە پێشـتر و لـە سـەدەی حەوتەمـی زایینـی هەڕەشـەیان دەکـرد، بۆیـە داگیرکردنـی دوورگەکانـی ئەفریقیـاو ئاسـیاو کوشـتنی مرۆڤـەکان پاسـاو بـوون بـۆ بڵاوکردنـەوەی ئایینـی مەسـیحی لـە نێـو ئـەو خەڵکانـە، بـێ گومـان پاڵنـەری یەکەمـی ئـەو فراوانکارییـە حـەزو خولیـای سـەپاندنی دەسـەڵاتی ئابـووری بـووە بەسـەر ناوچـە تازەکانـی جیهانـدا، هەروەهـا قۆسـتنەوەو داگیرکردنـی سـامانە دەوڵەمەندەکـەی ڕۆژهـەڵات بـووە، وێـڕای ئـەو قازانجـەی لـە بازرگانیکـردن بـە کۆیلـەکان وەدەسـت دەکـەوت، تـا دەگاتـە بازرگانیکـردن بـە مـرۆڤ کـە بـە شـێوەیەکی یەکجـار زۆر لـە هەڵکشـاندا بـوو، کـە دواتـر بـوو بـە کۆڵەگەیەکـی سـەرەکیی گەشـەی ئابـووری لـە جیهانـی نوێـدا.

دوو دەوڵـەت بـە شـێوەیەکی تایبـەت لـەم دۆزینەوانـەدا سـەردەکەوتن، پورتـوگال کـە بـە تایبەتـی بـەرەو ڕۆژهـەڵات چـوو، ئیسـپانیا کـە بـەرەو ڕۆژئـاوا هەنـگاوی نـا، دەرگاکانـی هـەردوو کیشـوەری ئەمریـکای بـە ڕووی ئەوروپییەکانـدا کـردەوە.

ئینگلتــەرا و فەرەنســاش هاتنــە نێــو ئــەم هاوکێشــەوە، هــەر دەوڵەتێکــی ئەوروپیــش هەوڵــی دا دەســت بەســەر ڕووبەرێکــی گونجــاوی خاکــی تــازەو بــازاڕدا بگرێــت، بــەم شــێوەیە لــە ماوەیەکــی کورتــدا توانــرا ســێ کیشــوەر بدۆزرێنــەوە، هــەردوو ئەمریــکاو ئوســترالیا، لەگــەڵ ســنووری ڕاســتەقینەی هــەردوو کیشــوەری ئاســیاو ئەفریقیــا، بۆیــە ســەردەمێکی تــازە دەســتی پێکــرد کــە تێیــدا شارســتانییەتەکانی ئەوروپــا کۆنترۆڵــی خێــرو شــەڕی جیهانیــان کــرد. بــێ گومــان ئــەو ســەردەمەی دوای دۆزینەوەکانــی جوگرافــی هاتــە پێشــەوە بریتــی بــوو لــە درێژبوونــەوەی کاریگەریــی شارســتانیەتی ئەوروپــا بــۆ ســەرجەم جیهــان، بۆیــە هــەردوو ئەمریکایــەکان بوونــە پاشــکۆی ئەوروپــا، ئاســیاو ئەفریقیــاش وردەوردە بوونــە ناوچــەی هەژمــوون و قۆســتنەوەی ئابــووری لەلایــەن ئەوروپــاوە. گەلانــی ئــەو کیشــوەرانە بــە درێژایــی چــوار ســەدە لەژێــر دەســەڵاتی ســتەمکاریی ئەوروپییــەکان ڕووبــەڕووی مەینەتــی بوونــەوە، دیــارە ئەمــەش واقیعێــك بــووە کــە جیهــان بــە دەســتییەوە ناڵاندوویەتــی.

کەواتــە کاریگەریــی ئــەو دۆزینەوانــە بەســەر خــودی گەلانــی ئەوروپــادا چــی بــووە؟ لــە ڕاســتیدا کاریگەریــی یەکلاکــەرەوەی هەبــووە لــە دروســتکردنی چینایەتــی لــە ئەوروپــادا، چونکــە گرنگتریــن ســامان کــە لــەو زەویانــە دەردەهێــنران، کــە تــازە دۆزرابوونــەوە بەتایبەتیــش لــە ئەوروپــا، بریتــی بــوو لــە زێــڕو زیــو، واتــا کانــزا بــە نرخــەکان، بۆیــە گواســتنەوەی ئــەو کانزایانــە بــۆ وڵاتانــی ئەوروپــا ڕەواجێکــی زۆری لــێ کەوتــەوە، بــازاڕەکان بووژانــەوەو نرخیــش بــەرز بــۆوە، بــەڵام ســوودمەندانی ئــەو ڕەواجــە بریتــی بــوون لــە چینێکــی تــازەی غەیــری چینــی خانەدانانــی دەرەبــەگ ئەوانــەی لــە ســەردەمەکانی ناوەڕاســتدا ناسرابــوون، ئــەو کەســانە داهاتیــان جێگیــر بــوو بــە حوکمــی سروشــتی ســامانەکەیان، بۆیــە نەیانتوانــی خۆیــان لــە قــەرەی چینــی تــازەی بــازرگان و بزنســکاران بــدەن، جــا لەبــەر ئــەوەی ئــەم چینــە بــە حوکمــی کارەکانیــان لــە شــارەکانی ئەوروپــا نیشــتەجێ بــوون، بۆیــە دواتــر بــە بــۆرژوازی نــاسران کــە لــە Bourg واتــا شــارەوە وەرگیــراوە، ئــەم چینــە وردەوردە لــە حکومــەت و کۆمەڵــگادا هاتنــە ڕیــزی پێشــەوە، دوای ئــەوەی هەلومەرجــی تــازە ســازاو

قازانجــی زۆریــان دەســتکەوت. بــەم شــێوەیە ئــەم دۆزینەوانــە هاوســەنگیی هێــزی لەنێــو ئــەو چینانــە بــە شــێوەیەکی بەرچــاو گــۆڕی، دواجــار پێکهاتــەی ناوخــۆی کۆمەڵــگای ئەوروپــی لــە بنەڕەتــەوە گــۆڕی.

**٣- شۆڕشی زانستی و کۆمەڵگای نوێ**

لـەو حوکمانـەی لـە مێـژووی شارسـتانییەتی تـازەدا بـاون، دەگوترێـت کـە سـەرهەڵدانی زانسـت لـە سـەرەتاکانی سـەدەی نوێـدا بـۆ زیندووکردنـەوەی شـێوازی گریـك دەگەڕێتـەوە لـە بـواری بیرکردنـەوەدا، ئـەو شـێوازەی کـە بیرکردنـەوەی عەقڵـی تێـدا زاڵ بـوو، هەروەهـا کۆششـکردن بـوو بـۆ دۆزینـەوەی تیۆرگەلێکـی گشـتیی کـە لـە پشـت ئـەو دیـاردە لاوەکیانـەوە بـوون.

زانســت بــەو واتایــە بریتــی نەبــووە لــە قەوارەیەکــی ســەربەخۆ لــە ســەردەمەکانی ناوەڕاسـت، بەڵکـو پێـش سـەدەی پازدەیـەم، لـە ڕاسـتیدا لەگـەڵ فەلسـەفەدا تێکـەڵ بـوون، ئەمــەش هۆکارێــك بــوو بــۆ گەشەســەندنی زانســتە تایبەتییــەکان، دەگوترێــت کــە زانســت لــە ســەردەمی گریکــدا لەگــەڵ فەلســەفەدا تێکــەڵ بــووە، بــەڵام لــە واقیعــدا زانســت لــە کۆتایــی ئــەم ســەردەمەدا ســەربەخۆ بــوو، بــە ئاراســتەیەکی ئەزموونداریــی دروســتدا هەنــگاوی نــا، ئەمــە وێــڕای ئــەوەی کــە خــودی فەیلەســووفەکانی گریــك زۆرجــار بــە گیانێکــی لەخۆبــردووەوە بــەدوای بابەتــە زانســتییەکان و ســەرەتاییەکانی میتافیزیکیــادا دەگــەڕان، بــە پێچەوانــەی دۆخەکــەی ســەردەمەکانی ناوەڕاســت.

کەواتــە چــی هــۆکار بــوو بــۆ پێشــکەوتنی زانســتی تــازە، کاتــێ هــزرو زەینــەکان لــە سـەردەمی ڕێنیسـانس تێکـەڵ بـە ڕاوبۆچوونـی فەیلەسـووفەکانی گریـك بـوون ؟ ئـەو ڕەگـەزە چــی بــوو کــە هانــی ئــەو پێشــکەوتنەی دەدا لــە شــێوازی بیرکردنــەوەی گریــك؟ گریــك خاوەنــی کۆنتریــن هــەوڵ بــوون بــۆ دۆزینــەوەی تیۆرگەلــی زانســتی بــە مانــا فراوانەکــەی، ئــەوان تەنیــا بــە دیــاردە سروشــتییەکان نەوەســتان کــە بــە دوای ڕێســا ســنووردارەکانی پراکتیکیـدا بگەڕێـن، هـەروەك گەلانـی دیکـەی خـاوەن شارسـتانییەتە کۆنـەکان پەیڕەویـان دەکــرد، بەڵکــو ئــەوان ســەرکەوتنی بەرچاویــان داهێنــا لــە بــواری ماتماتیکــدا، تەنانــەت قوتابخانەیەکــی تــەواوی فەلســەفە- قوتابخانــەی فیســاگۆرس – پێــی وا بــوو کــە گــەردوون

بریتییــە لــە ژمــارەو ئــاواز، واتــا بنەمــای تێگەیشــتنمان بــۆ گــەردوون لــەوەدا ســەرچاوە دەگرێــت کــە پەیوەندییــە لەنێــوان ڕەگــەزو دیاردەکانــی لــە بــواری پێکهاتــە و ڕێژەکانــی ماتماتیــك، بۆیــە دەبینیــن کــە ڕێنیسانســی زانســتیی گریــك لــە قوتابخانــەی ئەســکەندەریە گەیشــتە لووتکــە، کاتێــك دۆزینــەوە فەلەکناســییەکان گەشــەیان کــرد و زانســتی ماتماتیــك پــەرەی ســەندو خــودی زانســتی سروشــتیش پێشــکەوتنێکی گــەورەی بــە خۆیــەوە دی.

لــە ســەردەمی ڕۆمانییەکانــدا کــە بــە هێــرش و شــاڵاو ناسرابــوو، نســکۆی زانســت و ڕۆشــنبیری بــە شــێوەیەکی گشــتی ســەری هەڵــدا، بــەڵام لــە ســەردەمەکانی ناوەڕاســتدا ڕۆژئــاوا ڕووی کــردە هەوڵــی قوتاربــوون لــە گوناهەکانــی ئــەم جیهانــە، بۆیــە زیاتــر ئومێــد بــە جیهانەکــەی دیکــە بــوو وەك دواپەناگــەی مــرۆڤ، بــە کورتــی: ڕۆژئــاوا بــە تــەواوی ئاراســتەی دروســتی زانســتیی پشــتگوێ خســت، لــە هەمــان کاتــدا عــەرەب ئــاڵای زانســتی بەرزکــردەوە، توانیــان پارێــزگاری لــە کلتــووری زانســتیی گریــك بکــەن، تەنانــەت لــە زۆر بــواردا بۆشــیان زیــاد کــرد، واتــا لــەم ماوەیــەدا بزووتنــەوەی زانســتی نەوەســتا، بەڵکــو زیاتــر پــەرەی ســەند. بۆیــە لــە ڕێــگای عەرەبــەوە جارێکــی دیکــە زانســت گوازرایــەوە بــۆ ئەورووپــا لــە مــاوەی رابــردووی ســەردەمی ڕێنیسانســدا، ئەورووپییــەکان دەســتیان دایــە پاککردنــەوەی تیۆرەکانــی ماتماتیکیــی گریــك لــە پاشــماوەی ســۆفیگەری کــە تێکــەڵ بــە ڕێبازەکانــی فیســاگۆرس و ئەفلاتــون بووبــوو. بــەڵام ئایــا ئــەم کاریگەرییــە لــە بیرکردنــەوەی گریــك و بــە زانســتەکانی عــەرەب پاســاوە بــۆ ڕێنیسانســی ئەزموونکاریــی زانســتی لــە ســەرەتاکانی ســەردەمی نوێــدا؟ لــە ڕاســتیدا پێویســتە هۆکارێکــی کۆمەڵایەتــی بــۆ خــودی ئــەم دیاردەیــە هەبێــت، مەبەســتم دیــاردەی کاریگەربــوون بــە بیرکردنــەوەی گریــك و بــە زانســتەکانی عــەرەب، پێویســتە لــە خــودی ژینگــەی کۆمەڵایەتیــدا بیــر لــەوە بکرێتــەوە کــە ئــەم ئاراســتەیە ڕۆڵــی خــۆی ببینێــت، ئاراســتەیەك توێژینەوەیەکــی زانســتی و بابەتییانــە لــە کێشــەکانی ئــەم جیهانــەدا بــکات، لەجیاتــی ئــەوەی تەنیــا توێژینــەوە بــکات لــە شــێوازی قوتارکردنــی ڕوح لــە بەدکاریــی ئــەم جیهانــە، تەنیــا بــەم شــێوەیە کاتــێ هــۆکاری کۆمەڵایەتیــی ئــەم دیاردەیــە دەخەینــە ڕوو، دەکــرێ زۆر چــاك لــەم ڕێنیسانســە ڕۆشــنبیرییە مەزنــە بگەیــن.

بـا پێشـتر لـە سروشـتی شۆڕشـی زانسـتی وردبینـەوە پێـش ئـەوەی لـە هۆكارەكـەی بكۆڵینـەوە:

ئـەو شۆڕشـە لەوەتـەی سـەدەی شـازدەیەم بـە شۆڕشـێكی زانسـتی دەسـتی پـێ كـرد و ڕاكانـی ئەرسـتۆی پـەرت كـرد، دوای ئـەوەی ئـەو ڕایانـە بـە درێژایـی سـەردەمەكانی ناوەڕاسـت لـە هـزرو بیـردا چەسـپاوبوون، ئەویـش شۆڕشـی كبرنكـش بـوو كـە بەرەنـگاری ئـەو ڕایانـە بـووەوە كـە لـە فەلەكناسـیدا باوبـوو، ئەمـە سیسـتەمی فەلەكناسـیی بەتلیمـۆس گـۆڕی- واتـا بـەو سیسـتەمەی كـە تێیـدا زەوی سـەنتەری گەردوونـە- بـەوە گـۆڕی كـە خـۆر سـەنتەری گرووپـە هەسـارەیەكە بـە كۆمەڵـەی خـۆر نـاسراوە، زەویـش یەكێكـە لـەو هەسـارانەی بـەدەوری خـۆردا دەخوولێتـەوە، ئـەم ڕاگەلـە نوێیانـە لـە دۆزینەوەكانـی كبلـەردا ڕەنگیـان دایـەوە، گالیلـۆ بـە تـەواوی سـەلماندی دوای ئـەوەی دووربینـی گەورەكـەری داهێنـا، ئەمـەش دوای سـەرنجەكانی لـە بـواری فەلەكناسـیدا كـە بـە تـەواوی سـەرجەم تیـۆرە كۆنەكانـی سـڕیەوە.

مەزنتریـن بەڵگـەی ئـەم شۆڕشـە فەلەكناسـییە، بریتییـە لـە پاككردنـەوەی زانسـتی و بابەتییانـە، كـە مرۆڤـی وا لێكـرد دەسـتبەرداری پێگـە پەسـندكراوەكەی ببێـت بـەو پێیـەی سـەنتەری گەردوونـە، هەمـوو هەسـارەكان بـە دەوریـدا دەخوولێنـەوە، هەمـوو جیهانیـش سـوودی لـێ دەبینـن، بۆیـە ئەگـەر گۆڕینـی تێڕوانیـن بـەم شـێوەیە بێـت كـە ئەمـڕۆ بـە دیـدی ئێمـە بـە شـتێكی ئاسـایی سـەیربكرێت، ئـەوا بـێ گومـان لـە كاتـی خۆیـدا پێویسـتی بـە ئازایەتـی و پاككردنەوەیەكـی گـەورەی عەقـڵ هەیـە، كـە بـە خێرایـی لـە پرۆگرامەكانـی توێژینـەوەی زانسـتەكانی دیكـەدا ڕەنگـی دایـەوە.

ئـەم فۆرمـە لەسـەر دەسـتی زانایـان و بیرمەندانـی سـەدەی دواتـر گواسـترایەوە بـۆ شـێوازی بیركردنـەوەی نـوێ، واتـا سـەدەی حەڤدەیـەم، فرانسـیس بیكـن Francis Bacon پرۆگرامـی زانسـتی خوێندنكاریـی لـە چەنـد بەرگێكـدا داهێنـا بـە نـاوی پرۆگرامـی نـوێ Novum organum كـە بـەو پرۆگرامـە بـەرەو ڕووی پرۆگرامـی پێوانەیـی ئەرسـتۆ وەسـتایەوە. هەروەهـا دیـكارت توێژینـەوەی گرنگـی زانسـتی

هەبــوو، بــە بیرکردنــەوە فەلســەفییەکەی خــۆی ڕووی کــردە وردبینــکاری لــە ماتماتیــك وەك پێوانەیــەك بــۆ ئــەم ڕاســتییە، بــەم شــێوەیە فەلســەفە ڕۆڵــی خــۆی گێــڕا لــە تێکشــکاندنی بیــردۆزو پڕۆگرامەکانــی ئەرســتۆ، هەروەهــا لــە هاندانــی ئاراســتەی نوێــی زانســتیی ســەربەخۆ، مەزنتریــن زانــای ســەدەی حەڤدەیــەم نیوتــن بــوو، کــە یاســای کێشــکردنی گشــتی دانــا، ئــەو دووپاتــی کــردەوە کــە ئــەوەی لەســەر زەوی ڕوودەدات لــە ســەرجەم گەردوونیــش بــە هەمــان شــێوە،هەروەها یاســا ســەرەکییەکانی زانســتی میکانیــك و تیشــکی دۆزییــەوە.

بۆیــە ناتوانیــن بەدواداچــوون بۆهەمــوو ئــەو دۆزینەوانــە بکەیــن کــە لــە زانســتەکانی ماتماتیــك و سروشــت لــەو ماوەیــەدا هاتبوونــە کایــەوە، دەتوانیــن تەنیــا ئامــاژە بــۆ ئاراســتە گشــتییەکان بکەیــن کــە هەمــوو بنەمــا چەقبەســتووە کۆنەکانیــان تێکشــکاند و بنەمــای تازەیــان هێنایــە ئــاراوە کــە توانــای پەرەســەندنیان هەبــوو.

ئەمــە هەمــوو واقیعەکــە بــوو، کەواتــە چــۆن هۆکارەکانــی دەســت نیشــان دەکەیــن؟ ئاشــکرایە کــە ســەرەتای نــاوی ســەردەمی نــوێ پەیوەســتە بــە گواســتنەوە لــە سیســتەمی دەرەبەگایەتــی بــۆ سیســتەمێك کــە چینــی زۆری تــازەی تێــدا درووســت بــوون، ئەوانــە تایبــەت بــوون بــە بازرگانــی و پیشەســازی، ئەنجامــی پێویســتی ئەمــەش گەشــانەوەی شــارەکان بــوو، هەروەهــا گواســتنەوەی ســەنتەری چالاکــی لــە گونــدەوە بــۆ شــار، ئــەو شــارانە دوای گەشــانەوەیان جــۆرە ســەربەخۆییەکی خۆیــان بەدەســت هێنــا، کــە ئاســتیان جیــاواز بــوو، بــەڵام ڕکابەریــی ئابووریــی نێــوان ئــەو شــارانە هەمیشــە ناکۆکــی و پێکدادانــی لەنێوانیانــدا دەهێنایــە ئــاراوە، هەرچەنــد ئابووریــی ســەرمایەداری زیاتــر بەدەرکەوتبایــە ئەوەنــدە شــارەکان پێویســتییان بــە فراوانبــوون دەبــوو، دواجــار ململانێــی نێوانیــان زیاتــر پــەرەی دەســەند، تەنانــەت شــەڕو پێکــدادان بــوو بــە دۆخێکــی ئاســایی، ئەمــە سیســتەمەکانی ئــەو کاتــەی لاواز نەدەکــرد، بەڵکــو زیاتــر پاڵپشــتیی دەکــردن، دیــارە شــەڕیش پێویســتی بــە پیشەســازییەکی پێشــکەوتوو هەیــە، تاکــو لــەو کاتانــەدا خــۆراك و کەلوپەلــی ســەربازیی بداتــە ســوپاکان.

لەپاڵ ئەمەشدا، گەشەکردنی بازرگانی بەو پێیەی تەوەری ژیانی ئابووری بوو لەو سەردەمەدا، بووە هۆی سەرهەڵدانی کێشەیەکی زۆری پەیوەست بە گواستنەوەو هاتوچۆ، بازرگانی- وەك زانراوە- بێ هەبوونی سیستەمێکی پتەوی پەیوەندی گەشە ناکات، دواجار سروشتی نوێی ژیان پێویست بەوە دەکات دراو هەبێت کە زۆر گرنگە بەو پێیەی ئامرازی مامەڵەکردنە لەنێوان شارەکان، هەروەها لەنێوان بازرگاناندا، بۆیە مامەڵەکردن بە دراو کاریگەریی بەرچاوی هەبوو کە لەنێو خودی پرۆگرامی زانستیدا دەنگدانەوەی هەبوو. لێرەدا پێویستە هەر یەکێك لەم لایەنانە بە تەنیا باس بکەین.

أ- زۆر خەڵك دەڵێن کە مرۆڤ پیشەسازی لە جەنگدا پێش ئاشتی بەکارهێناوە، پاساویش بۆ ئەوە لەوەدایە کە زیاتر لە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان بریتی بوون لەو پیشەسازییانەی کە پەیوەست بوون بە جەنگ. لەوەتەی سەردەمەکانی ناوەڕاست باروت لە ئامێری جۆراوجۆری جەنگدا بەکارهاتووە، لەوانەش مەنجەنیق کە تاشەبەردی زەبەلاح بۆ مەودایەکی دوور دەهاوێژێت، بێ گومان وردبینی لە بەکارهێنانی چەکەکانی شەڕ پێویستی بە پێشکەوتنی زانستی هەیە، هەروەها گەڕانە بە دوای ئەو کێشانەی لە ئەنجامی بەکارهێنانی چەکەکان سەرهەڵدەدەن، بۆیە ئەم کێشانە ئەو واقیعە ڕوون دەکەنەوە کە لە سەردەمەکانی سەرەتادا بیرکردنەوەی تازەی زانستی بە چ ئاراستەیەکدا هەنگاوی دەنا. لەبەر ئەوە بەکارهێنانی باروت کێشەیەکی زۆری هێنایە کایەوە لە زانستی سروشت و کیمیادا، تاکو بتوانرێت کۆنترۆڵی ڕێگای تەقینەوە بکات بە شێوەیەکی دروست، ئەمەش هاندەرێك بوو بۆ زانایان تاکو لەم بوارانەدا هەوڵ و کۆششی زیاتر بخەنە گەڕ.

زانینی دروستکردنی ئەو تۆپخانەی کە گوللە تۆپی باروت بەکاردەهێنێت، پێویستی بە توێژینەوەیەکی ورد هەیە لە یاساکانی کەوتنەوەی تەنەکان و ئاراستەکانیان لە هەوادا. هەندێ لە توێژەران سەرنجیان داوە کە زۆر لەو نموونانەی گالیلۆ لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێ کردوون تایبەت بە شرۆڤەکردنی بیردۆزەکانی خۆی پەیوەست بە کەوتنی تەنەکان، بریتی بوون لەو نموونانەی –ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ-

پەیوەندییـان هەبـووە بـە گوللــە تۆپـەکان، تەنانـەت گوتـراوە کـە ئـەو هەوڵـەی گالیلـۆ داویەتـی لـە زانسـتی دینامیکـدا، کۆتایـی ئـەو توێژینەوانەیـە کـە بـۆ زانینـی ئاسـتی کاریگەریـی هاویشـتنی گوللـەتۆپ ئەنجـام درابـوون.

ئەمـە بـۆ دۆزینەوەکانـی نیوتـن ڕاسـت نییـە، چونکـە ئەوانـە لـە بوارێکـدا هاتوونەتـە ئـاراوە کـە پەیوەندییـان هەبـووە بـە ئامانجەکانـی ئابـووری و شـەڕەوە. یاسـاکانی جووڵـەی تەنـەکان لـەم ڕووەوە زۆر بـە سـوودن، هەروەهـا یاسـای کێـش کـردن کـە یاسـاکانی ئەستێرەناسـی و جووڵـەی بەیەکـەوە بەسـتۆتەوە، هەمـان مەبەسـتی هەیـە، دەکـرێ بڵێیـن کـە خـودی نیوتـن ئـەو شـتانەی لـە زەینـدا نەبـووە، بـەڵام ڕێچکـەی کۆمەڵایەتـی کاریگەریـی هەبـووە لـەو توێژینەوانـەی ئەنجامـی داون.

ب- پاڵنـەری دووەمـی پێشـکەوتنی زانسـتی، بریتییـە لـە پەیوەسـتکردنی کێشـەکانی تایبـەت بـە هۆیەکانـی گواسـتنەوەو پەیوەندیـی لەنێـو ئـەو کۆمەڵگایـەی کـە بـە پلـەی یەکـەم پشـت بـە بازرگانـی دەبەسـتێت، دەبینیـن کـە گرنگیـدان بـە گواسـتنەوەی دەریایـی بـووە هـۆی لێکۆڵینـەوە لـە کێشـەکانی هاوسـەنگیی شـلەمەنی و مەرجـە میکانیکییەکانـی ئـەم هاوسـەنگییە، بۆیـە توێژینەوەکانـی پەیوەندیـدار بـەو کێشـانە لای زانایانـی وەك پاسـکال و توریچلـی جێگـەی بایەخێکـی زۆر بـوون. گواسـتنەوەی دوورمـەودا لـە دەریـا هـۆکاری سـەرەکیی پەیوەنـدی بـووە لەنێـوان وڵاتانـی ئەوروپـا و وڵاتانـی دووری ڕۆژهـەڵات، کـە لەوێـوە گرنگتریـن کاڵای گرانبەهـا لـە ڕێـی بازرگانیـی ئەوروپییـەوە دەگوازرایـەوە، بۆیـە پێویسـت بـوو کاربکرێـت بـۆ دابینکردنـی گەشـتی مەودادرێـژ تاکـو بـەم هۆیـەوە بڕێکـی زۆری زێـڕ لـە وڵاتانـی ئەوروپـاوە مسـۆگەر بکرێـت، ئەمـەش هۆکارێـك بـوو بـۆ پێشـکەوتنی توێژینـەوەی ئەستێرەناسـی لـەو ماوەیـەدا، چونکـە زۆر گرنـگ بـوو بـۆ دیاریکردنـی شـوێنی کەشـتییەکان لەنێـو دەریاکانـدا. هەروەهـا توێژینـەوە لـە تیشـك گرنگییەکـی دیکـەی بـواری ئەسـتێرە ناسـی بـوو لـەو سـەردەمەدا.

ج- مامەڵـەی دراو کاریگەریـی زۆری هەبـوو لـەو شـێوازەی کـە زانسـت پشـتی پـێ دەبەسـت، پێـش ئـەوەی باسـی پەیوەندیـی نێـوان ئـەو مامەڵەیـەو و نێـوان سروشـتی

زانستیی دۆزینـەوە بکەیـن، پێویسـتە ئـەو هـەل و مەرجـە ڕوون بکەینـەوە کـە بـووە هـۆی زیاتـر بایەخـدان بـەم جـۆرە مامەڵەکردنـە. بەکارهێنانـی بـاروت لـە جەنگـدا ئەنجامگەلێکـی دوورمــەودای لێکەوتــەوە، جەنــگ بــوو بــە ئۆپەراســیۆنێك کــە تێچــووی زۆری پێویســت بــوو، ئەمــەش دەبــوو پارەیەکــی زۆری بــۆ دابیــن بکرێــت، ئــەم پارەیــەش تەنیــا لای ئــەو بازرگانانـە هەبـوو کـە نیشـتەجێی شـارەکان بـوون زیاتـر لـەوەی لای دەرەبەگەکانـی خـاوەن داهاتێکــی کــەم هەبــوو، ئــەم ڕاســتییەش کاریگەریــی زۆری هەبــوو لــە پاڵپشــتیکردنی هەژموونــی چینــی بــازرگان و ســەرمایەدارانی تــازە پێگەیشــتوو، دوای ئــەوەی حوکمڕانــان بوونـە هاوپەیمانیـان و پشـتیان پـێ بەسـتن لـە شـەڕەکانیاندا.

ئـەوەی بـۆ ئێمـە گرنگـە، نـەك ئـەو وێنـە تازەیـەی جەنـگ دەربـارەی پێکهاتـەی چینـە تـازەکان، بەڵکـو تەنیـا ئەوەنـدە بەسـە کـە ئامـاژە بـە کاریگەریـی ئـەو وێنەیـە بکەیـن لـە زیادکردنـی بایەخـی مامەڵەکـردن بـە دراو، هەروەهـا ئەنجامـی ئـەو کاریگەرییـە لـە بـواری ڕەوڕەوەی پێشـکەوتنی زانسـت لـەو ماوەیـەدا.

ئــەو مامەڵەکردنــە بــە دراو- کــە لەنێــوان چینەکانــی بــازرگان و ســەرمایەدارە تــازە پێگەیشــتووەکاندا بــاو بــوو- کاریگەریــی هەبــوو لــە ڕووی گرنگیــدان بــە ماتماتیــك و زانسـتەکانی دیکـە، بەڕێوەبردنـی کاروبـاری بازرگانـی بـە تەنیـا پێویسـتی بـە زانیاریـی زۆرە لـە بـواری ژمـاردن و ژمێـرە، هەروەهـا گەشـەکردنی وردبینـی و پێداگـری کـە بـۆ سـەرکەوتنی بزنسـکاردا زۆر پێویسـتن، لـەوەش گرنگـتر مامەڵەکـردن بـە دراو کاتـێ شـوێنی گۆڕینـەوەی کاڵاکانــی گرتــەوە، وەك ئــەوە وابــوو کــە پــارەو دراو لــە شــێوەی پیتەکانــی جەبــرە (س) یـان(ص)، کـە ئەمانـەش پیـتن و شـوێنی هیـچ بڕێـك ناگرنـەوە، کـە خـۆی لـە خۆیـدا بـە واتـای بڕێکـی دیاریکـراو نییـە، بەڵکـو قـەوارەی گریمانەییـن، ئامـاژەی دیاریکراویـان نییـە، هەمـوو توانایـەك دەگرێتـەوە، بۆیـە گومـان لـەوەدا نییـە کـە بڵاوبوونـەوەی ئاڵوگـۆڕی دراو بــە شــێوەیەکی فــراوان، هەروەهــا وازهێنــان لــە گۆڕینــەوەی کاڵاکان، مۆرکێکــی تایبەتــی بــە پرۆســەی بازرگانــی گەیانــد، تــا وای کــرد خەڵــك لــە مەســەلەی ماتماتیــك بایــەخ بــە بیــردۆزە نوێیــەکان بــدەن. چونکــە کەســی ســەرکەوتوو لــەو ســەردەمەدا ئــەو کەســە بــوو

کـە هەمـوو شـتێکی ماتریالـی بەلاوەدەنـا لـە ئاسـن و تیژەمەنـی و زیـو، ڕووی دەکـردە بـڕو چەندایەتـی و کاروبـاری خـۆی بـە ژمـارەو هێـما بـەڕێ دەکـرد.

ئەمانــە ئــەو ســیفەتانە بــوون کــە زانســتی سروشــتی لــەم ماوەیــەدا جیــای دەکردنــەوە، زانـا تەنیـا لـە سروشـتدا بـەدوای لایەنەکانـی چەندایەتیـدا دەگەڕێـت، گـوێ بـە چۆنێتـی و سـیفەتەکانی دیکـە نـادات، پەیوەندییەکانـی ماتماتیکیـی نێـوان شـتەکان نـەك سـیفەتەکانیان هـۆکارن بـۆ هەڵچنینـی ئـەو یاسـایانەی کـە کۆنترۆڵـی جیهانـی سروشـت دەکـەن، وردبینـی لــە ماتماتیــك و ئەبســتراکتی تــەواو بوونــە نموونــەی بــاڵای زانیــان و بیرمەنــدان لــەو ســەردەمەو دواتریــش، ئەمــە پرۆگرامێکــی دروســتە کــە زانایــان و فەیلەســووفان جەختــی لەســەر دەکەنــەوە، لــە گالیلــۆوە تــا نیوتــن، هەروەهــا لــە بیکنــەوە بــۆ دیــکارت.

ئێمــە بانگەشــەی ئــەوە ناکەیــن کــە تاکــە هێــزی پاڵنــەری زانســت لــەم ماوەیــەدا کاریگەریـی بۆسـەر هـزرو زەینـی مـرۆڤ هەبـوو لـە بیرکردنـەوە لـە ئەبسـتراکت و وردبینیـی ژمێریــاری لــە ڕووی مامەڵەکــردن لەگــەڵ دراودا، چەندیــن فاکتــەری دیکــە هــەن، بــەڵام هەموویـان بـۆ ڕێچکـەی کۆمەڵایەتیـی ئـەو سـەردەمە دەگەڕێنـەوە کـە بریتـی بـوو لـە وەرگەڕانـی هاوسـەنگیی هێزەکانـی نێـوان ڕەگـەزو چینـەکان، ڕێـگای نوێـش کـە زانسـتی ئەبســتراکت گرتیــە بــەر ڕێگەخۆشــکەر بــوو بــۆ پەرەســەندنی پیشەســازی لــە ســەدەی هەژدەیەمــدا.

# سەردەمی پێشکەوتووی پیشەسازی

## پێشەکی

لــە بەشــی ڕابــردوودا ئــەو فاکتــەرە ســەرەکییانەمان ڕوون کــردەوە کــە بــە گەلەکۆمەکــی بوونــە هــۆکاری گواســتنەوەی قۆناغێکــی یەکلاکــەرەوەی نــوێ لــە پەیوەندیــی مــرۆڤ بــە سروشــتەوە، هەروەهــا پەیوەندیــی مــرۆڤ بــە مرۆڤــەوە، باســی ئــەو پەرەسەندنانەشــمان کــرد لــە بــواری فیکــرو بیروبــاوەڕو زانســت چــۆن هەموویــان ئامــاژە بــوون بــۆ گۆڕانــکاری، ئــەو گۆڕانکارییــە گرنگــە گوزارشــتە لــە پێشــکەوتنی گــەورەی بــواری پیشەســازی و بەکارهێنانــی فراوانــی ئامێــر لــە بەرهەمهێنانــدا.

ئــەو پەرەســەندنە زانســتییەی کــە لــە کۆتایــی بەشــی ڕابــردوودا باســمان کــرد هــۆکاری یاریــدەدەری پێشــکەوتنی پیشەســازیی ئامێــر بــوو، زەمینــەی گونجاویشــی بــۆ دەســتەبەرکرد، چونکــە پەرەســەندنی زانســتی لــە ســەرەتای ســەدەی نوێــدا زیاتــر مەبەســتی زاڵبوونــی چەندایەتــی بــووە، هەروەهــا ســڕینەوەی چۆنایەتــی لــەو تیۆرانــەی کــە بــە هۆیانــەوە لــە نهێنییەکانــی جیهــان دەگەیــن. ئــەو تێڕوانینــە ماتماتیکییــە بــۆ جیهــان دەتوانێــت گیانــی بابەتییانــە لــە دڵ و دەروونــدا بچێنێــت، کەواتــە توێــژەر بــۆی نییــە ســیفەتەکانی چۆنایەتــی لــە گــەردوون دامالێــت، لــە کاتێکــدا ناتوانێــت هەواوئــارەزوو و هەڵچوونەکانیشــی لــە خــودی خــۆی لابەرێــت، ئــەوەی لێــی داواکــراوە ســیفەتەکانی چەندایەتیــی دیــاردەکان بــە وردبینییەکــی تــەواو و بــێ لایەنــی تۆماربــکات، بەمــەش دەتوانێــت یاســاکانی بدۆزێتــەوە، واتــا ماتماتیــك بکاتــە پرۆگرامێکــی نموونەیــی هەمــوو زانســتەکان کــە هەمــوو هەڵچوونــە مرۆییــەکان بــەلاوە بنێــت، بــە ڕێگایەکــی دوور لــە بەرژەوەندیــی تایبەتــی بڕوانێتــە شــتەکان، دەتوانیــن بڵێیــن کــە ئــەم وێنەیــەی ماتماتیکــی خاڵییــە لــە هەڵچــوون.

لــە بەرهەمهێنانــی ئامێــردا ڕەگــەزی کەســیی نامێنێــت و مۆرکــی مرۆیــی دەســڕدرێتەوە کــە پێشــتر لــە بەرهەمهێنانــی شــت و مەکــی نێــو ماڵــدا بــاو بــوو، هەمــوو پەیوەندییەکانــی نێــوان ڕەگەزەکانــی سیســتەمی بەرهەمــەکان تەنیــا شــێوەیە، بــەس حیســابی بــڕو چەندایەتــی

بـۆ دەکرێـت، واتـا چۆنایەتیـی هەسـت یـان هەڵچوونـە مرۆییـەکان کاریگەرییـان نابێـت.

**١- شۆڕشی پیشەسازی چییە؟**

شۆڕشـی پیشەسـازی Industrial Revolution بـەو دیاردەیـە دەگوترێـت کـە لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی هەژدەیـەم ڕووی دا، ئـەو کات لـە ئینگلتـەڕا دەسـتی پـێ کـردو لەوێـوە بـە سـەرجەم وڵاتانـی ئەوروپـاو هەمـوو جیهانـدا بـە پلـەی جیـاواز بڵاوبـووەوە، ئـەم شۆڕشـە بـە شـێوەیەکی فـراوان ئامێـری لـە بەرهەمهێنانـدا تێـدا بەکارهێـنرا، پشتیشـی بـە کاڵای درووسـتکراو دەبەسـت بـەو پێیـەی داهاتـی سـەرەکیی بـوو لـە داهاتەکانـی بەرهەمهێنـان. چەندیـن ڕای جیـاواز لەمـەڕ سروشـتی ئـەم شۆڕشـە و پەیوەندیـی بـەو پێشـەکییانەی کـە ئاسـانکاریان بـۆی کردبـوو هاتەئـاراوە، کـە سـێ ڕا بـوون:

أ- ڕای یەکـەم: ڕای نەریتـی بـوو کـە ماوەیەکـی زۆر لەنێـو توێژەرانـدا بـاو بـوو، کـە پێیـان وا بـوو شۆڕشـێکی ڕاسـتەقینە لـەو ماوەیـەدا ڕوویـداوە، بـە واتـای ئـەوەی بەرهەمهێنـان ڕێگاکانـی گۆڕیـوە، لەنـاکاو بـێ هیـچ پێشـەکییەك چوارچێوەکـەی فراوانـتر بـووە، ئەمـەش لـە ئەنجامـی چەندیـن داهێنانـی یـەك لـە دوای یـەك، بەشـێوەیەکی تایبەتـی لـە بـواری وزەی هەڵمـدا، ئەمـەش بـە واتـای ئـەوەی دوای ماوەیەکـی کـورت ڕووی ئابـووری بـە تـەواوی گـۆڕا، گۆڕانکارییـەك کـە لـە توانـای کـەس نەبـوو و چاوەڕوانیـش نەدەکـرا هاتـە ئـاراوە. بناغـەی ئـەو گۆڕانکارییـەش هێنانەکایـەی پیشەسـازیی ئامێـر بـوو لەجیاتـی کشـتوکاڵ، واتـا مـرۆڤ هەڵوێسـتێکی ئەرێنـی هەبێـت بەرامبـەر سروشـت، دوای ئـەوەی کـە لـە کشـتوکاڵدا هەڵوێسـتی نەرێنـی هەبـوو، هـەر مرۆڤـە کـە سروشـت دەگۆڕێـت، ڕاسـتەوخۆش بەرهەمەکـەی ناچنێتـەوە، بەڵکـو بەرهەمـی ڕاسـتەوخۆی تەنیـا کەرەسـتەی سـەرەتاییە کـە مـرۆڤ بـە هـۆی ئامێـرەوە زۆرتریـن گۆڕانکاریـی تێـدا دەکات بـە پێـی ئـارەزوو و ئامانجەکانـی خـۆی، بـێ گومـان تەواوکردنـی ئـەو گۆڕانکارییـە گرنـگ و زۆرە لـە نەرێنییـەوە بـۆ ئەرێنـی لـەم مـاوە کورتـەدا، پێویسـتە بـە هەمـوو واتایـەك بـە شـۆڕش ناوببرێـت.

ب- بـە تـەواوی و پێچەوانـەی ئەمـەوە، تیمێکـی دیکـەی توێـژەران، نوێنەریـان مومفـۆرد

Mumford کـە بـێ گومـان کەمینـەن بـە بـەراورد بـە خاوەنانـی ڕای یەکـەم، ئەوانـە لـەو بـاوەڕەدان کـە هیـچ شـێوەیەك لـە شـێوەو ڕواڵەتەکانـی شارسـتانیەت گۆڕانکاریـی بەسـەردا نەهاتـووە، هەروەهـا ڕێگاکانـی بەرهەمهێنانـی پیشەسـازی لـەم ڕێسسـایە بـەدەر نییـە.

مومفـۆرد جەخـت لــەوە دەکاتــەوە کــە پەرەســەندنی پیشەســازیی ئامێــر پلــە بــە پلـە بـووە، بۆیـە لـەو بـاوەڕەدا نیـن کـە هیـچ شۆڕشـێك ڕووی دابێـت، بەڵکـو هەمـوو بەڵگــەکان ئامــاژەن کــە ئــەوەی ڕووی دا پەرەســەندنێکی پێشــتری ئاســایی بــووە کــە کاریگەریــی لــە ڕێــڕەوی بەرهەمهێنانــی ئابووریــدا هەبــووە، دەکــرا پێشــبینی هەمــوو وردەکارییەکانیشـی بکرایـە ئەگـەر بـە تـەواوی لـە پێشـەکییەکانی بکۆڵدرایەتـەوە، بۆیـە ئەگــەر پێناســەی ئامێــر بکەیــن کــە هۆکارێکــە بــۆ زیادکــردن و دەســتەبەرکردنی توانــای مــرۆڤ و پاڵپشــتیکردنی هەڵوێســتی لــە ژیــان، یــان ڕێکخســتنی ڕواڵەتەکانــی ژیــان کــە بەپێـی توانـا لەگەڵیـدا بگونجێـت، ئـەوا دەتوانیـن بڵێیـن کـە مـرۆڤ لەوەتـەی هـەزاران سـاڵە ئامێـری بەکارهێنـاوە، ئەگـەر لـە واتـا تایبەتییەکـەی ئامێـر بگەیـن کـە جیـاوازی لەگـەڵ ئامـرازدا هەیـە، ئـەوا دەتوانیـن بڵێیـن کـە گواسـتنەوە لـە ئامـرازەوە بـۆ ئامێـر پلــە بــە پلــە، هەروەهــا ســەربەخۆبوونی ئامــرازی بەرهەمهێنــان لــە داهێنانــی دەســتیی کرێـکارەوە بـۆ کارکـردن بـە ئامێـر، ئەمـە قۆنـاغ بـە قۆنـاغ هاتۆتـە ئـاراوە، واتـا هیـچ شۆڕشـێکی لەنـاکاوی لـێ ڕوونـەداوە.

مومفـۆرد ئامێـری نوێـی پیشەسـازی دەگەڕێنێتـەوە بـۆ بنەچەیەکـی دیکـە کـە پێشـتر دانـی پێـدا نەنـراوە، ئەویـش ئامێـری هەڵمییـە کـە (وات) دروسـتی کـرد، بنەمـای ڕاسـتەقینەی ئامێــری نــوێ بریتییــە لــە کاتژمێــر، کــە داهێنانێکــە زۆر لــە نەتــەوە جیاجیــاکان و لــە سـەردەمانێکی جیـاوازدا بەشـداریان تێـدا کـردووە، تـا گەیشـتە ئـەو ئامێـرە وردەی ئێسـتا کـە بـە ڕای ئـەو بـۆ سـەدەی دەیەمـی زاییـن دەگەڕێتـەوە، لـەو ڕۆژەوە کاتژمێـر لـە وردیـی و تەواویـدا بـوو بـە نموونەیەکـی بـەرزی ئامێـرەکان.

کەواتـە بنەچـەی ئامێرسـازیی تـازە بـۆ سـەردەمێکی زۆر کۆنـتر لـە سـەدەی هەژدەیـەم دەگەڕێتـەوە، نابێـت بـەو شـێوەیە لـە سـەردەمی تـازەی ئامێـر بگەیـن کـە بەرهەمـی

ئامادەکارییەکـی زۆرە، واتـا بـۆ چەندیـن توخـم دەگەڕێتـەوە کـە ناکۆکیـی زۆری لەسـەر بـووە، قسـە لـەوە دەکرێـت کـە چەنـد داهێنەرێکـی بەریتانـی لـە سـەدەی هەژدەیەمـدا ئامێرێکـی زۆریـان پێشـکەش بـە جیهـان کـردووە، بـە شـێوەیەکی سـاکارو سـاویلکە دەگوترێـت کـە ئـەم زنجیـرە داهێنانانـە وەك چیـرۆك بـۆ نـەوەی نـوێ لـە شـێوەی سەرگوزەشـتەی جنۆکـەو عفریـت دەگێڕدرێتـەوە.

ج- بـەڵام ڕای سـێیەم بریتییـە لـە هەڵوێسـتێکی مامناوەنـد، ئەوانـەی خـاوەن ئـەو ڕایـەن پێیـان وایـە کـە شـۆڕش بـە واتـی گۆڕانـکاری یـان لادانـی لەنـاکاو کـە پەیوەندیـی مێژوویـی دەپچڕێنێـت، گۆڕانکاریـی گشـتی لـە ڕێـڕەوەی شـتەکان دێنێتـە ئـاراوە، کـە هیـچ بوارێکـی لـە مێـژووی ژیانـی ئابووریـدا نییـە، نابێـت وا تێبگەیـن کـە وشـەی شـۆڕش Revolution لـەو حاڵەتـەدا بەرامبـەر پەرەسـەندنە Evolution ، بەڵکـو هەمـوو قۆناغێـك لـە قۆناغەکانـی پێـش خـۆی جیاوازتـرە، بـە شـێوەیەك ڕێـڕەوی پەرەسـەندنی ئابـووری هەمـووی پێکـەوە گرێـدراوە، وشـەی شـۆڕش لـەم حاڵەتـەدا بـە واتـای قۆناغێکـی خێـرای پەرەسـەندنە.

لـە ڕاسـتیدا تێگەیشـتنی ڕاسـتیی سروشـتی گۆڕانکارییـە کـە لـە ژیانـی ئابووریـدا هاتۆتـە ئـاراوە، دواتـر لـە هەمـوو ڕواڵەتەکانـی ژیانـدا لـەم ماوەیـەدا ڕوویـداوە، دەتوانیـن لـە پـاڵ لایەنگرانـی پەرەسـەندنی پلـە بـە پلـە بڵێیـن کـە هەڵوێسـتی مـرۆڤ بەرامبـەر سروشـت یەکسـەر لـە نەرێنییـەوە بـۆ ئەرێنـی نەگـۆڕاوە، بەڵکـو مـرۆڤ هەمیشـە لـەم هەڵوێسـتەیدا ئەرێنـی بـووە، هەروەهـا لـە کشتوکاڵیشـدا ناکرێـت کـە مـرۆڤ بـە نەرێنخـواز لـە قەڵـەم بدەیـن، چونکـە بـەردەوام هـزرو زەینـی خـۆی بەکاردەهێنـا بەرامبـەر هـەر ئاسـتەنگێك کـە بهاتایـە ڕێـی و چاوەڕوانـی نەدەکـرد کـە سروشـت شـتی بـۆ دابیـن بـکات، لـە هەمـان کاتیشـدا مـرۆڤ ئامـرازو ئامێـری سـووك و سـادەی بەکارهێنـاوە، بـۆ کۆنتڕۆڵکردنـی ئەرێنـی بەرامبـەر سروشـت پشـتی پـێ دەبەسـت، ئەگـەر قۆناغـی نوێـی پیشەسـازی بریتـی بێـت لـە کۆنتڕۆڵکردنـی تـەواوی مـرۆڤ بـۆ سروشـت، هەروەهـا بەکارهێنانـی ماددەکانـی بـەو شـێوەیەی بـۆی دەگونجێـت، ئـەوا دەبێـت ئـەو ڕاسـتییە بخەینـە ڕوو کـە ئـەم کارە لـە قۆناغەکانـی پێشـتریش هـەر هەبـووە، بـەڵام بـە پلـەی جیـاواز.

پێویستە شان بە شانی لایەنگرانی بیرۆکەی شۆڕشی لەناکاودا بڵێین، کە تێکڕایی پێشکەوتن لە بەکارهێنانی ئامێرەکان لە نیوەی کۆتایی سەدەی هەژدەیەم گەیشتە رادەیەك کە لەوانەی پێشتر زۆر زیاتر بووە، ئەگەر نا ناتوانین بەراوردی نێوان ئەم ماوەیەو ماوەکەی پێشتر بکەین کە چی ڕووی داوە، دواجار نابێت ئەو پێشکەوتنە تەنیا بە پەرەسەندنێکی ئاسایی دابنێین.

کەواتە گۆڕانکارییەکی یەکلاکەرەوە لەم ماوەیەدا بەسەر هەڵوێستی مرۆڤدا لەهەمبەر سروشت هاتۆتە ئاراوە، جا ئەگەر ئەم پەرەسەندنە وەك هەر پەرەسەندنێکی دیکە کارئاسانی پێشتری بۆ دابین کرابێت، ئەوا کاریگەریی ئەو پەرەسەندنە زۆر بە خێرایی و بە توندی بڵاوبۆتەوە کە لەم بوارەدا بە هیچ پەرەسەندنێکی دیکە بەراورد ناکرێت.

**٢- ئامێری هەڵمی**

وزەی سەرەکی کە لە سەردەمەکانی ناوەڕاستدا لە پیشەسازی و کشتوکاڵ بەکاردەهات بریتی بوو لە وزەی ئاوی و هەوایی، ماتریالی بنەڕەتی کە ئامێرو ئامرازەکانی لێ دروست دەکرا تەختە بوو، لە نیوەی سەدەی هەژدەیەمدا گۆڕانکارییەکی گرنگ بۆ جۆرێکی تازەی وزە هاتە کایەوە، ئەویش وزەی هەڵمی بوو، بەم شێوەیە گرنگیی خەڵووز و ئاسن لە پیشەسازیدا زیادی کرد، بووژاندنەوەی بەرهەمی پیشەسازیش پشتی بە دەستەبەرکردنی ئەو دوو ماددەیە دەبەست، ئەو کەموکوڕییانەی کە لەو وانەی پێشتر ناسراوبوون بەرچاودەکەوتن، هانی داهێنەرانیان دا کە بەدوای سەرچاوەگەلی نوێی وزەدا بگەڕێن، نەدەکرا لە هەموو حاڵەتێکدا پشت بە وزەی ئاوی ببەسترێت، چونکە پەیوەست بوو بەو شوێنەی کە ئاوی لێ بووە، ئەستەمیش بوو ئاو بۆ هەموو شوێنێك بهێنرێت، چونکە کاتێك پشت بە ئاو دەبەسترا ناچار بوون ئامێرەکە بگوازنەوە لای سەرچاوەی وزە، کە دەبوو سەرچاوەی وزەکە بهێنرێتە لای ئامێرەکە، بۆ هەواش بە هەمان شێوە، دەکەوتە بەر کاریگەریی گۆڕانکاریی ئاراستەی با، کە نەدەتوانرا سەقامگیریی با دابین بکرێت. بەم شێوەیە پێویست بوو جۆرێکی تازەی وزە دوور لەو کەموکوڕییانە بدۆزرێتەوە، بە شێوەیەك کە دەتوانرێت لە هەر شوێنێك

بێــت بــە هــەر هێــز یــان ڕێژەیەکــی پێویســت بەرهــەم بهێنرێــت و بەکاربهێنرێــت، ئــەم مەرجانــەش لــە وزەی هەڵمیــدا هەبــوون. کەواتــە ئــەو هەلومەرجانــە چیــن کــە ڕێگەخۆشــکەر بــوون بــۆ دۆزینــەوەی ئــەم وزە تازەیــە؟

ناتوانیــن بڵێیــن کــە هێــزی هەڵــم تەنیــا لــە ســەدەی هەژدەیەمــدا زانــراوە، ئــەم هێــزە لــە کۆنــەوە هــەر نــاسراوە، پێشــتریش ئاماژەمــان بــۆ زانــای ئەلســکندری (هیرۆ)کــرد کــە هۆشــداری داوە لــە ســوودەکانی بەکارهێنانــی هەڵــم وەك هێزێکــی جووڵێنــەر، ئەمــەش بــە چەنــد ســەدەیەك پێــش دەســتکردن بــە قۆســتنەوەی ئــەم وزەیــە بــۆ ئامانجــی پیشەســازی، بــەڵام پەیدابوونــی داهێنانەکــە – هــەروەك گوتمــان – پەیوەســتە بــە هەبوونــی پێویســتیی کۆمەڵایەتــی، نــەك تەنیــا بــە کەســایەتیی داهێنەرەکــە.

لــە ڕاســتیدا ئەگــەر وات ئامێــری هەڵمــی لــە ســەدەی هەژدەیــەم دانەهێنابایــە، ئــەوا بلیمەتێکــی دیکــە لــە جیاتــی ئــەو پەیــدا دەبــوو و ئــەو ئامێــرەی دادەهێنــا، بۆیــە لــە مێــژوودا بــوار بــۆ ڕێکــەوت نییــە، بەڵکــو هەمــوو ڕووداوێــك ڕەنگــە لەنــاکاو بــۆ بنەمایەکــی پێویســت بگەڕێتــەوە کــە ڕێــی بــۆ خــۆش کردبێــت.

گرنگتریــن هــۆکار کــە ســووربوو لەســەر گەیشــتن بــەو جــۆرە تازەیــەی وزە، ڕووکردنــە بــازارە تازەکانــی جیهــان بــوو دوای دۆزینەوەکانــی جوگرافــی و ســەرەتای ســەردەمی فراوانخوازیــی کۆلۆنیــال.

بۆیــە بــە تەنیــا داهێنانــی تەکنیکــی و پیشەســازی بــەس نەبــوو بــۆ هێنانەکایــەی شۆڕشــێك لــە ئامرازەکانــی بەرهەمهێنانــدا، بەڵکــو هەمــوو ئــەو ئامرازانــەی داهێــنراون ســوودیان نابێــت، ئەگــەر زۆر ڕوو لــە بەرهەمهێنانــی فــراوان نەکرێــت کــە ئــەم ئامرازانــە دابینــی دەکــەن، بۆیــە پیشــەکاران لــە ئەوروپــا بازاڕەکانــی ئاســیاو ئەمریکایــان دابینکردبــوو بــۆ ســاغکردنەوەی کاڵاکانیــان، ئەمــەش دوای ئــەوەی بــە هــۆی دۆزینەوەکانــی جوگرافــی توانیــان ئــەو شــوێنانە مســۆگەربکەن، هــاوکات لــە ڕێــی ڕێکخســتنی گەشــتی بازرگانیــی دەریایــی لــە نێــوان ئەوروپــاو ئــەو بــازاڕە دوورانــە، لــە بەرامبەریشــدا کەرســتەی خاویــان بــۆ وڵاتــە پیشەســازییەکان دەگواســتەوە.

کەواتــە شــتێکی نامــۆ نەبــوو کــە ئینگلتــەڕا یەکــەم دەوڵــەت بێــت کــە پــرۆژەی پیشەسـازیی دەسـت پـێ بـکات، ئـەو وڵاتـە فراوانتریـن کۆلۆنیالـی سـەدەی هەژدەیـەم بـوو، هێزێکـی دەریایـی ڕێکـی هەبـوو کـە دەیتوانـی کۆنتڕۆڵـی دوورتریـن و درێژتریـن ڕێـگای ئـاوی بـکات.

بـەڵام ئـەم دیاردەیـە هـۆی دیکـەی لـە دواوەیـە ، ڕەنگـە بـۆ یەکـەم جـار سـەیر بێـت، ئەویـش ئەوەیـە کـە ئینگلتـەڕا لـە پیشەسـازیدا زۆر پێشـکەوتوو بـوو، کـە پێشـتر لـەم ڕووەوە دواکەوتـوو بـوو! لێکدانـەوەی ئـەم دەسـتەواژەیە ڕەنگـە نامـۆ بێـت، وڵاتانـی دیکـەی ئەوروپـا کـە لـە شـێوازەکانی بەرهەمهێنانـی پیشەسـازی یـان دەسـتی لـە سـەردەمەکانی ناوەڕاسـت و سـەرەتاکانی سـەردەمی نـوێ، زیاتـر پابەنـد بـوون بـە نەریتـە بۆماوەییەکانیـان لـە بەرهەمهێنانـدا و دژایەتیـی هەمـوو جـۆرە نوێکارییەکیـان دەکـرد، هەرچـی ئینگلتـەڕا بـوو لـە دواکەوتووتریـن دەوڵەتـی ئەوروپـا بـوو لـە سـەردەمەکانی ناوەڕاسـتدا، بـە ڕاسـتی لـە پەراوێـزی مەدەنییەتـی ئەوروپـادا دەژیـا، هیـچ نەریـت یـان ڕێسـایەکی تێـدا نەبـوو کـە پارێزگاریـان لـێ بـکات، بۆیـە بەرامبـەر نوێخـوازی لاریـان نەبـوو.

بــەڵام ســووربوونی ڕاســتەوخۆ لــە ئەنجامــی پیشەســازییەکان بــوو، کــە ڕووبــەڕووی هەندێـك کەموکـوڕی بوونـەوەو دواتـر چارەسـەرکرا، بۆیـە ئـاوی ژێـر زەوی هەڕەشـە بـوو بـۆ نغرۆکردنـی کوڵخانەکانـی خەڵـووز، لەبـەر ئـەوە دەبـوو ڕێگایـەك بدۆزرێتـەوە تاکـو ئـەم ئـاوە هەڵمژێـت، هەروەهـا زۆرجـار هاوسـەنگیی نێـوان پیشەسـازییەکانی ڕسـتن و چنیـن تێکدەچـوو، یەکێکیـان پێـش ئـەوی دیکـە دەکـەوت، بۆیـە ئـەوی دووەم دەبـوو لەگەڵیـدا بـڕوات، لەبـەر ئـەوە پێویسـتی دەکـرد شـتێکی نـوێ بدۆزرێتـەوە تاکـو هاوسـەنگییەکەی نێوانیـان بگەڕێتـەوە.

وێــڕای ئەمــەش زەمینــە لــە ئینگلتــەڕا لەبــار بــوو بــۆ ســەرمایەداریی ئابــووری لــە چەندیـن ڕووەوە، دوای شۆڕشـی سـاڵی ١٦٨٨ ز سـەردەمی دەسـتێوەردانی شـاکان لـە مـاف و چالاکییەکانـی بازرگانـان کۆتایـی هـات، سـەردەمێك هاتـە ئـاراوە کـە خـاوەن بەرژەوەندییـە بازرگانییـەکان و سیاسـەتوانانی ئینگلتـەڕا کۆنتڕۆڵـی دۆخەکەیـان کـرد، بۆیـە خۆیـان لـە دانـی

بـاج بـە دوور گـرت، هەروەهـا کۆتوبەندەکانـی گومرگیـان لابـرد کـە پێشـتر ڕووبـەڕووی بازرگانیـی ناوخـۆی زۆربـەی وڵاتانـی ئەوروپـا دەبـووەوە، هەروەهـا سیسـتەمێکی پتەویـان بـۆ بانکـەکان دانـا، بەمـەش کۆمەکـی مۆڵکـدارو دەوڵەمەندانیـان کـرد کـە سـەرمایەی پێویسـت لـە پیشەسـازیدا پاشـەکەوت بکـەن.

نامانەوێـت بچینـە نێـو وردەکارییەکانـی ئـەو دۆزینەوانـەی هـۆکاری داهێنانـی ئامێـری هەڵمـی بـوون بـە شـێوە تەواوەکـەی، بەڵکـو ئامـاژە بـە گرنگتریـن ئـەو قۆناغانـە دەکەیـن کـە ئـەم ئامێـرە لـە سـەردەمی پیشەسـازیدا پێیانـدا تێپەڕیـوە، بۆیـە لەسـەر دەسـتی نیوکمـن Newcomen ئامێـری هەڵمـی لـە ئینگلتـەرادا بڵاوبـۆوە، بـە تایبەتیـش لـە ترۆمپـا بەکارهـات، بـەڵام ئـەو دۆزینەوەیـە کـە بـۆ سـەرەتاکانی سـەدەی هەژدەیـەم دەگەڕێتـەوە پێویسـتی بـە دەسـتکاریی زۆر هەبـوو، دوای چەندیـن هەوڵـی بـەردەوام (جیمـس وات) لـە سـاڵانی ١٧٦٩ ز و ١٧٨٢ ز توانـی بڕێکـی زۆری سـووتەمەنی لـە بەڕێوەبردنـی ئـەم جـۆرە ئامێرانـە دەسـتەبەربکات، هەروەهـا توانـی وزەی هەڵمـی لـە خوولاندنـەوەی ڕەوڕەوە بەکاربهێنێـت. بۆیـە ئـەم جـۆرە دۆزینەوەیـە کاریگەریـی زۆری هەبـوو لـە ئاراسـتەکردنی زیاتـری وزەی هەڵمـی، ئـەوەش بـۆ بەکارهێنانـی لـە دۆزینـەوەی هۆکارێکـی ئامێـری خێـرای پەیوەندیکردنــدا.

**٣- سیستەمی کارگەکان**

دوای دوو نـەوە یـان سـێی داهێنانـی ئامێـری تـازە، سیسـتەمی کارگـەکان دەرکـەوت، دوای ئـەوەی هەوڵـی زۆر درا بـۆ ئامادەکردنـی خەڵکێکـی بـە توانـا و وەسـتا لـە خـاوەن پیشـە کـە پسـپۆڕ بـن لـە چاککردنـەوەو ئیدارەدانـی ئامێـرەکان، دوای زاڵبـوون بەسـەر تەگـەرەی یەکەمـدا، دەرکـەوت کـە پێویسـتە سیسـتەمێك بـۆ کارگـە گـەورەکان دابنرێـت، دوای ئـەوەی بەرهەمهێنانـی پیشەسـازی پێشـتر پشـتی بـە وۆرکشـۆپی بچـووك دەبەسـت کـە وەسـتایەك یـان چەنـد وەسـتایەك کاریـان تێـدا دەکـرد.

لـەو کاتـەدا بەکارهێنانـی ئامێـری نوێـی هەڵمـی ئەسـتەم بـوو، تەنانـەت دەبـوو شـوێنێکی نزیـك لـە سـەرچاوەی وزە هەڵمییەکـە دەسـت نیشـان بکرێـت، هەروەهـا ئـەو ئامێرانـە

پێویستییان بە وردبینی و ڕێکخستنی تایبەت بە پرۆسەکانی بەرهەمهێنان هەبوو، لەو هەلومەرجەدا نەدەکرا هەر کرێکارێك بە تەنیا لە ماڵەکەی خۆیدا ئامێرێکی هەڵمی دابنێت و خۆی بەڕێوەی ببات، بەڵکو پێویست بوو هەموو ئامێرەکان لەناو یەك خانوودا و نزیك یەك سەرچاوەی وزە کۆبکرێنەوە و کرێکاران خۆیان بێن و کاری تێدا بکەن. لە ڕووی داراییشەوە، تێچوونی ئامێرەکان پێویستی دەکرد هەموو کرێکاران لە شوێنە جیاوازەکان بەیەکەوە کۆببنەوەو یەك ئیدارە سەرپەرشتییان بکات، هەروەها وەستایەکی سەربەخۆ نەیدەتوانی ئامێری پێویست بە تەنیا بکڕێت و کاری لەسەر بکات، تەنانەت ئەگەر پارەشی هەبوایەو بیکڕیایە، ئەوەندەی نەدەبرد جۆرێکی دیکەی ئامێری بەرهەمهێنان دەدۆزرایەوەو دروست دەکرا، ئەو کات ئامێرێك پەکی دەکەوت، بۆیە بۆ ئەوەی بەردەوام شان بەشانی داهێنانی تازەی ئامێرەکان بەردەوام بن، پێویست بوو پارەیەکی زۆر تەرخان بکرایە، کە ئەمەش لە توانای تاکە کەسدا نەبوو، بەڵکو گرووپێکی دیاریکراوی پارەدارو سەرمایەدار ئەو ئامێرانەیان بکڕیایە.

بەڵام خودی ئەو بەرهەمهێنەرە گەورانە لە چینێك پێکهاتبوون کە جیاواز بوو لە چینی خانەدان و دەرەبەگەکان، ئەوان بزنسکار بوون زۆربەیان لە ڕیزەکانی کرێکاران پەروەردە بووبوون، توانیان بە ماندووبوونی خۆیان سووربن لەسەر گەیشتن بەم ئامانجە، بۆیە لەسەر دەستی ئەوان هەموو تازەگەری و داهێنان لە بواری پیشەسازیدا هاتە ئاراوە، ڕێگاو شێوازی تازەی هەرزان لە بەرهەمهێنان داهێنران، بازاڕی تازە کرانەوە کە پێشتر نەبوون، ئەو سەردەمە ڕکابەری و کێبڕکێی ترسناك سەری هەڵدا کە هەموو سنوور و ڕێساکانی تێپەڕاند، هەروەها هەموو شتێکی پێش خۆی ڕاماڵی، هەر لەو سەردەمەشدا خاوەن کار و سەرمایەدار زۆر دڵڕەق و توند بوون بەرامبەر بە کرێکاران، ئەوان فێڵ و گزییان لە کرێکاران دەکرد، هەوڵیان دەدا شکستی ئابووری بە هاوشێوەکانی خۆیان بگەیەنن بە هەموو ڕێگایەکی ڕەواو نا ڕەوا.

لەسەر دەستی ئەو بەرهەمهێنەرانە کارگەکان ئەو شێوە تازەیەیان وەرگرت، بەرهەمەکانیان بە پێی سیستەمێکی تازە بەڕێوە دەچوو، هەروەها کاریشیان دابەش

دەکـرد، قۆناغەکانــی بەرهەمهێنانیــش بــە ڕێــك و پێکــی بەڕێوەدەچــوو، خــاوەن کارگــەکان ژمارەیەکــی کەمــی کرێکارانــی ناشــارەزا بەکاردەخســت، بەمــەش ئاســتی کرێیەکانیــان کــەم کــردەوەو قازانجێکــی باشــیان دەچنیــەوە، ئەمــەش هــۆکار بــوو بــۆ فراوانکردنــی زیاتــری هێڵەکانــی بەرهەمهێنــان، دواجــار توانیــان ســوودێکی زۆر لــە بەکارهێنانــی وزەی هەڵمــی لــە بــواری پیشەســازی ببینــن.

ئەگــەر ئامــاژە بــە مێــژووی کارگــە گــەورەکان بکەیــن، دەبینیــن کــە دیــاردەی کەمکردنــەوەی نــرخ کاریگەریــی زۆری هەبــووە لەســەر دامەزراندنــی ئــەو کارگانــە، چونکــە کارگــە گەورەکانــی ســەرەتایی بریتــی بــوون لــە کارگەکانــی ڕســتن، کرێکارانیــش لــە ســەردەمی پێشــوودا بــە تونــدی بەرهەڵســتییان دەکــرد تاکــو کارگــەی زەبــەلاح و گــەورە دانەمەزرێــت، بۆیــە بزنســکاران بڕیاریــان دا ملــی ئــەو ڕێگایــە بگــرن کــە بــە هۆیــەوە ڕووبــەڕووی کەمتریــن بەرهەڵســتی دەبنــەوە، لەبــەر ئــەوە کارگــەی ڕســتنیان دامەزرانــد تــا ژمارەیەکــی زۆری ئافرەتــان وەك کرێــکار بــە کار بخــەن، چونکــە لــە کۆنــەوە زانــراوە کــە چنیــن ئیشــی ئافرەتــان بــووە، بۆیــە پیــاوان لاواز بــوون و بــێ کار مانــەوە، تەنانــەت ڕکابەریــی ئافرەتــان وای لــە پیــاوان کــرد بــە مەرجــی کەمــتر کاربکــەن، بــەم شــێوەیە ژمــارەی کارگەکانــی چنیــن زیــادی کــردو پیاوانیــش ناچــار بــوون بێنــە ژێــر بــاری کارکــردن لــەو کارگانــە.

**٤- دۆخەکانی کارکردن**

چینــی کرێکارانــی ڕۆژانــە بەتەنیــا شــان بــە شــانی سیســتەمی کارگــەکان پەیــدا نەبــوون، بەڵکــو هــەر لــە کۆنــەوە کرێــکاران بەرامبــەر کرێیەکــی دیاریکــراو کاریــان کــردووە، تەنانــەت ئــەو کرێکارانــە لــە سیســتەمی پیشــە یــان بەرهەمهێنانــیماڵــەوە ئەوەنــدە ســەربەخۆو ئــازاد نەبــوون، چونکــە ئــەو کرێکارانــە بەرامبــەر کرێیەکــی دیاریکــراوی کەمــدا کاریــان دەکــرد، ئــەو کرێکارانــە بــەو شــێوەیە خۆیــان ڕادەهێنــا کــە لــە ئاییندەدا بتوانــن ببنــە وەســتای ســەربەخۆ، بــەڵام بــە بڵاوبوونــەوەی سیســتەمی کارگــەکان چینێکــی تــازەی کرێــکاران هاتــە ئــاراوە، کــە پێکــەوە لــە یــەك کارگــەدا کۆدەبوونــەوەو ماندووبوونیشــیان هــەر بــە یەکــەوە بــووە، بۆیــە هیــچ ئاییندەیەکــی دیاریکــراو چاوەڕوانیــان نەبــوو، لەبــەر ئــەوەی چینێکــی

کرێکار پەیدا بوون کە بە کرێی ڕۆژانە کاریان دەکرد، ئەمەش گۆڕانکارییەکی گەورە بوو لە ڕووی بەرهەمهێنانی پیشەسازیدا.

بەڵام ئەو چینە چۆن سەری هەڵدا، ئەوا ئێمە دەزانین کە ئەو کرێکارانە - پیاوان بە تایبەتی- سەرەتا حەزیان بەم کارە نەدەکرد، چونکە دەبوو ووۆرکشۆپە کۆنەکانیان بەجێ بهێڵن و پەیوەندیی بەو کارگە گەورانە بکەن، لەبەر ئەوە بزنسکاران لە سەرەتای ئەم سەردەمەدا پەنایان بۆ سەرچاوەگەلی دیکە برد تاکو کرێکاریان لێ دابین بکەن، گرنگترین ئەو سەرچاوانەش: منداڵانی هەژار کە لە پەناگەکاندا دەژیان، هەروەها ئەو ئافرەتانەی کە ڕێژەیەکی کەم بوو لە کۆی ئەوانەی لەو کاتەدا لە کارگەکاندا کاریان دەکرد، بەڵام ئەوەندەی نەبرد پیشەسازیی ئامێر دڕی بە ووۆرکشۆپە بچووکەکان دا، بۆیە ئەو ووۆرکشۆپانە نەیان دەتوانی بەقەد کارگەکان بەرهەم بخەنەوە، دواتر جووتیارانیش وازیان لە پیشەی خۆیان هێناو بەشدارییان لە جەنگەکانی ناپلیۆندا کردو دوای گەڕانەوەیان هیچ کاری دیکەیان دەست نەکەوت، ناچار هاتنە نێو کارگەکانەوە.

لایەنە خراپ و بەدکارییەکانی سەردەمی نوێی پیشەسازی بریتی بوون لە:

أ- کارپێکردنی منداڵان، لەوانەش هەندێکیان کە تەمەنیان لە پێنج ساڵاندا بوو، هەر چەندە لە ساڵی ١٨٣٣ دا یاسایەك دەرچوو کە بە پێی ئەم یاسایە نەدەبوو منداڵانی خوار نۆ ساڵان کاریان پێ بکرێت، بەڵام ژمارەی ئەو منداڵانە دوای ئەم یاسایەش هەر لە زیادبووندا بوو، دیارە هۆکاری ئەم سەرەتایەش لە تەمەنی کارکردندا بۆ تەماعکاریی بەرهەمهێنەران دەگەڕێتەوە، چونکە پارەیەکی کەمیان بە منداڵە بچووکەکان دەدا، هاوکات کەسوکاریشیان پێیان وابوو ئەگەر منداڵ کارنەکات لە ئاییندەدا تەمبەڵ دەبێت، ئەمە وێڕای هۆیەکی دیکە کە هەژاری تەنگی پێ هەڵچنیبوون، هیچ قوتابخانەیەکیش نەبوو منداڵانی کرێکاران لێی بخوێنن.

ب- لە ڕووی کاتژمێرەکانی کارکردنەوە، ڕۆژانە ١٦ بۆ ١٨ کاتژمێر کاردەکرا، هەندێ جار پشووی هەفتانەش نەبوو، لە ساڵی ١٨٠٢ یاسایەك دەرچوو بەو پێیە ١٢ کاتژمێر

جگــە لــە کاتەکانــی نانخــواردن دیاریکــرا، بــەڵام بەرهەمهێنــەران لــە درێژکردنــەوەی ئــەو ماوەیــە فێڵیــان دەکــرد، پشــوویان بــە کرێــکاران دەدا، لــە بەرامبــەردا کاتژمێرەکانــی کارکردنیــان لــە ڕۆژەکانــی دیکــە درێژدەکــردەوە، تەنانــەت هەنــدێ جــار بــە ئەنقەســت ئیشــەکەیان دەخســتە ئێوارانــەوە، تاکــو زیاتــر ئیــش بــە کرێــکاران بکــەن و هیــچ کرێیەکــی زیادەشــیان پــێ نــەدەدان.

ج- دیــارە کرێیــەکان کەمکرانــەوە دوای ئــەوەی کــە ئامێــر بــە شــێوەیەکی بەربــڵاو کەوتــە ئیشــەوە، هۆیەکــی دیکــەش ڕکابەریــی نێــوان ئافرەتــان و منــداڵان بــوو بەرامبــەر بــە پیــاوان کــە بــەم هۆیــەوە کرێیەکانیــان کــەم بــووەوە، هەرچەنــد لــە ڕووی زانســتییەوە کارەکــە پێــش دەکــەوت و ئامێــری تــازە دەدۆزرایــەوە، ئەوەنــدە کرێــی کرێــکاران کەمــتر دەبــووەوە، چونکــە ئەوەنــدە کرێــکار زۆر بــوون کــە هەندێکیــان ناچــار بــوون بــە کەمتریــن کــرێ کاربکــەن، دواتــر ئــەو ئامێــرە تازانــە نانــی زۆریانــی بــڕی و ناچــار دەبــوون هــەر چــۆن بێــت بــە هــەر شــێوەیەك بێــت کاربکــەن، بــەس بــێ کار نەبــن. هەنــدێ جــار ئامێــری نــوێ بــۆ خــاوەن کارگــەکان خێــری تێــدا بــوو، چونکــە بــەو پاســاوە ژمارەیەکــی زۆری کرێکارانیــان بــەڕێ دەکــرد، کاتــێ خۆپیشــاندان ڕووی دەدا، ئینجــا ئەوانیــش ئــەو ئامێــرە تازانەیــان بەگەڕدەخســت، بەمــەش کرێکارانیــان ناچــار دەکــرد بــە مەرجەکانــی گەڕانــەوە بــۆ ســەر کار قایــل بــن.

لەپــاڵ ئەمەشــدا ئــەو کارگانــەی ئامێرســازی بــوون کاریگەرییــان هەبــوو بۆســەر وەســتایی و شــارەزایی کرێــکاران، ئــەوان بــە ڕاهێنــان ئــەو شــارەزاییەیان وەرگرتبــوو، کاتێــك ئامێرێکیــش بەکاردەهێــنرا، واتــا پێویســت بــە شــارەزایی و ماندووبوونــی ئــەوان نەدەمــا، بۆیــە زۆربەیــان دەردەکــران یــان ناچاردەبــوون گوێڕایەڵــی خــاوەن کارگــەکان بــن و بــە کەمتریــن کــرێ کاربکــەن.

د- لــە ڕووی تەندروســتییەوە، درێژیــی مــاوەی کارکــردن و کەمیــی کــرێ و بەدخۆراکــی، گەورەتریــن فاکتــەر بــوون کــە کاریگەرییــان هەبــوو بۆســەر تەندروســتیی کرێــکاران، چونکــە کرێکارانــی هــەژار بــە لێشــاو ڕوویــان لــەو کارگانــە دەکــرد کــە هەندێکیــان لــە خــوار دە

ساڵییەوە بوون، هەمــوو ژیانیــان لــە کارگەکانــی چنیــن و کوڵخانــە تازەکانــدا بەســەر دەبــرد، دوای ژیانێکــی کــەم گیانیــان لەدەســت دەدا.

هۆکارێکــی دیکــەش ئــەوە بــوو کــە ئیشــکردن و گوشــاری ئامێــر ڕاســتەوخۆ کاریگەریــی دەروونــی هەبــوو، ئــەو کرێکارانــە بــە ژاوەژاوی ئامێــرەکان و فەرمانــی دڵڕەقانــەی بزنســکاران و خــاوەن کارگــەکان تووشــی زۆر نەخۆشــیی کۆئەندامــی دەمــارو دەروونــی دەبــوون، بۆیــە لــە ســاڵانێکی کەمــدا لــە ڕووی جەســتەیی و دەروونییــەوە دەکەوتــن، ئــەو گرژییــەی دەروونــی و مێشــکە زیاتــر دوای پەرەســەندنی نوێــی پیشەســازی ســەری هەڵــدا، وەك ڕێگای(فــۆرد) لــە پیشەســازی و دروســتکردنی ئۆتۆمبیلــدا، هەیکەلــی ئۆتۆمبیلەکــە بەهــۆی شۆســتەیەکی جــووڵاوەوە بــە لای دوو ڕیــز کرێــکاردا تێدەپــەڕی، کــە دەبــوو هــەر یەکێکیــان بەشــێکی تایبەتــی لــەو هەیکەلــە ببەســتێت، واتــا کرێــکارەکان بــە پێــی جووڵــەی شۆســتەکە کاریــان دەکــرد، چەنــد خێــرا بووایــە، ئەوانیــش خێراتــر ئیشــەکەیان ڕادەپەڕانــد، بۆیــە زۆر لــەو کرێکارانــە بــە ناچــاری بەرگــەی ئــەم کارەیــان نەدەگــرت و زوو بــە جێیــان دەهێشــت.

ئەمــەش بــەو واتایــە نییــە کــە کرێــکار لــە ســەرەتای ســەردەمی نوێــی پیشەســازی دەبووایــە بەرگــەی ئــەو هەمــوو فشــارە دەروونییــە بگرێــت، بــەڵام زۆر جــۆری دیکــەی فشــار هەبــوو کــە هــەر لەگــەڵ پێشــکەوتنی ڕەوشــی پیشەســازیدا کاریگەرییــان بۆســەر جەســتەو مێشــکی کرێــکاران زێدەتــر دەبــوون، ئەمــەش پاڵنەرێــك بــوو بــۆ ئــەوەی لــە کاتــی ئیــش کردنــدا تــا ڕادەیــەك سســت بــن.

هـ - بــەڵام لــە ڕووی مەعنەوییــەوە پەیوەندیــی پتــەو لەنێــوان خــاوەن کارو کرێــکار نەبــوو، جــاران لــە کاتــی کارکردنــی ماڵــەوە پەیوەندیــی دۆســتایەتی زیاتــر بــوو، بــەڵام لــە کارگەکانــدا تەنیــا کارکــردن و بەرهــەم ســەنگی مەحەکــی ئــەو پەیوەندییانــە بــوون، کــە هــۆکاری مانــەوە یــان نەمانــەوەی کرێــکاران بــوو.

لــە ڕاســتیدا بەهــای مرۆڤایەتــی لــەو ســەردەمەدا لــە دەســت چــوو، کــە لــە مێــژوودا وێنــەی نەبــووە، مــرۆڤ تەنیــا وەك ئامانجێــك ســەیر دەکــرا، مافەکانــی نەدەپارێــزران، مەگــەر تەنیــا ئــەو کاتــەی لــە کارکردنــدا بوایــە و بەرهەمەکەیشــی بەرچــاوو بەردەســت

بوایـە، واتـا مـرۆڤ لـەو سـەردەمەدا بـەو پـەڕی دڵڕەقـی و بـێ بەزەیـی مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکـرا، بۆیـە کرێـکار بـە شـێوەیەك مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکـرا تـا ئـەو سـنوورەی کـە توانـای کارکردنـی هەبووایـە، هـەر لەگـەڵ بـێ تاقەتـی و کـەم کارکردنـی و خاوبوونـەوەی لـە کار، یەکسـەر وەك کاڵایەکـی بـێ کەڵـك تـووڕدەدراو لـە کارگـە دوور دەخرایـەوە.

واتـا پەیوەندیـی نێـوان خاوەنـکارو کرێـکار بریتـی بـوو لـەوەی کـە ئـەو ئیشـی دەکـردو ئەویـش کرێـی پـێ دەداو بـەس، تەنانـەت کرێـکار بـۆی نەبـوو ڕەخنـە بگرێـت یـان بێـزاری دەرببڕێـت، هەتـا ئەگـەر ڕەوشـی کارەکـەی و شوێنەکەیشـی خـراپ بوایـە، بەهـەرەو داهێنـان گرنـگ نەبـوو، خـاوەن کار تەنیـا کاری دەویسـت، بۆیـە ئەگـەر ڕۆژێ لـە ڕۆژان کرێکارێـك یاخـی ببوایـە، مەگـەر چارەنووسـێکی مەترسـیدار لـە چاوەڕوانیـدا بوایـە، یەکسـەر لەلایـەن خاوەنــکارو کارگەکــە ئــازار دەدرا، هەنــدێ جــار بــێ کرێــی ڕۆژانــەش ڕەوانــەی ماڵــەوە دەکرایـەوە.

لــە هەنــدێ کارگــەدا جۆرێــك لــە هۆشــیاریی و هەڵوێســتی ناڕەزایــی ســەری هەڵــدا، کرێــکاران دوور لــە چــاوی خاوەنــکاران کۆدەبوونــەوەو پلانیــان دادەڕشــت بــۆ یەکگرتــن و ڕووبەڕووبوونــەوەی هــەر هەڵوێســتێك و مامەڵەیەکــی خــراپ، بۆیــە لەگــەڵ پەیدابوونــی ئــەو چینــە کرێــکارەی کــە خاوەنــی ڕاو بۆچوونــی شۆڕشــگێڕانە بــوون، ســەردەمی نوێــی پیشەسـازیش شـان بەشـانی ئـەو چینـە زیاتـر پێشـکەوت، هۆشـیاریی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ڕۆشــنبیری زیاتــر چەکــەرەی کــردو لەنێــو چینــی کرێکارانــدا بڵاوبــۆوە.

# سەردەمی دواکەوتووی پیشەسازی

**(١) پەرەسەندنی پیشەسازی لە سەدەی نۆزدەیەمدا**

سەردەمێکی دیکە دوای دۆزینەوەی زیاتری ئامێر و ئەزموون و نا سەقامگیری لەو ماوەیەدا هاتە ئاراوە، ئابووریی ئەوروپا شێوەیەکی سەقامگیری بەخۆیەوە نەدی، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە داهێنانی سیستەمگەلی نوێی بەرهەمهێنان کەوتە بەربەرەکانی سیستەمەکانی پێشوو(کۆن)ی بەرهەمهێنان، لە کۆتاییدا سیستەمگەلە نوێیەکە شوێنی خۆیان گرت. گرنگترین سیفەتی ئەو ماوەیەش کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم دەستی پێ کرد بریتی بوو لە پشتبەستن بەو تواناو وزە نوێیانەی پیشەسازی، هەروەها پێشکەوتنی هۆیەکانی پەیوەندیکردن، ئەمەش بووە هۆی هاتنە ئارای دیاردەیەك کە کاریگەریی بەرچاوی هەبوو لە ڕووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، چ لە بواری ئابووری یان سیاسیدا، زیاتریش دامەزراندنی بازاڕی جیهانی.

أ- وزە نوێیەکان بریتی بوون لە کارەباو پترۆل کە لە پیشەسازیدا بەکاردەهێنران، لە ڕاستیدا وزەی کارەبا لەچاو وزەی هەڵمی جیاوازیی زۆری هەبوو، ئەو لە هێمنیدا کاری دەکرد، بۆ شوێنی دووریش بڵاودەبۆوە، هەر کاتێك پێویست بوایە ڕادەگیرا، ڕێگای بەکارهێنانی پاك و تەندروست بوو بە بەراورد بە خەڵووز، جا چونکە ئاسانترین ڕێگای بەرهەمهێنانی کارەبا بە بەکارهێنانی هێزی ئاو بوو، بۆیە لە سەدەی هەژدەیەمدا شوێنە بەرزەکان و تاڤگەکان گرنگیی خۆیان هەبوو، لەو ماوەیەدا بەرهەم زیادی کرد، خەمی بەرهەمهێنەران تەنیا ئەوە بوو بازاڕ پڕ لە کاڵا بکەن، هەروەها تێچووی بەرهەم تا ڕادەیەك کەم بکەنەوە، ئەو دوو شتەش پەیوەستن بە یەکەوە، هەر چەند بەرهەم زیاد بێت بێ گومان تێچووش کەمتر دەبێت، بەم شێوەیە کارگە گەورەکان کە پێش ساڵی ١٨٥٠ز تەنیا بریتی بوون لە کارگەی چنین و ئاسن، ئەم جارە فراوانتر بوون و بە هەزاران کرێکاریان خستە کارەوە، گۆڕانکارییەکی دیکە لە بەرهەمهێناندا هاتە ئاراوە، بریتی بوو لە گۆڕانکاری لە ڕێگای بەرهەمهێنان و سیستەمی هاریکاریی نێو یەك دامەزراوەی

پیشەسـازی، جـاران بەرهەمـەکان ڕێـك و پێـك نەبـوون و بـەش بـەش بـوون، واتـا پارچەیـەك لـەو کارگەیـەو پارچەیـەك لـە کارگەیەکـی دیکـە، ئـەم جـارە هەموویـان پێکـەوە کۆدەکرانـەوە و قۆناغەکانـی بەرهەمهێنـان یەکخـران، واتـا بەرهەمەکـە ڕاسـتەوخۆ بـە کڕیـار دەدرا.

بـێ گومـان ئـەو داهێنانـە تازەیـە پێویسـتی بـە ئامێـری دیکـە هەبـوو، جگـە لـەوەش دەبـوو شـارەزاو تەکنیـکاری بـە توانـا پێکـەوە سەرپەرشـتیی بەرهەمهێنانەکـە بکـەن، کەواتـە بـۆ یەکـەم جار(ئەندازیـار) پەیـدا بـوو، کـە ڕاسـتەوخۆ سەرپەرشـتیی بەکارهێنـان و چاککردنـەوەی ئامێرەکانـی دەکـرد.

ب- لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بـە پێشـکەوتنێکی دیکـە بکەیـن لـە بـواری گواسـتنەوەدا، ئەمـە جـۆرە شۆڕشـێك بـوو کـە لـە ڕووی ئابوورییـەو سـوودێکی زۆری بـە خـاوەن کارگـەکان دەگەیانـد، بۆیـە دەبینیـن کـە بەکارهێنانـی هێـزی هەڵـم لـە گواسـتنەوەی دەریایـی و لـە ئاسـنەڕێ واتـا گواسـتنەوە بـە شـەمەندەفەر، ئاسـانکارییەك بـوو بـۆ گەیاندنـی کاڵاو شـتومەك بـۆ نـاوەوەو دەرەوەی وڵات.

ج- گواسـتنەوەی بەرهـەم بـە شـێوەیەکی فـراوان و ئـەو پێشـکەوتنەی لـە بـواری گەیاندنـدا هاتـە ئـاراوە، فاکتەرێکـی گرنـگ بـوو بـۆ بووژاندنـەوەی بازاڕەکانـی جیهـان، بـە شـێوەیەك کـە سـنووری دەوڵـەت و کیشوەرەکانیشـی تێپەڕانـد. پێـش ئـەوە بەرهەمـەکان ناوخۆیـی بـوون، واتـا تەنیـا لـە بازاڕەکانـی نـاو یـەك وڵات سـاغ دەکرانـەوە، بازرگانیـی دەرەکـی بریتـی بـوو لـە هەنـدێ کاڵاو پێداویسـتی کـە بـە ئاسـانی و تێچـووی کـەم دەگوازرانـەوە، هەرچـی ئاسـن و پـۆڵاو کەرسـتەی قورسـیش بـوو گواسـتنەوەیان پێویسـتی بـە تێچـووی زۆر دەکـرد، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی بەرهەمەکانـی ئینگلتـەڕا زۆر بەناوبانـگ بـوون و یەکـەم وڵاتیـش بـوو کـە پیشەسـازیی پێشـکەوتووی هەبـوو، بۆیـە لـەم ماوەیـەدا وڵاتـان ڕوویـان تـێ کـردو خوازیـاری گەیاندنـی ئـەو بەرهەمانـە بـوون بـۆ وڵاتەکانـی خۆیـان.

د- بازاڕێکـی یەکگرتـووی جیهانـی دامـەزرا، بـۆ نموونـە گەنمـی ئەمریـکاو هیندسـتان بـەرەو وڵاتانـی ئەوروپـا دەگوازرایـەوە، ئاسـن و پـۆڵای ئینگلیزیـش هـۆکاری درووسـتکردنی ئاسـنەڕێ بـوو لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا.

کەواتــە کاریگــەری و ئاســەوارەکانی شۆڕشــی پیشەســازی تەنیــا لــە بەشــێکی گــۆی زەوی پەیدابــوو و بڵاوبــۆوە، کــە ســەرەتا ئینگلتــەڕاو دواتــر گەیشــە فەرەنســاو بەلجیــکاو ئەڵمانیــاو ویلایەتــە یەکگرتــووەکان، ئەمــە هــۆکاری ئەنجامــی ئەرێنیــی ئــەو ئاراســتە تازەیــەی پیشەســازی بــوو، جووڵــەی بازرگانــی زۆر پــەرەی ســەندو تەنانــەت دەوڵەتــان گەیشــتنە ئــەو بۆچوونــەی کــە دەبێــت کار دابــەش بکرێــت، بــە واتــای پســپۆری و تایبەتمەنــدی، هــەر وڵاتــەی ڕوو لــە جۆرێــك بەرهەمــی پیشەســازی بــکات، تــا وای لێهــات کشــتوکاڵ پشــتگوێ خــراو خــۆراك لــە هەنــدێ وڵاتــی کشــتوکاڵی هــاوردە دەکــرا، هەڵمەتــی گۆڕینــەوەی بەرهەمــی کشــتوکاڵی بــە بەرهەمــی پیشەســازی دەســتی پێکــرد، کەرســتەی خاویــان هــاوردە دەکــردو لەجیاتــی ئــەو شــتومەکانە بەرهەمــی کشــتوکاڵییان بــۆ دەنــاردن، بــەم شــێوەیە پەیوەندیــی ئابووریــی نێــوان دەوڵەتــان پــەرەی ســەند، کــە پێشــتر ئابووریــی جیهانــی بریتــی بــوو لــە کۆمەڵێــك ئابووریــی تایبــەت بــە خــودی دەوڵەتەکانــەوە بــێ ئــەوەی هیــچ کۆنتاکتێــك لەنێوانیانــدا هەبێــت، کەواتــە ئابوورییەکــی یەکگرتــوو ســەری هەڵــداو کاریشــی لەنێــو خۆیــدا دابــەش کــرد، وڵاتانــی پێشــکەوتووی پیشەســازیش پشــکی شــێریان بەرکەوتــووەو ســووریش بــوون لەســەر ئــەوەی کــە کەرســتەی خــاو بەرامبــەر خــۆرك بــۆ وڵاتانــی دیکــە ڕەوانــە بکــەن.

**(٢) هێزە نوێیەکانی پیشەسازی**

تــا ســێیەکی کۆتایــی ســەدەی نۆزدەیــەم پیشەســازیی ئینگلیــز کۆنترۆڵــی بازاڕەکانــی جیهانــی کردبــوو، هیــچ دەوڵەتێــك نەیدەتوانــی ڕکابەریــی بەرهەمەکانــی ئینگلتــەڕا بــکات کــە دنیــای گرتبــووەوە، هەمــوو خەڵــك پۆشــاکی ئینگلیــزی لەبــەر دەکــردو پێــڵاوی ئــەو دەوڵەتەشــی لــە پــێ دەکــرد، ســواری شــەمەندەفەری ئینگلیــز دەبــوو کــە بــە خەڵــووزی ئینگلیــزی کاری دەکــرد، زۆربــەی ئــەو بەرهەمانــەو کەرستەکانیشــیان لــە ئینگلتــەڕاوە بــە پاپۆڕەکانــی ئــەو وڵاتــە دەگوازرانــەوە، بــەم شــێوەیە بــۆ ماوەیــەك ئینگلتــەڕا کــە دوورگەیەکــی کــەم ڕووبــەرە، بــوو بــە ســەنتەری ئابووریــی پیشەســازیی جیهــان، فەرەنســا دووەم دەوڵــەت بــوو لــە بــواری پیشەســازیدا، ڕاســتەوخۆ دوای ئینگلتــەڕا نیشــانەکانی پێشــکەوتنی پیشەســازی لا دروســت بــوو، بــەڵام ڕێــگا تازەکانــی بەرهەمهێنــان لــە فەرەنســا زۆر بــە خێرایــی و تــەواوی وەك

ئینگلتـەڕا نەبـوو، لەبـەر چەنـد هۆیـەك: گەشەسـەندنی ئەسـپایی دانیشـتوان لـە فەرەنسـا، چونکـە ئـەو وڵاتـە بـە شـۆڕش و جەنگـی زۆردا تێپـەڕی، بۆیـە فەرەنسـا وەك ئینگلتـەڕا و ئەڵمانیـا بـەو خێراییـە پێـش نەکـەوت، لەهەمـان کاتیشـدا بەلجیـکاش لـە شـێوەی فەرەنسـا ڕووی لـە پیشەسـازی کـرد، بـەڵام زۆر بـە تـەواوی سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنـا، ئـەو وڵاتـە تاکـە دەوڵەتـی ئەوروپـا بـوو کـە توانـی شـان بـە شـانی ئینگلتـەڕا لـە نیـوەی یەکەمـی سـەدەی نۆزدەیەمـدا لـە بـواری پیشەسـازیدا هەنـگاو بنێـت.

بـەڵام ئەڵمانیـا لـە چارێکـی کۆتایـی ئـەم سـەدەیە بـوو بـە دەوڵەتێکـی پیشەسـازی، پێـش ئـەوە هەمـوو پێشـکەوتنێکی ئابـووری لـەو وڵاتـە ڕووبـەڕووی تەگـەرە دەبـووەوە، ئـەوەش لەبـەر ئـەوە بـوو کـە ئەڵمانیـا یەکێتییەکـی سیاسـیی نەبـوو، هەروەهـا لەمپـەرە گومرگییـەکان ڕێگـر بـوون لـە بازرگانیـی ناوخـۆی نێـوان هـەر پەنجـا ویلایەتەکـەی ئەڵمانیـا، هـاوکات ئەڵمانیـا گۆڕەپانـی هەمیشـەیی هەمـوو جەنگێـك بـوو کـە لـە ئەوروپـا ڕووی دەدا، ئـەو شـەڕانە کاریگەریـی زۆریـان هەبـوو لـە ڕووی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی کـە ئەسـتەم بـوو بەریـان پـێ بگیرێـت، پیشەسـازیی ئەڵمانیـا تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەیەمیـش هـەر کەوتبـووە ژێـر کاریگەریـی سـەردەمەکانی ناوەڕاسـت. بـەڵام واژۆکردنـی ڕێککەوتننامـەی یەکێتیـی گومرگـی Zollverein لـە سـاڵی ١٨٣٤ ز پێشـەکییەك بـوو بـۆ یەکگرتنـی ئەڵمانیـا لــە ڕووی ئابوورییــەوە، هەنــگاوی یەکلاکــەرەوە بریتــی بــوو لــە یەکگرتنــی سیاســی و پێکهێنانـی ئیمپراتۆرییـەت لـە سـاڵی ١٨٧١ ز، لـە ئەنجامـی ئـەو یەکگرتنـە دەوڵەتێکـی خـاوەن داهاتێکـی زۆری سروشـتی هاتـە کایـەوە، بـە تایبەتیـش دوای ئـەوەی ناوچەکانـی ئەلـزاس و لۆریـن کـە بـە خەڵـووز دەوڵەمەنـدن بێنـە نێـو دەوڵەتـەوە، ئەڵمانیـاش قەرەبوویەکـی زەبەلاحـی دارایـی لـە فەرەنسـا وەرگـرت کـە لـە جەنگـی حەفتـا لایەنـە شکسـتی هێنـا.

چەنـد فاکتەرێکـی دیکـە دەخرێنـە پـاڵ ئەمانـە، لەوانـە پیشەسـازی کـە بـە یـەك پاکێـج لـە ئەڵمانیـا سـەری هەڵـدا، واتـا بـەو قۆناغانـە تێنەپـەڕی کـە ئینگلتـەڕا بـە هێواشـی گرتنیـە بـەر، توانـرا باشـترین ڕێـگای بەرهەمهێنـان بدۆزرێتـەوە، خـاوەن پیشەسـازییە کۆنەکانیـش ڕووبـەڕووی ئـەم نوێکارییـەی پیشەسـازی نەوەسـتانەوە، هەروەهـا پێشـکەوتنی زانسـتی

سروشتی لە ئەڵمانیا گرنگترین هۆکاری پێشکەوتنی بوو، بە تایبەتیش لە بوارەکانی پیشەسازییەکانی کیمیایی و کارەباییدا، بە خێرایی ئەڵمانیا لەم بوارانەدا دەستی بەسەر بازاڕەکانی جیهاندا گرت، هێشتا سەدەی نۆزدەیەم کۆتایی نەهاتبوو، ئەڵمانیا بوو بە سەرمەشقی دەوڵەتانی پیشەسازی لە جیهاندا.

گرنگترین ڕووداوی مێژووی نیوەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بریتی بوو لەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان وەك هێزێکی گەورەی پیشەسازی هاتە مەیدانەوە، ئەو وڵاتە پێش شەڕی ناوخۆ دەوڵەتێکی کشتوکاڵی بوو، لە پیشەسازیدا شارەزا نەبوو، مەگەر هەندێ پیشەی دەستکرد نەبێت، بەڵام ئەو شەڕە خاڵی گۆڕانکاری بوو لە ڕووی پەرەسەندنی کشتوکاڵی ئەمریکا، لە ماوەی چوار ساڵدا حکومەت پێویستی بە بڕێکی زۆری ئاسن و پۆڵاو کەرستەو بەرهەمی ڕیس و خۆراك بوو، ئەمەش بووە هۆی گەشانەوەی پیشەسازیی خۆماڵی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، بە تایبەتیش دوای ئەوەی حکومەت بە دانانی تاریفەی گومرگی توانی بیپارێزێت، سیستەمی بەرهەمهێنانی فراوان دوای دۆزینەوەی ئاسن و خەڵووزو پترۆل جێگیر بوو، هاتنە کایەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەك دەوڵەتێکی گەورەی پیشەسازیی کاریگەریی زۆری هەبوو لە گۆڕینی هاوسەنگیی ئابووریی نێوان زۆر دەوڵەت، هەروەها لە گەڕانەوەی ئینگلتەرا لە پلەی دووەم بۆ پلەی یەکەم، زیاتریش کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکانی جیهان لە ڕووی ئابوورییەوە.

**(٣) قۆناغی قۆرخکردن لە پیشەسازیدا**

لەوەتەی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە و لەمیانی سەدەی بیستەمیشدا، پەرەسەندێکی گرنگ لە پیشەسازیی ڕۆژئاوا هاتە ئاراوە- تەنانەت وا سەیر دەکرێت کە ئەوروپایی نەبووە بە تەنیا بەڵکو ئەمریکایشی گرتۆتەوە - پاڵنەری سەرەکیی ئەم پەرەسەندنەش هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێیکرد سەرهەڵدانی هێزگەلێکی نوێی پیشەسازی بوو کە ڕکابەریی ئینگلتەڕای دەکرد، هەروەها بازاڕەکانیشی بە شتومەك و کاڵا قەرەباڵغ دەکرد، ئاماژەشمان بەوە کرد کە ئەم پەرەسەندنە نوێیەی ئابووری

هەمــوو جیهانــی کــردە یەکەیەکــی ئابــووری کــە پشــت بــە یەکــدی ببەســتن، واتــا بەشــێك لــەو دەوڵەتانــە بەبــێ یەکــدی نەیاندەتوانــی کاری خۆیــان مەیســەر بکــەن، ئێســتاش دەبینیــن ئــەو فاکتەرانــە چــۆن کاریگەرییــان کردۆتــە ســەر ئابووریــی ڕۆژئــاوا لــەو ماوەیــەدا.

گرنگتریــن ســیفەت کــە ئــەو ئابوورییــە لــەم قۆناغــەدا جودادەکاتــەوە بریتــی بــوون لــە دوو ســیفەت: گردبوونــەوەو قۆرخکــردن، هەروەهــا مەیلــی شــەڕخوازیی کۆلۆنیــال، لێــرەدا بــە جــودا باســی هــەر یــەك لــەو دوو ســیفەتە دەکەیــن، لــە هەمــان کاتــدا چــۆن هــەر یەکەیــان پەیوەندییــان بــە یەکــەوە هەیــە.

**(٣-١) گردبوونەوەو قۆرخکردن**

پیشەســازی لــە مــاوەی ڕابــردوودا ڕاســتەوخۆ زیاتــر جەختــی کــردە ســەر جەنگــی یەکەمــی جیهــان، بەرهەمهێنــەران زیاتــر هەوڵیــان دا سیســتەمگەلێکی نــوێ بدۆزنــەوە کــە لەگــەڵ پێداویســتییەکانی ئــەم جەختکردنەوەیــەدا بگونجێــت، بۆیــە لێــرەدا ئاراســتەیەك ســەری هەڵــدا بــۆ گردبوونــەوەی دارایــی و جەختــە پیشەســازی.

١- گردبوونــەوەی دارایــی هۆکارێــك بــوو بــۆ کۆکردنــەوەی بڕێکــی زۆری ســەرمایە تاکــو پــڕۆژەی زۆری زەبەلاحــی بــە شــێوەیەکی فــراوان پــێ دروســت بکرێــت کــە پێشــتر نەکرابــوون.

لــە ســەرەتای ســەردەمی پیشەســازیدا ســەرمایە تەنیــا لای خــاوەن کارگــە بــوو، ئــەو کارگەکــەی پــارەدار دەکــرد و پوختــەی قازانجەکــە هــەر بــۆ ئــەو بــوو، هــەر ئەویــش سەرپەرشــتیی بەڕێوەبردنــی کارگەکــەی دەکــرد، بۆیــە زۆربــەی دامــەزراوە پیشەســازییەکان لــەو ماوەیــەدا بــە بــەراورد بــە دامەزراوەکانــی ئێســتا بچــووك بــوون، بــەڵام پیشەســازی هەوڵــی دەدا زیاتــر گەشــە بــکات، ئــەو پارەیــەی تەنیــا لای خــاوەن کارگــە بــوو بــۆ وەدیهێنانــی ئــەو ئامانجــە بەشــی نەدەکــرد، لەبــەر ئــەوە سیســتەمێك داهێــنرا کــە ســوود لــەو ســەرمایانە وەربگیرێــت کــە لای خەڵکــن، بەواتــای وەبەرهێنــان، ئەمــەش سیســتەمی کۆمپانیاکانــە.

لــە ڕاســتیدا سیســتەمی کۆمپانیــا بەشــداربووەکان جۆرێکــی نوێیــە لــە جۆرەکانــی

موڵکـداری، جگـە لـەوەی جۆرێکـی تـازەی دامـەزراوە پیشەسـازی و بازرگانییەکانـە، لـە بنەڕەتـدا سیسـتەمێکە مەبەسـتی کۆکردنـەوەی موڵکدارییەکانـە بـەرەو یـەك ئامانـج، بەمـەش سـامانێکی زۆری دەوڵەمەنـدەکان خرایـە یەکەکانـی بەرهەمهێنانێکـی زۆرەوە. چەنـد کەسـێك ئـەم کارەیـان بەڕێـوە دەبـردو ئەوانـی دیکـەش تەنیـا پارەیـان دەنوانـدو چاوەڕوانـی سـوودەکەیان دەکـرد، بـەڵام دەسـتیان لـە کاروبـاری بەڕێوەبـردن وەرنـەدەدا، ئـەم جیاکردنـەوەی نێـوان موڵکدارێتیـی پـارەی کۆمپانیاکـە و بەڕێوەبردنـی پلەداربـوو، هەنـدێ کۆمپاینـا هەبـوو خاوەنەکـەی یـەك کـەس یـان کۆمەڵـە کەسـێك بـوو، ئەوانـە بەشـێکی گـەورەی پشـکیان هەبـوو، پشـکەکانی دیکـەش بەسـەر ژمارەیەکـی زۆری بەشـداربوواندا دابـەش دەکـرا، واتـا بەڕێوەبـردن لـە دەسـتی ئـەو کەسـە یـان ئـەو کۆمەڵـە کەمـە دەبـوو، هەنـدێ جاریـش موڵکدارێتـی و بەڕێوەبـردن لـە یـەك دەسـتدا دەبـوو، زۆرجاریـش کەسـانێك هەبـوون بـەڵام بـە ڕێژەیەکـی کـەم ، سەرمایەکەشـیان کـەم بـوو، کەچـی خـاوەن دەسـەڵات بـوون و کۆنتڕۆڵـی کارگەکانیـان دەکـرد.

بـێ گومـان ئـەو جیاکردنـەوەی نێـوان بەڕێوەبـردن و موڵکـداری فراوانکردنـی کارەکانـی کۆمپانیـا بـە بەردەوامـی دابیـن دەکات، دەکـرێ سـەرمایە بـە پێشکەشـکردنی پشـکی تـازە لـە بـازاڕ زێـدە بکرێـت، خـاوەن پشـکەکان- جگـە لـە ئەندامانـی بـواری بەڕێوەبـردن - هەڵوێسـتی نەرێنییـان دەبێـت لـە هەمبـەر ئیـدارەی کۆمپانیاکـە، تەنانـەت ئـەوان خـودی ئـەو هۆیانـەی بەرهەمهێنـان شـك نابـەن، بەڵکـو دەیانەوێـت بـە گرووپێکـی سـەنتراڵی بسـپێرن تـا کۆنتڕۆڵـی بـکات، کـە بەدیـدی ئـەوان دەبـوو ئـەوان بەرژەوەندیـی کۆمەڵـی بەشـداربووانی خـاوەن پشـك بپارێـزن.

مۆرکـی دیموکراسـی کـە کۆمپانیـای پشـکدار جیادەکاتـەوە ئەوەیـە کـە یەکێتیـی بەرهەمهێنـان زۆرجـار بـە ئاشـکرایە، چونکـە ئـەوەی ڕوودەدات پشـکدارانی بچـووك ئەگـەر قازانجێکـی چاکیـان دەسـت کـەوت، ئـەوا وەك مێگـەل بـەدوای گـەورە پشـکداران دەکـەون، بـە تـەواوی گوێڕایەڵـی سیاسـەتییان دەبـن. هـەر بـەم شـێوەیەش دەتوانیـن بڵێیـن کـە ئەنجومەنەکانـی ئیـدارەی کۆمپانیـا پشـکدارەکان خۆیـان لەنێـو خۆیانـدا هەڵبـژاردن دەکـەن،

بــە تەواویــش کۆنتڕۆڵــی هەمــوو پرۆســەکانی بەرهەمهێنــان دەکــەن بــۆ بەرژەوەندیــی تایبەتیــی خۆیــان، واتــا لــە ڕاســتیدا کۆمپانیــای پشــکدار ئامــرازی ڕێکخــەری کۆنترۆڵکردنــە، پــارەداره گــەورەکان پارەیەکــی باشــیان لــە بچووکــەکان وەردەگــرت، بــە پاســاوی جێبەجــێ کردنــی پــرۆژەی فــراوان، بــەڵام ئەوانــە کۆنتڕۆڵــی هەمــوو شــتەکانیان دەکــرد، ســیفەتێکی دیکــەی جیاکــەرەوەی سیســتەمی کۆمپانیــا پشــکدارەکان ئەوەیــە کــە پیشەســازی دەکەوێتــە ئەســتۆی پــارەداران، لــەو سیســتەمەدا کەســایەتییکی گرنــگ کۆنتڕۆڵــی پیشەســازییەکە دەکــەن کــە هیــچ شــارەزاییەکی تەکنیکییــان لــەو بــوارەدا نییــە، تەنانــەت بەشــداریی هیــچ قۆناغێکــی بەرهەمهێنانەکــەش ناکــەن، بەڵکــو تەنیــا بــە پــارە سەرپەرشــتیی دەکــەن، بانکەکانیــش هەمــان ڕۆڵــی کۆمپانیــا پشــکدارەکان دەبینــن، ئەرکــی ئەوانیــش گواســتنەوەی ســەرمایەیە لــەو کەســانەی ناتوانــن بــەکاری بێنــن بــۆ ئەوانــەی توانایــان هەیــە، لەگــەڵ ڕێگەنــەدان بــە خاوەنەکانیــان کــە قازانجەکــە بــۆ خۆیــان بــەرن، بــەم شــێوەیە پەیوەندیــی نێــوان بانکــەکان و بەرهەمــی پیشەســازی پتــەو دەبێــت، چونکــە بانکــەکان هەمــوو پارەکــە بــۆ پــرۆژە پیشەســازییەکاندا دەقۆزنــەوە، مامەڵــە لەگــەڵ کۆمپانیــا پشــکدارەکان دەکــەن، یــان کۆمپانیــای هاوشــێوەی تایبــەت دادەمەزرێنــن، گــەورە بەرپرســانی بانــك دەســت وەردەدەنــە پرۆســەی بەرهەمهێنانــی پیشەســازی، بۆیــە خۆیــان دەبنــە گــەورە بەرپرســانی پیشەســازی، ئەمــەش دەبێتــە هــۆی ئــەوەی کــە جەختــی ئابــووری زیاتــر لەدەســت ئــەم جــۆرە پارەدارانــە بێــت، کــە بــەردەوام هەوڵــی فراوانکردنــی کارو دەســتکەوتنی قازانجــی زیاتــر دەدەن، ئەمــەش ڕوونــی دەکاتــەوە کــە فراوانبوونــی چوارچێــوەی کاری دامــەزراوە پیشەســازییەکان لــەم ماوەیــەی دواییــدا بــە شــێوەیەکە کــە پێشــتر جیهــان بەخۆیــەوە نەدیبــوو.

٢- جەختــە پیشەســازی: پیشەســازی پەیوەندییەکــی پتــەوی بــە گردبوونــەوەی داراییــی هەیــەو ئابووریناســان دابەشــی دوو جــۆری دەکــەن:

ســتوونە جەخــت: کۆمەڵــە کۆمپانیایــەك یەکدەگــرن کــە نوێنەرایەتیــی قۆناغــە جیاوازەکانــی یــەك پیشەســازی دەکــەن، هــەر یەکەیــان پرۆســەیەکی تایبەتیــی بەرهەمهێنــان بەڕێوەدەبــەن،

ئـەو جـۆرە یەکییەتییانــە لــە نێــو پیشەســازییەکانی تایبــەت بــە کانــەکان بەربــڵاوە، بۆیــە دەبینیــن کــە کۆمپانیاکانــی ئاســن و پــۆڵا لــە ســەرەتاوە تــا کۆتایــی سەرپەرشــتیی قۆناغەکانــی بەرهەمهێنــان دەکــەن، بــە شــێوەیەك کــە ئەوانــە خاوەنــی کوڵخانەکانــی ئاســن و کارگەکانــی پــۆڵاو دامەزراوەکانــی فرۆشــتنی ئاســن و پــۆڵان.

ســەران جەخــت: لەنێــوان چەندیــن کۆمپانیایــە کــە هــەر یەکەیــان کاڵایــەك بەرهــەم دێنــن لەیــەك قۆنــاغ لــە قۆناغەکانــی بەرهەمهێنانــدا، واتــا لەنێــوان کۆمپانیاکانــدا دەبێــت کــە لەنێــو خۆیانــدا کێبڕکــێ لەســەر بــازاڕ دەکــەن، دواتــر دەرك بــەوە دەکــەن کــە لــە بەرژەوەندیــی خۆیاندایــە کار بــۆ ڕێکخســتنی کێبڕکــێ بکــەن، یــان بــە یەکگرتنیــان کۆتایــی بــەم کێبڕکێیــە بهێنــن.

ئــەم یەکێتییــەش پلــەی جیــاوازی هەیــە، یەکەمیــان: ڕێککەوتنــی بەرهەمهێنــەران یــان کارتلــەکان Cartles، کــە تێیــدا بەرهەمهێنــان لــە کۆمپانیــا جیاوازەکانــدا کــە یــەك جــۆرە کاڵا بەرهــەم دێنــن لەســەر پاراســتنی نــرخ لــە ئاســتێکی دیاریکــراودا، لەگــەڵ مانــەوەی هەمــوو کۆمپانیایــەك کــە لەگــەڵ ئــەوەی دیکــەدا ســەربەخۆ بێــت، دووەمیــان: ڕێککەوتنــی ســەندیکاکان Syndicates، کــە دامــەزراوەکان ســەربەخۆ دەبــن لــە بەرهەمهێنانــدا، بــەڵام ســەندیکا ســاغکردنەوەی بەرهەمەکــە لــە ئەســتۆ دەگرێــت، کەرەســتەی خــاو دەکڕێــت و ڕێژەیەکــی دیاریکــراو لــە بەرهەمهێنــان بــۆ هــەر دامەزراوەیــەك دەســت نیشــان دەکات، دوا پلــەی جەختیــش بریتییــە لــە یەکبوونــی کۆمپانیــاکان یــان ترســتەکان Trusts،کــە تێیــدا دامــەزراوە جیاجیــاکان بــە تــەواوی تێکــەڵ دەبــن، خاوەنەکانیــان دەبنــە هاوبــەش لــە یــەك کۆمپانیــای گــەورەدا، ئیدارەیەکــی یەکگرتــووی دەبێــت، واتــا دامــەزراوە ســەربەخۆکان بــە تــەواوی نامێنــن و تێکــەڵ بــە یەکەیەکــی گەورەتــر دەکرێــن.

پێویســتی دەکــرد ئــەو گردبوونەوەیــە بــە هەمــوو جۆرەکانیــەوە ببێتــە هــۆی کەمکردنــەوەی نــرخ، چونکــە چوارچێــوەی بەرهەمهێنــان تــا ڕادەیەکــی زۆر فــراوان دەبێــت، بــەڵام ئــەوەی لــە واقیعــدا ڕوودەدات پێچەوانەیــە، ئــەم گردبوونەوەیــە کێبڕکــی ناهێڵێــت، واتــا ئــەو دیــوارە دەڕووخێنێــت کــە بەکاربــەر پەنــای پــێ داوە، هیــچ تەگەرەیەکیــش ناکەوێتــە نێــو

کۆمپانیاکـە و سـەپاندنی ئـەو نرخانـە، بـە گوزارشـتێکی دیکـە ئـەو گردبوونەوەیـە دەبێتـە هـۆی قۆرخکـردن، ئەمـەش هـۆکاری بەرزبوونـەوەی نرخەکانـە.

بـێ گومـان گردبوونـەوەی کۆمپانیـاکان بـەم شـێوەیە، هەروەهـا پێکهێنانـی یەکێتییەکـی بەهێـزی بەرهەمهێنـی زۆر، کێبڕکێـی ئـەو دامـەزراوە بچووکانـە ناهێڵێـت، کـە لـە دەرەوەی ئـەم گردبوونەوەیـە دەمێننـەوە، بەمـەش قۆرخکـردن دێتـە ئـاراوە، ئەمـەش بـەو واتایـە نییـە کـە کێبڕکێیەکـە نەمـاوە، یـان سـەقامگیریی ئابـووری هاتۆتـە ئـاراوە، یـان ئـەو سـەقامگیرییە مۆرکێکـی جیهانـی وەردەگرێـت، کاتـێ یەکێتیـی نێـوان کۆمپانیـاکان سـەر بـە دەوڵەتانـی جیـاواز دەبێـت، ئـەوەی لـە ڕاسـتیدا ڕوودەدات ئەوەیـە کـە کێبڕکـێ هـەر دەمێنێـت، هەتـا ئەگـەر بـە شـێوەی جیاوازیـش بێـت، لەجیاتـی ئـەوەی لەنێـوان دامـەزراوەی سـەربەخۆ بێتـە ئـاراوە، لەنێـو یـەك دامـەزراوە پەیـدا دەبێـت، کاتـێ هـەر پشـکدارێکی گـەورە هەوڵـی دەسـتکەوتنی قازانجێکـی زۆر دەدات، هەروەهـا سـەرجەم کاروبارەکانـی کۆمپانیاکـە کۆنتـڕۆڵ بـکات، یـان کاتـێ کێبڕکێـی نێـوان یەکێتییـەکان سـەرهەڵدەدات، لێـرەدا شـێوازێکی مەترسـیدار دێتـە پێشـەوە، هەنـدێ جاریـش شـەڕی بـەدواوە دێـت، ئەمـەش لـە بەشـی دواتـر باسـی دەکەیـن.

### (٣-٢) مەیلی کۆلۆنیالی و جەنگ

بینیـمان چـۆن پەرەسـەندنی نوێـی ئابـووری بـووە هـۆی زیادکردنـی جەختـە دارایـی پیشەسـازی، کـە یەکیەتییەکـی زۆر بەهێـزی لێکەوتـەوە، چەندیـن گـەورە بزنسـکار کـە بـەردەوام بەهێـزن، کۆنتڕۆڵـی ڕەوشـەکە دەکـەن. جـۆری جیاکـەرەوەی ئـەم پەرەسـەندنە بریتییـە لـە قۆرخکـردن، لـە وڵاتـە پێشـکەوتووەکانی پیشەسـازیدا بڵاوبوونـەوەی قۆرخکـردن و فراوانبوونـی چوارچێوەکـەی دەبێتـە هـۆی هێنانەکایـەی بڕێکـی زۆری سـەرمایەی زیـادە، کەواتــە ئــەو قازانجــە زۆرەی قۆرخکــردن دابینــی دەکات، بــە شــێوەیەکە کــە بازاڕەکانــی ناوخـۆ بەرگـەی وەبەرهێنانـی ناگـرن، بۆیـە ئـەو پارەیـە زیاتـر ڕەوانـەی دەرەوە دەکرێـت تـا لـە وڵاتانـی دیکـەدا بەکاربهێنرێـت، باشـترین بواریـش بـۆ بەکارهێنانـی سـەرمایە زیادەکـە، وەك ئـەوەی لـە زاراوەی کۆلۆنیالـی نـوێ بـە (وڵاتـە دواکەوتـووەکان Backward Countries

نـاسراوە، ئـەو وڵاتانـە، چونکـە مەرجەکانـی کارکـردن لـەو وڵاتانـەدا لـەو وڵاتانـە باشـترن کـە سـەرمایەکانیان لێـوە دێـت، دیـارە لـەو وڵاتانـەدا کـرێ کەمـترە، کاتـی کاریـش درێـژە، کەرسـتەی خاویـش بەردەسـتە و ناقۆزرێتـەوە، بازاڕەکانیـش بـۆ سـاغکردنەوەی بەرهەمـەکان بـەش دەکـەن، ئەمـەش لەبـەر لاوازیـی کێبڕکێـی ناوخۆیـە یـان هـەر نییـە، بۆیـە دەوڵەتـە پێشـکەوتووەکانی پیشەسـازی کاردەکـەن بـۆ ئـەوەی لـە ڕووی ئابوورییـەوە کۆنترۆڵـی دەوڵەتانـی دواکەوتـوو بکـەن، ئەویـش یـان لـە ڕێـگای کۆلۆنیـال و دەسـتێوەردانی ڕاسـتەوخۆوە، یـان لـە ڕێـی دەسـتێوەردانی ئابـووری و کۆنترۆڵـی ناڕاسـتەوخۆی سیاسـی.

نموونەیەکـی نزیـك دەهێنینـەوە کـە کۆلۆنیـال و دەسـتێوەردانی سـەربازییە، ئەویـش داگیرکردنـی ئەفریقیایـە لـە لایـەن کۆلۆنیالـی ئەوروپییـەوە لـەو ماوەیـەی پێـش هەڵگیرسـانی جەنگـی یەکەمـی جیهـان، بۆیـە لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەیەمـەوە، ئەوروپییـەکان بایەخـی زۆریـان بـە ئەفریقیـا دا، ئـەو کیشـوەرە بـە گوتـەی خۆیـان نەنـاسراو یـان تاریـك، بۆیـە ناوچەکانـی جیهـان کـە داگیردەکـران لـە کەمبوونـەوەدا بـوون، چونکـە ئینگلتـەڕا ئوسـترالیاو هیندسـتانی داگیرکردبـوو، هۆڵەنـداش کۆنترۆڵـی دوورگەکانـی ڕۆژهەڵاتـی هیندسـتانی کردبـوو، ئیسـپانیاش پێشـتر ناوچەیەکـی زۆری ئەمریـکای باشـووری خسـتبووە ژێـر دەسـتی خۆیـەوە.

یەکـەم قۆنـاغ لـە قۆناغەکانـی کۆلۆنیالـی ئەوروپـی لـە ئەفریقیـا بریتـی بـوو لـە داگیرکردنـی ناوچـەی (سـەر) لـە لایـەن هۆڵەنـداوە لـە سـەدەی نۆزدەیەمـدا، دواتـر کشـانەوەو ڕادەسـتی ئینگلیزیـان کـرد، ئیـدی زنجیـرە دۆزینەوەیـەك دەسـتی پـێ کـرد، لـە هەمـان کاتیشـدا تاقیکردنەوەیـەك بـوو تایبـەت بـە چۆنێتـی داگیرکردنـی ناوچەکانـی دیکـەی ئەفریقیـا، بۆیـە ئینگلیـز دوای دۆزینـەوەی( فنجسـتون و سـتانلی) یەکسـەر چوونـە ناوەڕاسـتی ئەفریقیـاو توانیـان چەندیـن هەرێـم کۆنتـڕۆڵ بکـەن.

شـەڕی ناوخـۆی ئەمریـکا بـووە هـۆی بڕینـی بەرهەمـی لۆکـە لـە کارگەکانـی چنیـن و ڕسـتن لـە لانکشـیر، خـاوەن ئـەو کارگانـە لـەم شـەڕەدا زیانێکـی گەورەیـان پـێ گەیشـت، بـەڵام سـوور بـوون کـە ئەمـە دووبـارە نەبێتـەوە، دەتوانیـن بڵێیـن کـە ئەمـە هۆکارێـك

بـوو کـە ئینگلیـز پەلـە بـکات و لـە سـاڵی ١٨٨٢ز میـسر داگیربـکات، تاکـو ڕاسـتەوخۆ دوای داگیرکـردن گرنگیـی بـە چاندنـی لۆکـە بـدات، بـە هەرحـاڵ دوای ئـەوەی ئینگلیـز میـسری داگیرکـرد، ئیـدی قەڵەمڕەوییـان زیاتـر هەڵکشـا بـەرەو دوورترینـی باکـوورو باشـووری ئەفریقیـا. وەك تەماعکارییەکیـش بـۆ دەسـتکەوتی زیاتـر ئەڵمانییـەکان چەندیـن بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ئەفریقیایـان داگیرکـرد، فەرەنسـییەکانیش مەغریـب و بیابانـی ڕۆژئاوایـان کۆنتـڕۆڵ کـرد، ئیتاڵییـەکان سـۆماڵ و ئەریتیریایـان خسـتە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیانـەوە، دواتـر پەلامـاری لیبیـاو تەرابلوسـیان داو بـە زەبـری هێـز داگیریـان کـرد، هەروەهـا ئیسـپانیا و پورتـوگال چەنـد ناوچەیەکیـان کۆنتـڕۆڵ کـرد، تەنانـەت بەلجیـکاش هاتـە نێـو کێبڕکێکـەوە ئـەو ناوچەیـەی داگیرکـرد کـە دواتـر بـە کۆنگـۆی بەلجیکـی نـاسرا.

ئەمــە وەك کۆلۆنیــال یــان دەســتێوەردانی ڕاســتەوخۆ، بــەڵام دزەکردنــی ئابــووری کــە داگیرکردنــی ســەربازیی لەگەڵــدا نییــە، بریتییــە لــە دیــاردەی هەناردەکردنــی ســەرمایە، دەوڵەتانـی پێشـکەوتووی پیشەسـازی کاردەکـەن بـۆ بنیادنانـی دامـەزراوەی پیشەسـازی لەنـاو دەوڵەتـە دواکەوتووەکانـدا، کـە پێشـتر تەنیـا بەرهەمەکانـی خۆیـان بـۆ دەنـاردن، دیـارە کـە بەرهەمهێنانـی پیشەسـازی لەنـاو دەوڵەتـە دواکەوتـووەکان باشـترە لـە بەرهەمهێنـان لەنـاو دەوڵەتـە پێشـکەوتووەکان، چونکـە مەرجەکانـی کارکـردن لەنـاو دەوڵەتـە پێشـکەوتووەکان زەحمەتــترن لــە ڕووی بەرهەمــەوە، ئەمــە وێــڕای ئــەوەی کــە بەرهەمەکــە ڕووبــەڕووی بەربەســتەکانی گومــرگ دەبــووەوە، بۆیــە بەرهەمهێنــەران پێیــان بــاش بــوو هەمــان سـەرمایە بـۆ وڵاتانـی دواکەوتـوو هەنـاردە بکـەن، یـان قەرزیـان پـێ بـدەن بـە پێـی چەنـد مەرجێـك کـە بـە هۆیـەوە بتوانـن ئابوورییـان کۆنتـڕۆڵ بکـەن، ئـەو کۆنترۆڵکردنـەش چ لـە ڕێـی قـەرز یـان سـەرمایەی هەناردەکـراو یاخـود قۆرخکردنـی بازاڕەکانـی ناوخـۆ، ئەمانـە هەموویـان دەبنـە هـۆی پتەوکردنـی پەیوەندیـی نێـوان دەوڵەتانـی هەنـاردەکارو هـاوردەکار، یەکەمیـان سـووردەبێت لەسـەر بەردەوامبوونـی ئـەو پەیوەندییـە، تەنانـەت جـاری وا هەیـە پیـلان دەگێڕێـت بـە پاسـاوی پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی پەنـا دەباتـە بـەر داگیرکردنـی ئـەو دەوڵەتـە.

بـەم شـێوەیە دەوڵەتانـی نوێـی پیشەسـازی کێبڕکـێ دەکـەن لەسـەر کۆنترۆڵکردنـی دەوڵەتانـی دواکەوتـوو، هەروەهـا لەسـەر دەسـتکەوتنی بـازاڕو کەرسـتەی خـاو، لەنێـوان گـەورە دەوڵەتانـی سـەرمایەداریش جۆرێـك لـە دابەشـکردنی ناوچەکانـی قەڵەمـڕەوی دێتـە ئـاراوە، بـە شـێوەیەك هـەر یەکێکیـان ناوچەیەکـی تایبـەت بـە خۆیـان دەبێـت، بـەڵام ئـەو سـەقامگیرییە زۆر درێـژە ناکێشـێت، چونکـە زوو نێوانیـان تێـك دەچێـت، ناکۆکییەکەشـیان دەبێتـە هـۆی هەڵگیرسـانی جەنـگ و بـە دابەشـکردنەوەی بازاڕەکانـی جیهـان بەپێـی بەرژەوەندیـی دەوڵەتانـی سـەرکەوتوو کۆتایـی دێـت. لێـرەدا بـۆ سـەلماندنی ئـەم قسـەیە بـاس لـە بەرپابوونـی جەنگـی یەکەمـی جیهـان دەکەیـن.

لـە مـاوەی پێـش ئـەو جەنگـەدا، دەوڵەتانـی کۆلۆنیـال دەسـتیان بەسـەر ملیۆنـان کیلۆمەتـر خـاك داگرتبـوو، زیاتریـان دەوڵەتـە کۆنەکانـی ئـەو کۆلۆنیالـە بوون،کـە ئینگلتـەڕا و فەرەنسـا بـوون، دەوڵەتانـی تـازە پێگەیشـتووی کۆلۆنیالیـش وەك ئەڵمانیـاو ئیتاڵیـا پشـکی خۆیـان لـە بەرمـاوەی ئـەوان دەسـتکەوت، هـەر چەنـدە دەوڵەتـە کۆنـەکان هەمـوو دەرگاکانیـان بـە ڕوودا داخسـتن، هـاوکات ئەگـەر خاکـی ئـازاد نەبوایـە هیـچ دەوڵەتێکـی کۆلۆنیالـی نەیدەتوانـی دەسـەڵاتی بەسـەردا بسـەپێنێت، ئـەوان زیاتـر هەوڵیـان دەدا بـە زەبـری هێـز بـازاڕەکان لەژێـر دەسـتیان دەربێنـن، تاکـو جارێکـی دیکـە ناوچەکانـی قەڵەمـڕەوی و دەسـەڵات لەسـەر بنەمایەکـی تـازە دابـەش بکەنـەوە، بۆیـە ئـەم جەنگـە هەڵگیرسـا.

بـەڵام ئایـا دەوڵەتانـی بەشـەڕهاتوو بـە ڕاشـکاوی دان بـەوەدا دەنێـن کـە لـە پێنـاو سـەپاندنی دەسـەڵاتی ئابـووری بەسـەر دەوڵەتانـی لـە خۆیـان لاوازتـر بەشـەڕدێن، یـان لەپێنـاو زاڵبـوون بەسـەر دەوڵەتێکـی دیکـەی بەهێـز کـە ڕکابەریـی دەکات لەسـەر کۆنترۆڵکردنـی ئـەو دەوڵەتـە لاوازە ؟

بـێ گومـان گەلانـی بەشـەڕهاتوو پێویسـتە بخرێنـە نێـو جەنگـەوە بـە پاسـاوێکی دیکـە، یـان بـە بیانـووی بیرۆکـەی ناسـیۆنالیزمی پەڕگیـر کـە کۆلۆنیـال دایهێنـا و شـێوەیەکی دیکـەی پـێ بەخشـین کـە هانـی دەوڵەتانـی لاوازی دا بیـر لـەوە بکەنـەوە پەنـا بـۆ دەوڵەتانـی بەهێـز ببـەن تـا داکۆکییـان لـێ بکـەن. دوای پەرەسـەندنی پیشەسـازیی نـوێ ڕوحـی ناسـیۆنالیزم

توندترو بەجۆشتر بوو، گۆڕانکاریی زۆری کۆمەڵایەتی و سیاسیی لێکەوتەوە، حکومەتەکان لە میانی سەدەی نۆزدەیەمدا بەهێز بوون، تا وایان لێ هات خەرجییەکی زۆر بۆ کڕینی چەکی کوشندە بۆ سوپاکانیان دابین بکەن، خاوەن کارەکان ئەم دەرفەتەیان قۆستەوە، دەستیان کرد بە پاڵپشتیکردنی هەستی ناسیۆنالیزم، ئەوانەی حوکمڕان بوون قازانجێکی زۆری ئابوورییان دەست دەکەوت لە سایەی سیستەمی نوێی دەوڵەتدا، لە هەمان کاتیشدا هانی ڕوحی دەمارگیرییان لەناو خودی دەوڵەتەکەیان دەدا، تەنانەت هەستیان بە پشتیوانی کردن لە ڕق و کینە دەکرد لەهەمبەر وڵاتانی دیکە، ئەویش بە پرۆپاگەندەو ڕاکێشان و وروژاندنی ڕای گشتی، ئەمەشیان بۆ شکاندنەوەی خاوەنکارانی دیکە بوو لە وڵاتانی بەرامبەر.

مەترسیدارترین شێوەی مەیلی ناسیۆنالیزم ئەوە بوو کە لەسەر بنەمای بڕوابوون بە سەرکەوتنی ڕەگەزپەرستی دامەزرابوو، ئەفسانەی ڕەگەزی باڵای ئاری لای جۆبینو Gobineau، بە شێوەیەکی ڕەگەزپەرستانە لێکدانەوەی بۆ شارستانیەت کرد، هەوڵی دا هەموو چاکەیەك بخاتە پاڵ ڕەگەزی سپیپێست. هەروەها هوستون چیمبرلین Houston Chamberlain لای ئەڵمانییەکان و کپلنگ Kipling لای ئینگلیز ئەم ئەفسانەیان دووپات کردەوە، بەڵام کاریگەرییەکەی گەورەتر بوو لەسەر ئەڵمانییەکان، کە لادان بوو لە چەمك و تێگەیشتنی ناسیۆنالیزم، لە ڕێی ئەو لاسارییەشەوە ئەڵمانییەکان یەك نەوەیان خستە نێو ئاگری دوو جەنگەوە، کە تەنیا گەورە قۆرخکارانی خاوەن کارگەو پیشەکاران لە وڵاتەکەیان لێیان سوودمەند بوون.

# بەشی سێیەم

## کێشەکانی مرۆڤ لە شارستانیەتی پیشەسازیدا

# پێشەکی

پەرەسـەندنی پیشەسـازی ڕاسـتییەکی گەورەیـە لـەم سـەردەمەماندا، بـە ڕاسـتی ژیانـی بەشـێکی زۆری خەڵـك تـا ئێسـتا نەکەوتۆتـە ژێـر کاریگەریـی ئامێـرەوە، بـۆ ڕێکخسـتنی ژیانـی، پەنـا ناباتـە بـەر شـێوازی ئاڵـۆز کـە کۆمەڵـگا پیشەسـازییەکان پەنـای بـۆ دەبـەن، بـەڵام بـێ گومـان خـودی ئـەم گەلانـە هەسـتیان بـە ئاسـەوارەکانی پەرەسـەندنی پیشەسـازیی نـوێ کـرد بـە ڕێگایەکـی ناڕاسـتەوخۆ، بـەو پێیـەی کـە بەشـێکن لـەو جیهانـەی کـە بـە هـۆی ئـەو پێشـکەوتنە یەکگرتـوو دەبێـت، ناتوانێـت بـێ ئەوانـی دیکـە بژیێـت.

لـەوەش گرنگـتر ئەوەیـە کـە تـەوەری ژیانـی کۆمەڵـگا ناپیشەسـازییەکان هەوڵدانـە بـۆ گەیشـتن بـە پلەیەکـی پێشـکەوتن کـە کۆمەڵـگا پیشەسـازییەکانی دیکـە پێـی گەیشـتوون، ئـەو ئامانجـەی خەباتـی بـۆ دەکرێـت و ئـەو ئومێـدەی  کـە کۆمەڵـگاکان دەخـوازن بێتـە دی، ئـەوەی کـە بگاتـە ئـەو پلەوپایـەی کـە گەلانـی دیکـە بەدیانهێنـاوە، ئـەوان توانیویانـە چـۆن سروشـت بـۆ بەرژەوەندیـی خۆیـان ڕابهێنـن، لـە هەمـوو کایەکانـی ژیانـدا بـە شـێوەیەکی ئەرێنـی سـوودی لـێ وەربگـرن.

زیـادەڕەوی ناکەیـن کاتێـك کـە دەڵێیـن سـەنتەری ژیانـی مرۆڤـی نـوێ پیشەسـازییە، هەمـوو کێشـەکانی ئـەو مرۆڤـە بـە شـێوەی ناڕاسـتەوخۆ بەسـتراونەتەوە بـە بـواری نوێـی ئابوورییـەوە.

هەمـوو دیاردەکانـی پێشـکەوتن لـە ژیانـی مرۆڤـی نوێـدا - کاتێکێـش دەڵێیـن پێشـکەوتن واتـا لـە ڕووی ڕۆشـنبیری و ماتریالـەوە- پەیوەندیـی پتەویـان بـە پەرەسـەندنی ئامێـرەوە هەیـە لـە ژیانـی ئـەو مرۆڤـەدا، هەمـوو لایەنـە بەدکارەکانیـش کـە بـەرەو ڕووی مـرۆڤ دەبنـەوە، لـە قەیرانـی ئابـووری و شـەڕی وێرانکـەر و نەمانـی ڕەگەزەکانـی سـەقامگیری لـە ژیانـدا، هەمـوو ئەمانـە ڕاسـتەوخۆ پەیوەسـتن بـە گۆڕانکاریـی خێـرای پیشەسـازی لـەم سـەردەمەدا.

بـە کورتـی، هەمـوو کێشـەکانی ئـەم سـەردەمە بـە دەوری یـەك تـەوەردا دەخوولێنـەوە،

ئەوانــەی پێیــان وایــە کــە ئــەم ســەردەمەمان گوزارشــت لــە پێشــکەوتنێك دەکات جیــا لــە ســەردەمەکانی پێشــوو، ئەوانــە ئــەو پێشــکەوتنە بــۆ سروشــتیی پیشەســازیی ئــەو ســەردەمە دەگەڕێننــەوە. لەکاتێکــدا هــەر ئەوانــە ئامــاژە بــۆ لایەنێکــی دیکــە دەکــەن کــە گوایــە شکســت و داهــزران لــە مێــژووی مرۆڤایەتیــدا هۆکارەکــەی خــودی ئــەو ســەردەمەیە، واتــا پیشەســازی دەردێکــە مرۆڤــی نــوێ پێــوەی دەناڵێــت، بۆیــە لــە هــەردوو بــواردا دانانــە بــەو ڕاســتییەی کــە ڕاســتەوخۆ کاریگەریــی بۆســەر ژیانــی کۆمەڵگاکەمــان هەیــە.

ناتوانیــن بەدواداچــوون بــۆ هەمــوو کێشــە شارســتانییەتەکان بکەیــن کــە ڕووبــەڕووی مــرۆڤ دەبنــەوە لــەم ســەردەمە نوێیــەدا، بــەڵام دەتوانیــن گرنگتریــن کێشــە لــەو کێشــانە هەڵبژێریــن، هەروەهــا بەهێزترینیــان کــە پەیوەســتە بــەو پەرەســەندنەی کــە ئامــاژەی بــۆ دەکەیــن، دوای چارەســەرکردنیان بۆمــان ڕوون دەبێتــەوە چــۆن گۆڕانکاریــی کردۆتــە ســەر وردەکاریــی ژیانمــان، ئەویــش لــە ئەنجامــی ئــەو گۆڕانکارییــە ئابوورییــەی بــەرەو ڕووی بۆتــەوە، هەروەهــا لــە کۆتاییــدا دەزانیــن کــە خــودی ســەرچاوەی ئــەو هەمــوو کێشــانە، دەتوانێــت باشــترین چارەســەریان بــۆ دەســت نیشــان بــکات.

# کێشەی ئازادی و ڕێکخستن

کێشـــەی ئـــازادی بـــە ســـووربوون دوای پەرەســـەندنە یەکلایکـــەرەوەکان وروژێـــنرا کـــە پێشـکەوتنی تـازەی پیشەسـازیی لێکەوتـەوە، دوای ئـەوەی گۆڕانکاریـی بنەڕەتـی لـە ئەنجامـی ئـەو پێشـکەوتنە بەسـەر پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـدا هـات، بەتەنگەوەهاتنـی ڕاسـتەوخۆش کـە لـە مـاوەی ئـەو پێشـکەوتنە خێرایـە هاتـە ئـاراوە، یـان دواتـر، بریتـی بـوو لـە بانگەشـە بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ ئازادیـی خـۆی دەسـتکەوێتەوە دوای ئـەوەی لـە سـەردەمی ئـەو پیشەسـازییە نوێیـەدا لـە دەسـتی دابـوو، ئـەم بانگەشـەیەی لای هەنـدێ بیرمەنـد لـە شـێوەی فەلسـەفەی ڕێکخـراودا بـوو کـە پیادەکردنـی بـۆ هەمـوو ڕواڵەتەکانـی ژیـان شـۆڕدەبێتەوە، بـەڵام دوای بەسـەرچوونی مـاوەی تاقیکردنـەوەی یەکـەم، هەروەهـا دوای کایەکانـی ژیانـی نـوێ ڕوون بـووەوە، هـاوکات سروشـتی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان ئاشـکرا بـوو، ئـەو کاتـە بانگەشـە کۆنەکـەی ئـازادی گـۆڕاو دوا سنووری ئـازادی بـوو بـە پێداویسـتییەکانی ڕێکخسـتنی کۆمەڵایەتـی، بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن کـە کێشـەی گـەورەی شارسـتانیەت لـەو ماوەیـەی کـە دوای ئـەوەی ناونـرا بـە (شۆڕشـی پیشەسـازی ) هاتـە ئـاراوە، کێشـەی پەیوەندیـی نێـوان ئـازادی و ڕێکخسـتن بـوو، ئایـا ئەوانـە هـاودژن، واتـا یەکێکیـان بـە بـێ ئـەوی دیکـە سـەردەگرێت، دەربـارەی ئـەو کێشـەیەی کـە لـە سـەردەمی ئێسـتاماندا بـاوە، بریتییـە لـە بەهێزتریـن ململانێـی فیکـری نێـوان هـەردوو ڕا، یەکێکیـان دووپاتـی دەکاتـەوە کـە ئـازادی ڕێکخسـتن پشـتگوێ دەخـات و لەگەڵیـدا ناکۆکـە، کەچـی ڕایەکـەی دیکـە دووپاتـی دەکاتـەوە کـە ئـازادی نایەتـە دی مەگـەر جـۆرە ڕێکخسـتنێك لەنـاو کۆمەڵـگادا هەبێـت، هـەر یـەك لـەو دوو ڕایانـە لقـی دیکەیـان هەیـە، هەروەهـا چەندیـن ڕێبازیـان هەیـە کـە پشـتگیرییان دەکـەن و لـە ئاسـت و پلەشـدا لەگـەڵ یەکدیـدا جیـاوازن، بـەڵام ململانێـی فیکـری وێـڕای ململانـێ ماتریالییەکـە لـەم جیهانەمانـدا لـە هێڵـە گشـتییەکانیدا لەنێـوان ئـەو دوو ڕایەدایـە، بۆیـە پێویسـت دەکات لـە دوو ڕووەوە بەدواداچـوون بـۆ ئـەو کێشـەیە بکەیـن: ڕوویـەك کـە پاڵپشـتی لـە ئـازادی دەکات، ڕوویەکـەی دیکـە پاڵپشـتی لـە ڕێکخسـتن دەکات، دواتـر پەیوەندیـی ڕاسـتەقینەی نێـوان ئـەو دوو فیکرەیـە

دیاردەکەین، دواجار بزانین کام ئاراستەیە چارەسەری دروستی ئەو کێشە بنەڕەتییە دەکات، بۆیە بانگەشەی ئەوە ناکەین کە ماوەیەکی کەم بەس بێت بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو ناکۆکییە توندە، بە تایبەتی بیرۆکەی ئازادی چەندین لێکدانەوەو شرۆڤەی هەیە لە بواری فەلسەفەو سیاسەت و ئابووری، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بیرۆکەیەکی فراوانەو زۆر شت هەڵدەگرێت، بەڵام مەبەستمان لەو توێژینەوەیە ئەوەیە کە زۆر بە کورتی خۆمان لە قەرەی ئەو بابەتە بدەین، لەو گۆشەیەوە سەیری بکەین کە هەموو کێشەکان دەخەینە بەر باس و بەدواداچوون، مەبەست لێرەدا پەیوەندیی نێوان ژیانی پیشەسازییە کە مرۆڤ دایهێناوە لەگەڵ شارستانییەتەکەیدا.

**(١) ڕێبازی ئازادیی ڕەها**

لەو ماوەیەی کە ڕێگاخۆشکەر بوو بۆ سەرهەڵدانی پەرەسەندنی نوێی پیشەسازی، هەروەها لە سەرەتاکانی سەردەمی ئەو پەرەسەندنەدا، ئادەم سمیس Adam Smith بە ڕوونی گوزارشتی لە ڕێبازی ئازادیی ئابووری کردووە، بە درێژایی سەدەی نۆزدەیەم کۆڵەگەی ئەو ڕێبازە بوو، بۆیە لەو ماوەیەدا بە هیچ جۆرێك دەستکاری نەکردووە، جگە لە هەندێ هەموارکردنەوەی سووك.

بە ڕای ئادەم سمیس یاسایەکی سروشتی هەیە کە وا لە خەڵك دەکات هەوڵ بدەن بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان، لە هەمان کاتیشدا بەرژەوەندییەکانی هەمووان، تەنانەت ئەو یاسایە دەبێتە تاکە ئامراز بۆ چاودێریکردنی بەرژەوەندیی هەمووان، بەڵام ئەگەر خەڵکەکە ئازاد بن لەو شتانەی کە حەزیان لێیانەو ئارەزووی دەکەن، ئادەم سمیس جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەموو کەسێك بەدوای مافی خۆیدا دەگەڕێت، کاتێك هەوڵدەدات بگاتە باشترین ڕێگا کە سامانەکەی بەرهەمدار و پارێزراو دەبێت، بەڵام سووربوونی تاك لەسەر سوودی خۆی دواجار ناچاری دەکات کە بیر لە بەرژەوەندیی هەموو خەڵکیش بکاتەوە. هەرچەندە مەرجەکانی مامەڵەکردنی لەگەڵ خاوەنکارو نوێنەرەکانیان باشتربێت، ئەوەندە سوودی پێ دەگات، بۆیە کێبڕکێ و ڕکابەری زیاتر دەبێت و بەرژەوەندییەکان بە یەك ئاراستەدا دەڕۆن.

نابێـت بـەم شـێوەیە لـەو ڕایانـە بڕوانیـن کـە تایبەتـن بـەو سـەردەمەی تێیـدا هەڵکەوتـوون، چونکـە بانگەشـەکردن بـۆ ئازادیـی ئابـووری لای ئـادەم سـمیس پەیوەندیـی پتـەوی هەیـە بـە هەوڵـی سـەرمایەداری کـە خوازیـاری فراوانـکاری و گەشـەکردنە، وا دیـارە هەلومەرجـی ئـەو سـەردەمە وای دەخواسـت ئـەو تێگەیشـتنە تایبەتـە بـۆ ئـازادی بـاو بێـت، ئـەو تێگەیشـتنەی کـە خاوەنکارانـی تـازە هەڵکەوتـوو باشـترین دەرفەتیـان لـێ دەبینـی بـۆ فراوانکردنـی پرۆژەکانیـان، بـێ ئـەوەی هیـچ هێزێـك بـەرەو ڕوویـان بوەسـتێتەوە، لەلایەکـی دیکـەوە ئـەو شـتەی گومانـی تێـدا نییـە ئەوەیـە، کـە مەترسـییەکانی ئـەم ئازادییـە تـەواوە کـە ڕێگـە بـە خاوەنـکار و بەهەمهێنـەر دەدات، کاروبـاری دامەزراوەکـەی بـە ئـارەزووی خـۆی بەڕێـوە ببـات و نرخـی بەرهەمەکانـی دیـاری بـکات، ئـەو مەترسییانە لـەو کاتـەدا هێشـتا ڕوون نەبـوون، بانگەشـەکەی ئـادەم سـمیس پەیوەسـتە بـەو سـەردەمەی کـە تـا ئـەو کات بەرهەمهێنانـی تاکەکەسـی پێگـەی خـۆی هەبـوو، کرێکاریـش زۆر جـار خـۆی کۆنتڕۆڵـی هۆیەکانـی بەرهەمهێنانـی دەکـرد، بیرۆکـەی ئـازادی مەترسـییەکی گـەورە نەبـوو، هەروەهـا بیرۆکـەی کۆنتڕۆڵکردنـی کرێـکاران لەلایـەن خاوەنـکارەوە زۆر ڕوون نەبـوو، بـە بەڵگـەی ئـەوەی ئـادەم سـمیس بـەو شـێوەیە لـە خاوەنـکار دەڕوانێـت کـە ڕابـەری کرێـکاران و ئاراسـتەکەریانە، ئـەو کەرسـتانەیان بـۆ دابیـن دەکات کـە پێویسـتیان پێیەتـی و لەبەرامبەریشـدا کرێـی تەواویـان پـێ دەدات، پەرەسـەندنەکانی دواتـر وێناکرنـی ئـەو پەیوەندییانـەی نێـوان خاوەنـکارو کرێکارانـی بـە درۆ خسـتەوە.

بەهـەر حـاڵ، ئـەم جـۆرە هەماهەنگـی و هاریکارییـەی نێـوان کرێـکارو خاوەنـکار وێنـا ناکرێـت لەکاتێکـدا لـەو سـەردەمەدا خـودی کرێـکار ئامـرازی بەرهەمهێنانـی تایبەتیـی خـۆی هەبـوو، دەیتوانـی بـە تەنیـا ئەگـەر پێویسـتی بکردایـە شـت بەرهـەم بهێنێـت، بۆیـە لێـرەدا دەکرێـت جـۆرە هاوکارییـەك لەنێـوان هـەر دوو لا وێنـا بکەیـن، بـەڵام پێشـکەوتنی خێـرای ئامێـر لـە سـەدەی نۆزدەیەمـدا گۆڕانکاریـی بنەڕەتـی  لـە ڕەوشـی کێشـەکە هێنایـە ئـاراوە، ئـەوە بـوو بـە یەکجـاری دەسـتبەرداری ئامێرەکانـی خـۆی بـوو، پـارەو سـامانی خاوەنـکار بـە تەنیـا هێنانـی ئامێـری قـورس و ئاڵـۆزی دابیـن دەکـرد کـە بـۆ بەرهەمهێنانـی پیشەسـازی سـوودی لـێ دەبیـنرا، کەچـی هـەر کرێـکار بـوو بـە کرێـی ڕۆژانـە بـە تەنیـا هێـزو توانـای

خـۆی بـۆ ئـەم بـواره تەرخـان دەكـرد، بۆیـە خاوەنـكار بـە ئـارەزووی خـۆی ڕەوشـی كرێكارانـی دەقۆسـتەوەو مەرجەكانـی كاركردنـی بـۆ دیاردەكـردن، تەنانـەت لێهاتوویـی و وەسـتایی سـوودی بـۆ كرێكارەكـە نەبـوو، چونكـە ئامێـر جێـی دەگرتـەوە، تەنانـەت هەنـدێ جـار خاوەنـكار منـداڵ یـان ئافرەتیشـی دەهێنایـە جێـی ئـەو كرێكارانـە، بـەم شـێوەیە دۆخـی كرێـكاران بـەرەو خراپـی دەچـوو.

لـەم كاتانـەدا ململانێـی نێـوان دوو چیـن دەسـتی پـێ كـرد، دیاربـوو كـە سیاسـەتی ئازادیـی ڕەهـا كۆمەڵـگای لـەت لـەت كـرد، بـووە هـۆی زیـان گەیانـدن بـە بەشـێكی زۆری كۆمەڵـگا، لێـرەدا مەبەسـت كرێكارانـە، كەواتـە ئەنجامـی سیاسـەتی ئازادیـی ڕەهـا بۆسـەر بەكاربـەر چـی بـوو؟ لایەنگرانـی ئـازادی دەڵێـن كـە ئەگـەر لێگەڕێـن كاروبـارەكان بـە ڕێـڕەوەی سروشـتیی خۆیانـدا بـڕۆن، ئـەو كاتـە كێبڕكێـی نێـوان خاوەنكارانـی پێكناكـۆك دەبێتـە هـۆی بەرزكردنـەوەی ئاسـتی بەرهەمەكانیـان، هەروەهـا دابەزینـی ئاسـتی نـرخ، تاكـو هـەر یەكێكیـان ژمارەیەكـی زۆری كرێـكار بـۆ خۆیـان دابیـن بكـەن.

ئـەوەی كـە بـە ڕاسـتی ڕوودەدات ئەوەیـە كـە كێبڕكێیەكـە - بـە لای كـەم لـە پیشەسـازییە گـەورەكان - دەبێتـە هـۆی جۆرێـك لـە قۆرخكـردن، واتـا بەرهەمهێنـەران كاردەكـەن بـۆ هەماهەنگیكردنـی سیاسـەتەكەیان و دۆزینـەوەی هاوپەیمانییەكـی كاتیـی نێوانیـان، كـە ئەمـەش سەردەكێشـێت بـۆ جۆرێـك لـە ڕێككەوتـن دەربـارەی نـرخ و بـڕی بەرهەمهێنـان، لـەو حاڵەتـەدا ڕكابەرییەكـە پێچەوانـە دەبێتـەوە، واتـا نرخـەكان بەرزدەبنـەوە، كـە ئەمـەش لەگـەڵ بەرژەوەندیـی بەكاربـەر یـەك ناگرێتـەوە.

بۆیـە پێویسـتە لایەنگرانـی ڕێبـازی ئـازادی تەنیـا پاسـاو بـۆ ئـەو جـۆرە سـوودانە نەهێننـەوە، بەڵكـو هەوڵبـدەن بناغەیەكـی فیكـری یـان پاڵپشـتێكی فەلسـەفی دابڕێـژن كـە پشـتی پـێ ببەسـتن، هەرچەنـدە جیاوازیـی گـەورەش لەنێوانیـان هەبێـت، بـەڵام لـە كۆتاییـدا هەمـان ئەنجامـی لـێ دەكەوێتـەوە، ئەویـش پاڵپشـتیكردنە لـە ڕێبـازی ئـازادی بـە واتـا ڕەهایەكـەی، هەروەهـا هەڵمەتێكیشـە دژی دەسـتێوەردانی حكومـەت یـان كۆمەڵـگا.

لایەنگرانـی ڕێبـازی ئـازادی پشـت بـە بیركردنـەوەی ڕۆسـۆ دەبەسـتن بـە هۆشـیارییەوە

یـان دوور لـە هۆشـیاری، بۆیـە دووپاتـی دەکەنـەوە کـە دەسـتوەردانی کۆمەڵگـە لـە یاسـاکان سـنوورێکی بـۆ ئازادیـی تاکـەکان دانـاوە، یاسـای ڕێکخسـتن لـە دەوڵەتـدا پێویسـتە ڕێگـە لـە هەڵسـوکەوتی تاکـەکان نەگرێـت مەگـەر لـە کاتـی زۆر پێویسـت نەبێـت، واتـا تێگەیشـتنی ئـازادی کـە لەگـەڵ یاسـادا ناکۆکـە و ئـەو بڕوایـەی کـە گوایـە مـرۆڤ ئـەو کاتـە ئـازاد دەبێـت کـە لـە کـۆت و پابەندبوونـەکان قوتاردەبێـت، ئەمەیـان بیرۆکەیەکـی سـادەو سـاکارە، چونکـە کاریگەریـی ئـەم بیرکردنەوەیـە تەنیـا لـە بـواری کۆمەڵایەتـی نابێـت، بگـرە سـەر دەکێشـێت بـۆ لایەنـی ئابـووری و سیاسـی و هەمـوو لایەنەکانـی دیکـەی ژیـان.

ئـەو هەڵـە گەورەیـەی کـە جێگرەوانـی فەلسـەفەی ڕۆسـۆ تێـی کەوتـوون، ئەوەیـە کـە لـەو بڕوایـەدان مـرۆڤ بـە ئـازادی لەدایـك بـووە، پەیوەندییـە ئاڵۆزەکانـی کۆمەڵایەتـی ئـەو ئازادییـە لەبەیـن دەبـەن، زۆربـەی ئـەو خەڵکـەی ئـازادن ئەوانـەن کـە لـە کـۆت و بەنـدی کۆمەڵایەتـی ڕزگاریـان بـووە، بۆیـە پێویسـتە ئـەوەی لەسـەرمانە بیکەیـن، ئەوەیـە کـە بگەڕێینـەوە بـۆ ئازادیـی مرۆڤـی سروشـتی ئەویـش بریتییـە لـە کەمکردنـەوەی وابەسـتەو کـۆت و بەنـدە کۆمەڵایەتییـەکان تـا ڕادەیەکـی زۆر، ئەمـەش ئـەو بیرۆکەیەیـە کـە پەرەسـەندنی نـوێ بـە درۆی دەخاتـەوە، هەروەکـو پێشـتریش ئاماژەمـان پـێ کـرد وێناکردنـی ئـەو دیمەنەیـە کـە لـە سـەردەمی ڕۆسـۆدا بـاو بـوو، کـە کاتـی خـۆی ئـەم جـۆرە تایبەتییـەی کـۆت وبەنـدە باوەکانـی سـەردەمی خـۆی ورووژاندبـوو، ئـەو لایەنگـری ئـەوە بـوو کـە مـرۆڤ لـە هەمـوو وابەسـتە و کـۆت و بەندێـك ڕزگاربکرێـت، واتـا کـە ئـازادی بـە واتـا گشـتگیرییەکەی زیـان بـە خەڵکەکـە نابەخشـێت، وەك هەنـدێ بیـر لـەو لایەنـە دەکەنـەوە.

لـە سـاڵانی دواتـردا، دوای ئـەوەی ڕوون بـووەوە کـە پێویسـتە جۆرێـك لـە سەرپەرشـتیکردنی کۆمەڵایەتـی بێتـە ئـاراوە بەسـەر ئـەو هێـزە نوێیانـەی کـە پیشەسـازی بەرهەمـی هێنـاون، بۆیـە لای ئـەوان چەمـك و تێگەیشـتنی ئـەو جـۆرە ئازادییـە بـە هیـچ شـێوەیەك قبوڵکـراو نەبـوو. ئـەوەی جێگـەی گومـان نییـە ئەوەیـە کـە وشـەی ئـازادی ناکرێـت تەنیـا یـەك واتـای لـە کۆمەڵگایەکـی ئاڵـۆزدا هەبێـت وەك کۆمەڵـگای نوێـی پیشەسـازی، ئـەو ئازادییـەی کـە توێژێکـی کۆمەڵـگا داوای دەکات، ڕەنگـە کۆیلایەتـی بێـت بـە نیسـبەت توێژەکـەی دیکـە،

هەروەهــا ئــەو ئازادییــەی کــە فەیلەســووفەکانی ســەدەی هەژدەیــەم و ســەرەتای ســەدەی نۆزدەیــەم دەیانخواســت، کــە بــە واتــای لێگەڕێــن هەمــوو شــتێك لــە کۆمەڵــگادا خۆیــان بەڕێوەبچــن و بــێ هیــچ دەســتێوەردانێك، ئــەو ئازادییــە لــە بەرژەوەندیــی بەرهەمهێنــەر بــوو نــەك بەکاربــەر، هەروەهــا لــە بەرژەوەندیــی خاوەنــکار بــوو نــەك کرێــکار، کێشــەکە هەمیشــە لــە دیاریکردنــی ئــەو لایەنــە بــووە کــە ئازادییەکــە لــە بەرژەوەندیدا بــووە، بۆیــە ئەگــەر ئــەو لایەنــە توێژێکــی گــەورەی کۆمەڵــگا بێــت – کــە وێــڕای ئەمــەش- لاوازەو پێویســتی بــە پاراســتن هەیــە، ئــەوا دەبــوو ئازادییەکــە بــە واتایەکــی پێچەوانــە لێــك بدرایــەوە، کــە دەســتێوەردان و ڕێکخســتنەوەی تێدایــە، بــەڵام ئەگــەر لــێ بگەڕێــن شــتەکان بــە ڕێــڕەوەی ئاســایی خۆیانــدا بــڕۆن، ئــەوا کاریگەریــی ئەرێنــی دەبێــت، بــە مەرجــێ کــە بــە ڕاشــکاوی دان بــەوەدا بنێیــن کــە مەبەســت لێــرەدا ئــازادی قۆســتنەوەی بەهێزانــە بــۆ لاوازان کــە ســڤیل و بــێ دەســەڵاتن.

لایەنگرانــی واتــای ئازادیــی ڕەهــا لــە تیــۆری پەرەســەندن- کــە لــە کاتــی گونجــاوی خۆیــدا ســەری هەڵــدا- پاڵپشــتییە بــۆ ڕاکانیــان، تەنانــەت بــە شــێوەیەك دەســتکارییان کــردو لێکیاندایــەوە کــە لەگــەڵ حــەزو ویســتی ئــەوان بگونجێــت، ململانێــی نێــوان چینــە ناکۆکەکانــی پەیوەســت بــە بەرژەوەندییــەکان لــە کۆمەڵــگادا بریتییــە لــە ململانــێ لەپێنــاو مانــەوە Struggle for existence ئــەو ململانێیــە ســەختەش لاوازەکان لەناودەبــات، مانــەوە بــۆ چاکەکەیــە Survival of the fittest لــە ڕاســتیدا تاقیکردنــەوەی خــودی ئــەو گوزارشــتکردنە ڕەنگدانــەوەی ئــەو کەشــوهەوا کۆمەڵایەتییەیــە کــە تیۆرەکــەی تێــدا پەیــدا بــوو، چونکــە لــە تیــۆری پەرەســەندنی بنەچــە- هــەروەك چارلــس دارون- خســتویەتییە ڕوو، هەمــوو جــۆرەکان لــە ڕێــگای زیادبوونــی خۆگونجاندنیــان لەگــەڵ ژینگــە ئاســتیان بەرزدەبێتــەوە، هەروەهــا لــە ڕێــگای تێکەڵبوونــی ئــەو جۆرانــە لەگــەڵ یەکدیــدا تاکــو بەرزتریــن جۆریــان لــێ پەیــدا بێــت، واتــا چەندیــن ڕێــگای جۆراوجــۆر هــەن بــۆ پەرەســەندن و بەرزبوونــەوە بــە بــێ ململانێــی خوێنــاوی. بــەڵام هەڵبژاردنــی وێنــەی ململانێــی ســەخت و وێناکردنــی سروشــت بــەو پێیــەی دارســتانێکە لــە دڕنــدەی پێکناکــۆك، دواتــر لێکدانــەوەی پرۆســە کۆمەڵایەتییــەکان بــەو شــێوەیە، هەروەهــا بڕوابــوون بــەوەی کــە تاکــە پەیوەندیــی کــە لــە نێــوان تاکــەکان مەزەنــدە بکرێــت، بریتییــە

لـەو جەنگـە خوێناوییانـەی کـە تەنیـا بەهێـزەکان تێیانـدا دەمێننـەوە، ئـەو وێنەیـە گوزارشـتە لـە تێڕوانینێکـی تایبـەت بـۆ کۆمەڵـگا، هەروەهـا ئـەوەی کـە پێویسـتە لـەو پەیوەندییانـەدا بگوزەرێـت.

کۆمەڵـگای پیشەسـازی لـە سـەرەتای سـەدەی نۆزدەیەمـدا دانـی بـە پرەنسـیپی هاوکاریـی دوولایەنـەدا نەنـاوە، بەڵکـو تایبـەت بـووە بـە ململانێـی سـەخت کـە تێیـدا لاوازتـر پشـتگوێ دەخرێـت و لەبەیـن دەبرێـت و دەکەوێتـە ژێـر پێیانـەوە، ئەمـە لـە چوارچێـوەی ئازادیـی کێبڕکێدایـە، بـە ڕاسـتی مانـەوە لـەو کۆمەڵگایـەدا بـۆ چاکەکـە بـووە، بـەڵام کامـە چـاك؟ بـە واتـای ئـەوەی توانـای هەبێـت لـە خۆگونجـان لەگـەڵ ژینگەیەکـی سـەخت کـە جێـی سـیفەت و ڕەفتـارە مرۆییەکانـی تێـدا نابێتـەوە، هەروەهـا بـواری بەهاکانـی ڕەوشـت و جوانـی و مافـی تێـدا نییـە، ژینگەیـەك کـە خـاوەن بیـرو هـزرە بنبەسـتەکان باڵادەسـتن، ئەوانـەی باکگراونـدی زیرەکـی و ڕۆشـنبیرییان نییـە، بـەڵام ئـەوان چاکـترن لـەو زەمینـە تایبەتییـەی کۆمەڵایەتـی، کەواتـە ئـەو ڕاڤەکـردن و لێکدانەوانـەی بـۆ شرۆڤەکردنـی تیـۆری پەرەسـەندن لەلایەن(هربـرت سبنسـەر) ەوە خرانـەڕوو، پەیوەسـتن بـە سروشـتی سیسـتەمە کۆمەڵایەتییەکانـەوە، ئـەو سیسـتەمانەی کـە پاڵپشـتیی لـەو ئازادییـە دەکـەن کـە لـەو سـەردەمەدا بـاو بـوو، سـەردەمێك کـە تەنیـا دانـی بـە ئازادیـی بەهێـزەکان دادەنـا.

**(٢) ڕێبازەکانی ئازادیی ڕێکخراو**

لایەنگرانـی ڕێبـازی ئازدایـی ڕەهـا دووپاتـی دەکەنـەوە کـە نێـوان تـاك و نێـوان دەسـتێوەردانی کۆمەڵـگا- مەبەسـتیش دەوڵەتـە- ناکۆکییەکـی بنەڕەتـی لـە ئارادایـە، کێشـەکە لـەوەدا نییـە بـاس لـە کۆدەنگـی یـان ناکۆکـی بکرێـت، چونکـە یـان دەبێـت تـاك ئـازاد بێـت، یـان دەوڵـەت سەرپەرشـتیی بـکات، ئازادیـی دروسـتیش ئـەو ئازادییـە سروشـتییەیەو دژی ئـەو ڕایەیـە، لایەنگرانـی ڕێبـازی ئازادیـی ڕێکخـراو جەخـت لـەوە دەکەنـەوە کـە ئـەو ڕێکخسـتنەی کۆمەڵـگا یـان دەوڵـەت ئەنجامـی دەدەن، بناغـەی یەکەمـی بەرپابوونـی ئازادییـە، دەسـتێوەردانی دڵسـۆزانەش تاکـە زەمانەتـە بـۆ ئـازادی، کەواتـە لایەنگرانـی ئـەو ڕێبـازە چـۆن لـە ڕووی عەقڵـەوە پاکانـە بـۆ ڕای خۆیـان دەکـەن؟

لەنێـو خەڵکـدا واتایەکـی گشـتی بـۆ ئـازادی هەیـە، کـە لـە بـواری سیاسـەت و ئابووریـدا بەکاردەهێنرێـت، تەنانـەت لـە بـواری خـودی بیرکردنـەوە فەلسـەفییەکە، بنەمـای ئـازادی لێـرەدا تەنیـا توانـای مرۆڤـە کـە لەخـۆڕا ئـەو ڕێبـازە هەڵبژێرێـت، بـێ ئـەوەی هیـچ فشـارێکی دەرەکیـی لەسـەر بێـت، بۆیـە لەسـەر ئـەو بنەمایـە لایەنگرانـی ڕێبـازی ئازادیـی ڕەهـا کۆکـن، بـەڵام یەکـەم تێبینـی لەسـەر ئـەم واتایـە نەرێنییـە، چونکـە ئـازادی بـە واتـای نەبوونـی فشـارو ڕق و کینەیـە، ئەمـەش سیفەتێکی دیاریکـراو نییـە کـە هەوڵـی بـۆ دەدەیـن، بەڵکـو دۆخێکـە ئەگـەر ئاسـتەنگ و تەگەرەمـان نەهاتنـە پێـش ئـەوا پێـی دەگەیـن، دووەم واتـای ئەمـەش کـە سـەرنجی دەدەیـن ئەوەیـە کـە وێـڕای گشـتگیریی واتاکـەی، لەسـەر هەمـوو پەیوەندییەکانـی مرۆڤـدا جێبەجـێ ناکرێـت، لـە پەیوەندییـە سـاکارەکاندا- وەك پەیوەندیـی نێـوان کەسـێك و کەسـێکی دی- دەکرێـت بڵێیـن مـن لـە خۆمـەوە ئـازادم، ئەگـەر نەکەومـە ژێـر بـاری حـەزو ئـارەزووی کەسـانی دیکـە، هەروەهـا ئەگـەر بـە ویسـتی خـۆم ڕازی بـم، جـا ئەگـەر ڕەفتاریشـم خۆڕسـکانە بێـت، وەك دەڵێـن مـن ئازادییەکـەم لـە دەسـت دەدەم، ئەگـەر ڕقیـان لێـم بێتـەوەو ڕەفتـارم خۆڕسـك نەبـێ، بۆیـە ئەگـەر بچینـە نێـو پەیوەندیـی ئاڵۆزتـری کۆمەڵایەتـی یـان فراوانـتر، دەبینیـن ئەسـتەمە کـە ئـازادی لەنێـو ڕەفتـاری هەمـوو تاکێکـدا دەربکەوێـت، یـان جـۆرە سـازانێك بـەدی بکرێـت لەنێـوان ڕاکانـی هەمـوو ئـەو تاکانـەدا، بەڵکـو پێویسـتە ڕەگـەزی گوێڕایەڵـی بـۆ فەرمانـە هاوبەشـەکان لـە ئـارادا بێـت، هەروەهـا پابەندبـوون بـە کـۆت و بەنـدە گشـتییەکان، چونکـە زەحمەتـە لەنێـو کۆمەڵێکـی گـەورەی ئاڵـۆزدا ڕێگـە بـە هەمووتاکێـك بدرێـت لەخـۆڕا ڕەفتـار بـکات، بـێ ئـەوەی لەلایـەن ئـەو کۆمەڵـەوە فشـاری لەسـەر بێـت، بەڵکـو پێویسـتە لێـی گەڕێیـن بەشـداری لـە پلانـی سەرتاسـەریدا بـکات کـە مەبەسـت بەدیهێنانـی بەرژەوەندیـی گشـتییە، کەواتـە تێگەیشـتنی بـاوی ئـازادی – لـە لایەنـە نەرێنییەکـەی – تەنیـا بـۆ بـوارە تەسـکەکەی دەگونجێـت، ئەویـش بـواری پەیوەندییەکانـی تاکـە، تەنانـەت لـەو بوارەشـدا گومـان لـە تێگەیشـتنی ئـازادی دەکەیـن، چونکـە ئازادیـی دروسـت یارمەتیـمان دەدات ڕەفتـاری ئەرێنـی بنوێنیـن، نـەك تەنیـا خۆمـان لـە لایەنـە نەرێنییەکـەی قوتاربکەیـن، جگـە لەمانـە پێویسـتە

ئـازادی ڕێکبخرێتـەوە، مەبەسـت لێـرەدا ئەوەیـە کـە ئـەو ئازادییـە بنەمـاو ڕێسـاو سـنووری خـۆی هەبێـت، ئەگـەر نـا لـە بناغـەوە هـەرەس دەهێنێـت، ئـەو بناغەیـەی کـە لایەنگرانـی ڕێبـازی ئـازادی لـە سـایەی ئـەو ڕێکخسـتنەدا پشـتی پـێ دەبەسـتن، کۆمەڵـگای نـوێ - لـە ئاڵۆزیـی پەیوەندییەکانیـدا- ناتوانرێـت ڕێکبخرێتـەوە مەگـەر بـە هـاوکاری و هەماهەنگـی بـەرەو بەدیهێنانـی ئامانجـە هاوبەشـەکان، ئازادیـش لـەو جـۆرە کۆمەڵگایەشـدا دۆخێکـی زگـماك نییـە کـە سروشـت ڕاسـتەوخۆ پێشکەشـی مرۆڤـی بـکات، بەڵکـو لـە ڕاسـتیدا ئـەو دەسـەڵاتەی مرۆڤـە کـە دەتوانێـت ڕێکـی بخـات، وێـڕای کۆنترۆڵکردنـی بوارەکانـی دیکـەی دەرەوە کـە هەنـدێ جـار دەبێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی ناکۆکـی لەنێـوان خـودی مرۆڤەکـەو تاکەکانـی دیکـەی کۆمەڵـگا، هەنـدێ جـار دەگوترێـت کـە دژە بەرکەوتنێـك هەیـە لەنێـوان ئـازادی و ژیـاردا، بـەو نـاوەی کـە ئـازادی پێـش ژیـار ناکەوێـت، بەڵکـو خـودی ئـازادی سـیفەتێکە مـرۆڤ لـە ژیانـی ژیاریـدا وەریدەگرێـت، ئـەو ئازادییـەش ئـەو کاتـە بەهێزتـر دەبێـت کـە ژیـار بـەردەوام لـە گەشەسـەندندا بێـت.

ئـازادی بـەردەوام بـە مـرۆڤ دەدرێـت، بـەڵام بـە تـەواوی نادرێـت، بەڵکـو پێویسـتی بـە هـەوڵ و تەقـەلای زۆر هەیـە تـا بتوانرێـت پارێـزگاری لـێ بکرێـت، ئەمـڕۆ کێشـەکە لـەوەدا نییـە کـە کۆمەڵگـە ڕازی بێـت سەرپەرشـتیی تاکـەکان بـکات یـان نـا، بەڵکـو جیاوازییەکـی زۆر هەیـە تایبـەت بـەو سەرپەرشـتیکردنە ئەویـش بـە پێـی سیسـتەمەکان، چونکـە سیسـتەمە کۆمەڵایەتییەکانیـش سـنووری خۆیـان هەیـە لـە ڕێکخسـتنەوەی کۆمەڵـگا و دابینکردنـی ئـازادی بـۆ تاکەکـەکان، گرنـگ لێـرەدا ئەوەیـە کـە ئـەو سیسـتەمانە ئامانجگەلـی مرۆیـی بـۆ سـەرتاپای کۆمەڵگـە دێننـە دی، بۆیـە régimes کـە شـێوەیەکە بـە یەکجـاری ئـازادی خەفـە دەکات، ڕژێمـە سـەرکوتکەرو دەسـەڵاتدارەکان پیـادەی دەکـەن، وەك ئـەوەی لـە ئیتاڵیـاو ئەڵمانیـا لـە نێـوان هـەردوو جەنگـی جیهانـی هاتـە ئـاراوە totalitaires لەنێـو ئـەو ڕژێمانـەدا تاکیـش تەنیـا ئامرازێکـە لـە پێنـاو ئامانجێـك ئەویـش دەوڵەتـە. تاکـە جۆریـش کـە بـۆ ئـازادی دروسـتە ئەوەیـە کـە مـرۆڤ ویسـتی خـۆی لەگـەڵ ویسـتی دەوڵـەت بگونجێنێـت، واتـا ئامانجەکانـی مـرۆڤ لەنێـو خـودی ئـەو دەوڵەتـەدا

دێنــە دی، لــەو حاڵەتــەدا دەوڵــەت دەســەڵاتی بەســەر هەمــوو شــتێکدا هەیــە و دەســت وەردەداتــە ســەرجەم چالاکییەکانــی مــرۆڤ، تەنانــەت لــە گشــت وردەکارییەکانــی ژیانیــدا، بۆیــە مــرۆڤ هیــچ واتایەکــی نابێــت تەنیــا ئــەوە نەبێــت کــە بوونەوەرێکــی سیاســییە ئامانجەکانــی دەوڵــەت دێنێتــە دی، ئەمــە ئاســانتر دەبێــت، ئەگــەر دەوڵــەت خۆشــگوزەرانیی تاکــەکان بکاتــە ئامانــج و ئاســتی مــاددی و مەعنەوییــان بەرزبکاتــەوە، بــەڵام ئــەوەی بــە ڕاســتی ڕوودەدات ئەوەیــە کــە دەوڵــەت لــەم جــۆرە بیرکردنەوەیــەدا، زۆر جــاران گوزارشــت لــە ویســتی بەتەنیــا تاکێــك دەکات، هەوڵــدەدات خەونەکانــی فراوانــکاری و دوژمنکاریــی چەکداری بێنێتــە دی، هەروەهــا داخوازییەکانــی پێویســتی خەڵــك فەرامــۆش دەکات، لەجیاتــی ئــەوە بــە داخوازیــی ســاختە دەیانگۆڕێتــەوە، کــە خەڵکەکــە هەوڵــی بەدیهێنانیــان نــادات مەگــەر بــە تۆبــزی یــان بــە چەواشــەکاری، بۆیــە لێــرەدا ئــەو جــۆرە بیرکردنــەوەو تێگەیشــتنە لــە پەیوەندیــی نێــوان دەوڵــەت و تــاك، هــۆکاری ڕاســتەوخۆیە لــە زۆر کاری بەدکاریــدا کــە تووشــی مرۆڤایەتــی بۆتــەوە، وەك شــەڕ و چەوســانەوە، بۆیــە ئەمــە ڕێکخســتنێکی دروســت نییــە، بەڵکــو ئــەوەی لــەم دۆخــەدا ڕوودەدات ئەوەیــە کــە دەوڵــەت بــە تــەواوی دەســت بەســەر ویســتی تاکەکانیــدا بگرێــت، تەنیــا بــەو شــێوەیە لــە کەســایەتیی مــرۆڤ بڕوانێــت کــە ئامــرازە نــەك ئامانــج، ئەمــەش بــە ڕاســتی مەترســیدارترین تێگەیشــتنی ڕێکخســتنی کۆمەڵایەتییــە، ئــەو تێگەیشــتنەش بــە تــەواوی ئــازادی لەنــاو دەبــات.

بانگەشــە کــردن بــۆ دۆزینــەوەی جۆرێــك لــە ڕێکخســتنی کۆمەڵایەتــی بــە واتــای کۆنتڕۆڵــی تــەواو نییــە، کــە دەســەڵاتێکی ســتەمکار بەســەر تاکەکانــدا دەیســەپێنێت، بەڵکــو بــە واتــای سەرپەرشــتیکردنی کۆمەڵگایــە بەســەر پەیوەندییــە جۆراوجــۆرەکان، هەروەهــا چاودێریکردنــی بەرژەوەندیــی لاوازەکان و پاراســتنیان لــە ســتەمکردنی بەهێــزەکان، ئــەم جــۆرەش ئازادیــی دەژیێنێتــەوەو بەهێــزی دەکات، لــە ســایەی ئــەو جۆرەشــدا هەمــوو تاکێکــی کۆمەڵــگا بــۆی هەیــە تواناکانــی خــۆی بــە پێــی پێویســتی و حــەزو ئاەزووەکانــی پیــادە بــکات، بــێ ئــەوەی ســتەم لــە کەســانی دیکــە بــکات، یــان بــە تۆبــزی مافێکــی ناڕەوایــان لــێ زەوت بــکات، بۆیــە ئازادیــی ڕێکخــراو بــە درێژایــی مێــژوو ڕووبــەڕووی نەیارانــی زۆر بۆتــەوە، ئــەو نەیارانــە

دان بـەوەدا دەنێـن کـە پرەنسـیپی ڕێکخسـتن بـە واتـای سـەپاندنی دەسـەڵاتی تـەواو نییـە بەسـەر ویسـتی تاکـەکان یـان کۆنترۆڵکردنـی هەمـوو هەڵسـوکەوت و ڕەفتارێکیـان، لەگـەڵ ئەوەشـدا گلەیـی دەکـەن لـە ڕێکخسـتنی کۆمەڵـگا یـان پلاندارێژیـی سیاسـەتەکەی، لەمەشـدا پاسـاوی جیاوازیـان هەیـە، لەوانـە بـاس لـە نموونـەی ئاراسـتەکردنی ڕەخنـەی چاودێـری یـان ڕێکخسـتنی کۆمەڵایەتـی دەکـەن، بـەو پێیـەی سەردەکێشـێت بـۆ دانانـی سـنوورێك بـۆ ئازادیـی تاکـەکان. لەمەشـدا بیرمەندێکـی پەڕگیرمـان هەیـە ئەویـش (فریـدرش هایـك)ە، کـە یەکێکـە لـە بیرمەنـدە دەگمەنـەکان کـە تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەم، داکۆکییـان لـە پرەنسـیپی (لێگەڕێـن بـا شـتەکان بـە ڕێـی خۆیانـدا بـڕۆن) کـردووە، لـە ڕاسـتیدا ئـەم جـۆرە بیرکردنـەوە لـەم سـەردەمەدا مایـەی گاڵتەپێکردنـە، چونکـە ئەمـڕۆ سەرسـەختترین دوژمنانـی ڕێکخسـتن و پلاندانـان هەتـا ئەگـەر بـە ڕواڵەتیـش بێـت، داکۆکـی لـە ئـازادی ناکـەن، بـەو ڕێگەیـەی کـە ئـادەم سـمیس داکۆکـی لـێ دەکـرد، بەڵکـو هەوڵـدەدەن خۆیـان لەگـەڵ ئەوهەلومەرجـە نوێیـەدا بگونجێنـن کـە کۆمەڵگاکانـی ئـەم سـەردەمە پێیـدا تێدەپـەڕن، بـەڵام فریدریـش هایـك یەکێکـە لەوانـەی بـە دەگمـەن بـە هەڵەکانـی ڕابـردوو پابەنـد دەبـن، بـا بـە نموونـە بـاس لـە یەکێـك بکەیـن کـە ڕەخنـە لـە فریدریـش هایـك دەگرێـت لـە بیرۆکـەی ڕێکخسـتن یـان پلاندانـان لـە کتێبەکـەی بەنـاوی( ڕێـگا بـەرەو کۆیلایەتـی) ، گرنگتریـن توخمەکانـی ڕەخنەکـەش ئـەوە بـوو کـە چـۆن ڕێکخسـتن و پلاندانـان ڕێگـە لـە چالاکییەکانـی کۆمەڵـگا دەگـرن و بـەرەو یـەك ئامانـج ئاراسـتەی دەکـەن، ئـەو ئامانجـەش لـە ڕژێمێکـەوە بـۆ یەکێکـی دیکـە، یـان لـە دەوڵەتێکـەوە بـۆ دەوڵەتێکـی دیکـە جیـاوازە، بـەڵام لـە هەمـوو حاڵەتێکـدا کـە بیرۆکـەی پلاندانـان کاری خـۆی کـرد، ئـەوا کۆمەڵگاکـە بـە هەمـوو لایەنەکانییـەوە ڕێکدەخرێتـەوە و بـۆ یـەك ئامانـج هـەوڵ دەدات، دان بـە بوارەکانـی دیکـەدا نانێـت کـە ئامانجگەلـی تاکەکەسـی بـن، واتـا هەمـوو چالاکییەکانـی مـرۆڤ لـەو کۆمەڵگایـەدا بـە هەنـد وەردەگیرێـن و پلـەو پایـەی خۆیـان پـێ دەردێـت، بـەڵام دەکرێـت باشـەکانیان دەسـت نیشـان بکرێـن.

هایــك جەخــت لــەوە دەکاتــەوە کــە مــرۆڤ ناتوانێــت پلەبەندییــەك بــۆ بەهــاکان

دابنێــت و بــە پێــی چاکــی و خراپــی ڕیزبەندییــان بــکات، واتــا ناتوانێــت ئــەوەی پێــی باشــە هەڵبژێرێــت و ئــەوەی لای خراپــە فەرامۆشــی بــکات، یــان هەمــوو وزەو توانایــەك بــۆ بەدیهێنانــی ئــەو داخوازییــە ســەرەکییەی تەرخــان بــکات، کەواتــە لێــرەدا بــوار بــە تــاك نادرێــت ئــەو هەمــوو پێداویســتییەی هەیەتــی و داوایــان دەکات لەنێــو ئــەو سیســتەمە پیادەبکرێــن کــە پلانــی بــۆ دادەڕێژرێــت، چونکــە هەمــوو مرۆڤێــك توانــای هــەر چەندێــك بێــت تەنیــا لــە بوارێکــی ســنووردا تاقــی دەکرێتــەوە، دواجــار بــۆی ناگونجێــت ئــەوەی کــە ئــارەزووی لێیەتــی بــۆی بێتــە دی، هایــك داکۆکــی لــە پرەنســیپی( لێگەڕێــن بــا شــتەکان بــە ڕێــی خۆیانــدا بــڕۆن) دەکات، بــە تایبەتیــش ئــەو هەمــوو ڕەخنانــەی بــەرەو ڕوویــان بۆتــەوە، هەندێــك دەڵێــن ئــەو پرەنســیپە جۆرێــك لــە خۆویســتیی تێدایــە، هەروەهــا ترسیشــە لــە ڕێکخســتنی داخــوازی و ئامانجەکانــی خەڵــك لەلایــەن کۆمەڵــگاوە، هــاوکات ســووربوون لەســەر ئــەوەی کــە هەمــوو تاکێــك هەوڵــی بەدیهێنانــی بەرژەوەندیــی تایبەتیــی خــۆی بــدات، بــێ ئــەوەی هیــچ لەمپەرێــك بێتــە ڕێــی، بــە پێچەوانــەوە هایــك داکۆکــی لــە ڕاکــەی خــۆی دەکات کــە بنەماکــەی پێچەوانــەی خۆپەرســتییە، هیــچ پەیوەندیــی پێــوە نییــە، بەڵکــو زۆر بــە ئاســانی لەســەر ئــەو بڕوایــە بیناکــراوە کــە هەڵســەنگاندنەکانمان زۆر جیــاوازن، ئەستەمیشــە یــەك جــۆر بــن، بۆیــە لــە کۆتاییــدا دەبێــت ڕێگــە بــە تــاك بدرێــت- لــە ســنووری ڕێگــە پێــدراودا – هــەوڵ بــدات بەهــاو شــتە پەســندکراوەکانی خــۆی بێنێتــە دی، نــەك بکەوێتــە ژێــر ڕکێفــی هەنــدێ بەهــای کەســانی دیکــە، چونکــە تــاك لــە زۆر بــواردا هــەر خــۆی بڕیــاردەرو خاوەنــی داواکاریــی تایبەتــی خۆیەتــی.

بۆیــە ئەگــەر بگوترێــت کــە کۆمەڵــگاکان هەمیشــە هەوڵــی بەدیهێنانــی ئامانجــە کۆمەڵایەتییــەکان بــدەن لەتــەك ئامانجــە تاکــە کەســییەکاندا، ئــەوا ئــەم قســەیە زیاتــر لای ئــەو کۆمەڵگایانەیــە کــە زۆر بــە تونــدی مەیلــی تاکەکەســییان لا مەبەســتە، چونکــە لــە ناوەڕۆکــدا ئامانجــی بەکۆمەڵــن، بــەڵام لــە ڕواڵەتــدا ئامانجــی تاکــە کەســین، بــە واتــای ئــەوەی خــودی تاکــەکان لــە نێــو خۆیانــدا ڕێککەوتــوون کــە بــە ویســت و ئــارەزووی خۆیــان بەشــداریی لــە بەدیهێنانــی ئــەو ئامانجانــە بکــەن، بۆیــە لــەم ڕووەوە گەلەکۆمــەك

دەکـەن و بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـە هاوبەشـانە یەکڕیـز دەبـن، لێـرەدا ڕۆڵـی دەوڵـەت تەنیـا ڕێکخسـتنە بـۆ بەدیهێنانـی ئـەو ئامانجانـەن، بـەڵام نابـێ ئـەوە لەبەیـر بکەیـن کـە ئـەم ئامانجانـەش سـنووری دیاریکـراوی خۆیـان هەیـە، هەرچەنـدە دەوڵـەت دەسـت وەرناداتـە ئـەو بوارانـەی کـە ئـەو تاکانـە لەسـەری ڕێکدەکـەون، بـەڵام کاتێـك ڕێککەوتنەکـە گشـتی نەبێـت، پێویسـتە دەوڵـەت دەسـتوەردان نـەکات و زیاتـر ڕێـز لـە ویسـت و ئارەزووەکانـی کۆمەڵـگا بگرێـت، چونکـە ئـازارو مەینەتیـی تاکەکانـی کۆمەڵـگا ڕەنگدانـەوەی پێداویسـتی و زەبروزەنـگ و چەوسـانەوەیانە، بۆیـە جارێکـی دیکـە دووپاتـی دەکەینـەوە کـە دەبێـت هــەم ئامانجەکانــی کۆمەڵــگا ســنووردار بــن، هەمیــش دەوڵــەت بزانێــت کــەی و چــۆن و تـا چەنـد دەتوانێـت دەسـت وەربداتـە ئـەو ئامانـج و حـەزو بەرژەوەندییانـەی کۆمەڵـگا، چونکــە هەرچەنــد چوارچێــوەی ڕێکخســتنی یاســایی دەوڵــەت فــراوان بێــت، ئەوەنــدە چوارچێــوەی هەڵســوکەوتی ئازادیانــەی تاکــەکان بەرتەســکتر دەبنــەوە، بــە ڕاســتی ئــەو هەمــوو ئەزموونانــەی کــە مرۆڤایەتــی پێیانــدا تێپەڕیــوە لەوەتــەی ســەرەتای ســەردەمی پیشەسـازی تـا بـە ئەمـڕۆ دەگات، ڕێگاخۆشـکەر بوونـە بـۆ ئـەوەی بیـروڕای جیـاواز بێنـە کایــەوەو بــە تونــدی ڕەخنــە لــەو شــێوە ڕێکخســتنە بگــرن، مەبەســت لێــرەدا ئەوەیــە هەمــوو کۆمەڵگایــەك بــە درێژایــی مێــژوو بــە ئەزموونــی جۆراوجــۆردا گــوزەری کــردووە، توانیویانــە خۆیــان ڕێکبخــەن و ژیانــی ئاســایی خۆیــان بەســەر بــەرن.

کاتێــك ســەرنج لــە بیــرو ڕاکــەی (هایك)دەدەیــن، دەردەکەوێــت کــە ئــەو دان بــەوەدا دەنێـت کـە ئەسـتەمە تاکـی کۆمەڵـگا بـە پەییـژەی سەرتاسـەریی بەهاکانـدا سـەربخەیت، چونکــە ئــەو بەهایانــە لەنێــو کۆمەڵــگادا دەکەونــە ژێــر بــاری پلاندانانــەوە، واتــا ئــەو بەهایانــە گیــرۆدەی حــەزو ئارەزووەکانــی تــاك نابــن، بەڵکــو پێداویســتییەکانی کۆمەڵــگا دەبنــە پەییژەیــەك بــۆ گەیشــتن بــەو بەهایانــە، ئــەو هەمــوو هــەوڵ و تەقەلایانــەی تاکەکانـی کۆمـەڵ دەیـدەن، پێویسـتی بـە پلاندانـان و ڕێکخسـتن هەیـە، ناچێتـە خانـەی تاکەکەسـی یـان بـە کۆمـەڵ، بەڵکـو میتۆدێکـی زانسـتیی پێویسـتە، کـە بـە هۆیـەوە لـەڕێ لادان و بەلایەکداخسـتن ناتوانـن ئـەو پـلان و ڕێکخسـتنە لاوازبکـەن، بۆیـە جیاوازیـی نێـوان

ئــەو کۆمەڵگایــەی بــە ڕێگایەکــی ڕێکخــراوو نەخشــەبۆکێشراودا دەڕوات و لەنێــوان ئــەو کۆمەڵگایــەی  لێگەڕێــن بــا شــتەکان بــە ڕێــی خۆیانــدا بــڕۆن، بریتییــە لــە جیاوازیــی نێــوان بڕوابــوون بــە زانســت و میتــۆدی عەقڵانــی لــە ژیانــداو نێــوان پشــتگوێ خســتنی زانســت و پەکخســتنی عەقــڵ یــان لەدەســتدانی متمانــە، لــە لایەکــی دیکــەوە ئاشــنابوون بــە حــەزو ئارەزووەکانــی کۆمەڵــگا، پێویســتە بەدواداچوونــی بــە کۆمەڵــی بــۆ بکرێــت، نــەك بێیــن پەنــا ببەینــە بــەر یەکــە یەکــە تاکەکانــی کۆمەڵــگا، باشــترین ڕێــگای دروســتیش ئەوەیــە کــە لــە ڕێــی نوێنەرانیانــەوە بــە ڕاو بۆچوونەکانــی ئــەو تاکانــە ئاشــنا بیــن، واتــا لــە ڕێــی ڕاوێژکــردن بــە ژمارەیەکــی دیاریکــراوی ئــەو تاکانــەی کــە بــە ڕاســتی نوێنــەری کۆمەڵــگان، ئــەوان گوزارشــت لــە حــەزو ئاواتەکانــی هەمــوو تاکەکانــی کۆمەڵــگا دەکــەن، بــێ گومــان - هەتــا ئەگــەر نوێنەرایەتیــی ڕاســتەقینەش هەبێــت- ناکرێــت بگەینــە ئارەزووەکانــی هەمــوو تاکەکانــی کۆمەڵــگا، لەگــەڵ ئەوەشــدا نابێــت بــە یەکجــاری چاوپۆشــی لــە ڕۆڵــی ئــەو نوێنەرانــە بکەیــن و وای لێکبدەینــەوە کــە گوزارشــت لــە بەشــێکی پێداویســتی و ئامانجانــەی تاکەکانــی کۆمەڵــگا ناکــەن، بــۆ نموونــە ئەگــەر خەڵکــی گونــدان وەربگریــن دەبینیــن کــە زۆرینەیــان لــە دانیشــتوان داواکاریــی هاوبەشــیان هەیــە، لەبــەر ئــەوەی ڕێچکــەی ژیانیــان هاوشــێوەیە لــە ڕووی پێداویســتییانەوە لــە بوارەکانــی خزمەتگــوزاری و ڕۆشــنبیری و تەندروســتی و کۆمەڵایەتییــەوە، لــەو حاڵەتەشــدا نابێــت بــە هیــچ شــێوەیەك گرنگیــی بــە داخوازییەکانــی کەمینــەی دەوڵەمەنــد بدەیــن و داخوازییەکانــی زۆرینــەی چەوســاوە فەرامــۆش بکەیــن، بــەڵام ئەگــەر  ڕێگــە بــە هــەر تیمێــك بدرێــت بــە ئــازادی هەڵســوکەوت بــکات، بــێ گومــان کەمینەکــە - بــەو هێــزو دەســەڵاتەی هەیەتــی - دەتوانێــت داخوازییەکانــی خــۆی بێنێتــە دی، لێــرە ســوودی پلاندانــان بەدەردەکەوێــت، لــە ڕووی ئــەوەی کــە بــەدوای بەرژەوەندیــی کۆمــەڵ یــان زۆرینــەی ڕەهــادا دەگەڕێــت، ئەمــەش بــە ڕێگەیەکــی زانســتی کــە بنەماکــەی باوەڕهێنانــە بــە عەقــڵ و بیرکردنــەوەی بابەتیانــە، نــەك بــە ڕێــی خۆویســتیی تاکەکەســی یــان وروژاندنــی تایفەگــەری، ئــەوەی لێــرەدا نابێــت لــە بیــر بکرێــت ئەوەیــە کــە خــودی بیرۆکــەی پلاندانــان وا پێویســت دەکات ئەوانــەی کارەکــە لــە ئەســتۆ دەگــرن

مەرجەکانی زانستی و بابەتیانە لەبەرچاو بگرن، کاتێکیش دەوڵەت ئەرکی کێشانی نەخشەی ئەم ڕێکخستنە لە ئەستۆ دەگرێت، پێویستە ئەو گرووپەی تێیدا حوکمڕانە بە دروستی نوێنەرایەتیی زۆرینەی ڕەهای گەل بکات، هەروەها ڕەچاوی ئامانجەکانی کۆمەڵگا بکات و داخوازیی بێ بنەمای بەسەردا نەسەپێنێت، یان وای لێ بکات چۆنی بوێت بەم شێوەیە ڕەفتاربکات، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێت وەڵامی ئەوانە بدرێتەوە کە دەڵێن فراوانبوونی چوارچێوەی ڕێکخستنی یاسایی دەوڵەت چوارچێوەی هەڵسوکەوتی ئازادیانەی تاکەکان بەرتەسك دەکاتەوە، هەڵەیەکی گەورەیە کە بەو شێوەیە شیکردنەوە بکرێت کە گوایە ناتەباییەك هەیە لەنێوان دەوڵەت و تاکەکانی کۆمەڵگادا، دیارە ئەو شیکردنەوەو تێگەیشتنە بۆ هەلومەرجی تایبەتیی دەوڵەتان دەگەڕێتەوە، چونکە زۆر کات دەوڵەت لەو حاڵەتەدا نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی کەمینە دەکات، بۆیە ناتەبایی و ناکۆکیی نێوانیان دەبێتە شتێکی ئاسایی.

دەوڵەت کە هەموو مەرجەکانی پلاندانانی دروستی هەبێت، بێ گومان بەرژەوەندیی تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا دەپارێزێت، دواجار یاساکانی دەوڵەت ڕەنگدانەوەی دروستی سەرجەم پێداویستیی تاکەکانن، بۆیە ئەگەر دەوڵەت بە ڕاستی نوێنەرایەتیی تەواوی تاکەکان بکات و بەردەوامیش چاودێریکردنی گەل بۆ نوێنەران لەبەرچاو بگرێت، ئەو کاتە ناکۆکیی نێوان یاساکانی دەوڵەت و حەزو ئارەزووەکانی سەرجەم تاکەکان هیچ مانایەکی نابێت، ڕێکخستن و پلاندانان پێویستییەکی بنەڕەتین بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی، بەڵام شوێنی ئازادی ناگرنەوە یان لەناوی ببەن، بەڵکو زەمانەتی ئازادی دەکەن و پاڵپشتیی لێ دەکەن، هەتا ئەگەر شێوەیەکی نوێی پێ ببەخشن، بۆیە ئەگەر تێگەیشتنمان بۆ ئازادی ئەرێنی بێت و لەسەر بنەمای کارکردن و بەرهەمهێنان بێت، نەك قوتاربوونی نەرێنی لە وابەستەکان، ئەو کاتە پلاندانان دەبێتە مەرجێکی بنەڕەتی، سروشتی ژیان لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا فاکتەری کاریگەرە بۆ تێگەیشتن لە ئازادی، بەڵام لە سایەی ڕێکخستندا، ئەو کۆمەڵگایە ئاڵۆزە، پەیوەندییەکاتی تێکچڕژاوو تێکەڵە، بۆیە ئەگەر ڕێگەی پێ درا کە بە ئاراستەی سروشتیی خۆی بڕوات، بێ

دەســتتێوەردان و ئاراســتەکردن، ئــەوا ئــەو کۆمەڵگایــە تووشــی کەموکــوڕی و گەندەڵــی دەبێتــەوە، چونکــە هــەر کۆمەڵگایــەك ئەگــەر هێــزی بەتوانــاو جەربــەزە کۆنتڕۆڵــی بــکات، ڕەنگــە زۆرینــەی تاکەکانــی ببنــە کۆیلــەی ئــەو هێزانــە، سروشــتی ژیــان لــەو کۆمەڵگایــەدا – ئەگــەر بــێ دەســتێوەردان ڕێگــەی پــێ بدرێــت – دەبێتــە هــۆی کەڵەکەبوونــی هێــزو ســامان و هەژمــوون بــە دەســتی چەنــد تاکێکــی کــەم، ئــەو کاتــە بــێ ماندووبــوون کۆنتڕۆڵــی ئەوانــی دیکــە دەکــەن، بۆیــە ئەگــەر کەســانی دیکــە ببنــە خــاوەن هێــزو ڕکابەریــی ئــەو بەهێزانــەی نێــو کۆمەڵــگای پیشەســازی بکــەن، بــێ گومــان پەیوەندییەکانــی نێــوان ئــەو دوو توێــژە درزیــان تێدەکەوێــت، هــەر لەبــەر ئــەو هۆیەیــە کــە پێویســتە چاوێــك بــەو پەیوەندییانــەدا بخشــێنرێتەوە لەســەر بنەمایەکــی دروســت، ئەمــەش کاری پلاندانانــە، بــەڵام لێــرەدا مەســەلەیەك هەیــە پێویســتی بــە وردەکاری هەیــە، ئەویــش: پەیوەندیــی ڕاســتەقینەی نێــوان تاکەکانــە کــە چۆنــە؟ بەهــای تــاك بــە بــەراورد بــە کۆمەڵــە تاکێــك لەنــاو کۆمەڵــگادا چییــە؟ ئــەو مەســەلەیە بەشــی داهاتــووی تــاك و کۆمەڵــگا لــە کۆمەڵــگای پیشەســازی وەڵامــی دەداتــەوە.

# تاک و کۆمەڵگا

کێشـەی تـاك و کۆمەڵەتـاك شـێوەیەکی نـوێ دەخاتـە ڕوو، دەبێتـە کێشـەیەکی زۆر پێیوسـت کـە توندتریـن مشـتومڕی دەربـارە دەکرێـت، لەمـەدا چەندیـن بیروبۆچـوون ڕووبـەڕووی دەبێتـەوە، چونکـە بەرهەمهێنـان لـەو کۆمەڵگایـەدا مۆرکێکـی هەرەوەزیـی دەبێـت، مەحاڵـە وا لێکبدرێتـەوە کـە تـاك یـان کۆمەڵەتـاك لـە کۆمەڵـگای پیشەسـازیدا بناغـەی بەرهەمهێنـان بـن، تاکـە کەسـایەتی لـە کۆمەڵـگای کشـتوکاڵیدا دەردەکەوێـت، چونکـە دەکرێـت بەرهەمهێنـان لـەو کۆمەڵگایـەدا بـە هـەوڵ و ماندووبوونـی کەسـێك یـان کۆمەڵـە کەسـێکی تایبـەت ئەنجـام بدرێـت. بـەڵام بەرهەمهێنانـی پیشەسـازی زۆر ئاڵـۆزەو بـێ هـەرەوەزی و هەماهەنگیـی تـەواو سـەرناگرێت، سـادەترین جـۆری بەرهەمهێنانـی پیشەسـازی بـە چەندیـن قۆناغـی ئاڵـۆزدا تێدەپەڕێـت، هـەر لـە کەرسـتەی خـاو تـا دەگاتـە کاڵای دروسـتکراو، پێویسـتە چەندیـن گرووپـی تاکـەکان پێکـەوە هاوکاریـی یەکـدی بکـەن، بۆیـە ئـەم یەکبوونـەی هـەوڵ و ماندووبوونـی تاکـەکان زەمانەتـی سـەرکەوتنی هـەر کۆمەڵگایەکـی پیشەسـازییە، لێـرەدا کێشـەی فەلسـەفی و شارسـتانی بـە توندتریـن شـێوە دەورووژێنرێـت، کەواتـە هەڵوێسـتی تـاك بەرامبـەر ئـەو کۆمەڵەتاکـەی دێتـە ناویانـەوە چییـە؟ ئایـا تاکخـوازی خـۆی لەدەسـت دەدات و ڕەسـانەیەتیی نامێنێـت، دوای ئـەوەی لەگـەڵ کۆمەڵـگادا ئاوێتـەی یەکـدی دەبـن؟ چارەنووسـی کەسـایەتیی مـرۆڤ دوای تێکەڵبـوون بـەو کۆمەڵگایـە چـی لـێ دێـت؟ ئایـا قووڵایـی کەسـایەتی بزردەبێـت و تەنیـا بـە ڕواڵـەت دەردەکەوێـت؟ ڕەگـەزی شـۆڕبوونەوە بەنـاو ئـەو کۆمەڵگایـەدا تەنیـا لـە شـێوە دەرەکییەکەیدایـە یـان لـە ناخیشـەوە کاریگـەر دەبێـت؟ بۆیـە مـرۆڤ لـەو کۆمەڵگایـەدا دەبێتـە بەشـێك کـە هیـچ واتـاو وجودێکـی نامێنێـت لەهەمبـەر ئـەو ئامێـرە زەبەلاحانـەی کـە شـوێن بـە تاکـەکان لـەق دەکـەن، کەواتـە ئەمەیـە کۆمەڵـگای پیشەسـازی. ئەمانـە ئـەو کێشـە بنەڕەتییانـەن کـە شارسـتانییەتی نوێـی پیشەسـازی بـەرەو ڕوومـان دەکاتـەوە، ڕەنگـە گەورەترینـی ئـەو کێشـانەش ، پەیوەسـت بێـت بـە کێشـەکەی پێشـوو- کێشـەی ئـازادی و ڕێکخسـتن- چونکـە ئەوانـەی دەڵێـن

(لێگەڕێـن بـا شـتەکان بـە ڕێـی خۆیانـدا بـڕۆن)، هـەر ئەوانـەن کـە دووپاتـی دەکەنـەوە کـە کەسـایەتیی مـرۆڤ لەنـاو کۆمەڵـگای پیشەسـازیدا لـە کورتـی دەدات، واتـا سروشـتی ئـەو کۆمەڵگایـە وایـە کـە هەمـوو قووڵایـی و ناخێکـی کەسـایەتی لەبەیـن دەبـات، کەواتـە پێویسـتە دەسـتوەردان و ڕێکخسـتن تـا ئەوپـەڕی ڕادەی پێویسـت کـەم بکەینـەوە، بۆیـە ئەوانـەی دەڵێـن کـە ئـازادی تەنیـا لـە سـایەی ڕێکخسـتندا وێنادەکرێـت، بەپێچەوانـەی ئـەوە دووپاتـی دەکەنـەوە کـە کەسـایەتیی مـرۆڤ لـە کۆمەڵـگای پیشەسـازیدا بەهێزتـر بـووە، ئـەوەی کـە هەیـە تەنیـا ئەوەیـە کـە ڕێکخسـتنی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان لـەم سـەردەمەدا پێویسـتە تاکـو ئەنجامەکانـی بەرزڕاگرتنـی بەهـای مـرۆڤ لـە سـەردەمی ئامێـردا بێنێتـەدی.

**(١) بەهای تاك لە سەردەمی ئامێردا**

ئــەوەی کــە سروشــتی کاری کۆمەڵایەتــی لــە ســەردەمی پیشەســازی جیادەکاتــەوە سـیفەتی پسـپۆڕییە، هەرچەنـد ژیانمـان ئاڵۆزتـر بێـت، پسـپۆڕی و دابەشـکردنی کار زیاتـر دەبێـت، ئـەم دیاردەیـەش تەنیـا لایەنـی ئابـووری ناگرێتـەوە، بەڵکـو سەردەکێشـێت بـۆ بـواری سیاسـەت و کارگێـڕی و زانسـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا کاتێـك پسـپۆڕی لـەو بوارانـەدا پەسـند دەکرێـت، هەروەهـا دوای ئـەوەی بـۆ هەمـووان ڕوون بـۆوە کـە زانسـت باشـترین و خێراتریـن ئەنجامـی لێکەوتـەوە، ئینجـا دەبینیـن کـە لـە بـواری کاری کۆمەڵایەتیـدا دەبێتـە مایـەی ڕەخنـەو بـە خەوشـێك بـۆ کۆمەڵـگای تـازە لێکدەدرێتـەوە، بۆیـە بـە ڕای زۆر لـە بیرمەنـدان کـە دواتـر نموونەیـان بـۆ دێنینـەوە، دابەشـکردنی کار لـە کەسـایەتیی مرۆڤایەتیـی کـەم دەکاتـەوە، چونکـە لـە سـەردەمەکانی پێشـوودا مـرۆڤ تاکـە پسـپۆڕ بـووە کـە لـە کارەکەیـدا سـەرکەوتوو بـووە، یـان هاوکاریـی کەسـانی دەوروبـەری خـۆی کـردووە، واتـا سـەربەخۆیی تـەواوی لـە کارەکەیـدا هەبـووە، بـەڵام لـەم سـەردەمەدا مـرۆڤ تەنیـا بۆتـە بەشـێك لـە ئامێرێکـی قەبـەو زەبـەلاح کـە بەرهەمـی کۆمەڵایەتـی پـێ دێتـە دی، واتـا هەسـت بـە خـۆی نـاکات وەك مـرۆڤ، تەنانـەت بـەو ڕۆڵـەی کـە دەیبینێـت، پشـت بـە خـۆی نابەسـتێت، یـان لـە ژیانیـدا هەسـت بـە بـەری ڕەنجـی ماندووبوونەکـەی ناکات،

مرۆڤـی نـوێ لـە دۆخـی کۆیلایەتیدایـە، ئـەو هەمیشـە هەسـت دەکات کـە پێویسـتی بـە کەسـانی دیکـە هەیـە، یـان بارگرانییـە لەسـەر ئـەو کەسـانەی لێیـەوە نزیکـن، بەهـاو ڕێـزی خـۆی لـەو کەسـانەی دەوروپشـتیدا دەبینێتـەوە، واتـا بەشـێکە لـەوان و بـێ ئـەوان هیـچ بەهایەکـی نییـە، ئـا بـەم شـێوەیە کەسـایەتیی مرۆڤایەتـی گرنگتریـن ڕەگـەزی لـە دەسـت دا، ڕەگـەزی قووڵایـی، تەنیـا بـە ڕواڵـەت ئامادەیـە، خـۆی لـە دەرەوەدا دەبینێتـەوە، بۆیـە ئەگـەر بڵێیـن سروشـتی ژیـان لـەو کۆمەڵـگا پیشەسـازییە کـە مرۆڤـی فێـری سـوودەکانی هاریـکاری و هـەرەوەزی کردبێـت، ئـەوا هەندێـك کـەس گلەیـی دەکـەن و دەڵێـن مـرۆڤ هـەر لـە خۆڕسـکەوە خاوەنـی گیانـی هەرەوەزییـە، بـەڵام لـە هەمـوو دۆخێکـدا مـرۆڤ بـە توانـاو بـازوو و بیرکردنـەوەی خـۆی توانیویەتـی بەسـەر ئاسـتەنگەکاندا زاڵ بێـت، ڕاسـتییەکیش هەیـە کـە هەمـوو تاکەکانـی کۆمەڵـگا بـەردەوام پێویسـتییان بـە هاوکاریـی یەکـدی هەیـە و هەمووشـیان لـەو بـوارەدا هاوشـێوەن، چونکـە هیـچ تاکێـك بـە تەنیـا ناتوانێـت بگاتـە هەمـوو ئامانجـەکان، بۆیـە نزیـك بوونـەوە لـە یەکـدی تاکـە ڕێگەیـە بـۆ بەردەوامبـوون لـە ژیـان.

**(۲) ڕەخنەی  نووسەرانی سەردەم لە شارستانییەتی پیشەسازی**

پێشـتر ئـەو ئاراسـتە گشـتییەمان ڕوون کـردەوە کـە ڕەخنەگرانـی شارسـتانییەتی پیشەسـازی لەسـەری دەڕۆن، هەروەهـا ئـەو وێنـە گشـتییەی ڕەخنـە کـە ئاراسـتەی دەکـەن، بـەڵام هەنـدێ جـار مـرۆڤ وا تێـدەگات کـە ئـەو ڕایانـە زۆر بـە کەمـی مەبەسـت دەپێکـن، ئەوانـەی ڕەخنـەش دەگـرن توێژێکـی کەمـی نووسـەرانن، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا دەنگدانـەوەی ئـەو ڕایانـە تـا ئەمـڕۆ هـەر بـڕەدەکات، باسـی هەنـدێ لـەو نووسـەرە هاوچەرخـە ناسراوانـە دەکەیـن، کـە هەموویـان هێرشـیان کردۆتـە سـەر شارسـتانییەتی نوێـی پیشەسـازی، بـە پاسـاوی ئـەوەی لـە توانـای مـرۆڤ کـەم دەکاتـەوە: نووسـەری نـاوداری ئیسـپانیا ئۆرتیـگا ئـی جاسـیە Ortega Y Gasset لـە کتێبەکەیـدا( شۆڕشـی ڕەش وڕووتـان - عەوامـی خەڵـك) دەڵێـت: پێویسـتە دان بـە ڕاسـتییەکی ڕوونـدا بنێیـن، ئـەو ڕاسـتییە خۆشـی بێـت یـان ناخۆشـی، ئەمـە گرنگییەکـی زۆری لـە ژیانـی گشـتیی ئەوروپـادا هەیـە لـەو سـەردەمەی ئێسـتاماندا،  ئەویـش ئەوەیـە کـە

خەڵکە ڕەش وڕووتەکە بە تەواوی جڵەوی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییان لە دەستدایە، ئەو خەڵکە گشتییە کە بە پێی پێناسە بێت ناتوانن ژیانی تایبەتیی خۆیان بە دەستی خۆیان مسۆگەر بکەن، جگە لە حوکمڕانیی سەرتاپای حکومەت، واتای ئەم ڕاستییە ئەوەیە کە ئەوروپا دووچاری توندترین نەگبەتی بۆتەوە، کە تووشی گەلان و هەموو شارستانییەتەکان بووە، ئەو نەگبەتییەش زیاتر لە جارێك لە مێژوودا ڕوویداوە، ئەنجام و دەرهاویشتەکانیشی زانراون، ئەمە شۆڕشی ڕەش و ڕووتانە، کە چاوەڕوان نەدەکرا ڕۆژێك بێت ئەوانە بتوانن بەهای مرۆڤایەتی بۆ دنیا دووپات بکەنەوە، لەمەشدا بەختەوەرن و ڕاو بۆچوونی خۆیان لە هەموو بوارێکدا دەخەنەڕوو، ئەوان پێیان وایە هاوشێوەی خەڵکی دیکەن، ڕۆژێك لە ڕۆژانیش ڕۆڵی خۆیان لە بواری سیاسەتدا دەبینن، هەروەها لە بواری ڕۆشنبیریدا کاتێ نووسەر پێنووسەکەی دەگرێتە دەست ئەو چینە خەڵکەو عەقڵیان لە هزری خۆی دادەنێت، هەوڵ دەدات بۆیان بنووسێت، هەست دەکات کە ئەوان سانسۆرن بەسەریەوە، واتا خەسڵەتەکانی ئەو چینە گشتییە خۆی لە گۆڕەپانەکە دەسەپێنێت، هەرچییەك لە تاکە کەسەوە بێتە ڕێی لای دەبات و کار بە خەڵکە گشتییەکە دەکات، ئەوەی لەم شارستانییەتەدا دەردەکەوێت ئەوەیە کە زانا نوێنەرایەتیی شارستانیەت دەکات، تەنانەت بەرزی ڕادەگرێت، بەڵام زانستیش بۆتە پسپۆڕی تا وای لێهاتووە هەر زانایەك لە یەك بواردا پسپۆڕە، لێرەدا جەماوەریش پاڵپشتییان دەکات، ئەو زانایەش لەناو خەڵکدا تەنیا توانای ئەوەی هەیە لە یەك بواردا خزمەت بکات، بە هەر حاڵ ئەو میتۆدەی لەسەری دەڕوات هەمان میتۆدی ئامێرە، بە واتایەکی دیکە ئەوەی کە فێری بووە دواجار هەر لە ڕێی ئامێرەوە پێی گەیشتووە، بۆیە لێرەدا زۆر پێویستە زانا باڵانسێك دروست بکات لەنێوان ئەو زانستەی هەیەتی و لەنێوان بوارەکانی دیکەی زانستدا.

کارل یاسبرز Karl Jaspers کە فەیلەسووفێکەو باس لە هەمان بابەت دەکات و بە شێوازێکی هونەری شرۆڤەی دەکات و دەڵێت: لە کۆتاییدا هەموو شتێك بەپێی پێداویستی و بەکاربردن و ئاڵوگۆڕکردن گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، هەموو تاکێك ئەگەر

لـە کۆمەڵگاکـەی دابڕێـت، بـێ گومـان لـە زۆر شـت بـێ بـەش دەبێـت، واتـا نابێـت مـرۆڤ لــە ســەرجەلەو بنەچــەی خــۆی دابڕێــت، هەروەهــا پشــت لــە مێــژووی خــۆی بــکات، کۆمەڵــگا مافــی بەســەرەوە هەیــە، وەك چــۆن ئەویــش مافــی بەســەریەوە هەیــە، ئێمــە گومانمــان لــەوەدا نییــە کــە مــرۆڤ دەتوانێــت لــە ســایەی ئــەو سیســتەمە ئامێرســازییەدا ژیــان بەســەرببات، ئەویــش بــە هــۆی ئــەو هــەزاران جــۆرە پەیوەندییــەی هەیەتــی، بــەڵام هــەر یــەك لــەو پەیوەندییانــەش لای خــودی مرۆڤەکــە ســنووری خــۆی هەیــە، (یاســبرز) لــە هەڵمەتەکــەی بــۆ ســەر ســەردەمی ئامێــر بــەردەوام دەبێــت کــە ئەمرۆیــەو ئێمــەی تێــدا دەژیــن، لــە شــوێنێکی دیکــەدا دەڵێــت: ئــەو دەزگا گەورەیــەی کــە ژیــان ڕێکدەخــات، ئەگــەر مــرۆڤ تەنیــا وەك ئەرکێــك دابنێــت، ئــەوا لــە ناوەڕۆکــە بنەڕەتییــە زیندووەکانــی دەوروبــەری جیادەکاتــەوەو هیــچ بەهایەکــی بــۆ ناهێڵێتــەوە، بۆیــە گوتــراوە کــە خەڵــك لــە شــێوەی دەنکــە خــۆڵ پــەرش و بڵاوبوونەتــەوە، مــرۆڤ تەنیــا دەتوانێــت بەدواداچــوون بــۆ کارە هــەرە نزیکەکانــی خــۆی بــکات، واتــا ئەرکێکــی زۆری لــە پێشــەو هیوادەخوازێــت کــە بــە پێــی توانــا بەجێیــان بگەیەنێــت، بــەڵام دوای ئــەوەی هەمــوو ئــەو کارانــە بــە ڕێکوپێکــی دەباتەســەر، بــۆ ماوەیــەك دەســتبەرداریان دەبێــت، دواتــر دەســتیان پــێ دەکاتــەوە، بۆیــە ڕابــردوو بــۆ مــرۆڤ ئــەو گرنگییــەی نییــە، چونکــە ئێســتا بــۆ ئــەو جێگــەی باســە، کاری ڕابــردوو ئەگــەر داهێنانیشــی تێــدا کردبێــت، تەنیــا وەك ناوێکــی ســەر زاران دەمێنتــەوە، بــەڵام خەســڵەتی بنەڕەتیــی ژیــان لەبیرکردنــە، واتــا خۆگونجانــدن لەگــەڵ قۆناغــی نوێــدا، چونکــە بــە هیــچ کلۆجێــك مــرۆڤ ناتوانێــت لــە کــۆی بنەماکانــی ژیــان بڕوانێــت.

هــەر لــەو ســاتەوەختەی کــە مــرۆڤ بــە توانــای خــۆی لــە بەرهەمهێنــان پێگــەی بــۆ دەســت نیشــان دەکرێــت، دەبینیــن کــە ئــەو مرۆڤــە ڕەســانەیەتیی خــۆی لەدەســت دەدات، بۆیــە تێڕوانینــی خەڵــك بــۆ تاکەکانــی کۆمەڵــگا لــە ڕووی مرۆییــەوە چارەنووســازە، واتــا کــە مــرۆڤ لــە شــوێنی خــۆی هەڵکەنــدراو جێــی پــێ لــەق بــوو، ئامانجەکانیشــی پــەرش و بــڵاو دەبــن، هــەر ئەوەیشــە کــە ئامێــری قەبــەو زەبــەلاح هیــچ نــرخ و بەهایــەك بــۆ توانــاو لێهاتوویــی مــرۆڤ ناهێڵێتــەوە.

بیرمەندێکــی دیکــەی خــاوەن خەڵاتــی نۆبلــی ئاشــتی ئەلبــەرت شــفیتزەر Albert Schweizer کــە لەنێــو ناوەندەکانــی بیرمەندیــدا پلــەو پایەیەکــی بــەرزی بەدەســتهێنا، پێــی وایــە بــە هــۆی ئــەو شــۆڕش و کودەتایانــەی کــە لــە بــواری پیشەســازی و زانســتدا ڕوویانــدا، مەترســییەکی گــەورە یەخــەی شارســتانیەت و ژیــاری گرتــەوە، واتــا خەڵــك بــەو هۆیانــەوە ئازادیــی خۆیــان لەدەســتدا، نموونەشــی بــۆ ئــەم بۆچوونەیشــی ئــەوە بــوو کــە جــاران یەکێــك پارچــە زەوییەکــی دادەچانــدو بەرهەمەکــەی دەخــواردو پێــی دەژیــا، ئێســتا بۆتــە کرێکارێــك ئامێــری کارگــە بەئیــش دەخــات و زۆربــەی ئــەو خــاوەن پیشــە دەســتییانەو بازرگانانــی ســەربەخۆ بوونــە فەرمانبــەر، لێــرەدا مەبەســتی ئەوەیــە کــە ئازادییــە بنەڕەتییەکەیــان نەمــا کــە پێشــتر لــە نێــو مــاڵ و لەســەر زەویــی خۆیــان هەیانبــوو، لــە هەمــان کاتــدا بەرپرســیارێتیی کۆمەڵایەتیشــیان لاواز بــووە، چونکــە کــە بــە تەنیــا خەریکــی کاری خۆیــان دەبــوون، هەســتیان بــە بــوون و ئینتیــمای تایبــەت دەکــرد بــۆ کارو هەلومەرجــی ژیانیــان، ئــەو کاتــەی مــرۆڤ لەنێــو کۆمەڵــگادا شــانازی بــە پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییــە ڕەســەنەکەی دەکــرد و چێــژی لــە کارەکــەی وەردەگــرت، ڕکابەریــی لەگــەڵ هاوپیشــەکانی خۆیــدا دەکــرد، ئێســتا لــەو ســەردەمە نوێیــەدا هەســت دەکات بــە زۆرداری خســتویانەتە نێــو ســایلێکی تــازەی ژیانــەوە کــە بــە حــەزو ئــارەزوو ویســتی خــۆی نەبێــت، بــەڵام پێویســتیی ژیــان وای کــردووە ڕووی تــێ بــکات و خــۆی لەگەڵیــدا بگونجێنێــت، بەردەوامیــش لــە ململانێــی دەوروبــەردا دەژیێــت، ئــەو هەلــو مەرجــە نوێیــە ناچــاری دەکات، بــە لەدەســتدانی کەمتریــن بەهــای کۆمەڵایەتــی قایــل بێــت، ئێمــەی نــەوە دوای نــەوە و ســاڵ دوای ســاڵیش وا پێویســت دەکات بخزێینــە نێــو ململانێیەکــی ســەخت لــە پێنــاو ژیانــدا، ئێمــە شــەونخوونییەکمان هاتۆتــە ڕێ لــە هــەردوو کاری ماتریالــی و عەقڵانــی، هیــچ کاتێکــی ئەوتۆمــان لەبەردەمــدا نییــە بــۆ ئــەوەی گــوێ لــە بیرۆکــەو پێشــنیازەکانمان بگــرن، لــە هەمــوو لایەکــەوە بووینــە قوربانیــی هەلومەرجێــك کــە ناچارمــان بــکات پشــت بــە خەڵکانــی دیکــە ببەســتین، ئــەو هەلومەرجــەی کــە پێشــتر بــەو فراوانییــە و هێــزە زۆرە نەبــووە.

هەمــوو ئــەو ڕێکخــراوە ئابــووری و کۆمەڵایەتــی و سیاســییانە کــە بــەردەوام چــالاك دەبـن، بەرمـان پـێ دەگـرن و دەسـت دەخەنـە بینەقاقامـان، دەوڵەتیـش لـەولاوە بوەسـتێت کـە زۆر بـە تونـدی یەخەمـان دەگرێـت و بـە بڕیـارە توندەکانـی ڕووبـەڕووی ئازادییەکانمـان دەبێتــەوە، بۆیــە تــاك لــە کۆمەڵــگادا هەســت بــەوە دەکات کــە هەمیشــە بــێ بەهــا کــراوە، زۆر زەحمەتیشــە کەســایەتیی خــۆی بپارێزێــت، هەنــدێ نموونــەی ئــەو بیرمەنــدە ناسراوانــە ئەوەمـان پـێ دەڵێـن، کـە هەموویـان کۆکـن لەسـەر ئـەوەی پرۆتسـتۆی سـەردەمی نوێـی پیشەســازی بکــەن، چونکــە لــە توانــای مــرۆڤ کــەم دەکاتــەوە، یــان ڕەگــەزی قووڵایــی کەسـایەتیی مـرۆڤ لەبەیـن دەبـات، یـان پلـەو پایـەی هەنـدێ خەڵـك بەرزدەکاتـەوە، یـان ئـەو شـێوازە فیکرییـە چینـی گشـتی و ڕەش و ڕووت بەسـەر کەسـانی خانەدانـدا زاڵ دەکات و سروشـتی شارسـتانییەتی نوێـی پیشەسـازی بـە تـەواوی دەشـێوێنێت، لـە ڕاسـتیدا یـان فێڵلێکـراوە یـان فێڵـکارە، دەبێتـە فێڵلێکـراو چونکـە پێـی وایـە ڕەنگـە بتوانێـت بگەڕێتـەوە بـۆ دۆخەکانـی ئـەو ژیانـەی کـە مـرۆڤ لـەو سـەردەمەی ئێسـتایدا دەربـازی بـووە، هەروەهـا بـە چەنـد قۆناغێکـدا ڕەت بـووە کـە ناکرێـت فەرامـۆش بکرێـن، دەشـبێتە فێڵـکار چونکـە مـرۆڤ گومـان لـە ڕاسـتیی پێشـکەوتنەکەی دەکات، دژایەتیـی تـەواوی سـەردەمەکە دەکات و ناشــزانێت بەدکاریــی ئــەم ســەردەمە لــە چیدایــە، بۆیــە لێــرەدا ڕاوبۆچوونــی ســەرجەم بیرمەنــدان لەوەدایــە کــە کەســایەتیی مــرۆڤ لەنێــو ئــەو کۆمەڵگایــەی دابەشــکراوەو کار تێیــدا ڕێکخــراوە هەمیشــە لــە کەمیــی دەدات، چونکــە مــرۆڤ لــەو کۆمەڵگایــە کار بــە ناخــی شــاردراوەی خــۆی نــاکات، بەڵکــو لەنێــو کەســانی دیکــەدا بــزر دەبێــت، تەنیــا لــەو بەهایانــە دەگات کــە مۆرکــی بەکۆمەڵیــان پێوەیــە.

ناخــی شــاردراوەی مــرۆڤ بــە تــەواوی بــزرەو خــاوەن ئــەو ڕایــەش پێیــان وایــە کــە کەسـایەتیی مـرۆڤ ئەوەنـدە ناخـی شـاردراوەی بەهێزدەبێـت کاتێـك کـە سـەربەخۆ دەبێـت و لـە کەسـانی دیکـە دادەبڕێـت، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا بـە هەڵـەدا دەچیـن کـە بـەردەوام بڵێیـن تاکـی کۆمەڵـگا ئەگـەر دەسـتبەرداری کۆمەڵـگا بێـت واتـا کەسـایەتیی بەهێزدەبێـت، بـێ گومـان گونجانـی کار لـە کۆمەڵگایەکانـدا پێـش سـەرهەڵدانی سـەردەمی شارسـتانییەتی نـوێ،

هەمیشـە کارئاسـانی بـەدوادا هاتـووە بـۆ دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی ژیـان کـە ئەمـەش لـە ئەنجامـدا کەسـایەتییەکی بەرتەسـکی لـێ دەکەوێتـەوە. بـەڵام کۆمەڵـگای تـازە – کـە کار تێیـدا قورسـترو فراوانـتر دەبێـت- بـەردەوام پێداویسـتیی ژیانـی مـرۆڤ زیاتـر و ئاڵۆزتـر دەکات، کـە ئەمـەش هـۆکارە بـۆ فراوانبوونـی چوارچێـوەی کەسـایەتی، هەرچەنـد ژیـان پێویسـتیی بـە بوارەکانـی بەردەوامبـوون بێـت، پرەنسـیپی هـاوکاری لـە خۆیـدا فاکتەرێـك نییە لەو فاکتەرانـەی کـە ڕەگـەزی قووڵایـی لای مـرۆڤ لەبەیـن دەبـات، بەڵکـو ڕەگەزێکـە لـە ڕەگەزەکانـی زیادکردنـی قووڵایـی، وێـڕای ئـەوەی کـە شـێوەی تایبەتـی لـە هـاوکاری و دەسـتێوەردان کـە سـەردەمی پیشەسـازی دەیسـەپێنێت، زۆر دوورە لـەوەی کـە تێکەڵبوونـی تاکەکانـی کۆمەڵـگا بەیەکـەوە بـێ هۆشـیاری و بیرکردنـەوە ڕەفتاربکـەن.

لـە ڕاسـتیدا زۆ پێویسـتە جیـاوازی بکەیـن لەنێـوان دوو جـۆرە هـاوکاری: هاوکارییـەك کـە لەسـەر بنەمـای لێکچـوون و گونجانـی تـەواو دامـەزراوە، تێیـدا هەمـوو تاکـەکان بـە یـەك ئاراسـتەی سـەربەخۆ بەڕێوەدەچـن، چونکـە ڕەسـانەیەتی و تاکڕەوییـان نییـە، ئـەوان لەسـەر بنەمـاو پرەنسـیپی تـەواوکاری پێکـەوە کاردەکـەن، ئەمـەش جۆرێکـە لـە هـاوکاری کـە لـە کۆمەڵـگای نوێـی پیشەسـازیدا جێگیـرە، لـەو کۆمەڵگایـەدا هـەر تاکێـك ئەرکێـك لـە ئەسـتۆ دەگرێـت، بـەڵام لـە کارەکـەی خۆیـدا شـارەزایە، بەمـەش خزمـەت بـە سـەرجەم تاکـەکان دەکات، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا هـەر یەکەیـان لـە بـواری پسـپۆرییەکەی سـوود بـە تاکەکانـی دیکـە دەگەیەنێـت، واتـا هـەر تاکێـك شـێوە سـیفەت و خەسـڵەتێکی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە کـە لـە یەکێکـی دیکـەدا نییـە، بـەڵام هەسـتی پێکەوەیـی لای هەمـووان لـە برەودایـە و پێیـان وایـە کـە ناتوانـن بـێ یەکـدی بژیـن، لـە هەمـان کاتـدا لـەو بڕوایـەدان کـە ژیانـی بەکۆمـەڵ پێداویسـتییەکانیان زیاتـر دابیـن دەکات.

لـە ڕاسـتیدا، ئەگـەر لـە مەیلخوازانـی ئەرسـتۆکرات بپرسـین تـا چەنـد دان بـە پێـوەری قووڵایـی کەسـایەتیی مرۆڤـدا دەنێـن، لـە وەڵامـدا دەڵێـن ئـەو پێـوەرە بریتییـە لـەوەی کـە هـەر تاکێـك ناتوانێـت شـوێنی یەکێکـی دیکـە بگرێتـەوە، لێـرەدا سـەرنج دەدەیـن کـە ئـەو پێـوەرە لەنـاو کۆمەڵگایەکـدا جێـی خـۆی دەگرێـت کاتـێ کاری تێـدا دابـەش دەبێـت،

واتـا ئـەو پسـپۆرییەی کـە تاکێکـی دیاریکـراو هەیەتـی، ئەسـتەمە یەکێکـی دیکـە لـە پسـپۆری جیـاواز، بتوانێـت هەمـان کاری ئـەو ڕایـی بـکات، بـەڵام لـە کۆمەڵگانـی پێشـتر، کۆمەڵگاکانـی کشـتوکاڵی و دەرەبەگایەتـی کـە هەڵگرانـی بیـروڕای ئەرسـتوکرات شـانازی پێـوە دەکـەن، هـەر تاکێـك کارێکـی شـێوەی تاکەکـەی دیکـە ئەنجـام دەدات، دواجـار دەکرێـت تاکێـك شـوێنی تاکێکـی دی بگرێتـەوە، پێوانـەی قووڵایـی کەسـایەتیی تەنیـا بـەوە دەسـت نیشـان دەکرێـت، کـە هـەر تاکێـك تاچەنـد وەك ئەندامێـك خـۆی لـە جەسـتەی ئاڵـۆزی ئـەو کۆمەڵـگا نوێیـەی پیشەسـازی دەبینێتـەوە، چەنـد ئـەو کۆمەڵگایـە ئاڵۆزتـر بێـت و پێکەوەیـی تاکـەکان پـەرە بسـەنێت، ئەوەنـدە قووڵایـی کەسـایەتیی مـرۆڤ ڕوونـتر دەبێتـەوە. هـاوکاری و پێکەوەیـی نێـوان تاکـەکان لـە کۆمەڵـگای نوێـدا هاریکارییەکـی میکانیـزم نییـە، وەك ئـەوەی لـە کۆمەڵـگا پێکـەوە گونجاوەکانـدا هەسـتی پـێ دەکرێـت، بەڵکـو لەسـەر بنەمـای ئیرەییەکـی تـەواو دامـەزراوە، پێویسـت دەکات کـە فرەجـۆری لـە کاری تاکـەکان و جیاوازیـی توانسـت و لێهاتووییانـدا هەبێـت، کەواتـە هـاوکاری نییـە لەنێـوان گرووپێکـی لێکچـوو و پێکـەوە گونجـاو، بەڵکـو هاوکارییـە لەنێـوان کەسـانێك کـە هـەر یەکەیـان کەسـایەتیی خـۆی هەیـە. ئەمـەش پەلکێشـمان دەکات بـۆ قسـەکردن لەسـەر سـیفەتی خەڵکـە گشـتییەکە(ڕەش وڕووت)، کـە دەگوترێـت سـیفەتێکە لـە سـەردەمی پیشەسـازیدا تایبەتـە بـە جەمـاوەر، بۆیـە ئەگـەر وا دابنێیـن کـە ئـەم سـەردەمە بریتییـە لـە کۆمەڵـە ڕەگەزێـك بـۆ بەدیهێنانـی هەمـوو ئامانجـە هاوبەشـەکان، ئـەوا بـەو واتایەیـە کـە بـێ گومـان دان بـەوەدا دەنێیـن کـە ئـەم سـەردەمە ئاڵـۆزە پێویسـتی بـە هاوکارییـی بـەردەوام هەیـە تاکـو داخـوازی و پێداویسـتیی زیاتـر بێنێتـەدی، کـە لـە کۆتاییـدا قووڵایـی کەسـایەتیی مـرۆڤ دەخاتـە ڕوو.

خاوەنـی ئـەو ڕایـە گەیشـتوونەتە لووتکـەی بەهەڵەداچـوون، چونکـە ڕەخنـە لـە پسـپۆری دەگـرن، داوای گەڕانـەوە دەکـەن بـۆ (تیـۆری پێکهاتەیـی)ی شـتەکان، لەگـەڵ ئـەوەی کـە هەندێـك ڕاسـتی هـەن هەمـوو ئـەو کەسـانە دەیزانـن کـە میتـۆدی زانسـتی و ڕێـگای پێشـکەوتنی زانسـت نابنـە لەمپـەر لەبـەردەم قووڵایـی زانسـتی، واتـا هەمـوو زانایـەك لـە

بــواری پســپۆڕیی خۆیــدا، جــا هــەر چەنــد و چــۆن بێــت، ســەرکەوتن بەدەســت دێنێــت، بۆیــە هەمــوو ئــەو پسپۆڕییانە بــە یەکــەوە دەبنــە کۆمەڵێــك داهێنــان و خزمەتــی مرۆڤایەتــی دەکــەن، لێــرەدا ئاڵوگــۆڕی زانســتی لەنێــوان گشــتگیری و تایبەتمەنــدی دێتــە ئــاراوە، بەمــەش زاناکــە دەتوانێــت بــە پێــی تیــۆری پێکهاتەیــی لــە بوارەکــەی خۆیــدا داهێنــان بــکات، لــە هەمــان کاتیشــدا هەوڵــی زیاتــر بــدات بــۆ زیاتــر ئاشــنابوون بــە زانســتەکانی دیکــە.

کێشــەکە- وەك دیــارە- مشــتومڕی زۆر هەڵناگرێــت، بۆیــە تاکەکــە یــان خــۆی هەمــوو شــتێك دەکات، ئەوکاتــە مەزەنــدە دەکات کــە کەســایەتییەکەی قــووڵ بــووە، واتــا بەتەنیــا فریــای خــۆی دەکەوێــت، بــەڵام لــە ڕاســتیدا لایەنــی دەرەوەی ژیانــە، یــان ئــەو تاکــە کارێکــی ســنووردار دەکات، بــەڵام دەســەڵاتی بەســەردا دەشــکێت تــا دواتــر لەگــەڵ کەســانی دیکــەدا هــاوکار دەبێــت، ئــەو کاتــە هــەر شــارەزاییەکی هەیبێــت پێشکەشــیانی دەکات و ســوودی لــێ دەبینــن.

**(٣) کێشەی یەکسانی**

لــە شــیکردنەوەکەی پێشــوودا گەیشــتینە ئــەوەی کــە شارســتانییەتی نوێــی پیشەســازی لــە ســایەی پرەنســیپی تاکخــوازی وێنــا ناکرێــت، کۆمەڵگاکانیــش کــە ئــەو پرەنســیپەیان تێدایــە بــە هیــچ شــێوەیەك لــە کۆمەڵــگای پیشەســازی پێشــکەوتووتر نیــن، بەڵکــو تاکخــوازی لــەو حاڵەتــەدا زیاتــر دەکەوێتــە ژێــر کاریگەریــی کەموکوڕیــی پێویســتی مــرۆڤ بــەو پێیــەی کــە تاکێکــە لــە کۆمەڵــگادا، بۆیــە هەماهەنگــی و هاریــکاری و ژیانــی پێکەوەیــی و بەکۆمــەڵ ســیمایەکی بنەڕەتیــی کۆمەڵــگای تازەیــە. بــەڵام دوای ڕوونکردنــەوەی ئــەو ڕاســتییە، پێویســتە وەڵامــی پرســیارێکی دیکــەی گرنــگ بدەینــەوە کــە لــەم بــارەوە بەبیــر هەمووانــدا دێــت، ئەویــش ئەوەیــە: ئــەو پەیوەندییانــەی نێــوان تاکــەکان لــەو سیســتەمەدا چــۆن دەبــن کــە ناچاریــان دەکات هاوکاریــی یەکــدی بکــەن؟ ئــەوان لەنێــوان خۆیانــدا پەیوەندییــان هەیــە، ئەمــە ڕاســتە، بــەڵام هــەر لایەنێــك لــەو لایەنانــەی کــە هاریکاریــی یەکــدی دەکــەن و لەنێــو خــودی تاکەکانــی کۆمەڵــگای نوێــدا یەکســانن؟ یــان پێویســتە جیاوازییــەك هەبێــت و پلەبەندییــەك لەنێــو ئــەو تاکانــەدا دیاربکرێــت؟

بیرمەنـــدان ئەوانـــەی کـــە خاوەنـــی بیرۆکـــەی یەکســـانین تەنانـــەت لـــەو کۆمەڵـــگا تێکچڕژاوانەشـدا، جەخـت دەکەنـەوە کـە ئـەو تاکـەی سـەرکەوتووە بـە دڵنیاییـەوە بـەری ڕەنجـی سـەرکەوتنەکەی دەچنێتـەوە، بـێ گومـان خەڵـك هەموویـان یەکسـان نیـن، بۆیـە هـەر هەوڵێـك بـۆ ئـەوەی جۆرێـك لـە یەکسـانی لەنێـو تاکەکانـدا بێنینـە ئـاراوە، پێویسـتە هەڵوەسـتەیەك لەسـەر ڕەفتـاری خۆڕسـکیان بکەیـن، بزانیـن تـا چەنـد بەهـرەی سروشـتییان دەردەکەوێـت، واتـا سـنوور بـۆ ئازادییـان دادەنرێـت، لێـرەدا وا بـاو بـوو کـە نایەکسـانی سیسـتەمێکی سروشـتییە، قـەدەر وای کـردووەو مـرۆڤ ناتوانێـت ڕۆڵـی تێیـدا هەبێـت، هەروەهـا جیاوازیـی ڕزق و ڕۆزی - هەرچەنـد زۆریـش بێـت - شـتێکە دەبـێ ملکەچـی بیـن، کەواتـە تەنیـا جیاوازییەکـە لـە بەهـرەو کارامەییدایـە، ئـەم جیاوازییـەش دیاردەیەکـی سروشـتییە لـە بنەڕەتـدا بـۆ پێکهاتـەی نـاخ و شـێوەی نـاوەوەی تاکـەکان دەگەڕێتـەوە.

ئـەم خاڵـە لـەوە نزیکـمان دەکاتـەوە کـە لـە گۆشـەیەکی تـازەوە لـە مەسـەلەکە بکۆڵینـەوە، ئایـا مـرۆڤ لـە کۆمەڵـگای ئێسـتادا لـە بەهـرەی سروشـتیدا لـە هەمـوو خەڵـك سـەرکەوتووترە ؟ مەبەسـت ئەوەیـە ئایـا سیسـتەمی ئێسـتا ڕێگـە بـە بەهرەمەندانـی هەمیشـەیی سروشـتی دەدات پلـەو پایەیـان بەرزتـر بێـت لەنێـو ئـەم سیسـتەمەدا؟ یـان فاکتەرگەلـی دیکـە هـەن کـە کاریگەرییـان هەیـەو بـە هیـچ جۆرێـك بـە پلەبەندیـی سروشـتییەوە پەیوەسـت نییـە، تەنانـەت دژی ئـەو کەسـانەن کـە بـەم شـێوەیە پایەیـان بـەرزە؟

بـــە گوزارشـــتێکی دیکـــە: ئایـــا پلەبەندیـــی کۆمەڵایەتـــی لەگـــەڵ پلەبەندیـــی بەهـــا شـــاردراوەکانی سروشـــت گونجـــاوە، لەنێـــو سیســـتەمێکدا کـــە پرەنســـیپی ڕکابەریـــی ئـــازادی تێدایـــە، کۆمەڵـــگاش خـــۆی لـــێ بـــە خـــاوەن نـــاکات و ناپەڕژێتـــە ســـەر چاککردنـــی ڕەوشـــی نێـــوان تاکـــەکان، مەگـــەر بـــە دەگمـــەن ئەمـــە بـــکات.

بـۆ ئـەوەی بـە وردی وەڵامـی ئـەم پرسـیارانە بدەینـەوە، پێویسـتە پرسـیارێکی دیکـە لـە خۆمـان بکەیـن کـە دەبێتـە وەڵام بـۆ هەمـوو پرسـیارەکانی پێشـوو، مەبەسـتم: کـێ لـە کۆمەڵـگای پیشەسـازیدا سـەرکەوتووە کـە لەسـەر بنەمـای ڕکابەریـی ئـازاد دامـەزراوە؟ واتـا کێیـە نموونـەی ئـەو مرۆڤـە سـەرکەوتووە لـەو جـۆرە کۆمەڵگایـەدا؟ بـێ گومـان گـەورە

بزنســکار، هــەر ئــەو لــە لووتکــەی ســەرکەوتندایە لــە کۆمەڵــگادا، هەمــوو دەرفەتەکانــی ژیانــی خۆشــی هەیــە، کەواتــە ســیفەتەکانی گــەورە بزنســکار چیــن یــان نموونــەی ســەرکەوتن لــەو کۆمەڵگایــەدا چییــە؟

وێــڕای ئــەو ســیفەتانەی کــە (فیرنــەر زومبــارت) دیــاری کــردن و زیاتــر لــە ٤٠ ســاڵیان بەســەردا تێپەڕێــوە، بــەڵام دەتوانیــن بــۆ ئــەو کتێبــە بگەڕێینــەوە کــە لــەو بابەتــەدا نووســیویەتی، لەنێــو لاپەڕەکانــی کتێبەکــەدا بــە دوورودرێــژی بــاس لــە ســیفەتەکانی بزنسـکاردا لـە سـەردەمی پیشەسـازی کـراوە، بـا بـاس لـە سـیفەتانە بکەیـن کـە لـە کتێبەکـەدا ئاماژەیـان پێکـراوە. دەکرێـت بزنسـکاری نـوێ خـاوەن کارگـە بێـت یـان بازرگانێکـی گـەورە یـان بەڵێندەرێـك بێـت، بـەڵام وێـڕای جیاوازیـی واتـای وشـەکە لەنێـوان هەمـوو ئەوانـەدا، بـەڵام سـیفەتگەلێکی هاوبـەش هەموویـان بـە یەکـەوە کۆبکاتـەوە، یەکەمیـان ئەوەیـە کـە مـرۆڤ- لـەو ڕووەوەی کـە بوونەوەرێکـە و خـاوەن هەسـت و سـۆزو پێویسـتی و داخوازییـە - چـی دیکـە نابێتـە تـەوەری چالاکیـی خـۆی، هەروەهـا نابێتـە پێـوەری شـتەکان بـە دیـدی خـۆ، بەڵکـو ئـەوەی بـۆ بزنسـکارانی گـەورە گرنگـە یـەك شـتە، ئەویـش زیادکردنـی بەرهـەم و قازانجـە، بـە چاوپۆشـیی لـە هەمـوو ڕەگەزەکانـی دیکـەی مرۆیـی.

لەبــەر ئــەو هۆیــە، لــە کارکردنــدا ئۆقــرە ناگرێــت و هەســت بــە تێربــوون نــاکات، بەڵکــو بــەردەوام حــەزی لــە فراوانبوونــە و بــەدوای کاری دیکــەدا وێڵــە، کێشــەیەك چارەســەردەکات و گیـرۆدەی دەیانـی دیکـە دەبێـت، بۆیـە ڕێـڕەوی ژیانـی تەنیـا لـە دەرەوە و لەنێـو جەرگـەی ئیشــەکەیەتی، ژیانــی تایبەتیــی خــۆی و هەســتی نــاخ بــە تــەواوی پشــتگوێ دەخــات. بۆیــە لێــرەدا هــەردەم تــووڕەو ڕووگرژدەبێــت، هەســتی مرۆیــی بــەلاوە دەنێــت، بــە پێچەوانــەی هەسـتە مرۆییەکانـی ژیانـی گـەورە بزنسـکاران لـە گـەورە کۆمەڵـگا پیشەسـازییەکانی دیکـەدا.

ڕکابەریــی نێــوان بزنســکاران دەگاتــە ئاســتێك کــە هــەر یەکێکیــان پەنــا بباتــە بــەر هەمــوو هۆکارێــك بــۆ لەناوبردنــی نەیارانــی، گرنگییــە گەورەکــە بریتــی بــوو لــە هونــەری ڕیــکلام لــە ســەردەمی نوێــدا، ئەمــەش هونەرێکــە کــە مەبەســتی ڕاکێشــانی کڕیارانــە لــە کەســانی دیکــەوە، ئەویــش لــە ڕێــی ڕاکێشــانی ســەرنجیان بــە هەمــوو شــێوەیەك، بــە ڕەنگــی

بریقـەدارو دەنگـی بـەرز، قایلکردنیـان بـەم ڕێگەیـە بـۆ مەبەسـتی هەرمێـن و ڕەواجـدان بـە کەلوپـەل و کاڵاکانیـان و دەسـتکەوتنی قازانجـی زۆر.

بـەم شـێوەیە بەڕێوەبردنـی کاری قەبـەو زەبـەلاج بـە تـەواوی لـە پرەنسـیپەکانی ڕەوشـت و مـۆرال دادەبڕێـت، تەنانـەت هەندێـك جـار لـە پرەنسـیپەکانی یاسـا. ڕەگـەزی مرۆیـی- هـەروەك گوتمـان- بـە تـەواوی نەمـاوە، گرنـگ ئەوەیـە ئامێـری قەبـەی بەرهەمهێنـان ئیـش بـکات و قازانجـی زۆری لـێ بکەوێتـەوە، هەمـوو ئـەو هۆیانـەی هاریـکارن بـۆ بەدیهێنانـی ئـەو ئامانجـە ڕەوان، دەبێـت هەمـوو تەگـەرەو لەمپەرەکانـی بـەردەم ئـەو ئامانجانـە تێکبشـکێنرێن، ئەمەیـە وێنـەی بزنسـکار بەپێـی دیـدو بۆچوونـی - زومبـارت).

کەواتـە کـوا بەرزێتیـی سروشـتی یـان سـەرکەوتن لـە بەهـرەو توانـاکان لـە کوێدایـە؟ ئێمـە کـە سـەیری ئـەو وێنەیـە دەکەیـن، دەگەینـە ئەنجامێکـی حەتمـی، ئەویـش ئەوەیـە کـە سیسـتەمی ئێسـتای کۆمەڵایەتـی لەسـەر ڕکابەریـی ئـازاد دامـەزراوە کـە دەبێتـە هـۆی سـەرکەوتنی خەڵـك وەك ئـەوەی کـە چۆنـن، دوورتـر لـە سـەرکەوتنی سروشـتی، هەروەهـا لـە بەرزیـی مرۆیـی بـە واتـا ڕاسـتەکەی، بۆیـە ئەگـەر هـەر بـەم شـێوەیە ڕێگـە درا، ئـەوا بۆشـایی نێـوان پلەبەندیـی بەهـا شـاردراوەکان و پلەکانـی سـەکەوتنی پراکتیکـی لـە ژیانـدا زیـاد دەکات، تـا کار دەگاتـە ئـەوەی کـە بـە تـەواوی لێـك جیاببنـەوە، ئەوکاتـە دوا ئاسـەواری دادپەروەریـی کۆمەڵایەتـی دەسـڕدرێتەوە. بۆیـە پرەنسـیپی ڕکابەریـی ئـازاد- لـە بـواری جیاکاریـی نێـوان تاکـەکان- ناشـێت بـۆ ئـەوەی ببێتـە بنەمایـەك کـە جیاوازیـی نێـوان تواناکانـی هەمـوو تاکەکانـی لەسـەر بنیـات بنرێـت، لەبـەر ئـەوە پێویسـتە کـە پرەنسـپێکی دیکـە شـوێنی بگرێتـەوە تـا بتوانێـت ئـەو جیاوازییـە لەسـەر بنەمایەکـی دروسـت تـەواو بـکات.

ئـەم هەنـگاوەش پرەنسـیپی هاوکوفیـی دەرفەتـەکان پیشـان دەدات، خاوەنـی ئـەم پرەنسـیپانە ڕەخنـە دەگـرن لـە پەنابـردن بـۆ بیرۆکـەی سـەرکەوتنی سروشـتی لـە جیاکاریـی نێـوان خەڵکـدا، بـەو پێیـەی جۆرێـك لـە نەرێنـی تێدایـە لـە ڕووی چارەسـەرکردنی کێشـەکانی کۆمەڵـگا. زۆر جـار ئـەو قسـەیە ڕەت دەکرێتـەوە بـە ڕەچاوکردنـی پارێزگاریکـردن لـە دۆخ و

ڕەوشـەکانی ئێسـتا هەتـا ئەگـەر گەندەڵیشـیان تێـدا بێـت، هـاوکات دەسـتبەرداری هەوڵـی چاکسـازی دەدرێـت، بـە پاسـاوی ئـەوەی کـە پێکهاتـەی سروشـتیی خەڵکەکـە باشـترین بنەمـای جیاکاریـی نێوانیانـە، بۆیـە پێویسـتە تـا دوا سـنوور ڕێـگای چاکسـازی بگرینەبـەر، ئەگـەر نـا بـە واتـای خۆڕادەسـتکردنە بـەو تەگـەرە جێگیرانـەی کـە ڕێگـەی بەردەوامبوونمـان بـەو ڕێچکەیـە لێدەگـرن.

ئێمـە نکوڵـی لـەوە ناکەیـن کـە کۆمەڵـگای ئێسـتا جێگـەی سـەرکەوتنی تاکەکەسـی تێدایـە، ئـەو کەسـەش کـە بەهـرە تایبەتییەکانـی تێـدا بێـت دەتوانێـت لـە پێگـەی کۆمەڵایەتیـی خـۆی بەرزبکاتـەوەو لـە پێشـەوەی کەسـانی دیکـە بێـت، بـەڵام ئـەوە بـۆ هەمـوو کەسـێك دڵخۆشـکەر نییـە، بەڵکـو پێشـکەوتنی مـرۆڤ پێویسـتی بـە توانایەکـی دیاریکـراو هەیـە بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی بارگانییەکانـی ژیـان. جـا بـۆ ئـەوەی دەرفەتـی قۆسـتنەوەی بەهـرەکان بـە کەسـەکە بدرێـت، پێویسـتە هەمـوو توانایەکـی دیاریکـراوی بـۆ دەسـتەبەربکرێت، کەمتریـن شـت ئەوەیـە بتوانێـت ئـەو توانایـەی پیشـان بـدات، کـە لای کەسـانی دیکـە نیـن، تەنیـا بـە ڕێژەیـەك لای توێژێکـی کەمـی خەڵـك نەبێـت، ئەوانـی دیکـە لـە سـەرەتاوە دەرفەتیـان پـێ نـەدراوە، ئەگـەر بـە تەنیـا بیـر لـەوە بکرێتـەوە کـە ڕەنگـە بکرێـت ڕاسـت بکرێنـەوە، ئەمـە شـتێکی مەحاڵـە، لـەم حاڵەتانـەدا نابێـت قسـە لەسـەر نایەکسـانی سروشـتی بکرێـت یـان لـە پێکهاتـەی زگماکیـی خەڵـك، مادامەکـی زنجیـرە پلەبەندیـی کۆمەڵایەتـی هەبێـت و ئـەو شـێوەیەی کـە هـۆکارە بـۆ بەدەرخسـتنی پلـە دروسـتییەکانی خەڵـك هـەر لـە سـەرتاوە نەمابێـت، ئـەوا دەشـێت ئامـاژە بـەوە بکرێـت کـە دەگوترێـت ئـەو جیاوازییـەی نێـوان خەڵکەکـە لـە توانـای سروشـتیی کەسـەکاندایە، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا لـە تێکچوونـی هاوسـەنگیی سیسـتەمی کۆمەڵگاکەیـەو بـەس.

دەتوانیـن بڵێیـن کـە یەکسـانی زۆر پێویسـتە تەنانـەت لـە ڕووی خـودی ئەرستۆکراتیشـەوە، چونکـە یەکسـانی لـە خاڵـی سـەرەتادا دەرفـەت دەبەخشـێت بـۆ سـەرهەڵدانی ئەرسـتۆکراتیی ڕاستەقینە، کـە پشـت بـە سـەرکەوتنی ڕەسـەن دەبەسـتێت، نـەك بـە توانابوونـی سـەرکەوتن، لـە کۆمەڵگایەکـدا کـە زۆربەیـان سـیفەتە باڵاکانیـان نییـە، بۆیـە لـەم حاڵەتـەدا ناتوانیـن

بڵێیــن کــە یەکســانی دەبێتــە هــۆی ئــەوەی هەمــوو تاکەکانــی کۆمەڵــگا کۆپیــی یەکــدی بــن و لــە نموونەیەکــدا لەیــەك بچــن، بەڵکــو یەکســانی بەهــای ڕاســتەقینەی هــەر تاکێــك دەردەخــات، هەروەهــا جیاوازییــە دروســتەکانی نێوانیــان، واتــا جیاوازیــی تاکــەکان بــۆ بەهــای خودیــی هــەر یەکێکیــان دەگەڕێتــەوە، هــاوکات ئــەو ئەرکــەی بەجێــی دەهێنێــت، نــەك تەنیــا بــۆ ڕەوشــی کۆمەڵایەتــی و توانــای تــاك لــە قۆســتنەوەی دەرفەتەکانــە. لێــرەدا کێشــەیەکی قورســتر ڕووبەڕوومــان دەبێتــەوە، ئایــا یەکســانی تەنیــا لــە خاڵــی یەکەمدایــە؟ مەبەســت ئەوەیــە ئایــا لــە ســەرەتادا ڕێگــە دەدرێــت دەرفەتەکانــی یەکسانی بــۆ هەمــوان دەســتەبەر بکرێــت، دواتــر بــەو شــێوەیە مامەڵەیــان لەگەڵــدا دەکرێــت وەك ئــەوەی بــە تــەواوی لــە یەکــدی جیــاواز بــن، ئــەوەش بــە پێــی ئاســتی ئــەو ســەرکەوتنەی کــە بەدەســتیان هێنــا بێــت بــە ســوودوەرگرتن لــەو دەرفەتانــەی بــۆی ڕەخســاون.

لــە ڕاســتیدا ئەمــە مەترســیدارترین کێشــەیە کــە لــە شارســتانییەتی نوێــدا ڕووبــەڕووی مــرۆڤ دەبێتــەوە، کاتێــك بیــر لــەو بنەمایانــەی سیســتەمی کۆمەڵایەتــی دەکاتــەوە کــە پێویســتە هەبــن، چونکــە ناکرێــت نکوڵــی لــە جیاوازیــی نێــوان خەڵــك بکرێــت، کاتێــك ئێمــە ڕێگــە بــە هەمــوان دەدەیــن دەرفەتگەلــی یەکســانیان هەبێــت، واتــا توانــای ئــەو کەســانە لــە ســوودمەندبوون لــەم دەرفەتانــە جیــاواز دەبــن، بەمــەش یەکســانی لــە خاڵــی ســەرەتا دەگۆڕێــت بــۆ یەکسانی لــە خاڵــی کۆتایــی، لەســەر بنەمــای جیاوازیــی ڕاســتەقینەی تواناکان، ئەنجامــی لۆژیکــی ئــەم جــۆرە یەکســانییەش ئەوەیــە کــە بــە شــێوەی جیــاواز مامەڵــە لەگــەڵ خەڵکــدا بکرێــت، بــە شــێوەیەك هــەر یەکێکیــان ئــەو پلەوپایــەی پــێ بدرێــت کــە لەگــەڵ تواناکانیــدا دەگونجێــت، بۆیــە ئــەو ئەنجامــە ئەگــەر پێویســتیش بووبێــت لــە ڕووی لۆژیکــی پاکــەوە، ئــەوا ڕووبــەڕووی ڕەخنەیــەك دەبێتــەوە کــە لــە ویــژدان و ڕەوشــتی مــرۆڤ هەڵقوڵابێــت. ئێمــە دان بــە جیاوازیــی توانــای ڕاســتەقینەی خەڵکــدا دەنێیــن، بــەڵام ئــەوان لــەم جیاوازییــەدا گوناهیــان چییــە؟ باشــە ئــەدی گوناهــی خــاوەن توانــا کەمــەکان چییــە کــە بــێ بــەش بــن لــە پشــکی ژیانێکــی ئاســوودە؟ ئــەم پاســاوە وای لــە هەنــدێ بیرمەنــد کــرد کــە داوابکــەن یەکســانییەکی تــەواو لــە پێگــەی کۆتایــی تاکــەکان لەنــاو کۆمەڵــگادا بێتــە

ئـاراوە، نـەك بـە تەنیـا لـە پێدانـی دەرفەتـی یەکسـان لـە پرەنسـیپی ژیانـدا، مادامەکـی ئـەو جیاوازییـەی نێوانیـان بـۆ چەندیـن فاکتـەر دەگەڕێتـەوە کـە ئـەوان لێـی بەرپـرس نیـن. بـەم شـێوەیە دەکەوینـە بەرامبـەر دوو دژە ڕا، هـەر یەکەیـان پشـت بـە پاسـاوێك دەبەسـتێت کـە هـەر دوو ڕاکـە لـە ڕووی هێـزەوە هیچیـان لـە یەکـدی کەمـتر نییـە، یەکێکیـان جەخـت دەکاتـەوە لەسـەر ئـەوەی کـە پێویسـتە جیـاوازی هەبێـت لـە مامەڵەکردنـی خەڵـك لەسـەر بنەمـای جیاوازیـی تواناکانیـان، ئـەوی دیکـە جەخـت دەکاتـەوە لەسـەر مامەڵەکـردن بـە یەکسـانی، مادامەکـێ ئـەو جیاوازییـەی توانایـە بـۆ هۆکارگەلێکـی دەرەکـی دەگەڕێتـەوەو لـە دەسـەڵاتی خەڵکەکـەدا نییـە، لـە ڕووی مۆڕاڵیشـەوە لێـی بەرپـرس نیـن.

بـە ڕای ئێمـە دەکرێـت هـەردوو ڕا پێکـەوە کۆبکرێنـەوە، نـەك لەسـەر بنەمـای سـازانی ڕوواڵەتـی نێوانیـان، بەڵکـو لەسـەر بنەمـای تێگەیشـتنی قووڵـی پاسـاوە دروسـتەکان کـە هـەر یـەك لەوانـە پشـتی پـێ دەبەسـتن، بۆیـە پێویسـتە دووپاتـی بکەینـەوە کـە بـە ڕاسـتی خەڵـك لـە توانـاو بەهـرەدا جیـاوازن، ئـەو جیاوازییـەش بـەردەوام دەبێـت تـا ئـەو کاتـەی لـە خاڵـی سـەرەتادا دەرفەتگەلـی تـەواوی هاوکوفیـان بـۆ دابیـن دەکرێـت، پێویسـتە بـە پێـی ئـەو توانایـەی هەیانـە مامەڵەیـان لەگەڵـدا بکرێـت، بـەڵام هەندێـك داخـوازی و پێداویسـتیی بنەڕەتـی هـەن، نابێـت بـە هـەر هەلومەرجێـك بێـت دەسـتیان بـۆ ببردرێـت، بەڵکـو پێویسـتە - سـەبارەت بـەو داخوازییـە بنەڕەتییانـە - یەکسـانییەکی ڕەهـا لەنێـوان هەمـووان پەیڕەوبکرێـت، مادامەکـێ ئـەو پێداویسـتییانە بـۆ ئـەوان ڕەوا بێـت بـەو پێیـەی کـە ئادەمیـزادن و لـە گـەڵ خەڵکـی دیکـەدا لـە سـیما مرۆییەکانـدا هاوبەشـن.

# کێشەی ماتریالی و ڕوحی

ئامانجـــی ئێمـــە لـــەم بەشـــەدا لێکۆڵینەوەیـــە لـــە کێشـــەی ماتریالـــی و ڕوحـــی لـــە ڕووی ئـــەوەی کـــە کێشـــەیەکی تـــەواو فەلســـەفییە، بەڵکـــو دەمانەوێـــت تەنیـــا لـــە بـــواری شارســـتانییەوە لێـــی بکۆڵینـــەوە، لـــەو ســـنوورەی کـــە ئـــەم کتێبـــە ڕێـــی پـــێ دەدات، مەبەســـتم: هەڵوێســـتی مـــرۆڤ لـــە کێشـــەی ماتریالـــی و ڕوحـــی لـــە ســـەردەمی پیشەســـازیدا چییـــە؟ ئایـــا ئـــەم ســـەردەمە ناچارمـــان دەکات هەڵوێســـتمان لەهەمبـــەر ئـــەو کێشـــەیە هەمواربکەینـــەوە؟ ئەگـــەر وەڵامـــەکان ئەرێنـــی بێـــت، کەواتـــە سروشـــتی ئـــەو هەموارکردنەوەیـــە چییـــە؟

**(١) ڕای نەریتی**

بەدواداچوونـــی مێـــژووی پەیوەندیـــی نێـــوان ماتریـــال و ڕوح بـــواری لێکۆڵینەوەکـــەی ئێمـــە نییـــە، بـــەڵام ئەمـــە وامـــان لـــێ دەکات بەدواداچـــوون بـــۆ مێـــژووی ســـەرجەم ڕێبازەکانـــی ئاییـــن و فەلســـەفە بکەیـــن، ئـــەوەی دەمانەوێـــت ئامـــاژەی پـــێ بکەیـــن ئـــەو ڕایـــە نەریتییەیـــە کـــە توانـــای ڕوح یـــان عەقـــڵ بەســـەر ماتریالـــدا ســـەردەخات، هەمـــوو کەموکورتـــی و بەدکارییـــەك دەخاتـــە پـــاڵ ماتریـــال. بـــێ گومـــان ئـــەو جیاکارییـــە بـــە تـــەواوی پەیوەســـت بـــووە بـــە جیاکاریـــی کۆمەڵایەتیـــی نێـــوان دوو چیـــن: چینـــی ئازادیخـــوازان و چینـــی کۆیلـــەو ژێردەســـتە، چینەکـــەی خـــوارەوە هەمـــوو کارێـــك لـــە ئەســـتۆ دەگرێـــت کـــە لـــە نزیـــك و دوورەوە پەیوەســـتە بـــە ماتریالـــەوە، لەکاتێکـــدا چینەکـــەی ســـەرەوە ئەرکـــە بـــاڵاکان بـــۆ خۆیـــان دابیـــن دەکـــەن، وەك بیرکردنـــەوەی تـــەواوی عاقڵانـــە لای گریـــك، یـــان بەجێگەیاندنـــی درووشـــم و سرووتـــە ئاینییـــەکان لـــە کۆمەڵـــگا دێرینەکانـــی ڕۆژهـــەڵات.

شـــول Schuhl بـــاس لـــە کاریگەریـــی پەیوەندییـــە کۆمەڵایەتییـــەکان دەکات لـــە تێگەیشـــتنی پەیوەندیـــی نێـــوان ماتریـــال و ڕوح لـــە کۆمەڵـــگای گریکـــدا، ئـــەوەی ڕوونکردۆتـــەوە گریـــك - کـــە ئامێـــری زیندوویـــان هەبـــووە و زۆریـــان تـــێ نەچـــووە- پێویســـتییان بـــە ئامێـــری نـــاکارا نەبـــووە تاکـــو لـــە کارەکانیـــان دابمەزرێـــن، ئـــەم سیســـتەمە کاریگەریـــی هەبـــووە لـــە بیرکردنـــەوەی خـــودی فەیلەســـووفەکان، چونکـــە دانیـــان بـــە سیســـتەمی کۆیلایەتیـــدا نـــاوە، وەك چـــۆن

ئەرستۆ کردی، کاتێك مرۆڤ و شارستانیەت و ئامێری بەسەر زیندوو و نازیندوو(ناکارا) دا دابەش کرد، دواجار ڕقیان لە کاری دەستی بووەوە، ئەو ڕقلێبوونەوەیەش دەرحەق توێژێك بوو کە کارێکی دیاریکراوی لە ئەستۆ گرتبوو.

گەورە فەیلەسووفانی گریك لەسەر ئەوە کۆك بوون کە ئەو کارەی شایانی پیاوی ئازادە بریتییە لە تێڕامانێکی تەواوی عاقڵانە، تەنانەت فەیلەسووفێکی وەك ئەرستۆ - تا ڕادەیەك – لە ڕێبازە ڕەوشتییەکەی خۆی لای دا کە تژی بوو لە گیانێکی واقیعبینانەو بواری دەدا بۆ چالاکیی عەقڵی بەو پێیەی دوا ئامانجی مرۆڤە، ئەمەش ڕایەکە تۆزێك جیاوازە لە بیرۆکەکەی دیکە کە تایبەتە بە دانایی و ئەزموونی کۆمەڵگا. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە پەیوەندییەکی تۆکمە هەیە لەنێوان تێڕوانینی فەلسەفی بۆ پەیوەندیی ڕوح بە ماتریالەوە، هەروەها لەنێوان سروشتی پەیوەندییەکان لە کۆمەڵگادا کە ئەو تێڕوانینە فەلسەفییەی تێدا دەردەکەوێت. بۆیە ئەگەر دەرکمان بەوە کرد کە خودی ئەو پەیوەندییانە لە کۆمەڵگای نوێی پیشەسازیدا ڕۆشناییان خراوەتە سەر، ئەوا ئاساییە کە چاوەڕوانی گۆڕانکارییەك بین لە تێگەیشتنمان بۆ سروشتی پەیوەندیی نێوان ماتریال و ڕوح.

**(٢) کارو ماتریال**

ئایا کار چالاکییەکی تەواو ماتریالییە؟ یان لەپاڵ ڕەگەزە ماتریالەکەوە ڕەگەزێکی روحیشی تێدایە؟ زۆر لە کۆمەڵگاکان بەردەوام بەو چاوە سەیری کاریان دەکرد کە چالاکییەکی تەواو ماتریالییە، بۆیە ئەنجام بەو شێوەیە گەیشت کە هەر شتێك پەیوەست بووایە بە کارەوە بە چاوێکی سووك سەیر دەکرا، واتا لێکدانەوەکەی بەو جۆرە بوو کە سەرئەنجامی کار گەیشتنی ئازادیخوازانە بە خۆشگوزەرانی لەسەر حیسابی خەڵکانی دیکە، لەبەر ئەوە پێویستە پێش ئەوەی باس لە سروشتی پەیوەندیی نێوان ماتریال و ڕوح بکەین، ئاماژە بەو تێگەیشتنە بکەین لەهەمبەر کار بەو پێیەی کە ماتریالییە، هەروەها سنوورەکەی تا کوێیە و وەڵامان بۆ ئەو ڕەخنەیە چییە.

ئەوەی دەبێت ئاگامان لێی بێت ئەوەیە کە کاری ئادەمیزاد بە تەواوی نابێتە

چالاکییەکـی ماتریالـی، چونکـە دەتوانیـن بڵێیـن کـە کاری ئـاژەڵ لەپێنـاو گـەڕان بـەدوای خـۆراك و دروسـتکردنی شـوێنی حەوانـەوە بـە چالاکییەکـی ماتریالـی دابنرێـت، بۆیـە دەبێـت کاری ئادەمیـزاد شـتێکی تێـدا بێـت کـە لـە کاری ئـاژەڵ جیـای بکاتـەوە، لـە ڕاسـتیدا هـەر کارێکـی ئادەمیـزاد کـە بەپێـی پلانێکـی دیاریکـراو بـە بیرکردنـەوە داڕێژرابێـت، بـێ گومـان هەڵوێسـتی ڕاسـتەقینەی ئادەمیـزاد دەردەخـات.

ئەگـەر بـە وردی لـە سـاکارترین کاری ئادەمیـزاد وردببینـەوە کـە لـە هەموویـان نزیکـترە بـۆ ئامێـر، دەبینیـن کـە پڕیەتـی لـە بڕێکـی دیاریکـراوی ڕێکخسـتنی عاقڵانـەو ئاراسـتەی فیکـری، دەرکیـش بـەوە دەکەیـن کـە ئەسـتەمە ئەمـە بـە ماتریالـی تـەواو هەژمـار بکرێـت، بـۆ نموونـە وەسـتای بینـا کاتـێ بلۆکـەکان ڕیـز دەکات دەزانێـت کـە پلانێکـی دیاریکـراوی لەبـەر دەسـتدایە، بـە پێـی ئـەو پلانـە کارەکـەی ڕایـی دەکات، هەوڵیـش دەدات کـە سـوود لـە توانـاو فیکـری خـۆی وەربگرێـت، هـاوکات دەیەوێـت ئـەو کارە بـە پەلـەو بـێ هیـچ هەڵەیـەك ئەنجـام بـدات، بۆیـە ئەگـەر ئـەو کارە لەلایـەن ئاژەڵێکـەوە بکرێـت ئەنجامـی نابێـت! لێـرەدا مەبەسـتمان ئەوەیـە هەمـوو کارێـك کـە ئادەمیـزاد دەسـتی بـۆ ببـات، بـێ پـلان و بیرکردنـەوە و پێویسـتیی تایبـەت نییـە، کەواتـە بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە کـە هەمـوو کارێـك تێکەڵیـی نێـوان ماتریـال و ڕوحـە، واتـا بـە تەنیـا تێڕامانێکـی فەلسـەفی نییـە، هەروەهـا تـەواو ماتریالیـش نییـە، وەك هـەر چالاکییەکـی ئـاژەڵ یـان سروشـت.

بۆیـە ئەگـەر بـەو پێیـە بێـت، پێویسـتە بـەو شـێوەیە بڕوانینـە چالاکیـی مـرۆڤ کـە ڕاسـتییەکە نکوڵـی لـێ ناکرێـت، بـەو ئاراسـتەیە نییـە کـە ئەرسـتۆ پەسـنی کـردووە کـە مـرۆڤ ئاژەڵێکـی عاقـڵ و قسـەکەرە، بەڵکـو بوونەوەرێکـی کارکەریشـە، مەبەسـتم لێـرەدا ئەوەیـە هـەر چالاکییـەك مـرۆڤ بیخاتـەڕوو کـە جیـاواز بێـت لـە بوونـەوەری دیکـە، تەنیـا ئـەو واتایـە ناگەیەنێـت گوایـە ئـەو مرۆڤـە بیردەکاتـەوەو تێدەفکرێـت پێـش ئـەوەی دەسـت بـۆ ئـەو کارە ببـات و بـەس، بەڵکـو بـەو بیرکردنەوەیـە دەتوانێـت کێشـەکانی دەوروبـەری خـۆی چارەسـەر بـکات و ئامانجەکانـی بپێکێـت، هەروەهـا توانـای ئـەوەی دەبێـت کـە

بەسـەر هەمـوو سـەختی و گرفتـە ماتریالییەکانـی زاڵ بێـت. مـرۆڤ بەمـە دەیسـەلمێنێت کـە لەنێـو ئاپـۆرەی ئـەو جیهانـە جەنجاڵـەدا هەمیشـە پێشـەنگەو بـە ڕاسـتی دەریخسـتووە کـە لـە پێشـەوەی هەمـوو بوونەوەرێکـە، هـەر ئـەوەش وای کـردووە خەسـڵەت و سـیفەتێکی تایبـەت بـە خـۆی هەبێـت.

کاتێـك دەگەینـە ئـەو قەناعەتـەی کـە کار سـیفەتێکی جیاکـەرەوەی مرۆڤـە، ئـەوکات دەتوانیـن بـێ ماندووبـوون حوکـم لەسـەر ئـەوە بدەیـن کـە زۆربـەی کۆمەڵـگاکان کاری ئـەو مرۆڤەیـان فەرامـۆش کـردووەو بەچاوێکـی کـەم سـەیریان کـردووە، تەنانـەت بـە چاوێکـی سووکیشـەوە تێیـان ڕوانیـوە، ئـەم دیاردەیـە زیاتـر لای ئـەو کۆمەڵگایانـە دەردەکەوێـت کـە سیسـتەمی کۆیلایەتـی پەیـڕەو دەکـەن، مـرۆڤ لای ئـەوان تەنیـا ئامرازێکـە بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجـی تایبەتیـی خۆیـان، نازانـن کـە ئـەو مرۆڤـە هـەردوو لایەنـی ماتریـال و ڕوح بـە یەکـەوە بەرجەسـتە دەکات و چارەنووسـی هەمـوو کۆمەڵگانیـش بەنـدە بـە کارکردنـی مرۆڤـەوە، هـەر مرۆڤیشـە تـەوەری پێشـکەوتن و داهێنانـە.

**(٣) لە کوێوە دەست پێ بکەین؟**

ئابـووری لایەنێکـی گـەورەی بایەخدانـی مرۆڤـە لـە سـەردەمی پیشەسـازیدا، ئەمـەش ڕاسـتییەکە کـەس نکوڵـی لـێ نـاکات، ئـەوەی ڕوون و ئاشـکرایە هەنـدێ لـە بیرمەنـدان ئەمەیـان قۆسـتۆتەوە لـە هێرشـەکەیان بـۆ سـەر ئـەو سـەردەمە، چونکـە بـە ڕای ئـەوان ئابـووری چالاکییەکـە پەیوەسـتە بـە ماتریـال، دواجـار خـودی سـەردەمی پیشەسـازی سـەردەمێکە گرنگیـی بـە ماتریـال دەدات، ڕێگـە بـە هیـچ جۆرێـك لـە جۆرەکانـی بەرزێتیـی ڕوحـی یـان مەعنـەوی بـۆ مـرۆڤ نـادات. هیـچ ڕێگایـەك نییـە بـۆ تێگەیشـتنی ئابـووری وەك ڕاسـتییەکەی خـۆی، تەنیـا ئەگـەر بزانیـن کـە ئابـووری پرۆسـەیەکی تـەواوی مرۆییـە نـەك پرۆسـەیەکی تـەواو ماتریالـی، چونکـە عەقڵـی مـرۆڤ - هـەر وەکـو پێشـتر ڕوونمـان کـردەوە – ڕۆڵـی گـەورەی هەیـە لـە پێکهاتـەی سروشـت لەمیانـی قۆناغەکانـی پرۆسـە ئابوورییـەکان، دواتـر پەیوەندییەکـە تۆکمـە دەبێـت لەنێـوان چالاکیـی ئابـووری و لایەنـی مەعنەویـی مـرۆڤ.

لـە ڕاسـتیدا ژیانـی سـاغلەمی ئابـووری هەمیشـە ئامانجێـك بـۆ خـۆی دەسـت نیشـان دەكات، ئەویـش بریتییـە لـە بەدیهێنانـی داخوازییەكانـی پێویسـتی مـرۆڤ و دواتـر تێپەڕاندنیـان، هەروەهـا هەوڵـدان بـۆ زیاتـر كاركـردن، ئـەو سـیفەتەش زۆر لـە نووسـەران چاوپۆشـی لـێ دەكـەن یـان بـە ئەنقەسـت فەرامۆشـی دەكـەن، بۆیـە ئەنجامـی ئـەو چاوپۆشـی یـان فەرامۆشـییە بۆتـە هـۆی دەركردنـی حوكمـی تـەواو بـێ بنەمـا سـەبارەت بـە سروشـتی ژیانـی ئابـووری و ئـەو ئامانجانـەی هەوڵـی بەدیهێنانیـان دەدات، دەكـرێ بڵێیـن كـە سـەرباری ئـەوەی مایـەی سەرسـوڕمانە ، ئامانجـی ڕاسـتەقینەی ئابووریـی سـاغڵەم خـودی ئابوورییەكـە تێپەڕانـدووە، مرۆڤایەتـی لـە بـواری ئابووریـدا ئەوەنـدە خـۆی مانـدوو نـاكات تاكـو بەسـەر كێشـەكانیدا زاڵ بێـت، گرنگیشـی بـە ماتریـال نـەداوە تەنیـا بـۆ كۆنترۆڵكردنـی نەبێـت، هەروەهـا گرنگیشـی بـە كێشـەی كار نـەداوە مەگـەر بـۆ ئـەوە بێـت كـە بگاتـە چارەسـەرێك ماندووبوونـی كار لەسـەر مـرۆڤ سـووك بـكات ، كـە بـێ گومـان ڕزگاركردنـی مـرۆڤ لـە كۆیلایەتیـی شـەكەتیی بـەردەوام و بیركردنـەوە لـە داخوازییەكانـی پێویسـت ئامانجێكـی بـەرزی مەعنەوییـە. خـودی هەمـوو لایەنگرانـی ( ڕۆحییـەت) دووپاتـی دەكەنـەوە كـە وێنـەی بـاڵای مـرۆڤ بریتییـە لـە وێنـەی ئـەو كەسـەی كـە پـەرە بـە بەهـرەو توانـای تایبەتیـی خـۆی دەدات، دوای ماندووبوونـی كاركـردن دەرفەتێـك بـۆ خـۆی دەدۆزێتـەوە تاكـو ئـەم چالاكییـە باڵایـە پیـادە بـكات، ئێمـەش دان بـەوەدا دەنێیـن، ئـەم پێشـەكییە ڕوونـەی بـۆ زیـاد دەكەیـن، ئەویـش ئەوەیـە كـە ئـەم كاركردنـە بـۆ بەدیهێنانـی بەهـا باڵاكانـی مرۆڤایەتـی مەیسـەر نابێـت، مەگـەر كێشـەكانی ڕۆژانـە و داخوازییەكانـی پێویسـتی مـرۆڤ ببنـە بابەتـی سـەرەكیی بایـەخ پێدانـی مـرۆڤ.

مەحاڵـە چاوەڕوانـی بەرهەمێكـی بـەرزی هونـەری یـان فیكـری یاخـود بەدیهێنانـی بەهـا پیرۆزەكانـی ڕۆحـی بیـن، لـە مرۆڤێكـەوە كـە هـەر خولەكێكـی كاتـی خـۆی بـە دوای پـارووە نانێكـدا بگەڕێـت. بـەڵام ئەگـەر داخوازییـە پێویسـتییەكان بەردەسـت بـوون و مـرۆڤ گەیشـتە ڕادەیەكـی دیاریكـراوی تێـرا ماتریالـی، ئـەو كاتـە دەتوانێـت بپەرژێتـە سـەر ئـەو شـتەی كـە یـان مەعنەوییـە یـان ڕۆحییـە، بـەڵام ئایـا مـرۆڤ بـە ڕاسـت گەیشـتۆتە ئاسـتی تێرایـی؟ بـە

حەقیقــەت ئێمــە ئەگــەر حــەز بکەیــن وەڵامــی ئــەم پرســیارە بــە تــەواوی بدەینــەوە، ئــەوا پێویســـتە بەبــێ جیاوازیــی بڕوانینــە هەمــوو گــەلان و چینەکانــی مرۆڤایەتــی، ئــەو کات ڕووبــەڕووی ئــەو ڕاســتییە ئازاربەخشــە دەبینــەوە، ئەویــش ئەوەیــە کــە زۆرینــەی ڕەهــای خەڵــك ئــەو تێــرا ماترياليیەيــان بــۆ دابیــن نەکــراوە کــە بتوانێــت ڕووبکاتــە هەمــوو بــوارە مرۆییەکانــی ژیانیــان. هەروەهــا دەبینیــن کــە ئــەو ئامانجــە تــا ئێســتا دوورە کــە بێتــە دی، مرۆڤایەتیــش هــەر پێویســتی بــە هەوڵێکــی زۆر و کاتێکــی درێــژ هەیــە پێــش ئــەوەی بــۆی بێتــە جــێ، کەواتــە هەڵوێســتی ئێمــە چــی دەبێــت لــەو کاتــەی کــە نەگەیشــتووینەتە تێــرا ماتریالیــی خەڵــك؟ بــێ گومــان لۆژیکــی ســاغ وا پێویســت دەکات کــە هەمــوو هەوڵێکــمان بــۆ بەجێهێنانــی ئــەو ئامانجــە تەرخــان بکەیــن، واتــا ڕۆڵــی یەکــەم بدەینــە کێشــەی ئابــووری لــە بیرکردنــەوەو بایەخمانــدا، تــا دەگەینــە ئــەوەی بــە تــەواوی بیخەینــە ژێــر ڕکێفــی ئیرادەمــان، هەروەهــا لەپێنــاو ڕزگارکردنــی مــرۆڤ لــە کۆیلایەتیــی ماتریــال، هــاوکات کۆششــکردن بــە درێژایــی ژیانــی بــەدوای کەمتریــن داخــوازی، هــاوکات چاوپۆشــیکردن لــە لایەنــە مەعنەوییــە باڵاکانــی ژیــان، دەشــتوانین زنجیرەبەنــدی بیرکردنــەوەکان- کــە دواجــار دەبنــە پاســاو بــۆ گرنگیــدان بــە ژیانــی ئابــووری وەك قۆناغــی یەکەمــی ژیانــی مــرۆڤ- لــەم خاڵانــەدا کــورت بکەینــەوە:

١- ژیانــی بــاڵای مرۆڤایەتــی، پێویســـت دەکات گرنگــی بــە لایەنــی مەعنــەوی و بەهــا ڕوحییــەکان بدەیــن.

٢- ئــەو لایەنــە مەعنــەوی و ئــەو بەهــا ڕوحییانــە پیــادە ناکرێــن، بــێ ئــەوەی خــودی مــرۆڤ تێــرا ماتریالــی بــۆ خــۆی دابیــن بــکات، هەروەهــا گــەڕان بــە دوای داخوازییەکانــی پێویســت بــە ژیــان ببێتــە تاکــە بابەتــی بایــەخ پێــدان.

٣- ئــەو تێــرا ماترياليیــە، هەروەهــا بەجێهێنانــی پێویســتییەکانی ژیــان، تــا ئەمــڕۆ بــۆ مــرۆڤ نەهاتوونەتــە دی، تــا ئێســتاش دوورە بێنــە دی، لەگــەڵ ئەوەشــی کــە گوتمــان مەرجــی بنەڕەتیــی تێــرا ماتریالیــی مرۆڤــە.

٤- ئابــووری بریتییــە لــە چالاکیــی مــرۆڤ کــە گرنگیــی بــە دەســتەبەرکردنی ئــەو تێــرا ماترياليیــەی مــرۆڤ دەدات.

٥- کەواتە گرنگیدان بە ژیانی ئابووری و جەختکردنی چالاکیمان لەسەر ئەو لایەنە، شتێکە هانمان دەدات لایەنی مەعنەویی مرۆڤ بەرزبکەینەوە، بەڵکو ئەمە مەرجی بنەڕەتیی بەرزێتیی ڕوحیی مرۆڤە.

دوای ئەو شرۆڤەکردنە دەتوانین بگەینە تێگەیشتنێکی دروستی کێشەی پەیوەندیی چالاکیی ماتریالی بە چالاکیی مەعنەوی لە مرۆڤدا، چونکە بانگەشەی گرنگیدان بە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئابووری و ماتریالیی مرۆڤ پێش هەموو کێشەیەکی دیکە، لە سایەی شرۆڤەکردنی پێشوومواندا بۆمان دەردەکەوێت کە بانگەشەیەکە تەنیا ئامانجەکەی بە تەواوی مەعنەوی دەگرێتەوە، ئەمەش بە مەبەستی ڕزگارکردنی مرۆڤە لە گرنگیدانی زیادەڕۆ بە پێویستییەکانی ڕۆژانەی ژیان، گرنگیدانێکە لە هەموو بارێکدا پیرۆزیی مرۆڤ لەبەین دەبات، یان هەوڵدانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ڕوحییەکان.

ئەگەر ویستمان بە وردی گوزارشت لە پەیوەندیی ڕاستەقینە بکەین لەنێوان ئەوەی کە مەعنەوییە یان ڕوحییە لە مرۆڤدا، دەتوانین بڵێین کە هەردوو بوار بە تەواوی ئاوێتەو تێکەڵ بە یەکدین، نابێت بە جیا لێکیان بدەینەوە، بەڵکو هەر هەوڵێك بۆ لێکجیاکردنەوەیان دەبێتە هۆی تێکدانی سروشتی هەردووکیان، هەنگاوی یەکەم بەرەو ڕوحییەت لە مرۆڤدا گرنگیدانە بە کێشە ماتریالییەکانە، بۆیە پێویستە بڕوامان بەوە هەبێت کە ڕزگارکردنی مرۆڤ لەژێر کۆنترۆڵی هێزە سروشتییەکان یەکەم ڕواڵەتی کەسایەتیی ئازادە، لە کاتێکدا کە خستنە ژێر باری ئەم هێزانە ناخۆشترین جۆری کۆیلایەتییە، تاکە ڕێگەی بەدیهێنانی ئەم ڕزگاربوونەش لەژێر کۆنترۆڵی ماتریالەکە خودی گرنگیدانە بە ماتریالەکە، لە لایەکی دیکەوە، لەژێر ڕۆشنایی شرۆڤەکردنی پێشووماندا، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەوەی بە ئەنقەست یان بێ ئەنقەست داوا دەکات مرۆڤ بگاتە سەرەوەی ماتریال و بەرزتر بێت، ئەوا مەبەستی ئەوەیە کە ئەم مرۆڤە بەردەوام ملکەچی ماتریال بێت.

(٤) شارستانییەتی ڕوح لە ڕۆژهەڵات

هەڵوێستی ئێمە لە ڕۆژهەڵات چی دەبێت لەهەمبەر ئەو هەموارەی کە شارستانییەتی نوێی پیشەسازییەوە بەدوای خۆیدا هێنای، تایبەت بە پەیوەندیی نێوان ماتریال و ڕوح؟ ئێمە - خەڵکی ڕۆژهەڵات- بە درێژایی مێژوو وا پەسنکراوین کە ڕوحپەرستین، مەبەست لەمەش ئەوەیە کە خۆمان لە ماتریال بەرزتر دەبینین، هەروەها ڕێزی لایەنی مەعنەویی ژیانی مرۆڤ بەرز دەگرین، کێشەکانی لاوەکیی ڕۆژانە بەهەند هەڵناگرین، بە قەد ئەوەی گرنگیی بە شتە گشتییەکان و ڕوحییەکان دەدەین. بەڵام چۆن حوکم بەسەر ئەو پەسنە دەدەین لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی کە ئاماژەمان پێیکرد سەبارەت بە تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونی ماتریالییەت و ڕوحییەت؟

لە ڕاستیدا شارستانییەتی ئێمە لە ڕۆژهەڵات هەمیشە لە کاروانی شارستانییەتی جیهانی هەر بە دواکەوتوو دەمێنتەوە، مادامەکێ هەر خۆمان پابەندبکەین بە وەهمی ڕوحپەرستی، ئەمە بەو واتایە نییە کە لە بەها ڕوحییەکان کەم بکەینەوە یان سووکایەتیی پێ بکەین، بەڵکو پێویستە بەو شێوەیە لەو قسەیە حاڵی بین کە لەژێر ڕۆشنایی ئەو بیرۆکەیەی پێشتر خستبوومانە ڕوو، کە دووپاتمان کردبووەوە تاکە ڕێگا بۆ بەرزڕاگرتنی واتاکانی ڕوح لە مرۆڤدا، بریتییە لە گرنگیدان بە کێشەکانی ماتریالی و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان.

ڕاستییەکەی، لە ڕۆژهەڵاتدا لەنێوان ئێمەو تێرا ماتریالی و تێرا خودی پێویستییەکانی ژیان شتی زۆر هەیە، تا ئێستا کێشەی سەرەکیی ئێمە زامنکردنی تا ڕادەیەکی کەمی داواکارییەکانی ژیانی سەرتاپای خەڵکە.

لەو حاڵەتەدا مایەی سووکایەتییە کە پێمان بڵێن کێشەکانمان بە ڕێگای پابەندبوون بە ڕوحپەرستی چارەسەر دەبن، چونکە مەحاڵە چاوەڕوانی بەرزێتیی ڕەوشت و مۆرال بین لە کەسێکی برسی، هەروەها مەحاڵە چاوەڕوانی بەرهەمێکی فیکری بین لە نەخۆشێکی بێ هێز، یەکەم هەنگاوی لۆژیکی ئەوەیە کە دەست بکەین بە لابردنی ئەو مۆتەکە ترسناکە، مۆتەکی برسێتی و هەژاری و پێویستی و نیگەرانی و ترس لە ئایندە، بۆیە ڕەها نییە پێش ئەوە چاوەڕوان بین لایەنی مەعنەویی ژیانمان

بەرزبێتــەوە.

ئــەم ئامانجــەی یەکــەم، مەبەســتم بەدیهێنانــی ڕادەیەکــی دیاریکــراوی تێــرا ماتریالیــی خەڵکــە، ئەمــە پێویســتی بــە هەوڵــی چڕوپــڕ و کاتێکــی زۆر هەیــە، ئــەو ئامانجــە تائێســتا زۆر دوورە بێتــەدی، چونکــە لەمپــەرو ئاســتەنگی زۆری لەبەردەمدایــە، کــە وا پێویســت دەکات هەمــوو ژیانمانــی بــۆ تەرخــان بکەیــن، لــەو تەرخانکردنەشــدا لــە ڕاســتیدا گرنگیــی بــە ماتریــال دەدەیــن، بــەڵام لەپێنــاو مەبەســتێك کــە لەســەرەوەی ماتریالــە، هەروەهــا گرنگیــی بــە ئابــووری دەدەیــن ، بــەڵام لــە پێنــاو ئامانجێــك کــە ئابووریــی تێدەپەڕێنێــت.

بــەڵام ئــەو دەنگانــەی کــە ناوبەنــاو بەرزدەبنــەوە، بەداخــەوە هەموویــان دەنگــی دەرەکــی نیــن کــە ڕوومــان تــێ دەکــەن، بەڵکــو لــە هاووڵاتــی خۆمانــەوە دەردەچــن، هەروەهــا لــە کەســانێك کــە بــە حیســاب گــەورە بیرمەندانــی ئێمــەن، بــەڵام ئــەم دەنگانــە مەبەســتیان لــە ئاگاییــەوە بــن یــان لــە بــێ ئاگایــی دانانــی لەمپــەرە لەبــەردەم پێشــکەوتنمان، بۆیــە بــۆ هەمیشــە دەستەوەســانین لــە بەرزبوونــەوە لــە ڕووی ماتریالــی و مەعنەوییــەوە، بەڵــێ شارســتانییەتی دروســتی مەعنــەوی تەنیــا لەســەر بنەمــای خۆشــگوزەرانیی ماتریالــی دامــەزراوە، ئەگــەر ئــەو بنەمایــە نەمــا، ئەســتەمە بەهــا ڕوحییــەکان لەنێوانمانــدا پەیدابــن، یــان ئــەو پێگەیــە بگرێتــەوە کــە ئێمــە مەبەســتمانە.

زۆرجــار نووســەرانی بەنــاو دیــارو بەرچــاو بانگەشــەی ئــەوە دەکــەن کــە ئــەوەی لــە قۆناغــی ئێســتای ژیانمــان نیمانــە یــان پێویســتمان پێیەتــی بریتییــە لــە ڕەوشــت یــان بەهاکانــی ڕوح. ئەگــەر حــەز بکەیــن وەڵامــی ئــەو بانگەشــەیە بدەینــەوە، دەڵێیــن کــە یەکــەم شــت ڕای ئــەوان پێچەوانــەی ڕای پێشــووە، کــە دەڵێــت ڕۆژهــەڵات لانکــەی ڕوحییەتــە، هەروەهــا لــەم بــوارەدا هیــچ کەموکورتیــی نییــە، بەڵکــو ئــەوەی پێویســتە تەنیــا پاراســتنی کەلەپــووری ڕوحییــە، واتــا پارێزەرانــی ڕوح لەنێــو خۆیانــدا بــە ئاشــکرا ناکۆکــن، ئەمــە لــە لایــەك، لــە لایەکــی دیکــەوە بــێ گومــان دەســتکردن بــەو چارەســەرە کــە ئــەوان داوای دەکــەن، ئەوەیــە کــە هــەروەك دەگوترێــت: گالیســکە پێــش ئەســپ دابنێیــن، بۆیــە ئــەوەی لــە دەوروبەرمــان دەیبینیــن لــە لاساری و مەیلــی تاوانکــردن بــە ڕێگــەی ئامۆژگاریــی مــۆراڵ

و ڕەوشــت و ڕێنوێنیــی ڕوحــی چارەســەر ناکرێــت، بەڵکــو یەکــەم شــت و لــە بنەڕەتــدا بــە ڕیشەکێشــکردنی بــەدکاری چارەســەر دەکرێــت، مەبەســتم پێویســتییە ماتریالییەکــەو بــێ توانایيــە لــە بەدیهێنانــی ئــەو خواســتانەی کــە بــۆ ژیــان پێویســتن، ئێمــە بەدەســت بــێ پرەنســیپی ڕەوشــت ناناڵێنیــن، کێشــەی شارســتانییەتمان لــەم قۆناغــەدا نەمانــی بەهاکانــی ڕوح نییــە، بەڵکــو ئــەم کەموکورتییــە لــە ڕاســتیدا ئەنجامــە نــەك هــۆ، مەبەســتم ئەنجامــی نەبوونــی پێویســتییەکانی ژیانــە، نــەك ئــەو دەردەی پێــوەی دەتلێینــەوە لــە ماندووبــوون و شــەکەتی ژیانــدا.

ئـەم وشـانە دەربـارەی شارسـتانییەتی ڕوحیـمان لـە ڕۆژهەڵاتـدا، زۆر پێویسـتن بـە تایبەتیـش لــەم ماوەیــەی ئێســتای مێژووەکەمــان و مێــژووی جیهــان، چونکــە ئەمــە فێڵێکــی ڕوحییــە، تەنیــا ئێمــە ناگرێتــەوە، بەڵکــو هەمــوو جیهــان پێــوەی ســەرقاڵە. جێگــەی سەرســوڕمانە خەڵکانێــك هــەن بــە کەمتریــن واتــای ئــەم وشــەیە بــە ماتریالــەوە پابەنــدن، نــەك بــە واتــا دروســتەکانی، ئەوانــە بانگەشــەی داکۆکــی دەکــەن لــە بەهاکانــی ڕوح، ئــەو بانگەشــەیەش دەگاتــە لووتکــە لــەو کۆمەڵگایانــەی تەنیــا پاڵنــەری قازانــج دەیانجووڵێنێــت، هەروەهــا بــەو شــێوەیە ســەیری نەتەوەکانــی دیکــە نــاکات کــە خۆیــان هــۆکاری کۆنترۆڵکردنــی کۆمەڵگاکانــن. ئــەو جێگیرنەبوونــەی هاوســەنگییەکان، هەروەهــا ئــەو هەڵــە گەورەیــە تەنیــا لەخشــتەبردنی مرۆڤایەتییــە کــە بــۆ ماوەیەکــی زۆر ڕووبــەڕووی بۆتــەوە، ئەمــە وای لــە خەڵــك کــرد پێیــان وابێــت کــە ناکۆکییەکــی بنەڕەتــی هەیــە لەنێــوان لایەنــی ماتریالــی و مەعنەویــی چالاکیــی مــرۆڤ، هەروەهــا گرنگیــدان بــە یەکێکیــان دوورخســتنەوەی ئــەوی دیکەیــە، ئەنجامەکــەش ئــەوە بــوو کــە باســکردنی هــەر هەوڵێــك بــۆ ڕێکخســتنی کۆمەڵــگای مرۆڤایەتــی لەســەر بنەمــای لەئەســتۆگرتنی بەدیهێنانــی پێداویســتییەکان بــە نــاوی ماتریالــی، ڕەتکردنــەوەی هەنــگاوی یەکەمــە بــەرەو بینادنانــی دروســتی ڕوح، هــاوکات قوتاربــوون لــەو کێشــانەی کــە یەخــەی مــرۆڤ دەگــرن، ئــەم ڕاســتییەش تەنیــا لــە ســەردەمی نوێــی پیشەســازیدا جەختــی لــێ کراوەتــەوە، بۆیــە ئەگــەر بــە دوای چارەســەردا بگەڕێیــن، ئــەوا مەگــەر لــە ســایەی شارســتانییەتی پیشەســازیدا دەســتمان بکەوێــت.

# كۆتایی

ئاییندەی شارستانیەت لە سەردەمی پیشەسازیدا

لـــەم ڕۆژگارەدا ســـەردەمی پیشەســـازی بـــەوە تۆمەتبـــار دەكرێـــت كـــە مەبەســـتی لەناوبردنـــی ســـەرتاپای شارســـتانییەتی مرۆڤایەتییـــە، چونكـــە ئـــەو پێشـــكەوتنە زۆرەی ئامێرســـازی و تەكنیكـــی كـــە مـــرۆڤ لـــەم ســـەردەمەدا بەدەســـتی هێنـــاون، هـــاوكات بـــووە لەگـــەڵ داهێنـــان و دروســـتكردنی ئامێرەكانـــی كۆمەڵكـــوژی، ئـــەم ئامێرانـــە كـــە هەڕەشـــە لـــە ســـەرجەم مرۆڤایەتـــی دەكـــەن، هەروەهـــا ئـــەو فراوانكارییـــەی لـــە بەرهەمهێنانـــدا هاتۆتـــە دی، دەتوانـــن جەنجاڵییەكـــی بـــەردەوام لـــە بازاڕەكانـــدا دروســـت بكـــەن، دواتـــر ململانێیەكـــی درێژخایەنـــی نێـــوان دەوڵەتانـــی بـــەدواوە دێـــت، كـــە هـــەر دەوڵەتێـــك دەیەوێـــت كۆنتڕۆڵـــی ژمارەیەكـــی زۆری بـــازاڕ بـــكات، بۆیـــە لـــە ســـایەی ئـــەو سیســـتەمە پیشەســـازییەدا جەنـــگ دەبێتـــە واقعێكـــی ســـەپێنراو، خـــودی سیســـتەمەكەش هـــاوكار دەبێـــت بـــۆ زیادكردنـــی توانـــای خاپووركـــردن و لەناوبردنـــی ســـوپا بەشـــەڕهاتووەكان، ئەنجامەكەیشـــی هەرەســـهێنان و داتەپینـــی شارســـتانییەتی مرۆڤایەتییـــە، زۆر لـــە بیرمەنـــدان ســـەرنجیان داوە كـــە پەیوەندییەكـــی پتـــەو هەیـــە لەنێـــوان پێشـــكەوتنی ئامێرســـازی و جەنـــگ، ئـــەوان بەڵگەیـــان دۆزییـــەوە كـــە زۆر لـــە ئامێـــرە پێشـــكەوتوو و كۆنـــەكان بریتـــی بوونـــە لـــە ئامێرەكانـــی جەنـــگ، هەروەهـــا پێشـــكەوتنی پیشەســـازی لـــە ســـەردەمی جەنگـــدا خێراتـــر پەرەدەســـێنێت وەك لـــە ســـەردەمی ئاشـــتیدا، نكوڵیـــش لـــەوە ناكرێـــت كـــە چوارچێـــوەی جەنگـــە تـــازەكان پەیوەســـت بوونـــە بـــە فراوانبوونـــی چوارچێـــوەی پیشەســـازی و هونەرەكانـــی، كەواتـــە پەیوەندیـــی نێـــوان پێشـــكەوتنی ئامێرســـازی و جەنگـــەكان پەیوەندییەكـــی هاوتەریبـــەو تایبەتـــە بـــە بنەچـــەو ڕەگ و ڕیشـــەی هەردووكیـــان.

لـــە ڕاســـتیدا زۆر جـــار جەنـــگ وەك چارەســـەرێكی كاتـــی بـــۆ كێشـــەكانی سیســـتەمی پیشەســـازی بەكاردەهێـــنرا، چونكـــە بەرهەمـــی فـــرە پێویســـتی بـــە بەكاربردنـــی فـــرە هەیـــە، جەنگیـــش چارەســـەرە بـــۆ دەســـتەبەركردنی ئـــەو جـــۆرە بەكاربردنـــە فرەیـــە، كـــە بەرهەمهێنانـــی

پیشەسـازی دەبووژێنێتـەوە، هەروەهـا هاوسـەنگیی دێنێتـە ئـاراوە لەنێـوان بەرهەمهێنانـی زۆرو بەکاربردنـدا، بەمـەش سـوودێکی چـاك لـە توانـای زۆری ئامێـر وەردەگیرێـت.

بـەڵام ئایـا ئـەوە چارەسـەرێکی دڵخۆشـکەری کێشـەکانی سیسـتەمی پیشەسـازییە؟ کـە گومانـی تێـدا نییـە جەنـگ بـە شـێوەیەکی گشـتی مەترسـییە بۆسـەر خـودی سیسـتەمەکە، چونکـە کاولکاریـی بەدواوەیـە، هەروەهـا توانـای بەرهەمهێنانـی مـرۆڤ لەبەیـن دەبـات. کەواتــە ئەگــەر جەنگەکانــی پێشــوو هەمــان کاریگەرییــان هەبووێــت، ئــەوا جەنگــی داهاتــوو - ئەگــەر ڕووبــدات - کاریگەرییەکــی نوێــی دەبێــت، چونکــە نابێتــە هەتوانێکــی خــۆش بــۆ چارەســەری نەخۆشــییەکانی سیســتەمی پیشەســازی، بەڵکــو دەبێتــە ژەهرێکــی کوشـندە کـە بـە ڕاسـتی نەخۆشـەکە لەناودەبـات، بۆیـە لێـرەدا بیروبۆچوونـی سـوودمەندی و قۆسـتنەوە کاریگەرییـان هەبـوو بـۆ ئـەوەی کـە تـا بکرێـت لـە جەنـگ دووربکەونـەوە، یــان بــە واتایەکــی دیکــە: ئاشــتی زۆر پێویســتە بــۆ ئــەوەی شارســتانییەتیی مرۆڤایەتــی بــەردەوام بێــت.

ئێمـە لـەم باسـەماندا پەسـنی جەنگـمان کـرد کـە هاوڕێـی خـودی سیسـتەمی پیشەسـازییە، ئایـا ئـەم پەسـنە گوزارشـتی دروسـت لـەو قسـەیەمان دەکات ؟ ئـەوەی گومانـی تێـدا نییـە ئەوەیـە کـە جەنـگ هەنـدێ جـار هـەر پێویسـت دەبێـت لـە سـایەی هەنـدێ سیسـتەمی دیاریکـراوی پەیوەندییـەکان لەنـاو کۆمەڵـگای پیشەسـازیدا، نـەك لەنـاو هەمـوو شـێوەکانی ئـەو کۆمەڵگایـەدا، چونکـە پێشـکەوتنی زۆری ئامێرسـازی هەنـدێ جـار ئاشـتی بەرهـەم دەهێنێـت و ئــەو کاتــە خۆشــگوزەرانیی مرۆڤایەتــی ســنووری نابێــت، ئــەو قسەیەشــی دەکرێـت گوایـە قەیـران و جەنـگ بەتەنیـا عەقڵـەکان دەجووڵێنـن و بـەرەو دۆزینـەوەو داهێنانـی نوێیـان دەبـەن بـێ بنەمایـە، تەنانـەت ئەگـەر بنەچـەی مێژووییشـی هەبێـت، وەك لـە وزەی ئەتۆمـدا دەردەکەوێـت، بۆیـە هەوڵـی مـرۆڤ سـنووری نییـە، هـەر ئـەوەش دەیسـەلمێنێت لـە سـەردەمی ئاشـتیدا ئاسـتی داهێنـان و گەڕانـی مـرۆڤ بـە دوای داهێنـان و دۆزینـەوەی زانسـتدا زیاتـر لـە برەودایـە.

بــەڵام فراوانکاریــی زۆری بەرهەمهێنــان تەنیــا جەنــگ لەخــۆی دەگرێــت، چونکــە

پەیوەندییــەکان کۆنتــڕۆڵ دەکات، لــە ڕاســتیدا قازانجــی تاکەکەســیی بــێ ســنوور هــۆکارە بــۆ پشــتگیریکردن لــە سیســتەمێکی دیاریکــراو لــە سیســتەمەکانی بەرهەمهێنــان، بــەڵام کاتــێ ڕەچاوکردنــی بەرژەوەندیــی گشــتی دەبێتــە بنەمــای بەرهەمهێنانــی بــە کۆمــەڵ، ئــەو کاتــە ئاســتی خــودی کۆمەڵــگا بەرزدەبێتــەوە، دوور لــە هەمــوو قەیــران و کێشــەیەك. بــە گوزارشــتێکی دیکــە: خــودی سیســتەمی پیشەســازی بەرپــرس نییــە لــەو داتەپینــەی ڕووبــەڕووی شارســتانیەت دەبێتــەوە لــە ئەنجامــی جەنگــدا، ئــەو سیســتەمە هەڕەشــەی لەناوچوونــی شارســتانییەتی مرۆڤایەتــی نییــە، بەڵکــو هەمــوو خراپــەو بەدکارییەکــە بــۆ جۆرێــك لــە پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییەکانــی نێــو ئــەو سیســتەمە دەگەڕێتــەوە. بۆیــە ئەگــەر ئــەو پەیوەندییانــە بــە شــێوەیەکی دروســت ڕێکبخرێنــەوە، ئــەو کاتــە زۆر ئاســان دەبێــت کــە مــرۆڤ پارێزگاریــی لــە شارســتانییەتەکەی بــکات و ڕێگــە لــە داتەپینــی بگرێــت.

# ژێدەر

لێــرەدا تەنیــا ئــەو ســەرچاوانە دەخەینــە ڕوو کــە ڕاســتەوخۆ تایبەتــن بــەو کتێبــە ، گرنگترینیـــان :


(1) Berle, A. A. and Means, C. C. The modern Corporation and Private roperty, Macmillan 1932.

ئـەم کتێبــە بــاس لــە بابەتــی کۆمپانیــای نوێــی هاوپشــك دەکات، لــە ڕووی ئــەوەی کــە جۆرێکــی باشــی موڵکایەتیــی تاکەکەســییە.

(2) Bogart, E. Economic History of Europe. London 1942.

ئـەم کتێبــە مێــژووی ئابووریــی ئەوروپــا دەخاتــە ڕوو لــە نێــوان ســاڵی ١٧٦٠ ز تــا ١٩٣٩ ز، واتــا لەوەتــەی شۆڕشــی پیشەســازی تــا جەنگــی دووەمــی جیهــان.

(3) Bossenbrook, W.: Development of Contemporary Civilization. New York 1940.

ئـەم کتێبــە بــە وردەکاریــی ئــەو پەرەســەندنە دەخاتــە ڕوو کــە لــە ژیــاری ئەوروپــا هاتۆتــە ئــاراوە لەوەتــەی شۆڕشــی پیشەســازی لــە هەمــوو ڕواڵەتەکانــی ژیــان، بــە تایبەتــی ڕواڵەتــی ئابــووری.

(4) Collingwood. R. G.: The Idea of History. Oxford 1946.

ئـەم کتێبــە ســوودی هەیــە لــە چارەســەرکردنی بیرۆکــەی ڕێــڕەوی مێــژوو، بــە تایبەتیــش گەنگەشــەکردنی بیرۆکــەی پێشــکەوتن.

(5) Eyre, E. (editor): European Civilization, its Origin and Development. London 1937.

بریتییــە لــە ئینســکلۆپیدیایەکی گشــتگیر کــە لــە پەرەســەندنی ژیــاری ئەوروپــی دەکۆڵێتــەوە، بــە تایبەتــی بەشــی پێنجەمــی ئــەم کتێبــە بــاس لــە لایەنــی ئابووریــی ئــەم ژیــارە دەکات، کــە لەلایــەن چەندیــن توێــژەرەوە تۆمارکــراوە.

(6) Gasset, Ortega Y.: The Revolt of the Masses. (English Trans.) New York 1932.

لـەم کتێبـەدا ڕەخنـە لـە شارسـتانییەتی پیشەسـازی گیـراوە لـە ڕووی تێڕوانینـی تاکەکەسـی ئەرسـتۆکراتەوە.

(7) Hayek, F.: The Road to Serfdom. Chicago. 1944.

ئـەم کتێبـە هەمـوو ڕێبازەکانـی نەخشـەدانانی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی لەخـۆ دەگرێـت، بـە گەرمییـەوەش داکۆکـی لـە ڕێبـازی ئازادیـی ڕەهـا لـە شـێوە کلاسـیکییەکەی دەکات، هەروەهـا لـە شـێوە کۆنەکـەی کاپیتالیـزم.

(8) Herskovits, M.: Eonomic Anthropology. 1952.

بریتییـە لـە توێژینەوەیەکـی بەراوردکاریـی ڕواڵەتـی ئابـووری لـە شارسـتانییەتە جیاوازەکانـدا، هەروەهـا بەهـای گـەورەی ئـەو ڕواڵەتـە لـە ڕووی ئـەو بەراوردکارییـەوە.

(9) Kroeber, A. L.: The Nature of Culture. Univ. of Chicago Press 1952.

کۆمەڵێـك توێژینـەوەی نووسـەر سـەبارەت بـە سروشـتی شارسـتانیەت، هەموویـان ئامـاژە بـە قووڵایـی فەلسـەفە دەکـەن.

(10) H. S. Lucas: A Short History of Civilization New York 1953.

ئەم کتێبە مێژوویەکی کورتی ژیارە لە قۆناغە کۆن و نوێیەکاندا.

(11) Mumford, L.: Technique et Civilisation (Trad. Fran.) Editions du Seuil 1950.

بەهادارتریـن کتێبـە لـەم باسـەدا، پڕیەتـی لـە ڕای نـوێ، سـەبارەت کاریگەریـی پیشەسـازی و تەکنەلۆژیـا لـە ژیـاردا، چەنـد بـە سوودیشـە ئەگـەر بـۆ زمانـی عەرەبـی وەربگێڕدرێـت.

(12) Plekhanov: The Role of the Individual in History (English Trans.) London 1950.

ئەم کتێبە باس لە ڕۆڵی تاك دەکات لە مێژوودا، لە ڕووی تێڕوانینی سۆشیالیستییەوە.

(13) Schul, Pierr-Maxime: Machinisme et Philosophie 2e éd. (P. U. F.) 1947.

ئـەم کتێبـەش بـاس لـە بابەتـی ئامێرسـازی دەکات لـە ڕوانگـەی بەراوردکارییـەوە، لەوەتـەی سـەردەمی گریکـەوە تـا سـەردەمی نـوێ، تێیـدا ئامـاژە بـە شرۆڤەکردنـی فەلسـەفی و ماتریالیـزم کـراوە.

(14) Sombart, Werner: The Quintessence of Capitalism.

ئـەم کتێبـە - هـەروەك لـە ناونیشـانە لاوەکییەکـە ڕا دیـارە- بریتییـە لـە توێژینەوەیـەك و شـیکردنەوەیەکی وردی بزنسـکارێکی تـازە، سـەرباری ئـەوەی کـە لـە سـەردەمێکی کـۆن نـووسراوە..

(15) Stark: The History of Economics in its relation to Social Development,

London 1944.

ئـەم کتێبـە بـە تایبەتـی توێژینـەوەی ڕێبازەکانـی ئابـووری تێدایـە لـە ڕووی مێژووییـەوە، لەگـەڵ بەراوردکاریـی نێـوان ئـەو ڕێبازانـە.

(16) University of California Publications in Philosophy. vol. 23: “Civilization” 1942.

بریتییـە لـە کۆمەڵـە توێژینەوەیـەك لەسـەر بابەتـی ژیـار، مۆرکـی فەلسـەفە لەخۆدەگرێـت، هەنـدێ لـەو توێژینەوانـە زۆر بـە درێـژی شرۆڤەکـراون.



## وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا

* بەهادین جەلال مستەفا
* لە ساڵی ١٩٥٤ لە دایک بووە.
* دەرچووی  ساڵی ١٩٧٦ی بەشی کوردیی کۆلیجی ئادابی زانکۆی بەغدایە.
* یەکەم بابەتی نووسینی لە مانگی ئاداری ١٩٧٤ لە ڕۆژنامەی هاوکاری بەناوی (پوشکین هەڵگری مەشخەڵی ڕیالیزم) بڵاوکردۆتەوە.
* لە ڕۆژنامەی (برایەتی و دواتر خەبات و التآخي عەرەبی و الصوت الآخر)ی وەک نووسەرو ڕۆژنامەنووس کاری کردووە، دەیان بابەتی لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکاندا بڵاوکردۆتەوەو ئێستاش هەر لە نووسین و کاری ڕۆژنامەنووسی بەردەوامە.
* ماوەی ٢٥ ساڵ مامۆستاو بەڕێوەبەری دوا ناوەندی بووە.
* ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە،  ئێستاش وەک ڕۆژنامەنووس ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری گوڵانە و بەڕێوەبەری ماڵپەڕی عەرەبیی گۆڤارەکەیە.
* خاوەنی (٨) کتێبی چاپکراوە، بەم ناوانە:
* (شەوانی جاران): چەند چیرۆکێکی فۆلکلۆریی کوردییە - چاپی یەکەمی ساڵی ١٩٩٠.
* (ثقافة الحكم و بناء الديمقراطية) : نووسینی فەرهاد محەمەد.. وەرگێڕانی لە کوردییەوە بۆ عەرەبی.
* (مێژووی ئێران و تورکیا): وەرگێڕان لە عەرەبییەوە.
* (شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانی): وەرگێڕان لە عەرەبییەوە.
* (شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا): وەرگێڕان لە عەرەبییەوە.
* (الرئيس مسعود بارزاني.. تقدم و نجاحات اقليم كوردستان خلال الـ(٨)سنوات المنصرمة): نووسینی هێمن هەورامی ، وەرگێڕانی لە کوردییەوە بۆ عەرەبی.
* (پوشکین هەڵگری مەشخەڵی ڕیالیزم): وەرگێڕان  لە عەرەبییەوە.
* (شەوانی جاران): چەند چیرۆکێکی فۆلکلۆریی کوردییە - چاپی دووەمی ساڵی ٢٠١٦.
* (مرۆڤ و شارستانیەت): نووسینی فوئاد زەکەریا، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە ٢٠٢٠.